# پۆشاکی کۆییان

(١٩٠٠ - ٢٠١٦)

# پۆشاکی کۆیان

(١٩٠٠ - ٢٠١٦)

نووســـینـــی : فازیل شەوڕۆ
پێداچونەوە : عبدالکریم شێخانی
نەخشەسازی ناوەوە و بەرگ: زەردەشت کاوانی
خـــەتی بـــەرگ : نـــەوزاد کۆیـی
قەبارەی کتێب : ١٧×٢٤- ( ٣٦٥ ) لاپەڕە
نۆرە و ساڵی چاپ : یەکەم ١٤٣٨ك – ٢٠١٧ ز
تـــــــیراژ : ١٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان / هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردنی ( ٧١٤ ) ی ساڵی ٢٠١٦ ی پێدراوە

# پۆشاکی کۆیان

(١٩٠٠ - ٢٠١٦)

## توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژیی پیشەوەریی کلتوورییە


نووسینی

فازیل شەورۆ

پێداچوونەوەی

عبدالکریم شێخانی

پێشکەشە...

بەو بەرگدرووانەی

هونەری پۆشاکی کلتووری کوردی

دەکەنە ناسنامەی پیشەکەیان.

## پێشینە سوپاس

لە ئێوارەیەکی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ( ٢٠١٥)دا، کەمتر لە مانگێك دوای چاپکردنی کتێبی ( ژنە پیشەوەرەکانی کۆیە ١٩٠٠ - ٢٠١٥)، تاریق جامبازی کلتوورناس و نووسەر، لە پەیوەندییەکی تەلەفونیدا، لە هەولێرە وە، پێی گوتم: " کتێبی - ژنە پیشەوەرەکانی کۆیە - م خوێندە و دەستخۆشی لە تۆ و لە مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی دەکەم، بەرهەمێکی بێ ئەندازە بایەخدارتان لە مردن ڕزگار کرد، من لێت ناشارمەوە، کە چەندین ساڵە هەوڵدەدەم بۆ ئەوەی کارێك بکرێت بۆ ئامادەکردنی ئینسایکلوپیدیای کلتووری کوردی، دوای هەموو ئەو گفتوگۆیە و کۆبونەوە و لێژنانەی لێرە و ئەوێ، ئەنجامدەدرێن و دادەنرێن، من تەواو نائومێدم کە بە چاوی خۆم ئەو خەونە ببینم. ئێستا من داوا لە تۆ دەکەم کە، لەسەر ڕێچکەی نووسینی ئەو جۆر کتێبە بەردەوام بیت، لە بەر دوو هۆکاری گرنگ: یەکیان ئەوەیە، کلتوورێکی بە قیمەتی ناوچەی کۆیە لە مردن ڕزگار دەکەیت و دەپارێزیت، لە لایەکی دیکەشەوە، بەردی بناغەی ئینسایکلۆپیدیایی کلتووری کوردی دادەنێیت، هەرکاتێکیش کەسانی دیکە هاتن ئەم پرۆژەیە تەواو بکەن، ئەوا زۆر لە بابەتە کلتوورییەکانی دەڤەری کۆیە، کە زۆر دەوڵەمەندە، لەبەر دەستدان و حازر و بزرن. ئەمەیش ئاسانکارییەکی باشە و دوور نییە سوودیش لە ڕێباز و تیۆرییە پراکتیزەکراوەکانی ئێوەش وەرگرن."

بیرۆکەکە، مێشکی سمیم، هەر ئەو ئێوارەیە نەخشە ڕێگەی نووسینی ئەم کتێبەم ئامادە کردو، نەخەوتم تا سەرە ناونیشانەکانم تۆمار نەکرد. چونکە باخەبەری کتێبخانەی کوردیم و دەمزانی کە جگە لە چەند وتارێك، هیچ کتێبێکی ئەکادیمیی دەربارەی پۆشاکی کوردی لە کتێبخانەی کوردیدا نییە،

ئەوەی ڕۆژهەڵاتناسەکانیش ئاماژەیان پێکردووە، هێندە زۆر نییە و دەربارەی پۆشاکی ناوچەیەکی بچووکی کوردستانە. بۆیە ناچار بووم کە کەرەستەی نووسینەکەم لە دوو سەرچاوەی سەرەکییەوە کۆبکەمەوە: یەکیان چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەسە بەتەمەنانەی لە ژیانداماون و زانیارییان لەم بابەتەدا هەیە، ئەوی دیکە، کۆکردنەوەی ئەو وێنە کۆنانەی ژن و پیاو ومنداڵ و خانووبەرە و ژینکەی کۆنی دەڤەری کۆیە و شیکردنەوەی ئەو پۆشاك و ڕایەخ و ناوماڵ و کەلوپەلانەی لەو وێنانەدا دێنە بەر چاو.

پڕ بە دڵ حەزم دەکرد، ڕووبەری جوگرافیایی کارەکەم زۆر فراوانتر بووایە و هەر نەبوایە سەرتاپای هەرێمی باشووری کوردستانی بگرتبایەوە. بەڵام خۆ بۆ ناوچەکانی دیکەش سەرچاوەکەم هەر هەمان ئەو دوو سەرچاوەی سەرەوە دەبێ. کەواتە ئاسان نییە کە شار بە شار و دێ بە دێ بگەڕێم و ئەو کەسانە بدۆزمەوە کە شتێکیان لەبیر ماوە. بۆیە لە دڵڕا داوا لەو نووسەرانە دەکەم کە خولیای کلتوور و فۆلکلۆرن، با هەریەکەو کلتووری ناوچەی خۆی کۆبکاتەوە و چاپیان بکات. وەك کاك تاریق جامباز پێشنیاری کرد، دوایی کارەکە ئاسانترە بۆ ئەو نووسەرانەی ئەو کۆڵە قورسە بە کۆڵی خۆیان دادەدەن.

پێشینە سوپاسم بۆ هاوڕێی کلتوورناس و کلتوورپەروەر و کوردپەروەر بەڕێز تاریق جامباز. سوپاسی گەرمیشم بۆ هاوڕێی خەمخۆری کلتووری کوردی و پێشمەرگەی دێرین، حەمید ڕەشاش کە یەکجار هاریکاری کردم و پشتیوانم بوو لەم کارەدا. مامۆستا عەبدولکەریم شێخانیش وەك کلتوورناس و زمانزان و هاوشارم لە پێداچوونەوەی ئەم کتێبە بشکی شێری لە ماندوو بوون بەردەکەوێ و قەدرزانی هەموو هاریکارییەکانیم.

دەڵێن مامۆستایەك لە زانکۆ، دەپرسێ:" بەنرخترین پارچە زەوی لە جیهان دا لە کوێیە؟" هەر خوێندکارەی ناوی شوێنێك هەڵدەدات، مامۆستاکەش دەڵێ:" با من پێتان بڵێم، ئەو گۆڕستانانەن کە گۆڕی ئەو پیاوانەیان لێیە، سینگیان تۆمارگەی کلتوور بوو، کەس نەبوو لێیان وەرگرێ و کۆیان بکاتەوە و تۆماریان بکات، لەگەڵ خۆیان بردیانە گۆڕ و هەمووی فەوتان."

بەشی یەکەم

# پۆشاك و مرۆڤ

## گوزەرێك بەناو مێژووی پۆشاکدا:

پۆشاك (جلوبەرگ)، بەو کاڵایە دەگوترێت کە بۆ پۆشین و داپۆشنی جەستە بەکاردێت، جا چ چنراو و دووراو بێت، یان سادە و سروشتی، دەستکاریی نەکراو بێت وەك پێستەی ئاژەڵ و گەڵای دار و درەخت. پۆشینی جلوبەرگ بە درێژایی مێژوو، بە شێواز و جۆر و کەرەستەی جیاوازەوە نەریتێکی کۆمەڵایەتیی زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگە مرۆییەکان بوو، بە گوێرەی ڕەگەز و قەبارەی جەستە و نەریت و کلتوور و کومەڵێك هۆکاری دیکەی کۆمەڵایەتی و جوگرافیایی جیاواز.

## بۆ پۆشاك دەپۆشین؟

ئیمرۆ هۆکارەکانی پۆشینی جلوبەرگ، بە گوێرەی مەبەست و کۆمەڵگا و ئامانج، گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتووە، بەڵام مەبەستە هەرە سەرەکیی و گرنگەکەی جلوبەرگ، وەك لە سەرەتای مێژووەوە پەیرەو کراوە، پاراستنی جەستەی مرۆڤە. هەموو گیاندارەکان، لە سروشتەوە خوای میهرەبان وای خەلقکردوون، کە بەرگەی ژینگەی خۆیان بگرن و بتوانن خۆیانی لەگەڵ ڕابێنن. ورچ، لەو کوێستان و بەستەڵەکانەدا، بەز و چەوریی لەژێر پێستەی خۆیدا کۆدەکاتەوە تا

لە سەرما بیپارێزێ. تەیروتوار، بە پەڕ و تووك جەستەیان پارێزراوە، فیلیش بە گوێیە پان و گەورەکانی، کە گەرمای بوو، خۆی باوەشێن دەکات تا فێنکی ببێتەوە و سەگیش لە ڕێی زمانییەوە گەرمایی لەشی دەردەکاتە دەرەوە. مرۆڤ کە هیچ شتێکی لەوانە نییە و پێستەکەشی، زۆر باش، توانای خۆڕاگرتنی گۆڕانکارییە ژینگەیی و سروشتییەکانی دەوروبەری نییە، ناچار بووە، بیر لە داهێنانی شتێك بکاتەوە بۆ پاراستنی جەستەی و خۆ ڕاگرتنی لە وەرزە سەخت و ناخۆشەکاندا. کەواتە پۆشاك بۆ پاراستنی جەستەیە، ئەمەش بەم شێوەیەی خوارەوە:

### - ڕاهاتن لەگەڵ کەش و هەوا:

بە پۆشینی جلوبەرگی گەرم و گوڕ، وەك قاپووت و گۆرەویی و پووزەوانە و دەستکێش و کلێتە و کڵاو وکەلانگوچك (فەقێیانە) خۆمان لە سەرماو سۆڵەی زستان دەپارێزین. لە هاوینانیش پۆشاکی سووك و تەنك و سپیی لە گەرما و وڕە و هاڵاو دەمانپارێزێ.

### - پاراستنی جەستە لە کاتی ئیش وکاردا:

پیشە و ئەرك و فرمان، هەریەکەیان جۆرە جلوبەرگێکی تایبەتی دەوێ، بۆ پاراستنی جەستە، وەك ئاسنگەری و نانەوایی و قوڕکاری و کرێکاری و سەپانی....تاد.

### - دورخستنەوەی ئازار و مەترسی:

جلوبەرگ، جەستە لە ئازار و زامی دڕك و داڵ و گەزتن و پێوەدانی مێشوولە و مێش و مەگەز و گیانداری زیانبەخش و شتە ژەهرداڕەکانی دەوروەبەر لە ڕووەك و کەرەستەی خاوی سروشتی دیکە، دەپارێزێ.

### - خۆپاراستن لە نەخۆشییەکانی پێست و سووتانەوە:

پێستی مرۆڤ، کە وەك کیسەیەك لە جەستەیدا هەڵکێشراوە، زۆر ناسك و نەرم و تەنکە، خۆی لەبەر زۆر نەخۆشیی پێست و سووتانەوە بە تیشکی خۆر،

بەتایبەتی تیشكەكانی سەرووی سوور و ژێر وەنەوشەیی (UV Radiation) ناگرێت، ڕووتیی دەبێتە هۆی زۆر نەخۆشی، بەتایبەتی، شێرپەنجەی پێست. هۆكاری دیكەش زۆرن كە بوونەتە هاندەر بۆ پۆشینی جلوبەرگ (دواتر دێینەوە سەری ).

## لە كەیەوە مرۆڤ جلوبەرگی داهێناوە؟

چونكە، ئەو كەرەستانەی جلوبەرگیان لی دروستدەكرێ، هەر لۆكە و كەتان و ئاوریشم و موو وخوری و كوڵك و پێستە و فەرووی گیانداران، تەمەنیان كورتە و خۆڕاگر نین، بە بەراورد لەگەڵ دار و بەرد و ئێسقان و كانزاكان، زانینی مێژووی سەرەتای داهێنان و دروستكردنی پۆشاك، نەختێ زەحمەتە. هێندێك سەرچاوە ئەو مێژووە بە (٨٣٠٠٠) تا ١٧٠٠٠٠) ساڵ دەخەملێنن، هەندێكی دیكەش دەڵێن هەر لە نێوان (٦٥٠٠٠ تا ١٤٩٠٠٠) ساڵ پێش ئێستایە. پسپۆڕانی ئەم پشكنینە، لەم زانیارییانەدا، پشت بە تەمەنی ئەسپێ دەبەستن، ئەوان پێیان وایە، كە ژینگەی سروشتی ئەسپێ نێو جلوبەرگە، هەر لەوێوە پەلی هاویشتووە بۆ ناو قژ و پرچی سەری مرۆڤ.

شوێنەوارناسەكان، لەساڵی (١٩٨٨)، دەرزییەكیان دۆزیوەتەوە كە لە ئێسقان یان لە كەلبەی فیل دروستكراوە، لە ناوچەی (كۆستیۆنیكی Kostyonki) ڕوسیا، كە مێژووەكەی بۆ (٣٠٠٠٠) ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە . لە كۆماری جورجیاش پارچە كەتانێكی ڕەنگكراویان دۆزیوەتەوە كە بۆ (٣٦٠٠٠) ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە.

بەهەر حاڵ، دوای تێپەر بوونی، ڕۆژگارێكی دوورودرێژ لە بەكار هێنانی پێستەی خۆشكراوی ئاژەڵ و كوڵك و پووش و پەلاش و گەڵای دارودرەخت، مرۆڤ توانی بە دەست و پەنجەی خۆی كاڵا بچنێت و بیكات بە پۆشاك. لە سەرەتادا، ئەو پۆشاكە هەر دوو پارچە كاڵا بووە، یەكیان بۆ داپۆشینی

بەشی سەرەوەی جەستە و ئەوی دیکەش بۆ داپۆشینی بەشی خوارەوە، بەبێ ڕەچاوکردنی قەبارە و شێواز و ڕەنگ و ڕەگەزی پۆشاکپۆشەکە، لە نێر و مێ. دوای ماوەیەکی زۆر، ئەم دوو پارچە کاڵایە، وایان لێهات هەم بە گوێرەی قەبارەی جەستەکە ببڕدرێن و هەم بە داو یان پشتێن یان بە لێکبەستن و گرێدان جەستەی پێ دا بپۆشن.

بێگومان، پێشکەوتنی مرۆڤ، بە گوێرەی سەردەم و قۆناغەکانی ژیانی، گۆڕانکاریی لە جلوبەرگی خۆیدا کردووە، بە تایبەتی کە بەرە بەرە داب و نەریت و ئایین و بارودۆخی ئابووری و ڕۆشنبیری گۆڕانکارییان بەسەر داهات. کاتێکیش شۆڕشی پیشەسازی، لە ڕۆژئاوادا، لە سەدەی (١٧) و (١٨) ڕووی دا، جلوبەرگ گەورەترین عەمبازیی هاویشت و گۆڕانکارییەکی دیاری بەسەر دا هات و بوو بە بەشێکی بایەخداری کۆمەڵگای تازە. ئەمەیش نەك هەر لە داهێنان و گۆڕینی کەرەستەی خاوی کاڵایەکانی جلوبەرگ، بەڵکو لە داهێنان لە ئامانج و مەبەست لە بەکارهێنان و پۆشینیشیاندا.

پۆشاك و جلوبەرگ، لەم سەردەمەدا، بۆتە پیشەسازیی مەزن و پێشکەوتوو، بە ملیارەها دۆلار داهات و دەسکەوت بۆ زۆر وڵات، مسۆگەردەکات، ئەوە جگە لە ڕەنگدانەوەی جلوبەرگ لەسەر جۆری پیشە و بیروباوەر و ئایین و سیاسەت و زانست و مەعریفەدا.(دواتر ئەم خاڵانە بەدرێژی باس دەکەین). ئێستا پۆلێنکردنی جلوبەرگ هێندە چڵ و لقی لێ بۆتەوە، کە لە ناو یەك جۆردا، چەندەها شێواز داهێنراوە، هەر بۆ نموونە، جلوبەرگی یاریزانانی فوتبۆڵ لە جیهاندا، کە نرخی یەك (تی شێرت)ی تیپێك لە بازاڕدا لە سەروی (١٠٠) دۆلارە. پۆشاکی تایبەتمەندی گەمییەوانەکانی بۆشایی ئاسمان و جەنگاوەر و مەلەوان و هەنگەوان و ماتۆرسکیل سوار و مین پاککەرە وە و کرێکاری کانەکان و تەندوورەکانی ناوکیی ئەتۆمی و کارگە کیمیاوییەکان یان دکتۆر و پەرستاری نەخۆشخانە تایبەتمەندەکان و ئاگرکوژێنەرەوەکان و جلوبەرگ بریقەدارە پۆشەکان(فسفۆڕییەکان)، نرخیان زۆر بەرزە و ئەوپەڕی وەستاکاریی و زانستییان تێدا بەکار هاتووە. زرێپۆش و گوللەنەبڕ و دژە کیمیاوی چەندەها

جۆریان هەیە. جلوبەرگی تایبەتیش هەیە کە گەرمکەرە و ساردکەرەوەی تێدایە، وەك ئەوەی کە شۆفێرەکانی بەفرخاوێنکەرەوە لە زستاندا دەیپۆشن. پۆشاك وپێخەفی تەندروستیش هەیە کە ئامێری تایبەتییان تێدا ئاخنراوە...تاد.

## جلوبەرگ و ڕەگەز:

زۆر لە مێژە، لە نێو زۆربەی نەتەوەکاندا، جلوبەرگی نێر و مێ لێك جوداکراوەتەوە، تەنانەت بۆ منداڵانی کوڕ و کچیش. هەمیشە جلوبەرگی مێینەکان، کراوە و واڵا و ڕەنگاو ڕەنگ و سەرنجڕاکێش و جوانن. زۆربەی پۆشاکی پیاوانیش دوو پارچەیە، سەرەوە و خوارەوی هەیە. زۆر ئاساییە کە ژنان بەرگی پیاوان بپۆشن، بەڵام زۆر بە دەگمەن پیاوان پۆشاکی ژنان لەبەر دەکەن. لە سکۆتلەندا، بۆ نموونە، پیاوەکان (تەنوورە Kilt) دەپۆشن. لە نێو کۆمەڵگای (سمپەتۆری) جلوبەرگی ژن و پیاو بە یاسا دیاری کراوە و بۆتە نەریتێك کە هەمووان ڕێزی لێ دەگرن.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، ژنان پتر مەیلیان بۆ پۆشینی ئەو جلوبەرگانە چووە کە زۆر جیاوازنین لەگەڵ پۆشاکی پیاوان، بە تایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا.

## جلوبەرگ و پێگەی کۆمەڵایەتی:

هەرچەندە پەیامە ئایینییەکان و گوتارە فەلسەفییەکانی ڕەوشت بەرزیی، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بەهای ڕاستەقینە وگەوهەری ڕەسەنایەتیی مرۆڤ لە ناخی پاك و کرداری جواندایە، بەڵام لە دێرەزەمانەوە، ڕوخسار و سیما و دیمەنی دەرەوەی جەستە، جیگەی بایەخ پێدان و سەرنج ڕاکێشان بووە. تا ئەو ڕادەیەیی کە لە نێو زۆر تاقم و چین و کۆمەڵگەدا، پۆشاك لە دیاری کردنی مەقام و پێگەی کۆمەڵایەتیدا پشکی شێری بەبەر دەکەوێ.

لەسەردەمی ڕۆمانییە كۆنەكاندا، تەنیا ئەندامانی ئەنجوومەنی پیران، بۆیان هەبوو كراسی خۆڵەمێشی لەبەر بكەن. لە كۆمەڵكەی (هاوای)، بە گوێرەی عورف و كلتوور، تەنیا خواپێداوەكانیان، عەبای ئارایشت كراو بە كۆڵكی پەلەوەر و ددانی نەهەنگی نەخشێنراویان دەپۆشی. لە هەرێمی (كێرلا Kerlla)، لە هیندستاندا، ژنانی تیرەكانی چینی خوارەوە، دەبوایا باج و بوو بدەن تا مۆڵەتی پۆشینی سوخمە و سەرسینگیان بدرێتێ. تا ڕژێمی كۆماریی لە چین دانەمەزرا، ئەوا ڕەنگی زەرد هەر هی بنەماڵەكانی ئیمپراتۆر بوو، تابۆ بوو كەسانی دیكە كاڵای زەرد بپۆشن.

جاران لە هێندێ كۆمەڵگەدا، شێواز و جۆر و ڕەنگی پۆشاك بە یاسا دیاری دەكرا، كێ دەبێ چ بۆشێ و لە چ بۆنەیەكدا ئەو پۆشاكە ڕێ پێدراوە، سەرپێچیكەر سزای دەدرا.

چونكە هەمیشە دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارەكان، خاوەن سەروەت و سامانی زۆر بوون، ڕاستەوخۆ ئەمە، لە جۆر و شێوازی پۆشاكیاندا، ڕەنگی داوەتەوە. واتا هەمیشە جلوبەرگی تایبەت بەخۆیان هەبووە و بەبەراورد لە گەڵ خەڵكی ڕەش و ڕووت( عەوام) و خەڵكی دیكە، پۆشتەوپەرداغتر بوون. ئەمەیش لە جلوبەرگی هەردوو ڕەگەزەكانیاندا، بە ژن و پیاوەوە، دیار بوو.

لە كۆنەوە، لە نێو هۆز و خێڵ و تیرەكانی كوردا، ئاغا و شێخ و بەگ و سەید و مەلا پۆشتەتر بوون و جلوبەرگی باشتر و گرانبەهاتریان لە چاو كەسەكانی دیكەدا، پۆشیووە. ئەمەیش ناڕاستەوخۆ بۆتە ئامرازێك بۆ ناسینەوە و دەست نیشانكردنی پێگەی ئەو كەسانە لە ناو كۆمەڵدا.

## ئایین و پۆشـاك:

لە هەموو کۆمەڵگایەك و لە هەموو ڕۆژگارێکدا، پیاوان و ڕێبەرانی ئایینی، کاریگەرییان لەسەر ڕێزگرتن و بایەخدان بە کلتوورەوە هەبووە. جا بەحوکمی ئەوەی کە ئەوان هەمیشە لەبەرچاو بووین و جێگەی سەرنجی خەڵك بوون، بە پۆشاك و جلوبەرگی تایبەتەوە ناسراونەتەوە. دەکرێ (٢) جۆرە پۆشاك کە تایبەت بن بە باوەڕداران، لێك جیا بکەینەوە:

**یەك:** لە مەتنی هێندێك کتێبی ئایینیدا، وەکو تەورات و ئینجیل و قورئان، ئاماژە بەو جۆرە پۆشاکەکراوە، کە شەرع بۆ باوەڕدارەکانی دەست نیشانکردووە. پەیوەست بوون بە جێبەجێکردنی ئەو ڕینماییانە بەشێکە لە سرووتی ئەنجامدانی خواپەرستییەکاندا.

**دوو:** ئەو جۆرە پۆشاکەی، کە پیاوانی ئایینی بۆ خۆیان دایانهێناوە و لە باب و باپیرانەوە بۆیان بەجێماوە و ڕێز لە پیرۆزیی ئەو هەڵبژاردەیە دەگرن، کە پێش ئەوان پەیڕەوکراوە و زۆر بە زەحمەت گۆڕانکاریی بەسەر دادێ. ئەمە بە زەقی لە پۆشاکی پیاوانی زۆربەی هەرە زۆری ئایین و ئایینزاکانی دونیادا بەرچاو دەکەوێ.

**هەر لە دەوروبەری خۆماندا، دەتوانین (٣) شێوازی جیاواز لە پۆشاك، پۆلێن بکەین بەگوێرەی کەسەکان:**

١- پۆشاکی پیاوان و(ژنانی) ئایینی لە شێخ و سەید ومەلا و فەقێ و سوختە و قەشە و مالم... تاد.

٢- پۆشاکی ئاسایی باوەڕدار و مورید و هەوادارەکانی ئایینەکان. وەکو کڵاوی سپی پیاوانی مووسڵمان لە کاتی نوێژکردن و پۆشینی چارۆگە و لەچکە و جبەی ژنانی مووسڵمان.

**٣-** پۆشاکی تایبەت بە هێندێ بۆنەی ئایینی. وەکو پۆشاکی حەجکردن بۆ موسڵمانان( مەحرەم). یان پۆشاکی (یانی)ییەکان ، کە لە سرووتەکانیاندا نابێ کاڵایەك بپۆشن دەرزی و دوورمانی تێدا بەکار هاتبێ، وەك ڕەمزێك بۆ پاکی و یەکتاپەرستی. (سیخ)ەکانیش بەبێ پێچانی جەمەدانی تایبەت لە سەرسەریان، هێچ سرووتێکی ئایینی خۆیان ئەنجام نادەن. لە ڕێبازی (ئەبرەها) کانیش دا نابێ پۆشاکەکانیان، لای پارچەیەکی، بکەوێتە سەر لای پارچەیەکی دیکە، (وەکو سووخمە)ی کوردەواری.

لە هەموو ئایینە ئاسمانییەکانی (جوولەکە و مەسیحی و ئیسلام) و لە ئایینەکانی هێندۆس و سیخ و بۆدا و زەردەشتیشدا، پاکیی پۆشاك، ڕوکنێکی بنەڕەتی جێبەجێکردنی سرووتەکانە، کە پێیدەگوترێت پاگڕاگریی (الطهارة).

لە ئینجیلدا، لەچەندان شوێن ئاماژە بە پۆشاك کراوە. هەر کە ئادەم و حەوا لە بەهەشت وەدەرنران، بە گەڵای هەنجیر عەورەتی خۆیان داپۆشی.

لە ئایینی جوولەکەشد، دەبێ مالم کراسێکی تایبەت لە ڕۆژی پرسەدا بپۆشێ.

بۆشاکی ئیسلام بۆ پیاوان، لاسایی کردنەوەی پۆشاکی عەرەبەکانی مەکە و مەدینەیە، لە کڵاوی سپی و دیشداشە و نەعل بەسەر پێوەکردن. بەڵام لەگەڵ ڕۆژگاردا پۆشاکی نەتەوەیی جێگەی ئەو پۆشاکەی وردە وردە گرتۆتەوە، بەڵام هێندێك سێبەری کۆنی هەر لەسەر ماوە.

بۆ ژنانی موسڵمانیش، پەچەو عەبا و چارۆگە و کراس درێژ وجبە و دوورکەوتنەوە لە ڕەنگی ئاڵاو واڵاو و ئارایشتکردن و خۆڕازاندنەوە بە خشڵ و زێڕ و زیو، خەسڵەتی دیار و بەرچاوەی پۆشاکەکانیانە."دەبی پۆشاکەکە هەموو جەستە بگرێتەوە و پان و پۆڕ و ئەستور بێ وتەسك وتروسك نەبێ، بۆ پاراستنی کەڕامەتی ئافرەت."

مەرج نییە، ئەو پۆشاکانەی پەیوەستن بە بیروباوڕە ئایینیەکان، هەر بە جەستەوە دیار بن. هێندێك پۆشاکی ژێرەوەش هەن، بەها و پیرۆزیی ئایینیی خۆیان هەیە. بۆ نموونە، جوولەکە، لە ژێرکراس دەبێ کاڵایەك لەبەر بکات کە لە کەتان

چنراوە و پێی دەڵێن (تالیت)، جا ئەم کەتانە دەکەنە ملپێچیش. (مۆڕمۆنەکان) ژێرکراسێك لەبەر دەکەن، کە گۆیا دەقی مەتنە ئایینییەکانیان بەبیر دێنێتەوە. ژن و پیاوی (سیخ)ەکان (٥) ڕوکنی سەرەکییان هەیە لە کاتی ئەنجامدانی ئەو سرووتانەی پێیان دەڵێن (پانج کەکار) (Panj Kakaar)، جا یەکێکیان تایبەتە بە جۆرە دەرپێیەکی خۆیان. زەردەشتییەکانیش ژێرکراسێك دەپۆشن پێی دەڵێن(سەدری ) کە بە پشتێنێکی نەخشێنراو چنراولێکدەبەسترێ، پێ دەڵێن (کوشتی ). لە ئینجیلدا، بە دەق، پۆشینی جلوبەرگی پیاوان، لە لایەن ژنانەوە حەرام کراوە و هەمان شت لە هێندێك ڕێبازی ئایینیی هێندۆسی و ئەرتەدۆکسی و ...تاد، لەپێکردنی پانتۆڵ حەرامە بۆ ژنان.

( لە بڕگەی تایبەت بە پێڵاو، دێینەوە سەر ئەم باسە).

## کێ دیزاینی پۆشاکی کۆمەڵگایەك دادەهێنێت؟

**بە چاوخشاندنێك بە نەخشەی جیهانی پۆشاکدا، بەتایبەتی سەردەمە کۆنەکانی، دەبینین کە داهێنانی جۆری شێواز و کەرەستەی خاوی جلوبەرگ لە هەموو کۆمەڵگایەکاندا، پەیوەستە بەچەند مەرجێکی سروشتی و مرۆییەوە، لەوانە:**

- **ژینگە و پێگەی جوگرافی:**

**ئەمەیش لە دوو سەرەوە بایەخی خۆی هەیە:**

١- ئەو کەرەستە خاوەی لەو ژینگەیە دەست دەکەوێ بۆ بەرهەم هێنانی پۆشاك، بۆ نموونە، لە ناوچە بەستەڵەکەکانی مەکسیکدا، ئەسکیمۆیەکان نە کشتوکاڵیان هەیە و نە دارستان و جەنگەڵ و ئاژەڵداری، ئەو ژینکە ساردو سڕەی ئەوێندەرێ، ناچاریان دەکات کە سوود لە پێستەی ئەو گیاندارانە وەرگرن، وەکو ورچ و ڕێوی بەفر و سەگی ئاویی، کە ڕاویان دەکەن. خۆ بۆ خێڵە کۆچەرەکانی عەرەبیش، کە بیابانی قاقر و وشك و برینگ، ژینگەی گوزەرانکردنیانە، دەبێ هەموو کەرەستەکانی پۆشاکیان بەرهەمەکانی ئاژەڵداری بێت، لە وشتر و مەڕ و ماڵات و بەرزە وڵاغ.

بەڵام هۆز و خێڵەکانی وڵاتی هیندستانی پان و بەرین، کەمتر دەستیان بۆ پێستە و کوڵك و فەروو بردووە، چونکە بەرهەمی بە خێروبێری لۆکە و کەتان و ئاوریشمیان تا بڵێی زۆر و بە بەرەکەت بووە، جا پتر سوودیان لەوان وەرگرتووە و بۆ ناچاری و کاری پێویست نەبێ پێستە و موو و خورییان بەکار نەهێناوە. بە هەمان شێوە، لە دارستانە چڕ و شێدار و گەرمەکانی کەمەرەی ئیستوائی، خێڵ و تیرە هەیە، هەر ڕووت و قووتن، چونکە ژینگەکە، پۆشاکی ناوێ نە بۆ سەرما و نە بۆ گەرما. هەرچی ئەوان بیپۆشن، لەبەر ئاو وهەوا شێدارەکە، دەبێتە ئاو و بەلەشیانەوە دەنووسێ.

٢- هەر لەو ژینگەوە، مرۆڤ، فێر بووە، لە هەر وەرزێکی ساڵ چ بپۆشێت. ئەمەیش بۆتە هاندەرێك بۆ بیرکردنەوە لە جۆری پۆشاکی پێویست. هەر بۆنموونە، عەرەبە کرچەرییەکانی بیابانەکان، دەبێ دیشداشەی تەنگ و سووك و سپی بپۆشن و جەتفییەی سپی لەسەر نێن بۆ خۆ پاراستن لە گەرمای سووتێنەری بیابان، جا عەگاڵ لە دەوری جەتفییەکەی سەریان دەئاڵێنن تا با نەیبات و عەبای سپیش لەخۆیان دەئاڵێنن و دەمامك دەکەن تا خۆیان لە (عەجاج)، ڕەشەبای تۆز و خۆڵاوی، بپارێزن. لە کاتێکدا، دەبینین، کە پۆشاکی کوردی چەندە گونجاو و شیاوە لەگەڵ ژینگەی کوێستان و گەرمیان و شاخ و داخ و جەنگەڵ و هەرد و زنوێر.

• **کلتوور و نەریت:**

شان بەشانی هۆکارەکانی ژینگە و پێگەی جوگرافیایی، کلتوور، ڕاستەوخۆ کاریگەری لە داهێنانی جۆری شێوازی پۆشاك هەیە. هەمیشە مرۆڤ ملکەچ و وابەستەی ئەفسانە و بیروباوەڕی ئایینی و داب و نەریتەکان بووە. جا لە زۆر برگە و پێکهاتە و سرووتی ئەوانەدا، جۆرێ پۆشاك، دەستنیشانکراوە و زۆر بە حورمەتیش پیرۆزیی ئەو نەریتە پارێزراوە. دەکرێ سەرنجی باوەڕداران و پیاوانی ئایینی بدەیت کە چۆن پابەندی ئەو سوونەت و ڕێبازانەن کە پێشتر بۆیان بەجێماوە و لێیان لانادەن. ئەمە هەموو ئایین و ئایینزایەکان دەگرێتەوە.

- **بازرگانی و شەڕوشۆڕ و سەفەرکردن:**

بە هەر هۆکارێك بوو بێ، تێکەڵ بوون و نزیك بوونەوە لە نێوان کۆمەڵگاکاندا چێ پەنجەی لە گۆڕینی شێوازی پۆشاکدا هەیە.، جا چ لەسەر ئاستی تاکە کەسی، وەکو سەفەر کردن و سەردان، یان لەسەر ئاستی کۆمەڵ وەکو بازرگانی کردن و دیل و یەخسیر کردن لە کاتی شەڕ و جەنگدا.

- **گۆڕانکارییەکانی سەردەم:**

بۆ نموونە شۆڕشی پیشەسازیی لە سەدەی حەڤدە و هەژدەدا، لە ڕۆژئاوا، گەورەترین گۆڕانکاریی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا کرد، ئەمەیش ڕاستەوخۆ، لەسەر پۆشاکی ژن و پیاو ڕەنگی دایەوە. بە هەمان شێوە شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی و جەنگە مەزنەکانی وەکو جەنگی نێوان عیراق و ئێران (١٩٨٠ - ١٩٨٨)و سەرهەڵدانی (داعش) دوای ساڵی (٢٠١٣) ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش و بۆ ناوچەیەکی لۆکاڵیش بوو بێت، زۆر کاریگەری لەسەر گۆڕینی پۆشاك هەبووە.

## کلتوور و پۆشاك:

د. هێمن عەبدولحەمید شەمس بۆ پێناسەی کلتوور دەنووسێ:" چەمکی کلتور هەموو بەرهەمە مرۆییەکان دەگرێتەوە، لە ئامرازە بەراییەکانی بەرهەمهێنانەوە، تا دەگاتە ئەدەب و هونەر و میتۆلۆژیا و ئایین و ئاکار و تەواوی دیاردە و ڕواڵەتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی: لە پۆشاك و خواردن و خواردنەوە و نەریت و ئادابی سروشت و شێوازەکانی دەربڕین و پەیوەندی و پێکەوە ژیانی مرۆڤەکان." جا ئەوەی ڕۆڵێکی باڵای هەیە لە داهێنان و هەڵبژاردنی شێوازی پۆشاکەکەدا، کلتووری پەیرەوکراوی ئەو دەڤەرەیە کە لەژێر کاریگەریی ڕێنماییەکان و داب و دەستووری ئەو کلتوورەدایە، تەنانەت کاریگەریی لەسەر کەسانی غەوارە و بێگانەش هەیە، وەك نموونە، ژنە سفورە ڕۆژئاواییەکان کە سەردانی وڵاتی

ئێران دەکەن دەبێ لە چك و چارشێو بپۆشن، زیارەتکردنی مەزارگەی شێخ عەبدولقادری گەیلانیش لە بەغدا، بەبێ پۆشینی عەبا نابێ بۆ ژنان، بۆیە لەبەر دەرگا عەبابەدەست، ڕاوەستاون عەبا بەکرێ دەدەن بۆ ئەو ژنانەی بێ عەبان.

لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا، لاساییکردنەوەی پۆشاك، میراتێکی بەجێماوی باوباپیرانە و زۆرجار لە بەر پیرۆزیی ئەوان ڕێزی لێ دەگیریت. دەتوانین بڵێین بە قەد ژمارەی کلتوورەکان، لە جیهاندا شێوازی پۆشاك هەیە، لە جۆری کاڵا و ڕەنگ و دووروین و پۆشینیدا. گۆڕانکارییەکانی سەر کلتوور، یەکرێ، شێوازی پۆشاك لە ڕووی ڕەگەز و تەمەن و چینایەتی و بەکارهێنانیەوە دەگۆڕێ. ئەمە جگە لە کاریگەریی ئابووری و سیاسی و ڕۆشنبیریی سەردەمەکە.

قسەکردن لەسەر پۆشاك و کلتوور، پەلکێشمان دەکات بۆ قسەکردن لەسەر جیهانی ژن. پسپۆڕانی دیزاینی پۆشاك، هەمیشە ڕۆشنایی دەخەنە سەر کاریگەریی ژنان، لە گۆڕین و داهێنان و زیندوو کردنەوە و لەبار بردنی شێوازی پۆشاك. ئەمەیش لە ڕوانگەی زۆر ڕەهەندەوە، لە لایەك ئەوان پتر حەز لە جوانکاری و بابەتی تازەباو و نوێ دەکەن و لەلایەکی دیکەشەوە لاتایەکی ئابووریی بازاڕ بەوانەوە بەستراوەتەوە، جا ئەو گۆڕانکارییە جووت سەرەیە ـ لە لایەك نەخشەساز و دیزاینەر و بەرگدرووەکان دایدەهێنن، لە لایەکی دیکەشەوە ژنان بۆخۆیان جۆرە ستایلێکی تازەباو دادەهێنن و دەبێتە مۆدە. ئەوە جگە لە لاسایی کردنەوەی شاجوان و شائەکتەر و ئەستێرە و کەسە دیارەکانی خۆیان یان جیهانی.

مەرج نییە هەموو نەتەوەکانی وڵاتێك لە ژێر چەتری یەك کلتووردابن، بۆ نموونە، بووك لە باکووری هیندستان کراسی مەیلەو سوور دەپۆشێت و دەرپێی درێژ لە پێدەکات و پەچە دەگرێتەوە، کەچی لە هەرێمەکانی باشووردا، کراس و پەچەی سپی دەپۆشێ لە ڕۆژئاوا، هەموو جەستەی بووك، بە دەست و قاچیشیەوە بە کاڵای نەخشێنراو دەڕازێندرێتەوە، لە ڕۆژهەڵاتیشدا کڵاوێکی قووچ و سەرپۆش لەسەر دەنێ. بۆ بێوەژنیش، جاران پۆشاکی ڕەنگاو ڕەنگ و گوڵدار حەرام بوو،

دەبوایە هەر جلوبەرگی سپی بپۆشێت و هیچ خشڵ و زێڕ و زیوێك بەخۆیەوە نەکات، لە هێندێك هەرێمدا، وەکو ڕۆژهەڵات، پرچ و قژیشیان دەتاشن و سینگ و مەمکی خۆیان بە پۆشاکی سپی داپۆشن.

هەڵبژاردنی ڕەنگی پۆشاك، جاران زۆر پەیوەست بوو بە کلتوور. ژنانی کورد هەمیشە لە بەهاردا جلوبەرگیان پڕ بوو لە ڕەنگی بەهاری، ئەمەیش بەهۆی ڕەنگدانەوەی جوانیی سروشتی بەهاری کوردەواری و پاکیی ناخی مرۆڤەکانی، بەڵام ئێزیدییەکان هەمیشە ڕەنگی سپییان پێ پەسندە وەك هێمای پاکیی و پیرۆزیی و دڵسافی. کەچی پۆشاکی قەشەی دیانان ڕەشە و پشتێنی سەیدان کەسکە و پشتێنی حاجییان ڕەنگی زەرد لەسەر سپیی تێدا زاڵە.

## پۆشاك و ناسنامە:

پۆشاك، یەکرێ و ڕاستەوخۆ گوزارشت لە ناسنامەی نەتەوەیی دەکات و ئاوێنەیەکە سیمای کەسایەتیی ئەو نەتەوەیە نیشاندەداتەوە. دەکرێ لە ڕێی توێژینەوەی ئەنترپۆلۆژیی پۆشاکەوە ئاست و ئاراستەی گۆڕانکارییە مێژووییەکانی ئەو بزانرێت. کە ئەوانیش دەرهاویشتەی گۆڕانکارییە هزری و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەو نەتەوەیە نمایش دەکەن. قسەکردن لەسەر ئەم بڕگەیە، سێ پرسیار دەوروژێنێ:

١- توێژەرانی ئەنترۆپۆلۆژیی چۆن لە پەیوەندییەکانی نێوان پۆشاك و ناسنامە دەگەن؟

٢- چۆن ئەم تێگەیشتنانە لە سیسیۆلۆژیی و ئەنترۆپۆلوژیی و توێژینەوەی پۆشاك، بیردۆز و بەرجەستەکراون؟

٣- ئەم تێگەیشتن و شیکارییە چەندە پەیوەندیان هەبووە و هەیە بە پێگە و هەڵویستی نەتەوەیی، لە ڕابردوو و ئێستادا؟

بۆ گەیشتن بەو مەبەستانەی سەرەوە، ئەوا دەبێ پۆشاك لە خانەی كلتووری مەترالی نەتەوەوە پۆلێن بكرێت، كە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە جووڵە و حەرەكە و بزووتنی ئۆرگانەكانی جەستە (وەك سەپان و سەرباز و فەرمانبەر ....تاد)، هەروەها بەشێكیشە لە ئەزموونی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك لە گەڵ وەرزەكانی ساڵ و بۆنەكان و سرووتەكانی ئایین و داب و نەریتی كۆمەڵایەتیی نەتەوەكان. جێگەی ئاماژەیە كە ئیمڕۆ لە نێو هەموو نەتەوەكاندا پیرەمێرد و بەساڵاچووەكان، بە پەرۆشترین و جەرگسۆزترین، توێژی كۆمەڵگەن، لە بایەخ دان و بەرزڕاگرتنی ناسنامەی نەتەوە لە سایەی پۆشاك و كەلوپەلەوە. ئەمەیش لە ترسی ئەو شالاوە بێ ئامانەی (ستایل و فاشنی مۆدێرن) ی پۆشاك هێناویەتی بۆ سەر پۆشاكی كلتووری كە وای كردووە كۆنەكان بەرە بەرە بەرەو كاڵ بوونەوە و مەحف بوونەوە بچن.

كە باس لە ناسنامەی پۆشاك دەكەین، دەبێ ئەوە بۆ خوێنەر ڕوونبكرێتەوە، كە پۆشاك خاوەن هێز و ئیرادەیەكی مەزن و كاریگەرە و زۆرجار دەسەڵاتی خۆی بەسەر جومگە دەسەڵاتدارەكانی دیكەی كۆمەڵگەدا دەسەپێنێ، بە تایبەتی لە دۆخی یاخی بوون و شۆڕش و ڕاپەڕینی نەتەوایەتیدا. هێندێ جار بەربەرەكانییەكان، هێندە زەق دەبنەوە، كە هێزی داپلۆسێنەری چەوسێنەر، هانا بۆ ئاگر و ئاسن دەبات بۆ دامركاندنەوەی هێزی پۆشاك. با لەم بوارەوە بە (چوار) نموونە، شكۆداریی ناسنامەی پۆشاك روونتر بكەینەوە:

ئەوكاتەی قارەمان و سەرۆكی ڕۆحی بزوتنەوەی ئازادیخوازی هیندستان (مهاتما غاندی ١٨٦٩ - ١٩٤٨) ئالای یاخی بوون و ڕاپەڕینی دژی كۆلۆنیالیزمی داگیركەری ئینگلیزی، لە وڵاتەكەی ڕاگەیاند، كە سەدان ساڵ بوو نەتەوە هەژار و ستەمدیدە و بەستەزمانەكانی هێندستانی دەچەوساندەوە و خێروبێری وڵاتەكەشی تالان و فەرهۆد دەكرد، ئەم قارەمانە مەزنە، بریاری دا، كە ڕاپەڕینە ئاشتیخوازەكەی بە دیشكەمكردنی (بایكۆتكردنی) كاڵای ئینگلیزیی دەست پێبكات، كە هیچ كەسێكی هیندی نە كاڵای ئەوان بكرێت و نە بیانپۆشێت. بەڵكو دەبێ بگەڕێنەوە سەر پۆشاكی كلتووریی خۆیان كە

هەم لە بەرهەمی خۆیانە و هەم بە دەست و پەنجەی خۆیان ئامادەکراوە. (غاندی) پۆشاکەکەی بەری خۆی، تەنانەت، سۆلەکەی پێشی، بە دەستی خۆی دروستکردبوو. ئەم دروشمە شۆڕشگێڕییە تازەباوەی (غاندی) هەڵگری دوو پەیام بوو: لە لایەك گورزی کوشندەی لە بازاڕ و دەستیکاری ئینگلیز دا، چونکە حەشاماتە هەزار ملیۆنییەکەی هیندستان پێشتر هەموو کاڵایەکانیان لە ئینگلتەراوە هاوردە دەکرد. لەلایەکی دیکەشەوە، پۆشینی جلوبەرگی نەتەوەیی بوو بە ڕەمز و سونبلی بزوتنەوەکە، واتا، ئەوکەسەی بیپۆشیبایە، ئەوا لە لایەنگرەکانی غاندییە و ئینگلیز بە دوژمنی خۆی دادەنا، ئەویش جۆرە مەترسییەکی بۆ ئینگلیزەکان دروستکردبوو، کە ڕووبەڕووبوونەوەی هاسان نەبوو. لە باشووری کوردستاندا، تا شۆڕشی گەلاوێژی (١٩٥٨) پۆشینی ڕانکوچۆغەڵ قەدەغەبوو، ئەوەی بیپۆشیبوایە، سزایەکی قورس و غەرامەیەکی زۆری بەسەردا دەبڕایەوە. چونکە ڕوناکبیر و خەباتگێرانی سەردەمی پاشایەتی ڕانکوچۆغەڵیان کردبووە سونبلی چالاکییەکانیان و ڕۆحێکی نەتەوەییان پێ بەخشی بوو، ئەمەیش لە سۆنگەی کەوتنە ژێرکاریگەریی ڕاپەڕینەکەی غاندی و زیندوو کردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردیی، کە هەم بەرهەمی خۆمان و هەم وەستا و کارکەری خۆمان هەیە کە دەتوانن بیچنن و سەروبەری بکەن. ئەمەیش بە هاندانی پارتە نەتەوەیی و چەپەکانی ئەو سەردەمەبوو کە دژی ڕژێمی پاشایەتی و سەرمایەداریی بوون.(١)

بۆ دیاریکردنی بایەخی ناسنامەی پۆشاك، با بەیەکەوە بچینە فەرەنسا. لەسەردەمی ڕاپەڕینە مەزنەکەی خەڵکی شاری پاریس لەساڵی (١٧٨٩)،

---

(١) https://en.wikipedia.org/wiki/Kurdish clothing

زبێدەی حاجی عەبدوڵڵای کەبابچی (٨٦ ساڵ) وا دەگێڕێتەوە:" لە چلەکانی سەدەی ڕابردوو، پیاوانی ڕژێمی پاشایەتی هەڵیان دەکوتایە سەر ماڵان و بەدوای پۆشاکی ڕانك وچۆغەڵدا دەگەڕان. من دەستە جلەکی فاتیح ڕەسووڵی تێکۆشەرم لە لابوو، ئەو کوڕی برام بوو، لە ترسی دۆزینەوە، ناچار کردبوومە دۆشەگۆرە و لە ناو لانك ڕامخستبوو، وەك شوێنێکی تەقەت، تا پۆلیس و جاسووسەکان نەیدۆزنەوە."
ئەمە ئەوەدەگەیێنێ کە نەك هەر پۆشینی ڕانك وچۆغەڵ قەدەغەبووە، بەڵکو هەڵگرتن و پاراستنیشی لە ماڵەوە، یاساغ بوو.

کە بوو بە چراوگی شۆڕشە بەناوبانگەکەی فەرەنسا، خەڵکی ڕەشو ڕووتی خەباتگێڕ، کە ڕژانە سەر شەقام و کوچەوکۆڵانەکان، جۆرە پۆشاکێکی نەتەوەیی کۆنی خۆیان پۆشیبوو. ڕژێمی پاشایەتی داپلوسێنەری ئەودەمی فەرەنسا، کەوتە ڕاوەدوونانی ئەو کەسانەی ئەو پۆشاکەیان دەپۆشی. دواتر ئەم پۆشاکە بوو بە سونبلی شۆڕشی نەتەویی فەرەنسییەکان. جا سەیرەکە لەوە دایە، دوای تێپەڕبوونی پتر لە سەد ساڵ، پاریسییەکان لە خۆپێشاندانێکدا، هەمان پۆشاکی نەتەوەییان پۆشییەوە و دیسان دەسەڵات کەوتە گرتن و ئازاردانی ئەو پۆشاکپۆشانە. ئەمەیش ڕۆڵی ناسنامەی نەتەوەیی پۆشاك نیشاندەدات کە هەمیشە دەسەڵاتدارەکانی ناوەوە و دەرەوە پێیان قەڵس دەبن و بە هێمایەکی مەترسیدار وخەتەرناکی دەزانن.

نموونەی چوارەم، پۆشاکی کەسێکی یاخی بوو و خەباتگێرە، کە تاکو ئێستا، لەسەر ئاستی جیهانیدا بۆتە سونبلی یاخی بوون و خەبات. کاتێ خەباتگێری نەتەویی(گیڤارا ١٩٢٨ - ١٩٦٧) ناوبانگی وەك قارەمانێکی چەپی دژە سەرمایەدار و ڕۆژئاوا دەکرد، پۆشاکەکەی بوو بە ناسنامەی نەتەوایەتیی ئەرژەنتینی، دواتر سنووری وڵاتەکەی بەزاندو، بە هەرچوار ئیقلیمی دونیادا بڵاوبۆوە و بوو بە مۆدێل، ئێستا کوڕان و کچانی گەنج، وێنەکەی ئەو، لەسەر کراس و تیشێرت و بلوز و فانیلە و کڵاو و شەبقە دادەنین، تەنانەت لە هێندێك وڵاتدا (وەکو ئێران و سودان و سعودییە) پۆشینیان قەدەغەیە.

بۆ ماوەی (٣٥) ساڵ ڕژێمی حیزبی بەعس، پۆشینی جلی ڕەشی لە شیعەکانی عیراق مەنع کرد و زۆر بێڕەحمانە ئەشکەنجەی سەرپێچیکەرانی دەدا، چونکە لە بۆنە ئایینییەکاندا، پۆشاکی ڕەش، بە گوێرەی بیروباوەڕی ئەوان، ڕەمزی خەمناکیی و جەرگسۆزی ئەوانە بۆ ڕابەرە شەهیدکراوەکەیان کە (ئیمام حوسێن)ە.

دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئیسلامەتوندڕەوەکان لە ئەفغانستان و دواتر پەیدا بوونی بزووتنەوی (داعش) لە ساڵی (٢٠١٣)، ستایلێکی تایبەتی پۆشاك داهێنرا، گۆیا هەڵگری ناسنامەی ئیسلامە، بەڵام هەموو گروپ و کۆمەڵ و حزبە سیاسییەکان هەمان بۆچوونیان نییە. تا ئێستا ساغنەکراوەتەوە کە ئەم

پۆشاکانەی چەکدارانی داعش چەندە پەیوەندییان بە ناسنامەی کلتووری ئیسلامەوە هەیە![1]

بەچاوخشانێکی خێرا، بە پۆشاکی ناسنامەیی نەتەوەکان، دەبینین کە پێکهاتە و شێواز و ستایلی تایبەتمەندی ئەوان پەیوەستە بە سێ شتەوە:

- ڕەنگی پۆشاك.
- شێوازی بڕین و دیزاین و دوورین.
- کەرەستەی خاوی پۆشاك.

ئەوەی کە ئەم سێ خاڵەی سەرەوەی کردۆتە دەستوری ئەو پۆشاکە، تا ببێتە هەڵگری سیمای ناسنامەی نەتەویی، بریتییە لە کلتوور و ئایین و داب و نەریتی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و ڕۆشنبیریی ئەو نەتەوەیە.

## پۆشاك و کەسێتی:

ئەگەر لە خاچەکانی دێرە زەمانی بەردین و دوای بەردین، پۆشینی جلوبەرگ بۆ خۆپاراستن و خۆگونجاندن بووبێ لە گەڵ کەش و هەوا و ژینگەی ئەشکەوت و دارستان و کەژ و کێو و سارا و کوێستان و بیابانەکان، ئەوا لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانییەت و گەشەکردنی ئەقڵ و ڕۆشنبیریی مرۆڤ،

---

(١) لە سەرەتا و گەرمەی شەڕی ناوخۆی باشووری کوردستان لە ساڵەکانی ( ١٩٩٤ - ١٩٩٧)، ڕەنگی زەرد و سەوز بوونە سونبولی هەوادارانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان. تا شەڕە سەرەتاییەکان ناویان لێندرا، شەڕە پەڕۆ، چونکە قوماشی زەرد و سەوز لە دژی یەکتر بەرزدەکرانەوە و نیشاندەدران. لە شارۆچکەی قەڵادزێ چەند گەنجێك لەسەر ئەو قوماشانە زامدار کران و لە هەولێر لە کاتی نمایشکردنی ڕەنگێك، کە هەوادارانی ڕەنگەکەی تری نارەحەتکردووە، لە کاتی شایی و هەڵپەڕکێ، هاوسەرگیرییەکە هەڵوەشاوەتەوە و جارێکیش خوێندکارانی پەیمانگەی ناوەندیی مامۆستایان لە هەولێر، لە سەر ڕەنگی گوڵینگەی تەزبیح بەشەڕهاتن و چەکیان لێك ڕاکێشا (١٩٩٤). لەبەر کۆمەڵێك هۆ، ئەو کاڵا و پۆشاکانە ناچنە ڕیزبەندی ناسنامەی نەتەوەییەوە، چونکە گرووپەکان بچووکن و بۆنەکان کورتخایەنن و گوزارشت لە بیروباوەڕی هەموو ئەندامانی ئەو حزبە یان کۆمەڵە ناکەن.

پۆشاكپۆشین، چەندین پەیامی تازەی لەگەڵ گۆڕانكارییەكانی ستایل و مۆدێل و شێواز و ڕەنگ و كەرەستەكان هێنایەكایەوە. ڕشتەكانی دەروونناسی و كۆمەڵناسی، پۆشاك بە ئامرازێك دادەنێن كە دیووی ناوەوەی مرۆڤەكان نمایش دەكات. واتا ئەو پۆشاكەی دەیپۆشین تەعبیر لەوە دەكات كە (ئێمە چین) یان(ئێمە حەز دەكەین چی بین). كەواتە ئەو تەنیا هەڵگری ناسنامەی نەتەوەیی نییە، بەڵكو ناسنامەی تاكەكانی كۆمەڵیشی لە گیرفاندایە. بە خوێندنەوەی ئەو ناسنامە (دیار و نادیارە)، كەسێتی جلپۆشەكە وەكو تاك، یان توێژ، یان چین، یان گرووپ، یان كۆمەڵ بەدیار دەكەوێ. ئەمە بە زاراوەی جوانپۆشی پێیدەگوترێت (خۆنواندن Self-image) كە كەسەكەی سەروبەر تێدا نیشاندراوە. لێرەدا جوانپۆشییەكە تەنیا جلوبەرگ ناگرێتەوە، بەڵكو بازنەكە فراوانتر دەبێ بۆ خشڵ و زێڕ و زیو و سەعات و چەخماخ و دارجگەرە و گۆچان و چاوێلكە و جیزدان و جانتای دەست و دەسماڵ و خەنجەر و تەزبیح و ئەنگوستیلە و متووموور و خۆ ئارایشتكردن...... هتد تەنانەت شێوازی شانەكردن و ڕێكخستنی قژ و پرچ و جۆری بۆن و عەتر و گوڵاو و بنێشت جوینیش دەگرێتەوە.

پسپۆڕانی دەروونناسی زۆر سەرقاڵ و هیلاكی ئەوەن تا نهێنییەكانی (ڕەفتاری مرۆڤ كەشف بكەن) وپەردەی لەسەر لادەن و بتوانن بگەنە وەڵامی پرسیاری (چۆن / بۆچی تاكەكان وا بیردەكەنە و ڕەفتاردەكەن و هەست دەكەن؟) لە زانا دەروونناسەكانی وەكو (سیگمۆند فرۆید و یونگ)ەوە بگرە تا (سكینەر و ڕۆجەر)، دەبینین هەموویان كۆكن لەسەر ئەوەی كە لەقالب دانی هەموو ڕەفتارەكان بەیەك پێوەر، كارێكی نازانستییانەیە، هەر تاكێك خاوەنی جیهان و جیهانبینیی تایبەتیی خۆیەتی و شتەكانی هەمووی لەژێر كاریگەری هێزێكی نادیاردان كە پێیدەگوترێت (هەوەس Mood).[١]

**ڕەنگدانەوەی كەسێتی لە پۆشاكدا، لە دوو جەمسەرەوە كاری خۆی دەكات:**

**یەك:** لە قەلب و قالبی خودی كەسەكە:

**دوو:** لە هەڵسەنگاندن و تێگەیشتنی چاوی بەرانبەرەكەی.

---

(١) http://www.styleflair.com/what-is-the-relationship-between-clothes-and-personality/

له حاڵەتی یەکەمدا، پۆشاك یا ئەوەتا هێز و دەسەڵات و ئیرادەیەکی بەهێز یان خاوخلیچکی و سارد و سوڕی و لاوازی و بێدەسەڵاتی بە کەسەکە دەبەخشێت. ئەوکەسەی پۆشاکێکی جوان و پۆشتەوپەرداغ و موریحی لەبەر بێ، واهەست دەکات لەشی سووکە و لە ئیش وکارکردن و چالاکی نوواندا چوست وجەسوور خۆی نیشاندەدات، پێچەوانەکەشی ڕاستە، کە ناپۆشتەوپەرداغ و شڕودڕ دیار بێت، بە نابەدڵی و ساردیی کارەکانی ڕادەپەڕێنێ، بۆیە لە زۆر وڵاتاندا، کۆمپانیا و دامودەزگا، شێواز و جۆری یەکپۆشی لە شوێنی کاردا، دەکاتە مەرج لەسەر فەرمانبەر و کارکەرەکانیان. دەکرێ بە نموونەیەکی سادە ڕۆڵی پۆشاك لە کەسێتی تاکدا بخەینە ڕوو:

(بەڕێوەبەرێکی خوێندنگە، لە نووسینگەکەی خۆیدا، کە پۆشاکی فەرمی پۆشیووە، ئاموژگاری و گوتارەکەی جێگیرتر و هەستیارتر و کاریگەرترە، لە ڕووی خوێندکارێکدا، بەبەراورد، لەگەڵ دووبارە کردنەوەی هەمان ئامۆژگاری و گوتار، لە ماڵی خۆیدا و بە پۆشینی پێجامە لەگەڵ هەمان خوێندکاردا.)

لەحاڵەتی دووەمدا، ئەوە خەڵکەکەیە کە جۆرە هاندان و ورەبەرزکردنەوە و بوێرییەك، بە کەسەکە دەدەن، بە شێوەیەکی دیاریکراو کەسێتیی خۆی نمایش بکات و هەوڵی سەرکەوتن (یان ساردبونەوە لە سەرکەوتن) بدات. دەکرێ بەم نموونەیە ئەمە باشتر ڕوونبکەینەوە:

(خوێندکارێکی لاسار و شەڕانکێز و سەرسەخت و بێ مشووری پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی بێنە و پۆشاکێکی پۆشتەوپەرداغ وجوان و ڕێکوپێکی فەرمی لەبەر بکە و، داوای لێ بکە، کە بەبەرچاوی هەموو خوێندکارانی گۆڕەپانەکەی خوێندنگە، ئاڵا بەرز بکاتەوە، دەبینین، بەو پەڕیی ڕێز و شکۆدارییەوە، کارەکەی دەکات، بەڵام هەر هەمان خوێندکار، بە هەمان پۆشاکەوە گەر ئەم کارەی پێ ڕاپسپێردرێت، بەبێ ئامادەبوونی خوێندکارەکان لە گۆڕەپانەکەدا، دوورنییە بیکاتە گاڵتەجاڕی و شەرمەزاریی...).

ڕەنگ بێ، بەلای هێندێك خوێنەرەوە سەیر بێت، کە بڵێین، پۆشاك هێز و وزەیەکی نەبیراوی شاردراوەی تێدایە، کە هەم کاردەکاتە سەر جلپۆشەکە و هەم کاردەکاتە سەر کەسی بەرانبەر. ئەم هێزە موگناتیزییە، زۆر لێکۆڵینەوەی تاقیگەیی لەسەرکراوە و زۆر ئاکامی سەرنجڕاکێشی ئاشکراکردووە. جا زۆرجار کەسی جلپۆش بۆخۆی نازانێ، کە پۆشاکەکەی چەندە کاریگەری لەسەر دەوروبەرەکەی هەیە. پۆشاك ئارامکەرەوە و هێمنیبەخش و خاوکەرەوەی کرژییەکانە، لە هەمان کاتیشدا، تارمایی خەمۆکی و بێ زەوقی و ناڕەحەتی لەگەڵدایە ئەمەیش بە گوێرەی جۆری پۆشاکەکە.

دەگوترێت، ئەوە جەستەی مرۆڤە کە کەسێتی بە پۆشاك دەدات، بەڵام لە زانستی جوانپۆشیدا، پێچەوانەکەی ڕاستە. کەواتە جێی خۆیەتی بپرسین، پۆشاك ئەم (کەسێتی )یە لەچیەوە هەڵدەهێنجێ ؟

وەڵام: لە سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی پۆشاکدا: (جۆری کەرەستە، ڕەنگ، ستایل).

ئیمڕۆ، (ڕەنگ) زانستێکی سەربەخۆیە و ژمارەی توونی ڕەنگەکانی گەردوون، کە تا ئێستا تۆمارکراوە، لە سەرووی (٣٠) ملیۆن ڕەنگە. ڕەنگ تەنیا بریتیی نییە لە نمایشکردنی جۆرە ڕوناکییەکی بینراو لەڕێی چاوەوە، بەڵکو هەر ڕەنگێك هەڵگری هێز و وزە و سرووش و سروشتی خۆیەتی، جا ئەوەی تۆ دەیبینی هەر ڕەنگ نییە بەڵکو گوژمەیەك هێزی ورووژێنەری تێکەڵ و ئاڵۆزە. وەك چۆن ڕەنگی پەڕەمووچ و پۆپیتەی هێندێك باڵندە، لە جووتبوون و هاوسەرپەیداکردندا، کاریگەریی هەیە، ڕەنگی پۆشاکیش، لەسەر مێشك و دڵی مرۆڤ کاریگەریی زۆری هەیە.

ڕەنگ توانایەکی سیحراویی هەیە لە بەخشینی هەستی شاراوە بە مرۆڤ، وات لێدەکات هەست بە زەمەن بکەیت لە شەو و ڕۆژ، هەست بە وەرزەکانی ساڵ بکەیت، هەست بە تەمەن و ژینگە بکەیت، هەست بە بوونی خۆت و دەوروبەر بکەیت. ئێستا بە کورتی لەچەند سەرە قەڵەمێکدا کەسێتی ڕەنگەکانتان بۆ تۆماردەکەین:[١]

---

(١) http://www.elephantjournal.com/2015/09/what-the-color-of-our-clothes-say-about-

چونکە پۆشاك، تاڕادەیێك وەکو ئامرازێك بۆ هەڵخەڵتاندن بەکار دێ و گۆڕانکاری بەسەر کەسێتی پۆشاکپۆشەکە دادەهێنێ، لە هێندێك بۆنەو ڕووداوی مێژووییدا ڕۆڵی بینیووە. بۆنموونە، کە کۆدەتای (١٤ی تەمووزی ١٩٥٨) لە بەغدا کرا، سەرۆك وەزیران (نوری سەعید پاشا ١٨٨٨ - ١٩٥٨) هەوڵیدا بە عەبای ژنان خۆی دەرباز بکات، بەڵام دەستگیرکرا. چەندین جار مەلیك حوسێنی پاشای ئوردن (١٩٣٥ - ١٩٩٩ ) بۆ ئاگادار بوون لە حاڵ و گوزەرانی خەڵکەکە بە جلکی سواڵکەران، دەگەڕا. لە ساڵی (١٩٧٠ - ١٩٧٤) یش لە شاری کۆیە، عەلی سلێمان بەهاری، کە قائیمقام بوو، زۆر جاری جلکی کرێکاری لەبەر دەکرد و بە شەو بە ناو شاردا دەسووڕایەوە.

## ڕەنگی ڕەش:

باوترین ڕەنگی پۆشاکی هەردوو ڕەگەزەکەیە کە لە هەموو سات وەرزەکاندا دەپۆشرێت. ڕەنگی ڕەش ماکی هێز و وزە و کارامەیی و جوانپۆشی و سەربەخۆیی تێدایە. زۆرجار ڕێخۆشکەری سازدانی پێوەندییە. (ریتا تانیوس) لە کتێبی (ئەمەیە ڕەنگ ) دا دەنووسی:"ڕەنگی ڕەش پەیوەست بووە بە زەوییەوە و سیمبولی پیت و بەرەکەت بووە. ڕەش لە لای هیپییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی یاسا و ڕێسا باوەکان بەکارهاتووە. لە لای مۆزیکژەنەکان تایبەتمەندییە بۆ ڕەنگەکە و خێرایی گۆڕانکاریی لە چڕینی ڕیتمەکان. زەردەشتییەکان بە ڕوخساری سیاوە وێنەیان لەسەر دیوارەکان کێشراوە. شیعەکان لە مەڕاسیمی عاشوردا ڕەش دەپۆشن. هەرچەند لە جلوبەرگدا ڕەنگی ڕەش سیمبولی تازیەباری و خەمە بەڵام لە مۆدە و پۆشاکی ژناندا لایەنی شەهوەتبازی و وروژانی سێکسی تێدایە، بۆیە پڕ فرۆشترین کوتاڵ لە دنیادا، ڕەنگی ڕەشە."[١]

---

/our-personality

(١) هەفتەنامەی باس، ژمارە ٢٦٢، ١٧ / ١١/ ٢٠١٥

### ڕەنگی شـین:

هێمای بڕوابەخۆ بوون و هێمنی و دڵسۆزییە. پۆشەرانی ئەم ڕەنگە ڕێ نادەن کەسانی تر لە بیروباوەڕ و ڕێبازی خۆیاندا وەریانگێڕن. لە گفتوگۆ و ئاخاوتندا نەرم ونیان و زمان شیرینن. هەمیشە ڕاشکاو و شەفافن و زیرەکییان پێوە دیارە و زوو لە تێبینی و سەرنجان دەگەن." ئەم ڕەنگە ڕەنگی گەردوون و دەریایە، ڕەنگی نەمریی و تەندروستییە. فیرعەونەکان بۆ وەدەستهێنانی شانس بەکاریانهێناوە. کڵێسای مەسیحی بە ڕەنگی بەهەشتی دەزانێ. شین زمانی جەستەیە و سادەترین ڕەنگی نێو ڕەنگەکانە. شینپۆشەکان و هەوادارانی ئەو، خەماوین، دەستڕەنگینن، بێدەنگ و هێمنن، دادپەروەرن، خەون و خەیاڵیان زۆرە. زۆریش ڕاڕان لە بڕیارداندا."[١]

### ڕەنگی قاوەیی:

گوزارشت لە ڕەسەنایەتی و لێهاتوویی و متمانە بەخۆ بوون دەکات. گیانی سادەیی بە خاوەنەکەی دەبەخشێ. ئەوانەی حەز لەم ڕەنگە دەکەن هاوسەنگ و ژیر و ڕوناکبیر و یەکڕێنە لە ژیاندا.

### ڕەنگی خۆڵەمێشی:

جوانپۆشیی تێدایە، بەڵام خۆڵەمێشیی تۆخ، تارمایی خامۆشی و دڵتەنگی تێدا دەبینرێ. کە ئاوێتە دەکرێت بە ڕەنگە کراوە و ئاچووغەکان، جۆرە هێورییەك و دڵنەواییەك دەبەخشێ.

### ڕەنگی سـەوز:

دەگوترێت خوێنی سروشت و گەردوونی کراوەیە. نەرمونیانی و خۆشبوونەوە و ئارامیی دەروونی بە خاوەنەکەی دەبەخشێ. وزەی نوێبوونەوە بە مێشك و

---

(١) سەرچاوەی پێشوو.

هزر دەدات. پۆشەرانی ئەم ڕەنگە هەستیار و بایەخدەرن بە شتەکان و توانای جوولاندنی هەستی کەسانی بەرانبەریان هەیە." سەوز هێمایە بۆ بەهار و لقی زەیتوون و ڤینۆس و ئیسلام و ژینگە. گەڵای هەنجیری سەوز یەکەمین پۆشاکی مرۆڤ بووە لە مێژوودا. ڕەنگی سەوز لە هاتووچودا دەستگرە و هەوادارانی ئەم ڕەنگە ژیانیان خۆش دەوێ هۆشمەند و ڕۆشنبیرن، هەرچەندە حەزیش لە ئاژاوەگێڕی دەکەن."[١] لێکۆڵینەوە زانستییەکان ئاماژە بە هێز و توانای ڕەنگی سەوز دەکەن لە کوشتن و لەناوبردنی بەکتریا و میکرۆب، بۆیە سەوزپۆشی، یەکپۆشیی دکتۆر و پەرستارەکانە لە کاتی ئەنجامدانی نەشتەرگەریدا. دارودرەخت و کژ و گیاش بۆیە سەوزە تا هەوا خاك پاك بکاتەوە.

### ڕەنگی بنەوشەیی:

بنەوشەیی (وەنەوشەی) ڕەنگی ڕۆحانییە، نیشانەی ڕەسەنایەتی و دەوڵەمەندی و پێشبینی و متمانە و بڵندییە. مانای یەکتایی و جیاکردنەوە دەبەخشێت و پاڵنەری بڵندکرنی ڕۆحە. هاندەرە بۆ بیرکردنەوەی قوول و خۆزگەبەخشین.[٢]

### ڕەنگی پرتەقاڵی:

ئەرێنی بەخشە، پۆشەرانی حەز بە تێکەڵاوی و هاوڕێیەتی دەکەن و زوو دێنە بەردڵان و هاورێ بە ئاسانی پەیدا دەکەن و قسەخۆشن.

### ڕەنگی پەمەیی:

خۆشەویستی و ئەڤین و سۆز بەهەرچوار دەوری خۆیدا دەپژێنێ. هێندێك نێرینە دەیپۆشن تا هاوسەنگیی دڵسۆزیی و خۆشەویستیی خۆیان بۆ ڕەگەزەکەی تر نمایش بکەن.

---

(١) سەرچاوەی پێشوو.

(٢) عەبدولوەهاب شێخانی، فەرهەنگی ڕەنگ، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٣، ل. ١٨٢

### ڕەنگی ئەرخەوانی:

ڕەنگی کەشخەیی و سەروەرییە. ڕەمزی تەندروستیی و شکۆداری و ڕۆمانسییەتە. نیشاندەری ناخی کەسەکانە و گیانپەرستیی و هونەردۆستیی تێدایە. ڕەنگی هونەرمەند و داهێنەر و کەسە هەستیارەکانە.

### ڕەنگی سوور:

ڕەنگێکە باوەربەخۆیە، چڕ وپڕ و تۆخ و زاڵە. ڕەمزی شاڵاو و هاندان و سۆزداریی و ئارەزووبازییە. وزە و هێزێکی بێ سنووری تێدایە و کەسێتییەکی پڕ لە بوێری بەخاوەنەکەی دەبەخشێ. ورووژێنەری سۆز و ڕۆمانسییەتێکی ئاگرینە کە دامرکاندنەوەی ئاسان نییە. "کاتێ ڕەنگی سوور دێتە پێشەوە هەموو ڕەنگەکانی تر پاشەکشێ دەکەن. مرۆڤ لە خۆڵی سوور خەلقکراوە. (چینییە کۆنەکان) پێیان وابوو ئەو ڕەنگە هەرچی ژەهر لە جەستە و ڕۆحدا هەیە دەیهاوێژێتە دەرەوە. بۆیە سێ سونبولی سەرەکیی بەم ڕەنگە بەخشراوە: خوێن و وزە و گەرموگوڕیی. خۆشەویستی لەلای هەوادارانی ئەو ڕەنگە، تێرکردنی جەستەیە و کەمتر بەلای خۆشەویستی ڕۆمانسیدا دەچێ."(١)

### ڕەنگی سپی:

هێمای پاکیی و چاکیی و سادەیی و ڕووخۆشییە. کاریگەری ئەرێنی لەسەر چاو هەیە. سپیی پۆشەکان، هەمیشە دڵسۆز و بوێر و کراوە و ڕاستگۆن . سپی سونبولی متمانەبەخۆنە.

### ڕەنگی زەرد:

ڕەنگێکە ژیریی و سرووشی تێدا دەدرەوشێتەوە. هەڵگری هێزی برەوپێدانە لە کار و چالاکیدا. ئاراستەگێڕی هزر و هۆشە بەرەو ڕێی ڕاست و ڕاستگۆیی.

---

(١) سەرچاوەی پێشوو.

زەردپۆشەکان، توانستیی سەرنجدان و تێڕامانیان باشتر و بەهێزترە.[١] "ڕەنگی ئاگر و ڕۆناکییە، ڕەنگی زۆربەی خواکانی میسرییە کۆنەکان بووە. ڕەمزی ئیمپراتۆریەتی چین بووە لە سەردەمی (هوانگ دی) دا. زەردپۆشەکان حەزدەکەن دەسەڵاتیان بەسەر کەسانی تردا هەبێ. بەڵام بۆ ئاماژەکردن بە ناپاکیش بە کاردێ، وەك ڕۆژنامەی زەرد، ڕوو زەرد. لەگەڵ ئەوەشدا کراوە بە سومبولی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بۆ خۆ پاراستن لە نەخۆشییە تەشەنەکەرەکان"[٢] لە ڕووی زانستییەوە، نەزانراوە کە بۆ ڕەنگێك لە ڕەنگێکی دیکە بەلای تاکەکانەوە پەسندتر و جوانترە، هەر ئەوە دووبارە دەکەنەوە کە ژینگە و دەوروبەر و کلتوور و ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی پشکێکیان لە هەڵبژاردنی ڕەنگەکاندا هەیە.

ڕەنگناس (**فابیر برێن** Faber Birren) دەڵێ: " هەموو ڕەنگێك کایەیەکی بازنەیی موگناتیزیی نەبینراوی تایبەت بەخۆی هەیە، کە وزە و هێز بە پۆشەرەکانی دەبەخشێت. هەر ڕەنگێکیش هەڵگری پەیامی خۆیەتی، تاقیکراوەتەوە، کە بە زۆر پۆشاکێك لەبەر کەسێك بکرێت کە ڕقی لە ڕەنگەکانی ببێتەوە، یەکرێ، هەڵسوکەوتی ئەوکەسە نەرێنی خۆی دەنوێنێ و کەسێتییەکی لاواز و شەڕانکێز و نابەدڵ دروست دەکات. لە (٦٥٪)ی پەیامەکانی ڕەنگەکان شاراوەن و هەموو کەس پێیان ئاشنا نین."[٣] ڕەنگیش، وەکو دەنگ و مۆزیك، لە چارەسەری نەخۆشییە دەروونییەکاندا، وەك داودەرمان، بە ڕێنمایی دکتۆرانی پسپۆڕ، بەکار دێن.

پووختەی ئەم بڕگەیە ئەمەیە، کە چوست و چالاکی و ئارەزوو و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی مرۆڤ، بە شێوەیەك لە شێوەکان، کەم تا زۆر، لە ژێرکاریگەری پۆشاك و ڕەنگی پۆشاکدایە و کەسێتیی ئێمە خاڵی نییە لە کەسێتیی پۆشاکەکەی بەرمان. هەر ئەم تێگەیشتنەش، لە دێرزەمانەوە، وایکردووە، پیاوانی ئایینی و قازی و

---

(١) سەرچاوەی پێشوو.

(٢) سەرچاوەی پێشوو.

(٣) http://www.elephantjournal.com/2015/09/what-the-color-of-our-clothes-say-about-/our-personality

پۆلیس و سەرباز و دكتۆر و پەرستار و گەمییەوان و فڕۆكەوان و ..... هتد پۆشاكی تایبەت بەخۆیان هەبێ. تەنانەت بۆ مردووش، لە هەموو كلتوورەكاندا، پۆشاك و ڕەنگی تایبەتمەند دیاری كراوە.

## پۆشـاك و جیهانبینیی سـەردەم:

لە گۆشەنیگای (كارۆل هیل Carol Hill)ەوە، چەمكی جیهانبینی ئەم ڕاڤەیەی بۆكراوە" جیهانبینی ڕێگەیەكی یان ئامرازێكی سەرەكییە بۆ لێكدانەوە و شیكردنەوەی هەرچی شتێك كە لەم جیهانە دەكەوێتە بەر دید و هەستەوەرەكانی تاك و دواتر دەبنە هۆكاری بڵاوبونەوەی كلتوورەكان بە شێوەیەكی پەرش و بڵاو، هێندە بایەخیان پێ دەدرێت، تا دەبن بە چەمكی واقیعی ئەم كلتوورە. چ باشە؟ چ بەهادارە؟ چ پیرۆزە؟ چ واقیعە؟ چ خەیاڵە؟ چ ڕاستییە؟ چ گومانە...؟ بازنەكان هێندە فراوان دەبنەوە تا دەگەنە ئەو ڕادەیەی كە زەمەن و مەودای بەختەوەری و خۆشگوزەرانیی تاكەكان لە خۆ دەگرن. جا هەرچی بیروباوەڕ و موعتەقەد هەیە جارێكی دیكە لەم جیهانبینییەوە هەڵدەقوڵێتەوە و چەمكی تازەتر بەدوای خۆیدا دێنێ. ئاشی جیهانبینی بەم شێوەیە دەگەڕێ و وەستانی بۆ نییە..."[١] جا پێش ئەوەی وردەكاریی ئەم جیهانبینییە لە ڕەهەندە جیاكانی پۆشاكەو خوردكەینەو با بۆچونێكی د. دەریا جەمال حەوێزیش لەم بارەیەوە بخەینە ڕوو كە دەڵێ: "جیهانبینی پەیوەندییەكی ڕاستەوانەیە لە نێوان بینین و جیهاندا. مرۆڤ چەند بینینی فراوانتر بێت ئەوەندە جیهانی ئەو كەسە فراوانترە. واتا جیهانی مرۆڤەكان تەنیا یەك جیهان نییە، ئێمە هەر لەسەر یەك زەوی ناژین بەڵكو ژمارەی زەوییەكان هێندەی ژمارەی مرۆڤەكان فراوانە، چونكە هەر یەكێكیان بە جۆرێك ئەم جیهانە دەبینێ. ئەمەیش ئەوە دەگەێنێ كە پێشینەی هەركامێكیان جیاوازە لەگەڵ پێشینەی ئەوی دیكە."[٢] جیاوازی ئەم پێشینەیە

---

(١) http://www.gla.ac.uk/schools/interdisciplinary/staff/carolhill

(٢) د. دەریا جەمال حەوێزی، جیهانبینی شیعری هاوچەرخی كوردی. چ١، ٢٠١٤، چاپخانەی حاجی

پەندێكی عەرەبیمان وەبیر دێنێتەوە كە دەڵێ: " لولا الاذواق لكسدت الاسواق." [١] واتا ئەگەر چێژەكان جیاوازنەبونایە، بازاڕ دەوەستا و بەسەر كاڵاكانیدا بۆگەن دەبوو. كەواتە با لە گۆشەنیگای بینینەوە (چاوەوە)، دوای شیكردنەوەی ئەم خاڵانەی خوارەوە، سەرنجێك لە جیهانبینیی پۆشاكی ئەم سەردەمە بدەین:

- ئێمڕۆ لە سەرووی حەوت ملیار بەنیادەم لەسەر ئەم زەوییە دەژی و هەمووشیان، بەجۆرێك لە جۆرەكان، پۆشاك، (جوان یان ناشیرین)، دەپۆشن و خۆیانی پێدەڕازێننەوە.

- ئەگەر بەڕێژەیەكی سەرپێیی وادابنێین، هەر تاكێك (لە منداڵی ساواوە تا بەساڵاچووەكان)، (دە تا پانزدە) پارچە پۆشاكی (لەسەركڵاوەوە تا گۆرەوی) لە یەك كاتدا هەبێ، ئەوا ئێستا بەلانی كەم (٧٠) ملیار تا (١٠٥) ملیار پارچە پۆشاك هەن، كە ئەگەر لە باڵای زەویی وەرپێچین، بەشێكی گەورەی دادەپۆشێ.

- ئەو حەوت ملیار كەسە بە دوو چاو، ڕۆژانە چەندین شێواز و جۆر و ڕەنگی جیا جیادەبینن، كەواتە ڕۆژانە (١٤) ملیار چاو سەرنج لە پۆشاكی خۆیان و خەڵك ئەدەن، ئەمەیش، كەم تا زۆر، كاریگەریی لەسەر بینەر و تەماشاوان هەیە.

- ئەگەر گوزەرێك بەناو بازاڕە ناودارەكانی شارە بەناوبانگەكانی جیهاندا بكەین، دەبینین كە(٥٠٪) ی دوكانەكان تایبەتمەندن بە پۆشاك و (٥٠٪)یەكەی دیكە بۆ پێداویستییەكانی ژیانی ڕۆژانە، كەرەستە و كەلوپەلەكانیان نمایش دەكەن، لە خواردن و خواردنەوە، كولەپەلی ناوماڵ و فەرمانگە، كەرەستەی بیناسازی و كشتوكاڵ و ئامێرە هەمەڕەنگەكان و پیشە جیا جیاكان و ...تاد.

كەواتە، پۆشاك، سەنگ و بایەخێكی زۆر لەوە گەورەتر و مەزنتری هەیە و ئەگەر وەك پارچە قوماشێكی ڕەنگاوڕەنگ سەیر بكرێت. ئێمڕۆ پشكێكی

---

هاشم، هەولێر. ل.٢٥.

(١) http://proverbs.roro44.net/appearance.html

گەورەی ژیان و داهاتی زۆر وڵاتان، وەك، ئینگلتەرا و ئەڵمانیا و هیندستان و ئەمەریکا و ....تاد، بەندە بە پیشەسازیی پۆشاکەوە، لە بوارەکانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و پیشەسازییەوە بگرە تا دەگەیتە بواری داهێنان و هونەر و میدیا و بازاڕەوە. دەکرێ لەم جیهانبینییە ئەم خاڵانە هەڵێنجین:

- بازاڕی پۆشاکی ئەم سەردەمە، وەك شێتخانەی لێهاتووە، بەڵام شێتخانەیەکی بەرنامە بۆداڕێژراو پرۆگرامداری کار و خشتەی بەڕێوەبردن. کە هەموویان بە سیستەم کار دەکەن بۆ وەدەستهێنانی زۆرترین قازانج لەسەر حیسابی جەستەی مرۆڤ. (ستایل و مۆدێل و فاشن)ی پۆشاك بەرەلایانە، بەڵام بە ئەنقەست، دەستکاریی تێدادەکرێ، تا ئەو ڕادەیەی دێ پۆشاك ناسنامەی ڕەسەنی خۆی لەدەست بدا. ڕەگەز و ڕەسەنایەتی و پەیامەکانی شێواو و ئاڵۆز بوون. نێرینە پۆشاکی مێینە دەپۆشێ و بە پێچەوانەشەوە.... هەر بۆ نموونە، جاران لە کوردەواریدا، لەبەر هەژاری و بێداری، ئەنیشك و سەرچۆك، حەوت هەشت پینەی پێوەبوو ئێستا لە شەقامەکانی لەندن و پاریس و ئەستەنبۆل و هەولێر.... تاد، دەبینین گەنجەکان ئەو جلوبەرگانە دەپۆشن کە بە ئەنقەست پینەدار و هەڵقلێشاو و داتلیشاو و داو داو و کونکراون.... .

- ئەوەی کۆمپانیەکان دەستیان پێ ڕابگات، وەك کەرەستەی پۆشاك بەکاری دێنن. ئەگەر دوێنێ هەر لۆکە و کەتان و ئاوریشم و خوری وموو ماددەی خاوی جلوبەرگ بن، ئەوا ئێمرۆ تووك و پەڕەمووچ وپووش و پەڵاش و گەڵای دار و درەخت و قەوزەی دەریا و پێکهاتەی نەوت و تەنانەت کەوڵی ورچ و پڵینگ و کیفی(کاژ) مار و تەلی تاووس و سیخی ژیژگ و سیخوڕ و پێستی بزنمژك و مارمیلۆکیش دەکرێنە کاڵای پۆشاك و جانتا و پێڵاو...[1]

---

(١) لە ساڵی (٢٠٠٦) من خۆم بینیم، کۆمەڵێك لە ژینگەپارێزان، هەڵیان کوتایە سەر چەند دوکانێکی پۆشاکفرۆش لە شاری (دبلن)ی پایتەختی کۆماری ئایرلەندای خواروو، چونکە زۆربەی پۆشاکەکانیان لە پێست و کوڵك و پەڕی گیاندار و باڵندە دروستکرابوون. ئەمە وەك کاردانەوەیەك بۆ وەستان لە دژی ڕاوکردن و بە بازرگانی کردنی ئەو گیاندارانە.

- فەرهەنگی جۆرەکانی پۆشاك لەچاو جاران، زۆر دەوڵەمەندتر بووە، چونکە پۆشاك بۆتە زانست. هەر تەمەن و هەر پیشە و هەر هیوایەتێك، هەر کار و هەر چالاکی و هەر بوارێك، خاوەنی پۆشاکی تایبەتی خۆیەتی. با هەر دوو نموونە باس بکەین، چەندین جۆرە چالاکیی وەرزشی هەیە، هێندە جۆرە پۆشاکی وەرزشی تایبەتەش هەیە، پایسکلسوار، جلوبەرگی مەلەوان ناپۆشێت.. چەندین یەکەی ئاسمانی و دەریایی و وشکانیی سەربازی هەن، دە هێندە جۆرە پۆشاکی تایبەتی هەیە... جا تۆ وەرە سەیری پۆشاکی هەموو کریکار و جووتیار و پیشەوەر و فەرمانبەر و ژن و منداڵی دونیا بکە...

- لەبارەی نرخ و قیمەتی پۆشاکیشەوە، هەیە هەرزان و مەلاخۆرەیە، هەشە بە چەند ملیۆن دۆلارێکە، وەك کراس و پۆشاکی شاهانەی پولەکەداری بە ئەڵماس و مرواری و یاقووت و مەرجانی گرانبەها.

- ستایل و مۆدێلی تازەباو، بازاڕی کێبرکێی نێوان کۆمپانییەکانی جیهانی گەرم کردووە. لە ساڵی (٢٠٠٨)دا، لە کۆماری ئایرلەندای باشوور، کە کارگەیەکی پۆشاك دوورین، دزینی دیزاینی کارگەیەکی تری لەسەر ساغبۆوە، بە دەیان ملیۆن یۆرۆ غەرامەکرا چونکە ڕێزی لە مافی داهێنانە (Patent) هاوپیشەکەی خۆی نەگرت.

- ئێمڕۆ دیاردەی عەولەمە، کە لە ڕێی تەکنەلۆژیای سەردەمدا، جیهانی زۆر بچووکتر کردۆتەوە، زۆر بەخێرایی گۆڕانکارییەکانی دیزاین و جۆری پۆشاکەکان، دەگوێزێتەوە، ئەوەی ئەمشەو لە نمایشگەیەکی پاریسدا دەخرێتە ڕوو، بەیانییەکەی لەبازاڕەکانی سەنگافورا و لەندەن و بەیروت و دوبەی هەڕاج دەکرێت. هەرچەندە ئەو چاولێکەرییە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە لە دێرەزەمانەوە هەر هەبووە. مەسعوود محەمەد لە کتێبی (کۆمەڵگای مروڤایەتی؟ بۆچی لە شێتخانە دەچێ؟) دا دەنووسی: "یەکێ لە کارە سەر سورهێنەکانی دوای هاتنی ئینگلیز و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی نوێ (لە عیراق) ئەوە بوو: خەڵك دەستی کرد بە پۆشینی جلی ئەورووپایی و لە دەستەی فەرمانبەرانەوە دەست

پێکرا. دوای ئەوان خەڵکی نافەرمانبەریش دەستیان پێ کردو لەسەرەتادا بە کوفر دەزاندرا."[١]

- ئێمڕۆ لە بازاڕی پۆشاکدا، کاڵاکان وا پۆلینکراون کە هەر پارچە پۆشاکێك لە دوکانی یان کۆگای تایبەت بە خۆی نمایش دەکرێت و دەفرۆشرێت. وەك، بۆینباغ، گۆرەوی، کڵاو و جامەدانی، دەرپێ، جلکی کۆرپەڵە و ساوا، سەرپۆش و لەچك، کلێتە و ملپێچ و دەستکێ، پشتێن، چاوێلکە...تاد. یان جلوبەرگی سەربازی یان کرێکاری یان گەمییەوانی یان وەرزشەوانی...تاد .

- لە دیزاینی سەردەمدا، پۆشاکبڕ هەیە کە لە پۆشاك و دیمەن و کەرەستەی کلتووری نەتەوەی خۆی یان بیانی سوود وەردەگرێ و بە ستایل و مۆدێلی تازەباو کڕیارانی خۆی ڕازی دەکات.

- تەکنەلۆژیای سەردەم، دەستی گەیشتۆتە جیهانی پۆشاك و لە زۆر تاقیگە و کۆمپانیای تایبەتمەند بیرۆکە و داهێنانی نوێ تاقیدەکرێنەوە، بەو هیوایەی جۆرە پۆشاکی جیاواز و سوودبەخش پێشکەش بە حەوت ملیار کڕیارەکانی جیهان بکەن. بۆ نموونە:

- داهێنانی پۆشاکی یەك وەرزی، لە هاوین فێنکت بکاتەوە و لە زستاندا گەرمت بکاتەوە.

- داهێنانی پۆشاکی خۆ خاوێنکەرەوە، بە بێ ئاو و پاودەری شتن و سابوون خۆی خۆی پاکبکاتەوە لە ڕێی هەوا و با و تیشکی خۆرەوە.... تاد.

- داهێنانی پۆشاکی وزەبەخش، بای ئەوەندە وەزەی ئیلکتریکی بەرهەمبێنێ کە مۆبایل و لاپتۆپ و سەعات ...تاد دابگرێتەوە.(Charge)

- گۆڕینی دوگمە و قۆپچە و قەیتان و پشتێن و سەعات بۆ ئامێری وەك کامێرا و تۆمارکەر و پێوەر و وەرگر (Receiver).

---

(١) مەسعوود محەمەد، و. حەکیم کاکەویس، کۆمەڵگای مروڤایەتی؟ بۆچی لە شێتخانە دەچێ؟ چ١، چاپخانەی شەهاب، ٢٠١٢. ل. ١٠٠

- داهێنانی پۆشاكی دژە نەخۆشی، توانای لە ناوبردنی هێندێك بەكتریا و میكرۆبی هەبێ تا باشتر تەندروستی مرۆڤ بپارێزێت.

- داهێنانی پۆشاكی دژە تیشك، لە ساڵی (٢٠١٤) زانایانی ئینگلیز جۆرە كاڵایەكیان لە كاربۆنی نانەلوولەیی (Nonotube) دروستكرد ناویان لێ نا (Blackest)، كە توانای هەڵمژینی (٩٩,٩٥٪)ی ئەو تیشكانەی هەیە كە بەری دەكەوێ.

- داهێنانی پۆشاكی گوللەبڕی چیرتر، ئەمەیش بە بەرهەمێنانی جۆرە پۆشاكێكی گوللەبەندە كە هەم سووكتر بێت و هەم باشتر و هەرزانتربێ.

- داهێنانی پۆشاكی دژەگاز، ئەمە دەمێكە هەیە بەڵام دەیانەوێ جۆرێك دابهێنن نرخەكەی بۆ گیرفانی هەموو كڕیارەكان گونجاو بێت.

هەر لە جیهانبینیی پۆشاكەوە، سەیروسەمەرەی تر هەیە، وەكو پێكهێنانی (ڕێكخراوی یان گرووپی ئازادیی ئاژەڵان)، كە ڕێگرن لەوەی هیچ ئەندامێكی جەستەی گیانداران لە دروستكردنی پۆشاك و جانتا و پێڵاو و پشتێن و...تاد. بەكاربێت. بۆیە هە میشە چالاكن و دروشمی دژی كوشتن و ڕاوكردنی ئاژەڵ و گیاندارانن بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە كەوڵەكەی یان پێست و كوڵك و پەڕەمووچەكەی. ئەوان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، هەر دەرفەتیان هەبێ هێرش دەكەنە سەر ئەو دوكان و بازاڕانەی مامەڵە بەم جۆرە كاڵا و پۆشاكانە دەكەن.

جاروبار لە شانۆ و سینەمە و كاری ئەدەبیشدا دەبینین كە دەرهێنەر یان نووسەر پۆشاكی سەیرو سەمەرە بۆ كارەكتەرەكانی، بە مەبەستی گەیاندنی پەیامێك، دادەهێنێ. وەك كورتان بۆ سەر پشتی مرۆڤ و بۆیانباغ و شەپقە بۆ سەگ و مەیمون و گوێدرێژ، خۆڕوتكردنەوە و ڕووتەمەنیش دیزاینێكە داماڵدراو لە پۆشاك.

زانستی وەبەرهەمهێنانەوە (Recycling)، زۆر لە هەوڵی داهێنانی نوێ دایە لە سوود وەرگرتن لەو كۆنە جلوبەرگ و شاتار و پاتارە بێكەلكەی كە ساڵانە بە هەزاران تەنی دەبێتە خاشاك. ئەمەیش بە بەكارهێنانەوەیان لە دروستكردنی كەرەستەی دیكە.

بەشی دووەم

# پۆشاکی کوردی

قسەکردن لەسەر پۆشاکی کۆنی کوردیی چاخەکانی پێش ئێستا، کتومت وەك ئەوەوایە قسە لەسەر دەیناسۆرەکانی زەمانی پێش بەستەڵەکی هەزاران ساڵ بکەین، چونکە وەك پێشتر گوتمان، ئەو کەرەستانەی پۆشاکیان لێدروست دەکریَ،، وەك بەرد و ئێسقان بەرگەی گۆڕانکارییە جیۆلۆجییەکان و کەش و هەوا ناگرن، زوو تێکدەچن و لەناو دەچن. هیچ سەرچاوەیەکی تۆمارکراویشمان نە بە زمانی کوردی و نە بە زمانی دیکە، دەربارەی پۆشاکی کوردیی بە میرات بۆ بەجێنەماوە. کە ئامێری کامێراش داهێنرا، جگەلەوەی درەنگ گەیشتە لای خۆمان، خەمخۆرێك نەبووە، بۆ ئامادەکردنی ئەرشیڤێك لە کلتووری کوردی بەکاری هێنابێ و گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی لە وێنە و فۆتۆگراف بۆ بەجێهێشتبین.

دیارە تاکی کوردیش، وەك هەموو مرۆڤێك، لە پێناوی ژیانیدا، وەك چۆن خەریکی پەیدا کردنی خۆراك بووە و هەوڵی داوە جێگەیەك بۆ حەوانەوەی خۆی و خێزانی دەستەبەر بکات، ئاواش هەوڵیداو بۆخۆی شتێك دروستبکات خۆی پێدا بپۆشی، تا بە ڕووت وقووتی دانەنیشێت و جەستەی خۆی بپارێزێ.

کەواتە پرسیارە مەتەڵئامێزەکەی، لێرەدا، یاخەمان دەگرێ ئەوەیە: (کورد چی پۆشیووە؟) ئەقڵ پێمان دەڵێ: ئەو جلوبەرگ و پۆشاکەیان پۆشیوە کە هەم

کەرەستەکانی لە ژینگەی دەوروبەردا چەنگ کەوتوون و هەم لە گەڵ کەش و هەوا وکلتوور و سرووتە ئایینییەکان و مەترسییەکانی ژینگەی ئەودا گونجاون.
ئێستا لەڕوانگەی ئەو بۆچوونەی سەرەوە، هەوڵدەدەین، سکیچێك یان دیزاینێك بۆ پۆشاکی کوردەواریی زەمانی زوو ساز بکەین. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ ئەم زانیارییانەی خوارەوە بە هەند وەرگرین و ڕەچاویان بکەین.

**یەك: پێگەی جوگرافیایی کوردستان:**

ڕووبەری کوردستان نزیکەی (٤٠٩,٦٥٠)کم چوارگۆشەیە و دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیاو. سنوورەکەی لە باکوورەوە، لەگەڵ ئازربایجان و ئەرمینیا و تورکیا دایە. لە باشوورەوە، ئێران و کەنداوی عەرەبی. لە ڕۆژهەڵاتەوە، ئێرانە و لە ڕۆژئاواشەوە، عیراق و سوریایە. واتاهەڵکەوتەی وڵات بە گوێرەی هێلەکانی درێژی و پانی، کوردستان لە نێوان هێڵی پانی(٤٠,٣٩)ی باکوور و (٣٠,٦١)ی باکوور و لە نێوان هێڵی درێژی (٥٢,٢١)ی ڕۆژهەڵات و (٣٦,٠٠)ی ڕۆژهەڵاتدا ڕاکشاوە. درێژایی خاکی کوردستان لە باکوورە وە تاکو باشوور (١٣٠٠) کم و پانتاییەکەشی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا (٥٥٠) کیلۆمەترە.

لەڕووی فەلەکییەوە، ئەم وڵاتە کەوتۆتە بەشی باشووری ناوچەی سازگارەوە (فێنکەوە)، واتا ئاوهەوای کوردستان لە نێوان بیابانی گەرم و دەریایی ناوەڕاست دایە.(١)

**لەم زانیارییە ئەوە هەڵدەهێنجین کە:**

- ئاوهەوای کوردستان زۆر لەبار و گونجاوە بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی، و ژینگەکەی پڕە لە گیانداری کێوی. ئەمەش وادەکات کەرەستەکانی پۆشاك، وەك لۆکە و کەتان و ئاوریشم و خوری و موو و پێستە و کەوڵ و تووك و پەرەمووچ بە ئاسانی چەنگ بکەون.

- زستانی ساردی کوێستان وچیا و شاخ وداخە بەفرینەکان و وڕە و تیشکی گەرمی خۆری گەرمیان و پێدەشتەکان، پێویستی بە پۆشاگی گەرم و گوڕە بۆ زستان و تەنك و خۆشە بۆ هاوێن.

---

(١) عەبدوڵڵا غەفوور. جوگرافیای کوردستان. چاپی ٤، ٢٠٠٥، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر . ل. ١٥

- خۆ پاراستن لە گیانداری کێوی و دەعبای جەنگەڵ و دارستان و شاخە سەختەکان، پێویستی بە جۆرە پۆشاکی تایبەتییە وەك پێڵاو و گۆرەوی و کلێتە و کەلانگوچك (فەقێیانی، سۆڕانی) و چەك و تفاقی ڕاوکردن و خۆ پاراستن.

**دووە: پێکهاتەی دانیشتوان:**

بەدرێژایی مێژوو، بەگوێرەی سەرچاوەکان، هەمیشە شان بەشانی کورد، چەندین نەتەوەی دیکە وەکو کەمینە لە کوردستاندا ژیاوەن، وەك: تورك، عەرەب، عەجەم، فارس، ئەرمەن، ئاسوری، تورکمان.. تاد.

ئەم تێکەڵییە، کەم تا زۆر، کاریگەریی لەسەر جۆر و شێوازی پۆشاکی هەردوو لادا هەیە و لە هێندێك ڕووە و دەکەونە ژێر کاریگەریی یەکتر.

**سێ: پێکهاتەی ئایین و ئایینزاکان:**

چونکە شارستانەتی کوردستان زۆر دێرینە و هەمیشە ژیانی تێدابووە، چەندین ئایین و ئایینزای جیاوازی بە گوێرەی قۆناغەکانی مێژوو تێدا هەبووە. وەکو ئایینی: زەردەشتی، ئێزیدی، جوو، مەسیحی (بە کاسۆلیك و ئەرسەدۆکس و پرۆتستانەوە)، هەروەها ئایینی ئیسلام بە (سوننە و شیعەوە بە هەموو ئایینزاکانیانەوە وەك: علی ئیلاهی، کاکەیی، شەبەك، عەلەوی، ڕێبازی قادری و نەقشبەندی و بەکتاشی و ڕفاعی ...تاد).

لەبەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا، بایەخی ئایینمان لە سەر جۆری پۆشاك باس کرد. کەواتە، ئەم هەموو ئایین و ئایینزایانە، زۆر ڕۆڵیان هەبووە لە نەخشەسازیی و دیزاینی پۆشاکی کوردی، جوانترین نموونەش کاریگەریی پۆشاکی زەردەشتییەکان و ئیسلامەکانە لە سەر جلوبەرگی کوردی، کە تاکو ئێستا بە چاوی خۆمان دەیبینین (لە برگەکانی داهاتوودا وردتر قسە لەسەر ئەم بابەتە دەکەین).

## چوار: شێوازی حوکم و ئیدارەی وڵات:

جێی داخە، کە مانەوەی کوردستان، بە درێژایی مێژووی کۆن و نوێی، وەك وڵاتێکی ژێردەستەی هێز و دەسەڵاتە حوکومڕانە داگیرکەرەکانی دەرۆ دراوسێ و بێگانە و نەقۆستنەوەی هەلە مێژووییەکان بۆ بونیاتنانی کیانێکی ئازاد و سەربەخۆ، زەرەری گەورە و گورزی کوشندەی لە ڕۆحی نەتەوایەتیی کورد داوە. کە لەهەموو بوارێکدا، ئەو ژێردەستییە بۆتە مایەی نەهامەتی وپاشکەوتەیی و خێرلەخۆ نەدیتن. تەنانەت ئەو ماوە کورتانەی ئەمارەتەکانی کورد، هەناسەیەکیان بەبەرداهاتەوە، خێروخۆشییەکی ئەوتۆیان لەخۆیان نەدی کە پاشخانێکی جوان و بەبەرەکەتمان بۆ بەجێبهێڵن، چونکە زوو پووکاونەتەوە و سەری یەکتریان خواردووە.

بەچاوخشاندنێکی خێرا، بە لاپەڕەکانی مێژوودا، تێدەگەین، کە چۆن ئەو هێز و دەسەڵاتە بیانییانە بە ئارەزووی خۆیان تەراتێنیان لەم کوردستانەدا کردووە. چەندین نەتەوە و خێڵ و عەشیرەت پەلاماری کوردییان داوە و دەستیان لێ وەشاندووە. وەك:

- هەخامەنشییەکان ( ٣٣٠ ـ ٥٥٩ پ. ز.).
- ئەشکانییەکان ( ٢٢٦ پ. ز. ـ ٢٥٠ ز.) .
- ساسانییەکان ( ٢٢٦ ـ ٦٥٢ ز.).
- عەرەبەکان ( ٦٣٧ ـ ١٢٥٨ ز.) .
- سەلجوقییەکان (١١٤١ ـ ١١٨٧ ز.)
- مەغۆلەکان ( ١٢٥٨ ـ ١٣٠٤ ز.)
- سەفەوییەکان (١٥٠٨ ـ ١٥٣٣ ز.)
- عوسمانلییەکان (١٨٤٠ ـ ١٩١٤ز.)

- ئینگلیزو ڕووس و فەڕەنگ (١٩٢١ تا دەوروبەری شەستەکانی سەدەی ڕابردوو)[(١)]

ئەوە جگە لەو لەشکر و سوپا و جندرمە و چەتانەی کە ناوە ناوە پەلاماری کوردستانیان داوە یان پێیدا ڕەتبوون، یان کردوویانەتە پەناگە و حەشارگەی خۆیان لە کاتی شەڕو شۆڕدا.

لەم زانیارییە، ئەوە تێدەگەین کە ئەو داگیرکەرە بێگانانە حەتمەن زۆربەیان خاوەن کلتوور و شارستانەتی خۆیان بوون، کە بەچەندین شێوە، بە خۆشی بێت یان بە ترشیی، کاریگەریان لەسەر کلتووری کورد هەبووە، لە هەموو بوارێکەوە و کەواتە پۆشاکی کوردیش، کەم تا زۆر، پشکێکی لەم گۆڕانکارییانە بەرکەوتووە. مەسعوود محەمەد دەڵێ:" سروشتی شارستانەتی ئەوەیە لە هەموو سەردەمێکدا، بەهەموو لایەکدا پەل دەهاوێ، مەگەر بەربەستێك پێشی پێ بگرێ یان قالبچییەك بە زۆرە ملێ دایڕێژێتە ناو قاڵبی ترەوە. بەدرێژایی مێژوو، شارستانەتی لەگەڵ هێزی دەسەڵاتدا ناتەبا بووە، هەروەها لەگەڵ پەراوێزی کۆمەڵایەتی و بۆچوونە تەماوییەکان، چونکە ئازادییەکەی لەگەڵ چوارچێوە شاردنەوەدا یەك ناگرێتەوە. ئەگەر شارستانەتیی مرۆڤی سەرەتایی لە شارستانەتیی سەردەمی کشتوکاڵ و پیشەسازی ساکارتر بووبێ، جێی سەرسوڕمان نییە، چونکە لەگەڵ ڕۆژگاردا گەشە دەکا و لەگەڵ خۆیدا گەشە بە بارودۆخ و گوزەران دەکا."[(٢)]

## پێنج: بازاڕ و کاروانسەرا و بازرگانی:

هەڵکەوتەی جوگرافیی کوردستان وەك مەڵبەندێکی ناوەندی ڕێگەی هاتووچۆکەرانی نێوان ئاسیا و ئەورووپا وابووە، هێندێ لەو هاتووچۆکەرانە لەبەر هۆکاری ئابووریی و کۆمەڵایەتی تێیدا جێگیر و نیشتەجێ بوون.[(٣)] چونکە

---

(١) عەبدوڵڵا غەفوور. جوگرافیای کوردستان. چاپی ٤، ٢٠٠٥، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر . ل. ٢٦٩

(٢) مەسعوود محەمەد. و. حەکیم کاکە وەیس، بۆچوونێك لەسەر لێکدانەوەی مرەبی مێژوو. ٢٠١٢، چاپخانەی شەهاب، هەولێر. ل. ١١٠.

(٣) عەبدوڵڵا غەفوور. جوگرافیای کوردستان. چاپی ٤، ٢٠٠٥، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر . ل. ١٨٥.

کوردستان بە وڵاتی فرە نەتەوەی جیاواز و بەرهەمی ئابووری جیاوازەوە دەورەدراوە، هەم بازاڕی ئاڵوگۆڕکردنی کاڵا و بەرهەمەکان وهەم کاروانسەرای ئەو بازرگانانە بووە کە پێیدا تێپەڕ بوون.

کەواتە، زۆر ئاساییە شوناس و کلتوور و داب و نەریتی ئەو بازرگانانە، جێ پەنجەیان لەسەر کلتووری کوردیدا بەجێمابێ، چونکە مرۆڤ هەمیشە حەزی لە چاولێکەری و گۆڕانکارییە، ئەمەیش لە پۆشاکی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە.

## شەش: جیاوازییەکانی نێوان گوندنشینەکان و شارنشیینەکان :

مێژووی ئاوەدانیی لە کوردستاندا زۆر کۆنە، "گردی چەرمۆی نزیکی چەمچەماڵ لە کەرکووك، یەکێك بووە لەو ئاوەدانییانەی کە چەند هەزار ساڵ پێش ئێستا مرۆڤ دروستی کردووە، کە ئەمرۆ بە کونترین ئاوەدانیی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت... . سەرەتای پەیدابوونی شاریش، لە کوردستاندا، بۆ سەدەی پێنجەمی و سەدەی چوارەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە، وەکو شاری ئەربائیلۆ ( ئەربیل ـ هەولێر) و شاری ئەرابخا (کەرکووك)ی ئێستا."[١] کەواتە دابەشبوونی دانیشتوانی کوردستان، وەکو هەر گۆمەڵگایەکی دیکە، بەسەر گوندنشین و کۆچەر و شارنشیندا، جۆرە تایبەتمەندییەك بە پۆشاکی ئەو ناوچەیە دەدات، چونکە شێوازی ئیش وکار و چالاکیی ڕۆژانەیان جیاوازە، دەبێ شێواز و جۆری پۆشاکیکشیان جیاواز بێت، چونکە نە شوان جلوبەرگی ئاسنگەر دەپۆشێ و نە مەلاش بە جلوبەرگی سەپان ڕازی دەبێ. دەبێ ئەوەش لەبەر چاو بگرین کە گوندنشینەکانی کوردستان بەشێکی گەورەی دانیشتوانی پێکدێنن. ڕێژەی گوندنشیننەکان بە گوێرەی ئاماری ساڵی (١٩٨٥)، (٥٤٪)ی کۆی دانیشتوانی کوردستان بووە. ئەم ڕێژەیەش لە ڕێژەی وڵاتەکانی وەکو ئێران و تورکیا و سوریا زیاترە.[٢]

---

(١) سەرچاوەی پێشوو. ل. ٢٣٤.

(٢) سەرچاوەی پێشوو. ل. ٢٣٤.

## حەوت: ژینگەی باری دەروونیی و كاریگەریی سروشت:

بە شیكردنەوەی دەروونزانیی ئەو گەنجینە دەوڵەمەندەی فۆلكلۆری زارەكی كوردی بە هەموو ڕشتەكانییەوە لە بەیت و باڵۆرە و حەیران و لاوك و گۆرانی و لایلایە وشین و سەردولكە و لاواندنەوە و پەند و مەتەڵ و حیكایەت و ئەفسانە.. تاد، تێدەگەین كە تاكی كورد، بە هەردوو ڕەگەزەكەیەوە، كەسێكی ڕۆح شیرین و دەروون پاك و جوانپەرستە، بە حوكمی جوانیی خەیاڵاویی سروشتی هەزار ڕەنگی كوردستان لە هەموو وەرزەكاندا، تاكی كورد حەز لە ڕەنگی ئاڵاواڵا و سەرنجڕاكێش دەكات. لە سەیرانی بەهاراندا، ڕەنگی جلوبەرگی ژنان و كچانی كورد هێندە تێكەڵە بە ڕەنگە جوانەكانی گوڵ و گوڵزار و گیا و گۆڵ، بە زەحمەت لێكیان جیادەكەیتەوە، خۆ ئەگەر كەسەكە نەجوولێتەوە، هەر وا دەزانی بەشێكە لە سروشتەكە. لەكاتێكدا هەمیشە ڕەنگی ڕەش بەسەر پۆشاكی ژنان و كچانی عەرەبەكانی بیابان و بادییەكاندا زاڵ بووە. كەواتە سروشتە جوانەكەی كوردستان گردەبڕ كاریكردۆتە سەر باری دەروونیی پۆشاك پۆشەكانی كورد و جۆرە هێمنیی و ئارامیی و جوانییەكی خۆرسكی پێ بەخشیوون.

ئێستا لە دیدی ئەو زانیارییانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێ دان، كە كورد نەتەوەیەكی دێرینە و لە پێگەیەكی جوگرافییی دیاریكراودا لەگەڵ زۆر نەتەوە و ئایین و ئایینزادا ژیاوە و زۆر ڕووداوی بەسەرهاتووە، ئەم خاڵانەی خوارەوە دەكەینە بەرچنەی خوێندنەوەكەمان بۆ پۆشاكی كوردی و دەڵێین:

- كورد وەك نەتەوە خاوەن پۆشاكی تایبەت بەخۆی بووە.

- پۆشاكی كوردیش، وەكو پۆشاكی هەر نەتەوەیەكی دیكە، لەبەر ئەو هۆكارانەی لەسەرەوە باسمان كردن، لە گۆڕانكاریدا بووە، بەڵام ناسنامەی نەتەوایەتیی خۆی لەدەست نەداوە.

- زۆر زەحمەتە، هیچ توێژەرێك، بتوانێ مێژووی داهێنانی پارچەكانی پۆشاك بۆ خاوەنە ڕەسەنەكانی بگەڕێنێتەوە، چونكە تاڕادەیەكی زۆر پۆشاكی نەتەوە لێك نزیكەكان پێكدەچن و كاریگەرییان لەسەر یەكتری هەبووە.

- زۆریی نەتەوە و ئایین و ئایینزاكانی كوردستان و هاتنی ئەو هەموو دەسەڵاتە حوكمڕانانە بۆ سەر كوردستان، پۆشاكی كوردییان دەوڵەمەند كردووە لە جۆر و شێواز و ڕەنگ و مەبەستدا، پۆشاكی ئیزیدییە كوردەكان و پۆشاكی دیانە كوردەكان دوو نموونەی جوانن لە پۆشاكی كوردیدا.

دیسان، بادەدەینەوە سەر ئەو پرسیارە زەقەی كە پێشتر كردمان: (كورد چی پۆشیوە؟) و دەڵێین: چونكە هیچ دەستە جلوبەرگ و تاقم و تەدارەكی كوردەواریی سەردەمانی دێرینمان لەبەر دەستدا نییە، هەوڵدەدەین هێندێك زانیاریتان لێرە و لەوێ بۆ هەڵكرێنین، ئەمەش لە ڕێی:

- خوێندنەوەی رەسم و نیگارەكانی سەر دار و دیواری ئەشكەوت و شاخەكانی زەمانی زوو.

- پشكنینی پاشماوە شوێنەوارییە دۆزراوەكانی كوردستان.

- سەرنجدانی ئەو وێنە و رەسمانەی نێو ئەو كتێبانەی ڕۆژهەڵاتناسان لە گەشتەكانیاندا بۆ كوردستان گرتوویانە یان هێڵكارییان بۆ كردووە.

- كۆكردنەوەی زانیاری لە بەرهەمە چاپكراوەكاندا، تەنانەت ئەگەر ناراستەوخۆش ئاماژەیان بە جلوبەرگی كۆنی كوردی كردبێ.

**بەگشتی، كوردەكان بۆ داپۆشینی خۆیان، پێنج جۆرە پارچە پۆشاكیان هەبووە:**

**١- سەرپۆش:** چونكە ئاوهەوای كوردستان سارد و سەختە، ژن و پیاو و منداڵی كورد، بە پارچەیەك یان دوو پارچە كاڵای تایبەت، بە گوێرەی وەرزەكە، سەروكوێچكە و گەردن و ملی خۆیان پێچاوە و داپۆشیوە.

**٢- سەر سینگ:** مەبەستمان لەو پۆشاكانەیە كە بەسەر شاندا هاتوونەتەخوار یان لە قۆڵكراون و تا كەمەر و خوار كەمەریان داپۆشیوە. ئەمەیش بۆ هەردوو ڕەگەز بووە و ژمارەی پارچەكانی لە یەك تا پێنج پارچە بوون. بە گوێرەی وەرز و كار و پیشە و شوێن.

**٣- خوارکەمەر:** ئەمەیش ئەو پۆشاکانە دەگرێتەوە کە لەپێ دەکرێن وەك دەرپێ و شەرواڵ یان لە لەش دەپێچرێن وەك نیوکراس. ژن و پیاو پتر لە پارچەیەك کاڵایان پۆشیوە.

**٤- کاڵای قاچ و قول:** سەختیی سروشتی زەوی و خاکی شاخ و داخ و بەفر و بەستەڵەك و ترسی دەعبا و جانەوەر، بۆ پێخواست، مایەی ئازار و برین و پەککەوتنە، بۆیە ژن و پیاوی کورد پێویستیان بە پێڵاو و گۆرەی و پووزەوانەی باش بووە.

**٥- باڵاپۆش:** ئەو پۆشاك و کاڵایانەیە کە ژن و پیاو تەواوی لەشی خۆیانیان پێ دادەپۆشن جا بخرێتە سەر سەر وەکو چارشێوکەمبەری وعەبا یان سەرشان وەك کورەبار و عەبای شاڵی پیاوانە.

هەرچەند فارس و تورك و ئەرمەنیش، کە لە ژینگەیەکی سەختدا ژیاون، بەهەمان شێوە، خۆیان داپۆشیوە، بەڵام پۆشاکی کوردی، خاڵی نییە لە خەسڵەتەکانی خۆی، لە ڕووی چونیەتیی چنین و ڕەنگ کردن و بەکارهێنانی. بۆ نموونە: "پەیکەرێکی پاشای ساسانی، بە بەرزایی کەمتر لە (١٩) سەنتیمەترە مێژووەکەی بۆ سەدەی چوارەمی بەر لە زایین دەگەڕێتەوە، لە ناو ژووری (٥٢)ی مۆزەخانەی بەریتانیا دەپارێزرێ. تا ئێستا دیار نییە ئەم پەیکەرە کام لە پاشاکانی ساسانییە، بەڵام بوونی ملوانکەیەکی شاهانە کە بە شێوەیەکی زۆر هونەرمەندانە نەخشێنراوە، ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە پەیکەرەکە یەکێکە لە پاشا ناسراوەکانی سەردەمی ساسانی. ئەم پاشایە کڵاو و دەسماڵی کوردی و تاجی شاهانەی لەسەرە. شمشێریکی بە دەستەوە بووە کە شکاوە، بەڵام دیارە پاشا دەستی لەسەر شمشێرەکە بووە. پاشا کوردەکانی سەردەمی ساسانی کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەندیان بە دەستەوە بووە، ڕکابەری سەرەکیی ڕۆما و بیزانس بوون لە بواری ئابووری و سەربازیدا. لەگەڵ چین و ژاپۆن مامەڵەی بازرگانییان کردووە."[١]

---

(١) هەفتەنامەی باس، ژمارە (٢٦١) لە ١٠/ ١١/ ٢٠١٥. ع. باوەجانی.

داخی گرانم، هێندێك لە پاشماوە شوێنەوارە دۆزراوەکانی کوردستان یان نازانستییانە کۆدەکرێنەوە یان دەدزرێن و دەشاردرێنەوە، کە ڕەنگ بێ سوودی زۆریان بۆ ئێمەمانان هەبێ." لە ڕێگای شارۆچکەی حەسەن ئاوای سنە، پێنج گۆڕستانی مێژوویی، کە تەرمی پێنج کەسیان تێدا بوو، بە پێشینەی سێ هەزار ساڵ، بە هەڵکەوت دەدۆزرێنەوە. یەك لە تەرمەکان، هی پاشایەك بووە کە بە شێوەیەکی ڕازاوە و ڕێکوپێك وەك خۆی ماوەتەوە و تەرمەکەی بە شێوەی سەردەمانی زوو مۆمیاکراو بووە. هێندێك سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە ئەو پاشایە مۆمیاکراوە، تەرمی (دیاکۆ)ی کوردە. شایەتحاڵان، لەگەڵ تەرمەکاندا، کەلوپەلی وەك خەنجەر و نەزیرەی شەڕ و کەلەپچەی قورقوشم و کاسەی گڵێنەییان بینیوە و دەڵێن ئەو پاشا مۆمیاکراوەی لە جلوبەرگی ڕازاوەدا بووە، خێرا بە نهێنی لە لایەن ناوەندی ئاسەوار و شوێنەوارناسیی سنەوە بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە و لە هیچ میدیا و ڕاگەیاندنیکیشدا باسی لێوە نەکراوە و کەس پێ و شوێنی نازانێ. تەرمی ئەو پاشایە بە ڕێکوپێکی لەناو تابووتێك داندراوە کە دیوی دەرەوەی بە سرب و سارووج و دیوی ناوەوەشی بە زێڕ داپۆشراوە. لە لای سەری تەرمەکەی یەك یان دوو سندووقی بچووکی زێڕین کە پڕبوون لە زێڕ و زیو و کەلوپەلی بەنرخ. لە پەنای تابووتەکە نەیزەك و شمشێر و خەنجەر داندراون و لەسەر سینگی دوو شتی دیکە کە یەکیان لە ماسی دەچێت و ئەوی دیکەشیان چەشنی هەڵۆ کە چەند وشەیەکیان بە ئەلفوبێی بزماری لەسەر هەڵکۆڵراوە. ئەم گۆڕستانە لە مەودای (٥٠٠) مەتری تەپۆلکەی کەونار یی (زاگرۆس)ی سنە هەڵکەوتووە و لە ڕیزی ئاسەوارە میللییەکانی ئێراندا تۆمار کراوە."[١]

چونکە ڕژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان، هێندە دژایەتیی کوردیان کردووە، چاویان بە ئاسارەکانیشی هەڵنەهاتووە و هەمیشە هەوڵیانداوە ناسنامەی غەیرەکوردیان پێوەنێن، نەکۆ ببنە بەڵگە کە کورد خاوەن مێژووی خۆیەتی."لە کوردستانی کەوناردا، جلوبەرگی پیاوان بە ملوانکە و قۆڵبەند (بازووبەند) و

---

(١) هەفتەنامەی باس، شەریف فەلاح، ژمارە (٢٦٧) لە ٢٣/ ١٢/ ٢٠١٥ .

خەنجەر دەڕازێنرایەوە. نەخشی دەستەبەندەکان نەخشی شێر یان کەڵەکێوی بوون. هێندێ جاریش دوو باڵندەی ڕاوکەر دەبوونە دەستەبەندی پیاوان. بە گوێرەی دەقە مێژووییەکان لە سەردەمی مادەکان و هەزارەی دووەمی بەر لە زاییندا دروست کردنی خشڵ لە لای کوردان باو بووە."[١]

ڕۆحی جواندۆستیی و گەشبینی لە ناخی تاکی کوردا، هەمیشە پاڵنەر بووە بۆ نمایشکردنی بەژن و باڵای خۆی بە جوانترین و دڵگیرترین ڕوخسار، جاران هەردوو ڕەگەز خشڵیان بۆ ئەم مەبەستە بەکار هێناوە، بەڵام وەك نەریت، هەمیشە ژنان و کچان پتر. "ئەو جلوبەرگەی ئێستا ژنانی کورد لەبەری دەکەن، زۆر نزیکە لەو جلوبەرگانەی باپیرانمان لەسەردەمی مادەکان لەبەریان دەکرد و هەر کات باسی پۆشاکی گەلان دەکرێت، پۆشاکی مادەکان وەکو نموونە دەهێننەوە. کوردستان ئەو هونەرە مێژووییەی بەر لە ئیسلام تا ئێستا پاراستووە و جوانترین خشڵیان لە سنە و ورمێ و کرماشان، لە کۆتایی سەدەی سێزدە و سەرەتای سەدەی چواردە بە شێوەیەکی زۆر جوان دروست کردووە. یەکێك لە تایبەتمەندەکانیشی مەلیلەکاری بووە، کە بە شێوەیەکی شاز و دەگمەن بەردی فەیرۆزەیان زۆر تێدا دەبینرێ. چونکە بروایان بە سیحر بوونی ئەو بەردە بووە. نەخشەکانیش پتر هی گوڵ و گوڵاڵە و باڵندە و ماسی و نەخشی هەندەسیی بوون، گەردانە و ملوانەکەیان لە بەردی چوارگۆشە دروست دەکرد و بە پوولی عوسمانی و ئەورووپایی دەڕازێندرانەوە. ملوانەکەی سنە بۆ جەژن و بۆنەکان چوار گۆشە بووە، کە بە خشڵی بچووکی وەکو ماسی ڕازاوەتەوە. دەستبەندەکانیش بە پوولی ئینگلیزی و ئەستێرە و مانگ و دەڕازێنرانەوە. گوارەکانیش بە شێوەی مەلیلە یان مانگ یان مراوی و موورووی زێڕ بوون. پشتوێنی ژنانیش بە نەخشی گوڵ و شێوازی عوسمانی بە کانزای زیو و زێڕ دەنەخشێنران. ئێستا زیاتر لە (٤٠) خشڵی کوردیی کە مێژووەکەیان بۆ هەزارەی دووەمی بەر لە زایین تا سەردەمی ساسانییەکان دەگەڕێتەوە، لە مۆزەخانەی نیشتمانیی ئێران وەك کۆنترین خشڵ پارێزراون."[٢]

---

(١) هەفتەنامەی باس، ع. باوەجانی، ژمارە (٢٦٤) لە ١٥/ ٩/ ٢٠١٥ .

(٢) سەرچاوەی پێشوو.

بەشی سێیەم

# پۆشـاکی کۆییان

## بۆ هەر (پۆشاکی کۆییان)؟

پرسیارێکی ڕەوایە: بۆ هەر پۆشاکی کۆییان یان کۆییانە؟ بەئەرشیڤکردنی هەر هەموو پارچەکانی پۆشاکی کوردیی، بە کۆن و نوێیەوە و لە هەر چوار ئیقلیمی کوردستان، ئەستەمە بە تاکە کەسێك ئەنجام بدرێ، چونکە گەڕان و سۆراغی زۆری دەوێ و دەبێ زانیارییەکان لە سەرچاوە متمانەپێ کراوەکانەوە وەربگیرێن، دەبێ ئەو ڕاستییەش لە بەرچاو بگرین کە لە هێندێ ناوچەدا پۆشاکەکە جیاوازە، ئەوە جگە لەوەی، لەبەر زۆری زارەکان و بنزارەکانی زمانی کوردی، ناوی هاوتایی پارچەی پۆشاکەکان زۆرن و کورد لەم بوارەدا، لەچاوە خۆی، خاوەن فەرهەنگێکی دەوڵەمەندە.

بائەوەشمان لە بیرنەچێ، چونکە هەموومان کوردین، بە گشتی، شێواز و دیزاین و جۆری پۆشاکەکەمان هەر یەکە، جیاوازییەکان لە وردەکاریی دوورمان و بەکارهێنان و ڕازاندنەوەکە دایە. کەواتە دەکرێ کوردێکی هەورامان یان ورمێ یان ئامەد یان حەسەکە بەچەندین شێوە سوود لەم کتێبە وەرگرێ، خۆ دەکرێ بشکرێتە بەردی بناغەی نووسینەوەی ئینسایکلۆپیدیای پۆشاکی کوردی بە (کۆن و نوێ) یەوە.

خۆشبەختانە، سەردەمانێك، هاوشان لە گەڵ ناوی شاری (کۆیە)، ناوی (وراتی کۆیە)، بە مانای (وڵاتی کۆیە) لەهەموو کوردستاندا لەسەر زاران بووە، ئەمەیش ئەو حەقە بە ئێمە دەدات، کە بڵێین: سنووری جوکرافی شاری کۆیە زۆر فراوانترە لەو سنوورەی شارەوانیی کێشاویەتی. بۆیە پێویستە لە توێژینەوەکەماندا وەکو (وراتی کۆیە)ی جاران، هەموو تایبەتمەندییەکانی بەهەند وەرگرین و گوند بە گوند سەریان پێدا بگرین و زانیارییەکان بە ئەرشیف بکەین. جا چونکە دەڤەرەکە پێگەیەکی بازرگانی و ئابووری و ڕۆشنبیری و ئەدەبی و سیاسیی دیار و بەرچاوی هەبوو، گەنجینەی کلتوور و فۆلکلۆر و کەلەپورەکەی زۆر دەوڵەمەندە. لە نێویشیاندا، پۆشاکی خەڵکەکەشی خەسڵەت و مۆرو خۆی پێوەیە، ئێستاش بۆ دوورینی شەرواڵێك لە لای خەیاتێکی پشدەری یان هەولێری، لێت دەپرسێ: چۆنت بۆ بدرووم، پشدەریی، کۆییانە یان هەولێریانە؟

لە تۆمارکردنی زانیارییەکاندا، وامان بەباشزانی ڕێچکەی قۆناغەکانی تەمەن بگرین، قۆناغ بە قۆناغ پۆشاکەکان لە ژێر چەند ناونیشانێکدا، بخەینە ڕوو، لە مەلۆتکەوە دەست پێ دەکەین تا کفن و ناو دارەمەیت، واتا (لە بێشکەوە تا ناو گۆڕ). دواتریش سەر بەچەند هەوارێکی پەیوەست دادەگرین. چەند وردە ناونیشانێکی دیکەش لێرە و لەوەێ دەپەڕنە ناو باس و خواسەکانەوە.

بەڕاستی داڕشتنی ئەم کارە پتر دەچێتە خانەی کاری مەیدانییەوە نەك ئەکادیمیی و زانستیی پەتی، هۆکارەکەشی بێ سەرچاوەیی یان کەمی سەرچاوەیە. ئەمەیش توێژینەوەی مەیدانی زۆری دەوێ هەم لە کات و هەم لە گەڕان. کە بۆ تاکە کەسێك، بە تایبەتی گەر ئەو کەسە گیرفانی گەرم نەبێ، کارێکی پڕ زەحمەتییە.

هەوڵدەدەین چەند وێنەیەکی کۆنی ئەو پۆشاکانەی باسیان دەکەین لە کۆتایی کتێبەکەدا نمایش بکەین.

# بەشی چوارەم

# پۆشـاك بەگوێرەی تەمەن

## قۆناغی یەکەم : مەلۆتکە

منداڵی تازە لەدایك بوو، بە شێوازێکی تایبەت لە شێوەی بابۆڵە بۆ ماوەیەك دەپێچرێتەوە تا لەش و لاری ڕێکوپێك و جوان دەق بگریّ و لە کەش و هەوای سارد و مێش ومەگەز و جروجانەوەر بپارێزێت، لە کوردەواریدا ئەمە پێی دەگوترێت (مەلۆتکە یان مەلۆتك)، لە هێندێك تاوچوشدا پیّ دەڵێچن (قومات) کە لە وشەی (قماط) عەرەبییەوە وەرگیراوە.

تا بابەتەکەمان تێروتەسەڵ بێت و هەموو جۆرە جلوبەرگ و داپێویستییەکانی پرۆسەی زانی دایکەکە و کۆرپە و خزمەتکردنی کۆرپەکە بە گوێرەی کلتووری کوردەواری ناوچەکە، بە وردی بخەینە ڕوو، ناچارین بازنەی ڕووبەری ڕوماڵەکەمان نەختێ فراوان کەین تا زۆربەی لایەنەکانی پێوەند بگرێتەوە.

کە تەمەنی کۆرپەڵە لە سکی دایکیدا دەگاتە حەوت مانگی، ئەوا ئەرکی ئامادەکردن و دەستەبەرکردنی شتە پێویستەکانی ئەو منداڵە و زانی ئەو دایکە، دەبێتە خەمی ئەو خێزانە.

جاران ئەگەر منداڵەکە نۆبەرە بوایا، ئەوە دایکی بووک، ئامادەکردنی هەموو شتەکانی دەگرتە ئەستۆی خۆی، بەڵام بۆ منداڵەکانی دواتر، ئەوا ئەرك و خەمی ئامادەکارییەکان، ئیشی دایکی منداڵەکە بوو.

بێگومان، باری ئابووری و گوزەرانی خێزان، لە هەموو سەردەمێکدا، ڕەنگدانەوەی خۆی لە شێوازو ئاستی ژیانیدا هەبووە. بۆیە هەمیشە دەوڵەمەند و خوا پێداوەکان، لە ئاستێکی بەرزتری خەڵکە ڕەش و ڕووت و عەوامەکە، بۆنە و جەژن و یادو و ئاهەنگەکانیان بەسەربردووە. واتا لێرەشدا، دەوڵەمەندەکان مەسرەف و هات وبات و تەدارەکی منداڵ بوونیان پر مەسرەفتر و جیاواز بووە. خێزانە هەژار و مام ناوەنجییەکان، پێنج تا شەش دەستە جلکیان بۆ منداڵەکە، پێش لە دایك بوونی، ئامادە دەکرد. هێ دەوڵەمەندەکانیش دوو هێندە دەبوو. ئەوا جگە لە پووشینە و بێشکە ( بەتایبەتی بۆ نۆبەرە).

چونکە جاران نەیاندەزانی، دایکە دووگیانەکە، زگەکەی کوڕە یان کچە، دەستەجلەکان یەك بڕین و دیزاین و نەخش و نیگاریان هەبوو کە بۆ هەردوو ڕەگەزەکە گونجاو بوو. یەك دەستەجلکی کۆرپە پێکهاتبوو لە:

- **کــراس:** درێژییەکەی نزیکەی (٢٠) سم دەبوو، جووتێك کەلانگونجکی هەبوو، لە قوماشی پۆپلین، کشمیر، مەجیدییە، شێلە، کرێشە دروستدەکرا. دایك یان دایکی بووك یان خەیات دەیدووری.

- **کــەوا:** کە بەقەدەر کراسەکە درێژ بوو، شێوازەکەی هەر وەك کەوای ئاسایی ژنان بوو.

- **چاکەت:** لە شێوەی سەڵتە بوو، تەنیا بۆ وەرزی زستانان بوو.

- **دەرپێ:** لە قوماشی سپیی و نەرم و نیان دروست دەکرا.

- **کۆچك:** کڵاوێکی دەستکردی تایبەتە، بە قەدەر سەری منداڵە و شێوەیەکی سێگۆشەیی هەیە، لە قوماشی نەرم و ئاڵاوواڵا بە داو وکشتەك دروست دەکرێ. کۆچکێك نیو مەتر قوماشی دەوێ، پێشوەخت دروست نەدەکرا، چونکە دەبێ

به قەبارەی سەری منداڵەکە بێ، لە ژێر چەناگە بە دوو داوە دەزووەی چنراو، کە دوو سێ تەقەڵی لێدرا بوو وەك قرتێنە، گیر دەکراو، ڕێشمەی دەزووەکان بۆ جوانی بە گەردنی منداڵەکەدا دەهاتنە خوارەوە. کۆچکی کوڕ و کچ جیاوازی نەبوو. دەوڵەمەندەکان چوار پێنج دانە و هەژارەکان هەر دوو دانە کۆکچکیان دروست دەکرد.

- **یـــازمــە:** لە شێوەی دەستماڵە، وەك سرکە وایە، عاردی ڕەش بوو گوڵی سپیی بوو. نەخش و نیگاری گەڵای دار و تەیر و تواری لەسەر بوو، لە بەغدا هاوردە دەکرا، ژنان یان فرۆشیارە دەستگێرەکان، کە زۆربەیان جوو بوون، لە کۆڵانان دەیان فرۆشت. یازمە تا (٤٠) ڕۆژ لە نێوچەوانی منداڵ دەپێچرا، تا تەوێڵی تەخت و ڕێك و جوان بێ. تا ساڵەکانی (١٩٤٠ ـ ١٩٥٠) نرخی یازمەیەك (١٠ تا ٥٠) فلوس بوو.

یەکەم جار کوچك لە سەری منداڵ دەنێن، ئەوجا یازمەی لە دەوری دەپێچن.

- **پــــەڕۆ:** چەند پارچە پەڕۆیەکی نەرم و قەبارە جیاوازیان ئامادە دەکرد بۆ داپۆشین و گەرم کردنەوە و خاوێن کردنەوەی منداڵەکە. وەك پەڕوی بلول پێچانەوە، پەڕۆی لینگ پێچانەوە، پەڕۆی ژێر لانك... تاد.

ئەم دەستە جلکانە دەبنە پۆشاکی منداڵ تا تەمەنی دەبێتە یەك ساڵ، جا دواتر دەستە جلکی دیکەی بۆ ئامادە دەکەن.

یەك دوو حەفتە، پێش زان، مامان یەك دووجار سەردانی دایکەکەی دەکرد و تەماشای زگەکەی دەکرد و ڕێنمایی و ئامۆژگاری دەکرد. جاران لە ماڵ، پیرێژنێك مامانی و سەرپەرشتی دایکەکەی دەکرد، ئەو زووتر دەیزانی، چونکە شاری بچووك بوو و خەبەرداری هەموو گەڕەکەکان بوو، هەر گەڕەکێکیش مامانی خۆی هەبوو. لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، پەرستار، بۆ یەکەم جار دەستیان کرد بە مامانی و بەرە بەرە لە گەڵ ڕۆژگاردا ڕۆڵی مامانی پیرێژن کاڵ بۆوە. تا لە کۆتاییدا وای لێهات لە نەخۆشخانەکان بەش و قاوشی منداڵ بوون کرایەوە.

ئەو کاتەی ژنە هەست دەکات وا دێ ژانی زانی بێتێ، زوو بە دوای ماماندا دەنێرن، ئەگەر ڕۆژ بێت دایکی ژنە یان خۆشکی یان دراوسێیەکی یان منداڵێك دەنێرن، بەڵام لە شەودا پیاو بە دوای ماماندا دەچێت و فانۆسی بۆ هەڵدەگرێ. جاریش هەیە هەتا مامان دەگاتێ، منداڵەکە لە دایك دەبێ. پیاوان لە دەرەوەی ماڵەوە چاوەڕی دەکەن، بەڵام منداڵی سێ چوارساڵی وەدەرەوە نانێن.

هەمیشە پرۆسەی منداڵ بوون لە ناو ژووردا بووە و لە حەوشە و هەیواناندا نەکراوە. منداڵ بوونەکەش بەم شێوەیە بووە: لە پێشدا هێندێ نەرمە خۆڵ بە بەرزایی دوو سێ سانتیم (بە قەدەر سێ چوار کێلۆ) لەسەر زەویی ژوورەکە ڕادەخەن، تا خوێن وزوخاوەکە هەڵمژێت، ئەوجا پارچە پەڕۆیەکی، نە کۆن نە نوێ، لەسەر خۆڵەکە ڕادەخەن. لە ناوەندی ئەم پەڕۆیە جامێکی قەبارە مام ناوەندی سەرەوژێر دادەنێن و بە پەڕۆیەکی نەرم و خاوێن دایدەپۆشن، بەم جامە دەڵێن (کۆتك). لە وەرزی زستاندا زگی دایکەکە بە ئاگر دادەگرن و پشتی سوور دەکەنەوە و ڕۆنی ساغی کوردی لە زگ و پشتی هەڵدەسوون. دایکەکە لەسەر کۆتك و پەرۆ ڕاخراوەکە لەسەر چینچکان دادەنیشێت و مامان لە پشتەوە کاری خۆی دەکات، بەڵام لە بەردەمی دایکەکە، ژنێك، بە تایبەتی دایکی بووك یان دراوسێیەك دادەنیشێت تا دایکەکە خۆی بخاتە سەری، خۆ ئەگەر کەس نەبێ ئەوا کورسییەك لە شوێنێ ژنەکە دادەنێن، جار بووە چەندان ماڵیان کردووە تا کورسییەکیان پەیدا کردووە. هێندێ جار شووشەیەکی بە تاڵ دەدەنە دەستی دایکەکە فووی تێبکات تا باشتر تین بداتە خۆی و زوو نەجاتی ببێ. جا تا منداڵەکە دەبێ مامان و ژنەکە هەر قورئان و ئایەتولکورسی و دوعا دەخوێنن. جار هەیە منداڵەکە بە زەحمەت لە دایك دەبێ، مامان ناچار دەبێ (حەمامی منداڵی) بۆ بکات. حەمامی منداڵ چییە؟ یەك تەشت ئاوی گەرم گەرم، کە هێندێك ڕووەکی وەك کووزەڵە و بەندۆکەی تێدەکەن تا بۆنی خۆش بێت، لە ناوەندی ژوورەکە دادەنێن و دۆشەگێك کە پڕ کراوە لە کا، دەخرێتە سەر ئەو ئاوە گەرمە، دایکەکە بۆ ماوەی چەند دەقیقەیەك لەسەر ئەو دوشەگە دادەنیشێ تا هەناوی بە هەڵمی ئاوە گەرمەکە، گەرم بێت و باشتر بکرێتەوە. حاڵەتێکی تریش

هەیە، كە منداڵەكە بە زەحمەت لە دایك دەبێ، دەڵێن (منداڵەكە چەقیووە)، مامانەكە وەك پشت تەقێنە دایكەكە لە پشتی خۆی دەكات، تا منداڵەكە بجولێ، ئەمە پێی دەڵێن ( پشتەڕەقی ).

هەر كە منداڵەكە هاتە دونیا، مامانەكە یەكسەر پەشتەماڵێكی ئاسایی تێ وەردەپێچێ، چونكە لە ناو هەناوێكی گەرم هاتۆتە دەر، دواتر خێرا، بە پەشتەماڵێكی دیكە جوان جوان دەیسڕێتەوە و بە دەزووێكی سێچوار قەد بادراوە، ناوكی منداڵە گرێدەدات، بە مەرجێك پێنج سانتیمێك بمینێتەوە، ئەمەش (٥) تا (٨) ڕۆژ دەمینێتەوە و پێدەڵێن (ناوكبڕین). ئەوجا جلكی لەبەر دەكەن و كۆچكی دەنێنە سەر و نێوچەوانی بە دەسرۆكە یان یازمە دەپێچنەوە، ئەگەر نۆبەرە بێ دەبێ دەسرۆكەكە ڕەنگی ئاڵ بێ، ئەوجا دەیكەنە مەلۆتكە و لەسەر بێژێنگێكی سەرەونخونكراو دای دەنێن، كە دۆشەگۆرەیەكی نەرم و خاوێنی لەسەر داندراوە و بالیفۆكە و لێفۆكەی بۆ ئامادە كراوە و لە تەنیشت دایكەكە بۆ ماوەی دوو سێ سەعات، دادەنێن. تا ساڵەكانی سییەكانی سەدەی ڕابردوو بەتانی منداڵ نەهاتبووە كۆیە، لە لای لێفدروو، لە لۆكە لێفۆكەی منداڵان بە ڕادان دەدراو دەدووروا، ماڵە هەژارەكان هەر یەك لێفۆكەیان هەبوو. لەگەڵ یەكەمین جلك لەبەر كردنی مناڵەكە مامانەكە فرچكی منداڵەكەی هەڵدەداتەوە. واتا مامان پەنجەی خۆی دەخستە ناو زاری منداڵەكەو لە ژووڕا فرجكەكەی بۆ سەرەوە بەرز دەكردەوە. ئەگەر منداڵەكە كوڕ بوویایە، هێندێك هەنگوینی لە سەر گەڵای سەوزی تووتن دادەنا و بۆ ماوەی (٧) ڕۆژ ئەو گەڵا تووتنەی دەخستە بەشی خوارەوەی بنزگی منداڵەكە واتا سەرەوەی زەكەری، تا تووشی نەخۆشی (بازەڕە) ـ بنزگ ئاوسان ـ نەبیت.

هەمیشە قۆرئانێكیان لە لای سەری منداڵەكە دادەنا، هێندێ جاریش چەقۆ یان سووژن یان دەرزیان دەخستە ژێر بالیفی منداڵەكە لە ترسی (شەوە).

بۆ ڕەواندنەوەی چاوەزار، هێندێك جار مامان لە نێوچەوانی زارۆی لەدایك بوو خەتێكی راست و چەپی لە شێوەی نیشانەی (X) بە تەنی ڕەشی مەنجەڵ لە نێوچەوانی منداڵەكە دەنەخشاند، دواتر دەیانسڕیەوە.

که مامان ئەو کارانەی جێبەجێکرد، دێتەوە لای دایکەکە، لە پێشدا دایکەکە درێژ دەکات و زاندانی دەپەستێتەوە، ئەوجا بە پشتێنێك کە دوو سوورِ لە کەمەر بسوڕێتەوە، زگی دایکەکە دەبەستێتەوە تا گەورە و فشۆڵ نەبێت. کاتێ دایکەکە هێز و تین و تاقەتێکی دێتەوە بەر، تەشت و مەسینە دێنن و بە ئاوی شلەتێن و سابوون بە دوو کەسان لینگ و لەتەری دەشۆن و مامانیش یارمەتیان دەدات. ئەوجا دایکەکە دەچێتە سەر دۆشەگێکی تایبەتی کە بریتییە لە گونیە کایێك، پەڕۆیەکی خاوێنی خراوەتە سەر، ئەمەش بۆ ئەوەیە خوێنی ژنەکە بمژێ و دەبێ حەوت شەوان لەسەر ئەم دۆشەگە کایە، بخەوێت.

مامان هەر هەمان جلوبەرگی ئاسایی خۆی لەبەرە و تاکە کەرەستەی مامانیشی قەڵەمبڕێکە کە پێی دەڵێن (چەقوولە)، زۆربەی جاران مامان خوێنی دەمی چەقولەکەی نەدەسڕیەوە، تا حەقدەستیان نەدابوایا، لە کوردەواریدا لەو خوێنەی سەر چەقۆیەکە دەترسن، چونکە دەڵێن لە ڕۆژی قیامەت، دەبێتە شایەتحاڵ کە حەقدەستی مامانت نەداوە. هەرچەندە هێندێك مامان خێرخوازانە پیشەی مامانییان دەکرد و چاویان لە بەخشیش و حەقدەست نەبووە. بە گشتی مامانەکانی کۆیە پارەیان لە خێزانە هەژارەکان وەرنەدەگرت.

(وەڵاش)ی منداڵەکەیان لە حەوشی ماڵەکە لە ژێر خاك دەشاردەوە، جاری واش بووە، مامانەکە لە گەڵ خۆی دەبرد و لە شوێنێك دەیشاردەوە. بۆ ناوکە بڕاوەکەش هەمان شت. بەڵام "لە هێندێك شوێن لە کوردستان، ناوکە بڕاوەکە لە پەڕۆیەك دەپێچن و دەیخەنە ناو ماڵی ناودارێك یان زانایەك تا منداڵەکەیان وەك وان دەرچێ."[1]

دوای ئەوەی کە دایکەکە بۆ حەفتەیەك لەسەر گونییە کایەکە دەخەوێ، وەك لە پیشەوە باسمان کرد، بە گەسك خۆڵ و خاشاکی ماڵەکە دەماڵن و هەمووی دەکەنە ناو کۆشی دایکەکە، ئەویش دەیکاتە ناو تەنەکەی زبڵ و خاشاك و لە گەڵ گونییە کایەکە فڕێدەدەن. ئەمەش بەو واتایەی کە هەرچی پیسیی و

---

(١) نرخ و بەهای لایلایەی دایك، پڕۆفیسۆر د. شوکریە ڕەسووڵ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٢، ل.١٧.

خراپیی ئەو ژنە هەیە لەگەڵ ئەو زبڵ و خاشاکە لە ماڵ وەدوور بنرێت و هەموو شتەکان خاوین و پاکژ ببنەوە. ئەم نەریتە تا نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو باو بوو، دواتر وەلاوەنراو وەك خورافەیەکی پووچ سەیرکراوە.

بۆ خواردن و خواردنەوە، بۆ منداڵەکە، نەختێ دوشاو دەکوڵێنن و یەك دوو دڵۆپە ڕوونی تێدەکەن، ئەمە پێی دەڵێن (مێوژووك)، تا شەو و ڕۆژێك تێنەپەڕێت، نابێ ئەو منداڵە شیری مەمکی دایکی بخوات. بۆ دایکەکەش حەلوای شەکری ئامادە دەکرێت، بەڵام دەوڵەمەندەکان هەنگوینی دەدەنێ.

یەکەم مەمکدان بە منداڵ، جاران لە کۆیە بەم شێوەیە بوو: دەیان گوت دەبێ منداڵەکە (٧) بانگی مەلای گوێ لێ بێ، جا دوای هەشتەمین بانگی مەلا، مامان مەمکی دایکەکەی جوان جوان بە ئاو دەشوشت ئەوجا منداڵەکە دەخستە بەر مەمکی دایکی.

لە دووەم ڕۆژدا، مامانەکە، بە ئاوی شلەتێن جوان جوان منداڵەکە دەشوات و دەستە جلێکی تازە و خاوینی دیکەی لەبەر دەکات. ناو لووت و گوێچکەکانی خاوین دەکاتەوە و بۆدرە بە لەشی دادەکات. تا چلەکانی سەدەی ڕابردوو لە کۆیە (بۆدرە) نەبوو. ژنان بۆ خۆیان بۆدرەیەکی خۆماڵیان دروست دەکرد: گڵەسەریان دەهێنا جوان جوان دەیان شوشتەوە و وشکیان دەکردەوە، دەبوو بە تۆز، ئەم تۆزەیان لە گەڵ گوڵە باغی وشککراوەی کوتراو تێکەڵ دەکرد. تا بۆنی خۆش بێت ـ بن باڵ و ناو گەلی منداڵیان پێ بۆدرە دەکرد.

بۆ چەورکردنی ناو گەل و لینگولەتەری منداڵ، تا چلەکانی سەدەی ڕابردوو لە کۆیە (وانزەنین) نەبوو، دایکەکە یان مامانەکە (شەمێو ڕوونی) بەکار دەهێنا. شەمێو ڕوون چییە؟ بە قەد گوێزێك بەزی مەڕییان دەهێنا و یەك دوو دڵۆپە ڕوونیان دەڕژاندە سەری و جوان جوان لە پارچوکە پەڕۆیەکی خاوێنیان گرێ دەدا. پێش بەکارهێنانی نەختێ بە ئاگر گەرمیان دەکرد تا چەوراییەکە دەگەیشتە دیوی دەرەوەی پەڕۆیەکە، ئەوجا بە ناو لینگ ولەتەری منداڵەکەیان دادەهێناو پێیان چەوردەکرد. کە وانزەنین پەیدا بوو، شەمێو ڕوون ڕەواجی نەما.

بۆ خواردنیش، منداڵەکە شیری مەمکی دایکی خۆی دەدرایە، ئەگەر دایکەکە شیری نەبوایە، ئەوا شیری چێڵ و مەڕ و بزنیان دەدایە. جاریش هەبوو ژنانی دراوسێ مەمکیان دەدایە. شیری قووتوو لە ساڵی (١٩٣٥) هاتۆتە شاری کۆیە و پێشتر نەبووە.

دایکەکە، خواردنی ئاسایی بۆ ئامادە دەکرا، بەڵام پتر خواردنەکان شلەمەنی بوون وەك شوربا، شیربرنج، نیسك و مجێورە وئاوگوشت و چەلاو....تاد.

لە ڕۆژی سێیەمدا، بەهەمان دەستووری ڕۆژی دووەم، مامان منداڵەکە خاوێن دەکاتەوە و جلکەکەی دەگۆڕی. هەمان شتی بۆ دایکەکەش دەکرد. ئەگەر دایکەکە نۆ بووك بوایە و نۆبەرەی بوایە، ئەوا بە بەرچاوی ئەو، مامانەکە دادەنیشیت و لەسەر لینگی خۆی ئەو فێرە مەلۆتکە پێچانەوە دەکرد. مامان تا ڕۆژی سێیەم لە لای ژنی زەیستان دەمایەوە. هەر لە ڕۆژی سێیەمیشەوە(جار هەیە زووتریش) تا حەفتەی دەچوو، بەم بۆنەیەوە، خزم و دوست و دراوسێ دەستیان دەکرد بە لەنگەری هێنانەوە.

لە کلتووری کوردەواریدا، بەشداری کردن و هاریکاری کردنی یەکتری لە بۆنە خۆش و ناخۆشەکاندا نەریتێکی باو و جوان بوو. بۆ نموونە بۆ منداڵ بوون و بووکهێنان لەنگەرییان دەبردەوە، (سفرە)ش بۆ پرسە بوو.

لەنگەری چییە؟ سینی بچووك یان گەورە پێی دەڵێن (لەنگەری)، بەڵام بۆخۆی ناوی جۆرە قاپێکی گەورە و پەلی نانخواردنە، پێش ئەوەی قاپی (بەلەم) پەیدا بێ لە کوردەواری بەکار دەهات. جا ئەو سینییە چێشتەی کە بۆ ماڵی بووك یان ماڵی تازە منداڵ بووی دەبەنەوە، لە کۆیە پێی دەڵێن (لەنگەری)، ئەویش دوو جۆرە: لەنگەری دەوڵەمەندان، نیوهۆقەیە و هی هەژارانیش (٣) ڕبە، هەمیشە پڵاوبرنجی سەر بە کشمیش و باوییە لەگەڵ گۆشتی مەڕ و مریشك و نان، یەك قاپی لەنگەری شلەشی لەگەڵە کە بە سەرێکی ئاسنجاوی نەخشاوی خۆی دادەپۆشرێت. میوە و شیرینی لەگەڵدا نییە. جا ئەم سینییە لەنگەرییە بە دەسرۆکەی تایبەت یان دەسرۆکەی بووکێ دادەپۆشرێت و لەسەر

سەری مێر منداڵێکی دادەنێن و دەیبەنە ماڵە دیاری کراوەکە. لەنگەری یەك قاپ برنج و یەك قاپ ترش (شلە) بوو، بەڵام کە قاپی بەلەمی فەخفووری پەیدا بوو، بوو بە دوو بەلەم برنج و یەك شلە. وارێککەوتووە بە یەك ڕۆژ دوو سێ لەنگەری بۆ یەك ماڵ بێتەوە. ئەم نەریتە تا حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ڕیزی لێ دەگیرا، دواتر بەرە بەرە نەما. ئێستا بە دەگمەن لەنگەریی بردنەوە ماوە. جیاوازی لە گەڵ سفرە لەوە دابوو کە قوماشی سەرپۆشی سفرە هەمیشە سپییە و خاوەن سفرە دەچێ لەگەڵ پرسەداراکان نان دەخوات.

هەر لەم ماوەیەشدا، جاران کە کوڕیان دەبوو گۆزەبانەیان بۆ دەکرد. گۆزەبانە کە (گوێزوانە) شی پێدەڵێن، واتا "شیرانی دان بۆ زارۆ کە خودا لە بیستن و گوتن بێ بەشی نەکا."[1] زۆربەری جاران مەڕ و گاجووتیان سەر دەبڕی و گۆشتەکەیان دەکردە خێر.[2]

لە ڕۆژانی دواتر تا ڕۆژی حەفتییە حەمام، دایك و خوشك و دراوسێ ئاگاداری دایکەکە دەبن و یارمەتی دەدەن مامانیش ئەگەر پێویست بێ سەردانی دەکات.

ئێستا، شەش نەریتی منداڵ بوون ماوە کە پەیوەستە بەم حەوت ڕۆژە و ڕۆژانی دواتر، کە دەبێ لێرەدا هەڵوەستەیان لەسەر بکەین، ئەمانیش بریتین لە:

- ناو لێنان.
- سونەت کردن.
- منداڵ خستنە ناو لانك.
- حەفتیەحەمام.
- دیاریی و بەخشیش.
- نەخۆشکەوتن.

---

(١) هەژار، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە،ل. ٧٠٩.

(٢) مەلا حەوێزاغای غەفووری حەوت سەر گاجووتی بۆ سەرداراغای کوڕی لە ساڵی (١٩٤٨) سەربڕی و کردیە گۆزەبانە و حاجی ئیسماعیلی مەلا هەینی بۆ محەمەدی کوڕە نۆبەرەی لە ساڵی (١٩٥١) حەوت سەر مەڕی وەك گۆزەبانە سەربڕی.

### - ناو لێنانی منداڵ:

جاران دوای لە دایك بوونی منداڵەکە ناوێکیان بۆ هەڵدەبژارد، کە زۆربەی جاران لە لایەن باپیرە و داپیرەوە دەستنیشان دەکرا، هێندێك دایك و باوکیش بۆخۆیان ناوێکیان بۆ منداڵەکەی خۆیان هەڵدەبژارد. جۆری ناوەکە تا ڕادەیەك ڕەنگدانەوەی خێزان و بنەماڵە و ژینگە و ڕووداوی سەردەمی خۆی پێوە دیار بووە.(کە لێرەدا باسی ئێمە نییە.). تا پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، مەلا بۆ ناولێنانی منداڵ (ئەگەرکوڕ بوایا) بانگێهشتی ماڵەوە دەکرا. زۆربەر جار دوای بانگی عەسر ڕێو ڕەسمەکە بەڕێوە دەچوو. سەرەتا لە ماڵەکە مەلا دەستنوێژی هەڵدەگرت و نوێژی دەکرد، دوای هێندێك قورئان دەخوێندن، ئەوجا (کەبار)ی لە بن گوێی منداڵەکە دەخوێند. کە ئەمانەی تەواو کرد، دەیگوت:" ئەوا ئەم ناوەم لەم منداڵەنا، خوایە ساڵحی بکەی و و پێو قدومی بە خێر بێت." پێشتر ناوەکەیان بە مەلاکە دەگوت. مەلاش دیاریی خۆی، کە زۆربەی جار کەلەقەندێك بوو، پێدەبەخشرا. دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتیی عیراق و هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول (١٩٦١) ناوی منداڵانی کورد زۆر گۆڕانکاری بەسەر داهات، چونکە بوونە هەڵگری پەیام و دروشم و ڕەمزی کوردایەتی و خەباتی نەتەوەیی، بە هەمان شێوەش دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١) و ژیانەوەی بیری ئیسلامگەرایی، دیسان ناوەکان تا ڕادەیەك گۆڕانکارییان بەسەر داهات بە گەڕانەوە بۆ ناوەکانی سەردەمی سەرهەڵدانی خەلافەتی ئیسلامی.[١]

### - سونەت کردن:

دەوڵەمەند و هەبووەکان لە حەفتەی یەکەمدا کوڕە تازە بووەکەیان سوونەت دەکرد، بەڵام جار بووە لەبەر کەمدەرامەتی و نەبوونیی، کوڕە هەژارەکان دوای چەند مانگان سونەتدەکران. لە شاری کۆیە چەند دەلاقێك ئەم کارەیان دەکرد، بەڵام ساڵێ چەند جارێکیش (سونەتچی) بە خۆی و جانتای دەستی لە شارەکانی تر دەهاتن، ئەوان

---

(١) لە قوتابخانەیەکی بنەڕەتی شاری هەولێر لە ساڵی(٢٠١٥) نزیکەی (٣٤) قوتابی لە یەك پۆلدا هەموویان ناویان (محەمەد) بوو.

بەسەر زۆربەی شارەکانی کوردستاندا دەگەڕان و پێیان دەگوتن (سەید). پرۆسەی سونەتکردنەکە لەماڵەوە ئەنجامدەدرا و بۆ چەند ڕۆژێك بۆ تیمارکردن (سەید) سەردانی دەکرد، ئەگەر ماڵەکە دەوڵەمەند و خێرەومەند بوایا، ئەوا چەند کوڕە هەژارێکی گەڕەکی لەگەڵ کوڕەکەی خۆی سونەت دەکرد. هەش بووە لە ماڵەوە ئاهەنگی دەگێرا، دەستەیەك دەفزەن دەفیان لێدەدا و گۆرانی دەگوتراو و سرووتی ئایینی دەخوێندرا و خەڵك کۆدەبوونەوە. بە گشتی ڕۆژی سونەتکردن خزم و خوێش کۆدەبوونەوە و خوان و سفرە دەڕازایەوە. کە منداڵەکە سونەتدەکرا، خوشك و براو خزم و دۆست نەختێ پارەیان دەخستە ناو باخەڵی منداڵەکە یان لە بۆیان دەخستە بن سەرین. بۆ ماڵە دەوڵەمەندەکان، لە کۆیە، بە تۆپ قوماشێکی تایبەتییان دەکردە دیاری، پێیان دەگوت (تاقە) کە لە بەغدا هاوردە دەکرا و ئاوریشمی تێدا بوو، بۆ جلکی ژنان و پیاوان دەبوو. حەقدەستی سونەتچی بە گوێرەی باروگوزەرانی خێزانەکە بووە. تا ساڵەکانی نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو هەر لە دەوری (یەك دۆلار) بووە.[1] هەبوو لە ڕۆژی سونەتکردنی کوڕەکەی خێری دەکرد. لە چارەکی کۆتایی سەدەی ڕابردوو سونەتکردن لە نەخۆشخانە و لەلایەن برینپێچەوە بوو بە نەریتێکی تازەباو و سونەتکردن لە ماڵەوە بەرە بەرە باوی نەما.

## - منداڵ خستنە ناو لانك:

دوای ئەوەی کە منداڵی تازە لەدایك بوو، بۆ ماوەی دوو ڕۆژ تا هەشت ڕۆژ، لەسەر بێژینگ دادەنرا یان دەخرایە ناو پووشینەی منداڵ، دواتر لە لانك دەنرا. جاران پووشینەی زۆر جوان و ڕازاوە هەبوو کە لە شێوەی بەلەمی بچووك لە پووش دروستدەکرا. ئەمەش سێ جۆری هەبوو کە هەموویان لە شارۆچکەی (پردێ) بە دەستی دروستدەکران: جۆرێکیان پووشی ئاسایی بوو لە هەموویان هەرزانتر بوو، جۆری دووەم پووشینەی ڕەنگاو ڕەنگ بوو، بەڵام جۆری سێیەم کە جوانترین و گرانترینیان بوو، قەفقەف پووشینەکە بە خەیاتەی ڕەنگاو ڕەنگ - وەکو چیغ - پێچرابۆوە و نەخش و نیگاری لەسەر کرابوو و گوڵینکە و ڕیشووە

---

(١) لە بری دینار، دۆلارم بەکار هێناوە، چونکە نرخی دینار زۆر گوڕانکاری بەسەر داهاتووە. لە ساڵی (١٩٧٠) سێ دینار یەك دۆلار بوو، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٥) (١٣٠٠) دینار یەك دۆلار بوو.

و جێ دەستی هەبوو بۆ هەڵگرتن. نرخیان تا نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو (٥٠ سنت بۆ یەك دۆلار) بوو.

### چۆن منداڵ یەکەم جار دەخرایە ناو لانك؟

دوای ئەوەی لانکەکە ئامادە دەکرا، ژنێکی ناسراو و خاوەن کەسێتی، یان خەسوو یان دایکی ژنەکە، لە ڕۆژێکی پیرۆزی وەك ڕۆژی هەینی یان ئەگەر ڕێککەوت لە ڕۆژانی جەژن، چاوەڕێان دەکرد تا مەلا بانگی نوێژی مەغریب دەدا، ئەوجا لەگەڵ بانگدانەکە، سێ جاران منداڵەکە دەخرایە سەر پشتی لانکەکە و دەریان دەهێنا و قورئانیان دەخوێند و بسمیلایان دەکرد. لە سێیەم جاردا دەیانخستە سەر پشتی لانکەکە و بە دەسترازە دەیانبەستەوە. خۆ ئەگەر دایکەکە نۆ بووك بوایە و نۆبەرەی بوایە، ئەوا ژنە کارامەکان، فێریان دەکرد چۆن لانك بەکار بێنێ و چۆن مەمك بداتە منداڵی ناو بێشکە.

خوێنەری ئازیز، ڕاستە بابەتەکەی ئێمە پەیوەستە بە پۆشاك، بەڵام چونکە زۆر پارچە و ئامراز و کەرەستە هەیە، پەیوەندی لەگەڵ چونیەتی ژیان و گوزەرانییەوە هەیە، کە باشترە بیانخەینە ڕوو. ناکرێ لەسەریان باز بدەین، چونکە پێناسەی پۆشاك فراوانترە لە جیهانی جلوبەرگ.

**لانـــك:**

کە (لانکە و بێشك و بێشکە و لاندك و دەرگوش و دەیدیك) یشی پێدەڵێن[١] مێژووییەکی کۆنی هەیە و لە کلتووری زۆر میللەتاندا کەرەستەیەکی بایەخدار بووە کە چەندین شێوە و جۆری هەبووە و لە گەڵ ڕۆژگاردا گۆڕانکاریی بەسەر داهاتوو و تا لە ساڵی (١٩٢٥) لە ئەمەریکا، بە گوێرەی یاسای مافی بەکاربەر، شێواز و چونیەتیی دروستکردنی بێشکە دیاری کرا، بۆ ئەوەی جوانترین خۆشیی و باشترین سەلامەتی بۆ منداڵ و دایکەکە مسۆگەر بکات.[٢]

---

(١) هەمبانە بۆرینە ل. ٩٢

(٢) https://en.wikipedia.org/wiki/Infant_bed

تاکو ئێستاش لە زۆر ماڵی کوردەواریدا لانك دەبینرێت. بە بەراوردکردنی لانکی کوردی لە گەڵ لانکی هێندێك میللەتی دیکە، دەبینین کە لانکی خۆمان شەقڵ و مۆری کوردەواریی پێوەیە، هەم لە دروستکردن و جۆری دارەکەی، هەم لە شێوازی کەرەستەی ناو لانکەکە و چونیەتیی بەستنەوە و بەکارهێنانی لانکەکە.

**هۆکاری داهێنان و بەکارهێنانی لانك لە ناو کوردەواریدا، بە تایبەتی لە سەردەمەکانی پێشوودا بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:**

- جاران خانووەکان لە خشت و قوڕ دروستدەکران و زەوییەکان خۆڵ و گڵ بوون، بۆ دورخستنەوەی منداڵ لە تەپوتوزی خۆڵ خۆڵەپۆتەی سەر عاردی، ناو لانك باشترین جێگە بوو.

- شێوازی ماڵ گەرمکردنەوە بە ئاگردان و مقاڵە و سۆبەی دار بووە، کە هەمیشە چڕە دوکەڵی زۆریان هەبووە، داپۆشینی لانك بە سەرپۆشی باش، هەوای پاك دەپارێزێت و دوکەڵیش کەمتر دەچێتە نێو سییەکانی منداڵەکە.

- جاران جڕوجانەوەر و مار و دوپشك و مێش و مەگەز زۆر بوون، جا لانك لە زۆر مەترسی ئەو بوونەوەرە زیانبەخشانە منداڵ دەپارێزێ.

- ڕاژاندن و جولانەوەی بە ریتم و یەك شێوازی، یارمەتی مێشك دەدات، زووتر بچێتە قوناغی خەوتنەوە، وەك هەژاندن و هەڵبەزودابەزینی ئۆتۆمبیل، ڕاژاندنی لانك منداڵ بە ئاسانی دەخەوێنێ.

- لانکی پاك و خاوینی خاوەن دایکی بەمشوور، تەندروستی منداڵ دەپارێزێ بە تایبەتی لە میز بەخۆداکردن و دەستبردن بۆ خۆڵ و خاشاك و شتی ناتەندروست.

- ژنان لە کومەڵگەی کوردەواریی جاراندا، شەو و ڕۆژ ئیش و کار و فرمانێکی زۆریان لەسەر بوو کە دەبوو جێبەجێی بکەن، لانك ئەرکی لەباوەش کردنی منداڵەکەی دەکەوتە ئەستۆ، تا دایکەکە باشتر ئیش و کارەکانی ڕاپەڕێنێ و هەمیشەش لێوەی نزیك بێت.

ئیمڕۆ دەزگا تەندروستییەکانی سەردەم، لانکی کوردەواری بە شتێکی تەندروست نازانن وپەسندی ناکەن، ژنانی بە مشوور و کارامەش دەزانن، خراپ بەکارهێنانی بێشکە هێندێ جار زیانی زۆری هەیە، بۆی هەیە ببێتە هۆکاری ئازار گەیاندن بە منداڵەکە و تەنانەت لە هێندێ حاڵەتیشدا گیان لە دەستدانی منداڵەکە. وەك شوڕبوونەوی سەری منداڵەکە بە لایەکی لانکەکەدا، یان خزینی دەسترازەی سەر سینگ بۆ سەر ملی منداڵەکە وخنکاندنی، یان کەوتنی لانك بەسەر لایەکیدا، یان سووتانی لانك یان سەرپۆشی لانك ئەگەر لە ئاگر نزیك بێ، یان پیسیی و پند و ئەسپێی لانکەکە دەبێتە هۆکاری زۆر نەخۆشی.. تاد. جاران لە شاری کۆیە، دارتاشەکان دوو جۆرە لانکیان دروست دەکرد:

- **لانکی دۆمانە:** وایان پێدەگوت چونکە، شێوەکەی سادە و ساکار و کەم مەسرەف بوو، وەکو لانکی دۆمان وابوو. زۆر جاریش شاگردە دارتاشەکان دروستیان دەکرد، نرخەکەشی هەرزان بوو.

- **لانکی ڕادایی:** کە دەستکردی وەستا بەناوبانگەکانی کۆیە بوون، ئەویش دوو جۆری هەبوو: لانکی ڕەنگاو ڕەنگ، کە بە بۆیەی ڕەنگ زیوینی و زێرینی بریسکەدار نەخش و نیگاری زۆر جوانیان لەسەر قووشەلانك و لاتەنیشتەکان و سەرکەوانەکان دەکرد. بەڵام لانکی خولخولەدار، لە کەوانەی پشت سەر، چەند ڕیزە تیرەیەك هەبوو بە قەبارەی تیرۆك، هەر تیرەیەك چەند بازنە دارێکی تێهەڵکێشرابوو، لە کاتی ڕاژاندن دەنگ و ئاوازێکی خۆشی ساز دەکرد. نرخی لانکی ڕادایی لە ساڵی (١٩٤٥) بە یەك دینار بووە (کە یەك مسقاڵ زێری پێدەهات.).

لانکی کۆییانە، لە (١٧) پارچە دار پێك هاتووە، کە لە دار بی وئەسپیندار- چونکە سووك و خۆڕاگرن - دروستدەکرێت، وەك لە وێنەکە دیاری کراوە، ئەمە ناوی پارچەکانە: ( یەك سەر لانك، (٣) قووشەلانك، (٢) کەمە یان کەوانە، (٢) تەنیشت، (٤) پێچك، (٢) داوەرە، (١) سەرینە، (١) پێیینە، (١) ناولانك. وەستا سوورەی نەجار، وەستا حەمەدەمینی نەجار، وەستا عومەری نەجار، وەستا

کەمالی حەمەد بەگی نەجار، وەستا سابیری نەجار، وەستا سەعیدی نەجار، وەستا حەمە شەلی نەجار، لە وەستا بەناوبانگەکانی لانك بوون لە دەرووبەری نیوەی سەدەی ڕابردوو لە کۆیە.(بڕوانە وێنەی لانك).

لانکی کۆییانە بەوە لە لانکی هەولێرییانە جیا دەکرێتەوە، کە ئاوزێڕ نەخش و نیگاری جوانی لەسەرە، ئەمەیش هونەر و زەوقی دارتاشەکان نیشان دەدات، کە لە کۆنەوە وەستایەکانی ئەم شارە بایەخیان بە هونەری شێوەکاری داوە. جیاوازیشی لە گەڵ لانکی دۆمانە ئەوەیە، دار سەرلانك بە قایش و کەوانە (لە جیاتی ئامێری تۆڕنەی ئیمڕۆ)، نەقش و خەت و دیزاین دەکرا، هەرچی سەرلانکی دۆمانەیە، دارێکی هاکەزایی لووسکراوە بێ هەڵکەندن و نەخش و نیگار.

لە ساڵی (٢٠٠٠)ەوە، دارتاشەکان شێوازی لانکیان گۆڕیوە بە بەکارهێنانی داری کەپسکراو و دیزاینی نوێ، بەڵام وەك لانکی قەدیمی پراکتیکانە نییە بۆ دایك و بۆ کۆرپە. نرخی بێشکەی باش دەگاتە (٤٠ ـ ٥٠) دۆلار. لانکی پلاستیکیی و خۆ هەژێنەریش لە دەرەوە هاوردە دەکرێت.

## چۆن ناو لانك ئامادە دەکرێت؟

بۆ نۆبووك و نۆبەرە، دایکی بووك، لانك دەکڕێ و و کەرەستەکانی بۆ ئامادە دەکات. لە کوردەواریدا، هێندێك دایك لانکی خۆی دەکاتە دیاری بۆ کچەکانی وەك شتێکی موتفەڕك. یان دوای ئەوەی کە ژنێك حەوت هەشت منداڵ بە لانکەکەی بەخێو دەکات و لە زگان دەوەستێ، لانکەکەی بەخێر دەبەخشێتە هەژاران. لانك خواستنەوەش هەبوو، کە زانیویانە خاوەنەکەی جارێ پێویستی پێ نییە.

**ئەمانە کەرەستە پێویستەکانی لانکن:**

- **بنلانـك:** لانك نزیکەی (٥) سانیم قووڵە، جا پێش ئەوەی دۆشەگۆڵەی لەسەر دانێن، بنلانکێك دەخەنە ناو لانکەکە کە بریتییە لە کیسەیەکی دوورواو بە قەد درێژیی و پانی لانکەکە، ئەو کیسەیە لەسەر باریی درێژییەکەی پڕ دەکرێت

لە گەسکی بەکارنەهاتووی خاوێن، ئەوجا سەری کیسەکە دەدوورن و لە ناو لانکەکەی ڕادەخەن. سوودەکانی ئەوەیە ناو لانکەکە بەرز دەکاتەوە و نەختێکیش لە تەختە ڕەقەکەی خۆشترە و ئاویش هەڵدەمژێ.

- **دۆشەگۆڵەی ناو لانك:** کە لە لۆکە دروست دەکرێ و قەبارەکەی بە قەد لانکەکەیە و قەمامەی لێدراوە و دوو بەرگی تێ هەڵکێشراوە، بەرگی ناوەوە، نەگۆڕە و هەمیشەییە، بەڵام بەرگەکەی تر کە نەرم و جوانە لە کاتی پێویست لە دۆشەگۆڵەکەی دادەماڵن و دەیشۆن یان دەیگۆڕن.

- **بـالیفـۆکە:** ئەویش لە لۆکە دروست دەکرێ ناوەندەکەی قوماشێکی سپیی نەرمە و هەردوو لا تەنیشتەکانی کە سەری ناکەوێتە سەر، بە قوماشی ڕەنگاو ڕەنگ و گوڵدار و سادەی جوان دادەپۆشرێت. ئەمەش بەرگی هەیە بۆ گۆڕین و شتن.

- **سەردۆشەگ:** جاران نایلۆن نەبوو، لە کوردەواریدا ژنان بۆخۆیان شتێکیان دروستدەکرد کە ڕۆڵی نایلۆنی دەبینی لە پاریزگاری کردنی دۆشەگۆڵەکە لەوەی میزی برژێتە ناو. دوو پارچە خامی خاوێنیان دەهێنا کە هەر یەکێکیان نزیکەی (٣٠ بە ٤٥)سانتم دەبوو، لە مەقلییەکدا هێندێ شەمێیان دەتوواندەوە و دەیانکردە سەر یەکێك لە پارچە خامەکان و جوان جوان بڵاویان دەکردەوە، ئەوجا پارچە خامەکەی تریان دەخستە سەر و لەسەر دۆشەگۆرلکە ڕایان دەخست. ئەو شەمێیە ڕێگر بوو لەوەی میز و شتی تر بدزێتەوە.

- **دەســرازە:** هەر لانکێك جوتێك دەسرازەی هەیە بۆ پێچان و بەستنەوەی منداڵەکە لە نێو لانکەکە بەکار دێ. دەسراوە لە (٤) بەش پێك هاتووە (بڕۆانە وێنەی دەسرازە).

- **دامێن:** کە لە قوماشی ئاسایی دروستدەکرێ، دە سانتیم پانە و نزیکەی بیست سانتیمش درێژە، بەشی خوارەوەی وەك دۆخین، پەتێکی تایبەتی تێ هەڵدەکێشرێت، کە پێی دەڵێن پەتۆکە.

- **سەر سینگە:** لەبەشی سەرەوەی دامێن دەدووروێت و نەخش و نیگار و چنینی جوانی تێدا دەکرێت، نەرمە چونکە یەکیان دێتە سەر سینگ و ئەوەکەی دیکە دێتە سەر کڵاوەی چۆکەکانی.

- **دەسترزاه:** لە شێوەی گوریسی پانە، بە دەستی لە دەزووی ڕەنگاوڕەنگ دەچنرێت، پانییەکەی سێ سانتیم و درێژییەکەی نزیکەی سێ مەتر دەبێت، بە دوورمان لە خوارەوەی سەرسینگ دەبەسترێت. کۆتاییەکەی لە دەوری سەرلانك وەکو پشتێن، بە چەند پێچێك قایم دەکرێ.

- **گوڵینگە:** چەند گوڵینگەیێکی جوان و بە قەد هەرمێێك دەبێ، لە سەری دەسترازەکە دەهوندرێتەوە و بە سەرلانکدا شۆڕدەبیتەوە.

- **پەتۆکە:** ئەو داوە یان کشتەکە ئەستوورە بادراوەیە کە لە دامێنی دەسترازە هەڵدەکێشرێت وهەر سەرێکی بە دار پێچکەی لاتەنیشتێکی لانکەکە قایم دەکرێت.

- **لێفۆکە:** کە بۆ داپۆشینی مناڵەکە بەکار دێ و قەبارەکەی لە گەڵ لانکەکە دەگونجێ. لیفدرۆ دروستی دەکا.

جاران هێندێك دایك دەسترازەیان بۆ کچە بە شوودراوەکانیان دروست دەکرد، ژنی دەسترەنگینیش هەبوو لە ماڵەوە دروستی دەکرد و دەیفرۆشت.

- **سەرپۆش:** بەسەر هەردوو لای سەرلانکدا دێتە خوارەوە تا نزیك زەوی، هاوینان قوماشی تەنك و زستانانیش جۆری گەرم و ئەستوور بە کاردێ. جار هەیە چارۆگە یان جاجمیش دەکرێتە سەرپۆشی لانك.

- **بلوول:** بۆ ئەوەیە میزی منداڵەکە لە قوتوولەیەك کۆکاتەوە. ئەویش دوو جۆرە، هەیە لە قامێشی ئەستوور بە درێژی (٣٠) سانتمێك دروست دەکرێ، هەشە لە شێوەی دارقەنە، دارتاش دروستی دەکات. سەرێکی بلوول شەمێی لێ دەندرێ بۆ ئەوەی ئەندامی منداڵەکە ئازاری پێنەگا. تەنیا ژنە کارامەکان دەزانن شەمێ بۆ منداڵی کوڕو کچ لە بلوول بنێن. سەرەکەی دیکەی بلوولەکە بۆ ناو قوتوولەی میز شۆڕدەبێتەوە.

- **بلوول پێچ:** پارچە قۆماشێکە لە بلوولەکە دەپێچرێت تا لینگ ولەتەری منداڵەکە ئازار نەدا.

- **قوتوولەی میز:** بە دوو قولابە وداوی دەزوو لە لای ڕاست و چەپی کەمەی خوارەوە جێگیر دەکرێت و سەری بلوولەکەی دێتە ناوی. ڕۆژانە لێ دەکرێتەوە و بە تاڵدەکرێ. قەبارەی قوتوولەکە بە قەد لەپی دەستێك پان و درێژ دەبێ و چوار سانتیمێك ئەستوور دەبێ، لیرە و لەوێ پەیدای دەکەن چونکە ناکرِدرێت.

- **ملەوکانەی سەرلانك:** لە مت و موور و گۆشە گوێی ماسیی بە شێوە و قەبارەی جیاواز و لەپکەی ڕەنگاو ڕەنگ و زەنگیانە هونراوەتەوە بە دارسەرلانك لەسەر سەری منداڵەکە شۆڕ بۆتەوە. لە گەڵ ڕاژاندنی لانکەکە دەجوولێتە و دەنگی خۆشیی لێوە دێ، کە دەستی منداڵیش لە دەسترازە دەهێنە دەرەوە، بۆ خۆی گەمەی پێدەکا. جار هەیە نوشتەش لەگەڵ ملەوکانەکە دەبەستن یان بە سنجاق لە گۆشەیێکی سەرینەکەی دەدەن.

- **لینگ پێچ:** سێ پارچە قوماشی نەرمی سێگۆشەییە زۆربەی جار سپییە، درێژی هەر لایەکی (٣٠ تا ٤٠) سانتیم دەبێت، بە شێوازی تایبەت و بە لێزانی لە دەوری لینگ ولەتەری منداڵەکەی دەپێچن تا بلوول ئازاری نەدا.

- **دەسماڵ:** هێندێك دایك دەسماڵێکی پاك و خاوێن بە سنجاق لە نزیك سەرینەکە دەبەستێ بۆ پاکردنەوەی دەم و لووتی منداڵەکە.

**چۆن منداڵ لە ناو لانك دەپێچرێت؟**

دوای ئەوەی، هەموو کەرەستەکانی ناو لانك بە پۆشتەو پەرداغی دادەنێن، هەردوو دەسترازەکە، سەر سینگ و سەر لینگ دادەماڵن تا جێگەی منداڵە ببێتەوە. دایکەکە بە هەردوو دەستی ناوقەدی منداڵەکە دەگرێ و لەسەر پشت درێژی دەکات و هەردوو قاچەکانی ڕێك ڕێکدەخات، دوای ئەوەی سێ لینگ پێچەکەیان تێدەئاڵێنی کە زووتر نەخێکی گەرم کردوون، بلوولەکە کە بە بلوول پێچ پێچراوە، لە شوێنی خۆی دادەنێ، یەکەم جار دەسترازەکە دەهێنێتە سەر کڵاوەی چۆکی و گرێی سەر لانکەکە نەختێ توند دەکات، ئەوجا سەرسینگەکە ڕادەکێشێتە سەر سینگی منداڵەکەو هەر دوو دەستی جوان بە ڕێکی لە تەنیشت خۆی جفت دەکا و ئەو دەسترازیەش توند دەکا، پێش ئەوەی لێفۆکە، یان بەتانی

پێدا بدا، دەسترازەکان گورچتر دەکات و گرێیەکان یەکجاری توند دەکات. ئەم گرێدانەش شێوازی خۆی هەیە و دەبێ وا ئەنجامبدرێت شل نەبێتەوە و نەکرێتە. ئەوتەنیشتەی لانك کە ڕووی لە دایکە کراوەیە و، ئەو دەتوانێ بە ئاسانی مەمك بداتە منداڵەکەی، کە منداڵەکە پێچرایەوە سەرپۆش بە سەر هەردوو لای لانکەکەدا دێتەخوارەوە تا لە مێش و مەگەز و تۆزو خۆڵ بیپارێزێت. منداڵ لە حەوت ڕۆژییەوە تا دوو ساڵی لە لانك دەندرێت.

**ڕەنگدانەوەی لانك لە ناو فۆلکلۆری کۆیەدا:**

چونکە دەڤەری کۆیە دەوڵەمەندە بە فۆلکلۆر و کلتووری میللی، لانك لە پەندی پێشینان ومەتەڵ و لایلایە و سەردولکە و بەیت و بالۆرە و گۆرانی ڕەنگیداوەتەوە. ئەم لایلایەیە کە هی دەڤەری کۆیێیە، نموونەی خۆشەویستیی و دڵسۆزیی ژن بۆ هاوسەرەکەی نیشان دەدات:

لایـــلایـــە ڕۆڵـــە لایـــلایە
هاوارەکی دەبەمە بەر خودای
یـــەکی بـــەر پێغـــەمـبـــەرێ
دەرکەی لـــە بـــابی لانکـــێ
بکاتەوە لەوانـــی چـــل کلیلێ

❊ ❊ ❊

لایــــلایــــــە ڕۆڵـــە لایـــلایــــە
لایلایـــەکی دەکەم بـــە تورکومـــانی
بابی لانکێم سەر نەنێتەوە بەنەوجوانی.

❊ ❊ ❊

لایلایـــە ڕۆڵـــە لایـــلایـــە
لای لایەکی دەکەم بە دەلیلی
هانایەکی دەبەمە بەرخـودای

بـــه جـــبرائيــل خـــه‌ليلی
لـــه بـابـی لانکێ بکاته‌وه
ده‌رگایه‌کی له‌وانی چل کلیلی

* * *

لایلایـــــه ڕۆڵــــــه لایـــلایــــه
لایلایه‌کی ده‌که‌م به لایلاییکه‌ران
هانایه‌کی ده‌به‌م به‌ر خوا دووه‌مین به‌ر پێغه‌مبه‌ران
بابی لانکێم لۆبێته‌وه له هه‌موو سه‌فه‌ران
لایلایـــه ڕۆڵـــه لایـــلایـــــه[١]

* * *

**- حه‌فتیه حه‌مام:**

چونکه جاران گه‌رماوی ماڵان نه‌بوو، خه‌ڵك هه‌ژار و ده‌وڵه‌مه‌ند، ژن و پیاو، ده‌چونه گه‌رماوی گشتی بۆ خۆشتن. له کۆیه چه‌ند گه‌رماوێك هه‌بوو به ناوه‌کانی: حه‌مامی پیسکان، حه‌مامی حه‌سه‌ناغای، حه‌مامی ناوه‌ندێ، حه‌مامی جه‌مهوری، حه‌مامی وه‌ستا حوسێنی نه‌جار. له ساڵی (٢٠١٥) یه‌ك حه‌مام له کۆیه ماوه به‌ناوی (حه‌مامی زانکۆ).[٢] تا حه‌فتاکانی سه‌ده‌ی ڕابردوو، له کۆیه حه‌فتیه حه‌مام که تایبه‌ت بوو به منداڵ بوون و (سێ ڕۆژان) که تایبه‌ت بوو به بووکان، دوو بۆنه‌ی کۆمه‌ڵایه‌تی پڕ هات و بات و خۆشیی بوون. له‌گه‌ڵ ڕۆژگاردا و دروستکردنی حه‌مام له خانوه‌تازه‌کاندا ئه‌م بۆنانه وه‌لاوه نران و به‌ره به‌ره له‌بیر چوونه‌وه. مه‌راسیمی حه‌فتیه حه‌مام له کۆیه به‌م جۆره بوو:

ڕۆژێك پێش حه‌فتیانه، ماڵه منداڵ بووه‌که هه‌موو ئه‌و که‌سانه ده‌عوه‌ت ده‌که‌ن بۆ هاتنه حه‌مام که ده‌ست و دیارییان بۆ هێنا بوون، ئه‌مه جگه له هه‌موو خزم و

---

(١) زبیده‌ی حاجی عه‌بدوڵڵای که‌بابچی، ته‌مه‌ن (٨٦) ساڵ، کۆیه، ٢٢ / ٣/ ٢٠١٦.

(٢) له ساڵی (١٩٩٥) مامۆستا به‌هرامی وه‌ستا عه‌بده‌ی ئاسنگه‌ر، بۆ خوێندکارانی زانکۆ و په‌یمانگایه‌کانی کۆیه ئه‌م حه‌مامه‌ی کردوه.

زۆربەی دراوسێییەکان، جاران خەڵك هەژار بوون، نەیان بوو زوو زوو بچنە حەمام، بۆیە چاوەڕوانی بۆنەیەکی ئاوا بوون. هەر لەم ڕۆژەدا هەموو پێویستییەکانی حەمام لە سابوون و کەرەستەی تر دەبوایا ئامادە بکرێت. یەکێکیشیان دەنارد بۆ حەمام تا مامەڵە لە گەڵ حەمامچیدا بکات، ئەمە بۆ منداڵ بوون و بووکان نەریت بوو، نرخەکەشی لە نێوان یەك دینار تا دوو دینار بوو( یەك دینار یەك مسقاڵ زێری پێدەهات). لەگەڵ نیو قەندە شەکر بۆ حەمامچی و نیوەکەی تدیکەشی بۆ ناتر. بەڵام مامان دەبوایا پارە و قەندەشەکر و جلکیشی بدرێتێ.[١]

ڕۆژی حەفتیانە، ناتر ئامادە دەبێ بۆ هەڵگرتنی بوغچە و کەلوپەلی حەمام، هەموو بانگهشتکراوەکان لە ماڵی ژنە ئامادە دەبنەوە بە یەکەوە لەگەڵ مامانەکە، بە پێیان بەرە و حەمام بەڕێدەکەون، منداڵە مەلۆتکەکە لە ماڵ بە کەسێك دەسپێرن. کە گەیشتنە حەمام، ماڵی منداڵ بوو قالبە سابوونێك دەداتە هەر ماڵێك کە لەگەڵیدا هاتوون.

پێش شوشتنی دایکە زەیستانەکە، مامانەکە قاپێك یان جامێك خەنە و زەنجەفیل دەگرێتەوە و لە هەموو لەشی ژنەکەی هەڵدەسووی لە تەوقی سەری تا قاچەکانی، جا دوای خووسانەوە و شوشتنی، سەر و مل و دەست و قاچی ژنەکە لە شێوەی مەساژکردن، جوان جوان دەشێلێ، بەم شێوەیە دوای خزمەتکردنی دایکەکە بە مامان و ناترەوە بوغچە تێکدەنێن و هەموویان دەگەڕێنەوە ماڵی دایکەکە، بجگە لە ناترەکە کە دوایی بوغچەکە دەهێنێتەوە و نان دەخوا. لەماڵەوە سفرەی نانی نیوەڕۆ ئامادەکراوە. ماڵە هەژارەکان لەسەر تریانەی پەل (تەیکە) نانی کولێرە بەڕوونی کۆییانە دەبەشنەوە و بە چاوە دەیخۆن، بەڵام هەبوو و دەوڵەمەندەکان چێشت و خواردنی باشتر ئامادە دەکەن. هەیە لە حەفتییانە خێر دەکات، دوای حەفتییانەش مامان ناوە ناوە هەر سەردانی دایکەکە دەکات و جار هەیە لە چلەش لەگەڵیدا دەچێتەوە حەمام.

---

(١) کە ژنی شەهید دکتۆرخالیدی حەمە سەعیدی نۆبەرەی بوو، هەمینەخانی حەمە سەعیدی حاجی سابیری دەستە جڵکێکی بۆ مامانەکەی کرد کە یا ڕابیعەی سابیری حەلێ بوو، بایی دوو مسقاڵ زێر بوو. شەهید دکتۆر خالید کوڕی خوشکی هەمینەخان بوو.

تا حەفتایەکانی سەدەی ڕابردوو، مامانانە لە نێوان یەك تا سێ دینار بوو، بێگومان ماڵە دەوڵەمەندەکان پتریان پێدەدا. جگە لە قەندەشەکر و سابوون و جلك. سەرناوکانەشی وەردەگرت، واتا خزم و دۆستی دایکەکە بڕێك پارەیان وەك بەخشیش بە مامانەکە دەدا کە لە نێوان (١٠٠ تا ١٥٠) فلس بوو.[١]

- **دیاریی و بەخشیش:**

ئەو دیارییەی بۆ منداڵ و دایکەکە دەهات، بە پێی باروگوزەرانی دیاریی بەخشەکە دەگۆڕا، بەگشتی دیارییەکان بریتی بوون لە: نەقدینە پارە، جیناحی زێڕ و زیو، سێ پلپلەی زێڕ، ماشاللەی زێر، پاوانەی زێر، شەشگور، لەپکە، زەنگیانەی ڕەش و سپی بۆ بازنی دەست و پاوانە. پاوانەی زێڕ، پاوانەی زیو، (٣) مەترە قوماشی سلك و روحلحەیات، ددانە ڕێویی لە زێڕگیراو و پلپلەدار.[٢] هێندێك منداڵ دیاریی زۆری بۆ دەهات بۆیان هەڵدەگرت تا گەورە دەبوو.

- **نەخۆشکەوتن:**

لە جێ خۆیەتی ئاماژە بە هێندێك لە ئەرك و کارەکانی دیکەی مامانی جاران بکەین:

- ئەگەر منداڵەکە نەخۆش بکەوتایە، ئەوا قەنداوی بۆ دەکرد، کە گیای گوڵاوی تایبەتی خۆی هەبوو.

- چاوی منداڵەکەی ڕەشدەکرد.

- مەرهەمی تایبەتیی خۆی هەبوو، بۆ تیمارکردنی زام و برینی لەشی دایکەکە ـ گەر هەبوایە ..

---

(١) تا حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، یەك مسقاڵ زێر بە (یەك دینار بوو،دینار ١٠٠٠) فلس بوو.

(٢) نرخەکانیان ساڵی (١٩٤٧): ٣ جناح ١ دینار، ١ ماشالله ٢ دینار، ١ پاوانەی زێر ٣ دینار، ١ شەشگور ٣٥٠ فلس، ١ لەپکەی شینی لەزێڕگیراو ١ دینار، ١ ددانە ڕێویی لەزێڕگیراو ١ دینار، ٣ مەتر قوماش ٥٠٠ فلس) بوو.

**هێندێك لە نەخۆشییەکانی منداڵ و دایکەکە، جاران، بەم شێوەیە چارەسەر دەکران:**

- **بەبۆنکەوتن:** شیری تەڕی دایکێکی تازە منداڵ بوویان سێ جاران دەدا بە منداڵە بەبۆنکەوتووەکە و چاك دەبۆوە.

- **ترس دەرکردن:** ئەمە بۆ منداڵی هەراشتر بوو، یەکێك منداڵە ترساوەکە لە ناوکۆشی خۆی دادەنێ، یەکێکی دیکە جامە ئاوێك لەسەر سەری منداڵەکە ڕادەگرێ، کەسی سێیەم (٧) پشکوئاگر، هەر جارەی پشکۆیەك، دەخاتە ناو ئاوەکە، دەڵێن:" ئەوە چ دەکەی؟" پشکۆ بەدەستەکەش دەڵێ:" ئەوا ترس لەم منداڵە دەردەکەم."

- **مانگکرتن:** کە منداڵ چاوی بە منداڵی مانگکرتوو بکەوێ، ئەویش مانگ دەگرێ، نیشانەکانی ئەوەیە منداڵەکە دەڕشێتەوە. چارەسەرەکەی ئەوەبوو: بۆ شەو و ڕۆژێك مەرهەمێکیان دەختستە سەر پەڕۆێك و لە سەر و مێشکی منداڵەکەیان دەنا و کۆچکیان لەسەر دەبەست. ئەو مەرهەمە لە داندۆکی کوتراو دروستدەکرا. ئەمە دوو جار دوبارە دەکرایە و دواتر خەنە و زەنجەفیل و ڕوونیان لێدەدا و دەیان شووشت.

- **گەشکەگرتن:** دەست و پێی خواردەبێت و لەهۆش خۆی دەچێ، زۆر ترسناك بوو، هێندێ جار منداڵەکە پێی دەمرد، نووشتە و دوعایان بۆ دەنووسی لە لای شێخ و سەید.

- **ئـــاگرۆکە:** زیپکەی دەم و چاوە، دەرمانی گیراوەی کوردەواری هەبوو بۆ چارەسەر کردنی یان دەچوونە لای شێخ و مشایەخان.

- **خــەرکانــە:** نەخۆشییەکی منداڵانەیە لە شێوەی نەخۆشیی پێست بڵاودەبێتەوە نابێ کەس جلوبەرگی منداڵەکە و دایکەکە بەکار بێنێ. بۆ چارەسەر ئەو شوێنەیان داغدەکرد کە تووشی ئەو نەخۆشییە دەبوو.

- **کەچەڵی:** بە ڕەشی کەرەکێ، کە جۆرە گیایێکە لە شێوەی تاڵیشك، بە وشککراوەیی تێکەڵ بە ماست دەگیرێتەوە و لەسەری کەسەکەی دەدەن، یان تەپاڵتەی لە قیر و چەند دەرمانێك دەخەنە سەرسەری، دوای ماوەیەك لێی دەکەنەوە.

داب و نەریتی ناشتنی منداڵی مردوو، ئەگەر تەمەنی یەك سەعاتیش بوایا، کتومت وەکو ناشتنی گەوران بوو، دەشوورا و کفن دەکرا، بەڵام تەلقین نەدەدرا. ئەگەر منداڵە لە دایك بووەکە (عاجباتی)، واتا نائاسایی و شێواو، بوایە، ئەوا دایان دەنا تا گیانی دەردەچوو ئەوجا دەیان ناشت..

تا کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو، ئەو دایکەی سێیانەی ببوایا، ئەوە حکومەت مانگانە، مووچەی بۆ مناڵەکان و دایکەکە دەبڕییەوە.

دوا وتەی ئەم بڕگەیە، لە دوای حەفتایەکانی سەدەی ڕابردوو، منداڵ بوون و پۆشاك و کەرەستەی مەلۆتك گۆڕانکاریی زۆری بەسەر داهاتووە و ڕووە شارستانییەکەی سەردەمی پێوە دیارە، دایکە دووگیانەکان هامۆشۆی دکتۆران دەکەن و لە نەخۆشخانە منداڵیان دەبێت و بۆخۆیان زۆربەی کەرەستە و پێوستییەکانی کۆرپە، بە گوێرەی باری بژێویی و توانایی داراییان جێبەجێدەکەن و داب و نەریتە کلتوورییەکان تا ڕادەیەکی زۆر کاڵ بوونەتەوە، تەنانەت هەیە حەز دەکات بە نەشتەرگەری منداڵی ببێت نەك بە شێوە سروشتییە ئاساییەکە.

## قۆناغی دووەم : لە یەك ساڵییەوە تا پێنج ساڵی

**بۆ ڕاستگۆیی و ئەمانەتی زانیارییەکان، پێویستە ئەم دوو خاڵە لەبەر چاو بگیرێت:**

**یـــەك:** ئەم کتێبە پتر دەربارەی ئەو پۆشاك و کەلوپەل وکەرەستانەی کە زۆرینەی خەڵك بەکاریان هێناون و لەسەردەمی خۆیاندا، بەسەر سیمای شار و بازاڕدا زاڵ بوون، چونکە هەمیشە ئەم جۆرە بابەتە تایبەتمەندیی هەیە، بە گوێرەی ئاستی بژێووی و ئابووریی خێزان، واتا ئەوانەی لە بنەماڵە

دەوڵەمەند و خواپێداوەكان بوون هەمیشە لە هەموو ڕوویێكەوە جیاوازییان هەبووە لە گەڵ چینی خوارخۆیان.

**دوو:** ئێمە هەوڵ دەدەین، بۆ بەئەرشیڤكردنی زانیارییەكان، پتر ڕۆشنایی بخەینە سەر، سەردەمانی پێش پەنجاكان و شەستەكان و حەفتاكانی سەدەی ڕابردوو. بۆچی؟ چونكە گۆڕانكارییەكانی دوای ئەو سەردەمانە تا ئێستا لەبەر چاون و دەیانزانین. واباشترە زانیارییەكانمان لەو بابەتانەدا چڕ بكەینەوە كە نەوەی ئیمڕۆ پێی ئاشنا نییە چونكە یان ئەوەتا شتەكان نەماون یان گۆڕانكارییان بەسەرداهاتووە.

لە باسی مەلۆتكەدا، ئاماژەمان بە جلوبەرگ و پێویستییەكانی كرد. تا ساڵێك ئەو منداڵە هیچ جلوبەرگێكی نوێی بۆ نەدەكرا، بەڵام دواتر چونكە هەراش دەبوو جلكی دیكەشی بۆ دەكرا.

### جلكی كچان تا دەبوونە چوار ساڵان:

بریتی بوو لە كراسێكی ئاسایی پێیان دەگوت(عەزیزییە)، لە قۆماشی ئاسایی دروست دەكرا، بەشی خوارەوەی لینگیان بەدەرەوە بوو، هاوینان (تروانكە) یان لەبەر دەكرد، كە چاكەتێكی سووك و تەنك و فێنك و كراوە بوو - تا سەرەتای پاییزان دەپۆشرا. لە زستانانیش چاكەتی ئەستووریان، كە لە قەستۆر و قەدیفەی لە لای خەیات دەدروا، لەسەر كراسی زستانی دەپۆشی. پێش سییەكانی سەدەی ڕابردوو كە هێشتا فانیلەی ژێرەوە، نەگەیشتبووە كۆیە، دایكەكان بۆ خۆیان لە قوماشی نەرم و شلی وەك مەلمەل، فانیلەیان بۆ كچ و كوڕەكانیا دەدرووی، بەڵام كە فانیلەی هاوردە پەیدا بوو، ئەوە لەغوو بوو. بۆ دەرپێش، هەر دایكەكان بۆ خۆیان لە قۆماشی نەرم و خۆش بۆیان دەدرووین، شێوەكەی لە دەرپێی كچانەی ئەم سەردەمە دەچوو. هەبوو لە شێوەی جلكی كوردی، كراس و كەوای بۆ منداڵەكەی دەكرد.

**بۆ کوڕان تا چوار و پێنج ساڵی:**

هەر کراسی دیشداشەیان لەبەر بوو، زۆربەی قوماشەکەیان خەتدار یان سادەی یەك ڕەنگ بوو، بە پێچەوانەی کراسی کچان کە گوڵدار و ڕەنگاو ڕەنگ بوو. دەرپێی کوڕان درێژ بوو تا سەرقاچیان دەهات. خەیات بۆی دەدروویین، جلکی هاوین و زستانیان هەر ئەمە بوو تەنیا ئەستووریی و جۆری قوماشەکەی جیاواز بوو.

بۆ منداڵان جۆرە کڵاوێکیان لە قوماشی گوڵباتمان دروست دەکرد پییان دەگوت (کڵاوی گاوران). بۆ کوڕانیش کڵاوی کلێتەیان دەچنی بۆ وەرزی زستان.

کوڕ و کچ لە وەرزی سەرماوسۆڵەی زستاندا، ئەگەر چووبانە دەرەوەی ماڵەوە لەچەکیان بۆ دەکردن تا بناگوێ و سەر و ملیان سەرمای نەبێ. منداڵ دەسماڵ و دەستەسڕی هەڵنەدەگرت، بۆیە هەبوو بەسەر دەستی کراسەکەی یان چاکەتەکەی دەم ولوتی خۆی دەسڕی.

لەم تەمەندا، کوڕو کچ بە هەمان ئەو جلکەوە دەخەوتن کە ڕۆژانە دەیانپۆشی. زۆربەی جاران حەمام و حەمام جلکیان دەگۆڕین.

(تێبینی: پێڵاو و خشڵ، لە دوو تەوەری سەربەخۆدا باس دەکەین.)

## قۆناغی سێیەم : لە پێنج ساڵییەوە تا دوانزدە ساڵی

**نووسینەکە وادەخوازێ، ئەم قۆناغە بەسەر چوار هەواردا پۆلینبکەین:**

هەواری پێش کردنەوەی قوتابخانە.
هەواری سەردەمی مەکتەب.
هەواری منداڵانی دەرەوەی مەکتەب.
هەواری سەردەمی نوێ.

**یەك: هەواری پێش كردنەوەی قوتابخانە:**

لە سەرەتای سەدەی بیستدا، كە كۆیە هەر چوار گەڕەك بووە زۆربەی دانیشتووەكانی بە موسوڵمان و مەسیحی و جوولەكەوە، پیشەوەر و ڕەزەوان بووین و كەمینەكەی لە بنەماڵەكانی ئاغاكان و توجارەكان بوون[١]، بەڵام هەر وەك مەڵبەندێكی ئایینی و زانستیی ڕۆڵی ڕۆشنگەریی و ڕووناكبیریی گێڕاوە، بۆیە جگە لەوەی هێندێك لە مزگەوتەكان، مەدرەسەیی دینی بوون، جار بووە نزیكەی (٥٠٠) فەقێ و سوختەیان هەبووە،[٢] "لە كۆیە سوختەخانە زۆر بووە، مەلای منداڵان ـ كە مامۆستاشیان پێدەگوتن ـ هەبووە لە ماڵی خۆی سوختەخانەی داناوە، زستانان لە ژوورێكدا و هاوینانیش لە حەوشە، لە ژێر ساباتدا دەرسیان وگوتۆتەوە، پێش ساڵی (١٩٠٠) لە كۆیە (١٨)سوختەخانە هەبووە."[٣] جا زۆر لە منداڵان، كوڕو كچ، چوونەتە ئەو سوختەخانانە، لە ڕاستیدا ژمارەی سوختەخانەكان، لەچاو دانیشتوانی كۆیەیی ئەودەم، زۆر بووە. منداڵەكان لە پۆشینی جلوبەگدا ئازاد بوون و هیچ مەرجێك نەبووە بۆ جلپۆشین. بۆیە كوڕەكان هەم دیشداشەی ئاسایی و چاكەتییان پۆشیوە، هەم كورتەك و دەرپێی ئاودامانی سپی، هەبوو كڵاوی كوردەواریی منداڵانی لەسەر ناوە، هەموویان لەسەر دۆشەگۆرە دادەنیشتن، كە ڕۆژانە لە گەڵ خۆیان دەیان هێناو دەیانبرد.

دەستوری جلكی كچەكانیش هەر عەزیزییە و چاكەت بووە، هەبوو سەڵتەی منداڵانی لەبەر دەكرد و لەچەكیان دەپۆشی. لەم تەمەنش جلكی كوردی كچانە هەر باو بووە.

كەواتە جلكی منداڵی ئەم تەمەنە لە سوختەخانەوە و لە دەرەوەی سوختەخانەدا هەر یەك شێوە و دەستوور بووە. ئەو بۆ منداڵە ڕەزەوان و شاگردەكانی پیشەوەرەكانیش هەروا بووە .

---

(١) بڕوانە ژنە پیشەوەرەكانی كۆیە، فازیل شەورۆ، چاپخانەی شەهاب، هەولێر،، ٢٠١٥ ل. ٢٠ ـ ٢٢

(٢) مێژووی كۆیە، تایەر ئەحمەد حەوێزی، چاپخانەی نمر، بەغدا، ١٩٨٤ ل. ١٧٧

(٣) سەرچاوەی پێشوو. ١٧٥ ـ ١٧٦

**دوو: هەواری سەردەمی مەکتەب (قوتابخانە):**

مامۆستای مێژوونووس (تایەر ئەحمەد حەوێزی) مێژووی قوتابخانە لە کۆیە بۆ ساڵەکانی (١٨٨٠)دەگەڕێنێتەوە،[١] بێگومان بە گوێرەی سەردەم و ڕۆژگار ئەو قوتابخانانە گۆڕانییان بەسەر داهاتووە،ساڵیش بووە، وەك سەردەمی گرانی ـ هەر داخراون. لە ساڵی (١٩٢٣) وەش کچ لە کۆیە چۆتەبەر خوێندن[٢]. بە گوێرەی سەرچاوەکان ـ تا ئینگلیز لە ساڵی (١٩٢٢) نەهاتە کۆیە، سیستەمی خوێندن و جلوبەرگی قوتابییان گۆڕانکاریی زۆریان بەسەر دانەهات. کە دەکرێ بەم شێوەیە بیخەینە ڕوو:

**جلوبەرگی قوتابییانی کوڕ: بە یاسا (٣) جۆرە پۆشاکیان بۆ دیاری کرابوو:**

**١- جلوبەرگی مەکتەب:** کە بریتی بوو لە چاکەت و پانتوڵ، دواتر لە ساڵی (١٩٢٤) دەستووردرا کە دەبێ سیدارەی ڕەشیش لەسەر بنێن.[٣] هەرچەندە هێندێك لە باوکان داوایان کرد، کە قوتابییەکان ئازاد بن لە پۆشیندا، چونکە توانای دارایی هێندێکیان لاواز بوو نەیان دەتوانی ئەو پۆشاکە داواکراوە بۆ منداڵەکانیان دەستەبەر بکەن.

**٢- جلوبەرگی دێدەوانی (کەشافە):** دەبوایە هەموو قوتابییەکان پانتۆڵی کورتی خاکی و کراسی تایبەتی و شەپقە و بۆینباغی تایبەتی بە تیپی (فرقەی) دێدەوانی هەبێ، لە کاتی نمایشی دێدەوانیدا دەیانپۆشی.

**٣- جلوبەرگی وەرزشی:** لە فانیلە و شۆرت و کالەی تایبەتی.

**جلوبەرگی قوتابیانی کچ: ئەوانیش وەکو پۆشاکی قوتابییە کوڕەکان (٣) جۆر بوو:**

**١- جلکی مەکتەب:** کە بریتی بوو لە تەندوورەیەکی شینی سادە، تا چۆك دەهاتە

---

(١) سەرچاوەی پێشوو.ل. ١٨١

(٢) نەجیبەخانی مەلای گەورە و ناجیە محەمەدی کەرکوکی(١٩٢٣)، لوتفییەخانی مەلا سدیقە فەندی و ناجیەخانی مەلا عەبدولڕەحمان شەڕەفی (١٩٢٨). سەرچاوەی پێشوو.ل. ١٨٩

(٣) سەرچاوەی پێشوو. ل. ١٩٤

خوارەوە، کراسێکی سپی، چاکەتێك کە خەیات بە تایبەتی دەیدووری و ڕەنگەگەی دیاری نەکرابوو، گۆرەوی سپی درێژ تا نزیك چۆك، پێلاو پتر سپیی بوو، بۆ بەستنی قژ قەنەوزی پەمەیی هەبوو بۆخۆیان دروستیان دەکرد، دواتر قردینەی پەیدا بوو، کە شرتێکی سپی بوو، ئەویش دوو جۆری هەبوو، پان و باریك بە گەز دەفروشرا. بۆ سەر شان و ملیش یاقە (یافتە)ی سپی هەبوو کە لە شێوەی دەمەداس بوو. تایبەت دروستکرا بوو لە دەوری مل، لەسەر چاکەت بە قرتێنە یان سنجاق دەبەسترا. خەیاتەکانی کۆیە یاقەیان دەدووروی و دوکاندارەکان دەیانفرۆشت، دەبوایە کچەکان پرچیان بکەنە دوو کەزی یان دوو کلکە ئەسپ بەلای ڕاست و چەپی سەریاندا بێتەخوارەوە. نە دەبوو بە ئارەزووی خۆیان پرچییان پەخشان و شانە بکەن.

لە کۆتای سییەکان و سەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابردوو، تەنورە و کراس نەبوو، بەڵکو کراسی ئاساییان لەبەر دەکرد، ئەوەی وەکو (فستان) وایە و کچانی هەڵچوو بە عەباو پێچەوە دەچوون بۆ قوتابخانە، کە زۆربەی مامۆستایەکانیان عەرەب بوون.(١)

**٢- جلوبەرگی کەشافەی کچان:** وەکو هی کوڕەکان بوو بەڵام لە جیاتی پانتۆڵی کورت، کراسی تەندوورەی کورتییان دەپۆشی. دێدەوانی کچان زۆر دوای دێدەوانی کوڕان پەیدا بوو، پتر لە نمایشی وەرزشی ساڵانەدا دەیانپۆشی کە پێیان دەگوت (استعراض).

**٣- بۆ پۆشاکی وەرزشیش:** پانتۆڵی درێژ و کالەیان هەبوو.

نابێ ئەمە فەرامۆشکەین، کە مەسرەفی مەکتەب لەو سەردەمەدا قورس بووە، بۆیە حکومەت پارەیەکی بۆ خوێندکارە هەژارەکان بڕی بۆوە. ئەمە تا شۆڕشی گەلاوێژی (١٩٥٨) بەردەوام بوو. دەبوایە لەلای موختاری گەڕەك یاداشتی (فقر الحال) بکەن. بە گوێرەی هێندێك سەرچاوە، هەبووە حاڵیشی باش بووە بەڵام بە دزییەوە (فقر الحال)ی بۆ منداڵەکەی کردووە تا ئەو بڕە پارەیە وەرگرن.(٢)

---

(١) کەریم شێخانی، سلێمانی، ٢٢ / ١٠ / ٢٠١٥، چاوپێکەوتن

(٢) زبێدەی عەبدوڵلای کەبابچی ٢ / ٦/ ٢٠١٦ چاوپێکەوتن.(ببورن ناوەکان بلاوناکەینەوە).

**جاران قوتابخانەکان لە دوو سەرەوە کۆمەکیان بۆدەهات:**

**یــەك:** ڕێکخراوی جیهانی (یۆنیسکۆ لە نەتەوە یەکگرتووەکان) لە ڕێی حکومەتەوە ساڵێ یەك جار قوماش و ڕۆژانەش شیر و خورما و پیسکویت و حەبی لەش بەهێزکردنیان و...تاد. بەسەر قوتابییەکاندا دابەش دەکرد.

**دوو:** جاران دەوڵەمەندەکان لە کۆیە و لە شارەکانی دیکە یارمەتی و کۆمەکیان بۆ قوتابییەکان دەنارد، کە پتر بریتی بوون لە قوماش و جانتا و پێڵاو.[١]

قوتابییەکچەکان جۆرە جانتایەکیان هەبوو کە دایکیان بۆیان دروستدەکردن: لە لای دارتاش جووتێك دەسکەجانتایان بە (٥٠)فلس دەکڕێ، دەسکەجانتا لە تەختەی تەنگ دروستکرا بوو هەر پارچەیەکی (٣٠) سانتیم درێژ و (١٢) سانتیم پان بوو لەسەرەوە شوێنی دەستی بوو هەڵکەندرابوو، پەنجەکانی دەچووە ناوی وەك دەسکی عەلاگە، لە خوارەوەش ڕۆخی کونکونکرابوو تا قوماشی جانتایەکەی پێوە بدوورن. زۆربەی ڕەنگەکانیان گوڵدار و ڕەنگاو ڕەنگ بوو. (بڕوانە وێنەی جانتای کچان).

بەڵام جانتای کوڕان بە حازری لەبازاڕ دەکڕا. جاران جلوبەرگ و جانتایان بۆ چەند ساڵێك بەکار دەهێناوە. خوشك و برا جلکیان دەدا بە ئەوانەی لە خۆیان بچووکتر بوون. هەبوو دەستکورت بوو نەیدەتوانی ساڵانە پۆشاکی نوێیان بۆ بکڕێت.

**ســێ:** هەواری منداڵانی دەرەوەی مەکتەب:

مەبەست ئەو منداڵانەیە کە لەماڵەوە و لەسەر دوکان و ڕەز و باغچەکاندا، بەردەستی دایك و باوکیان دەکرد و نەچووبوونەو بەر خوێندن. چ کوڕ چ کچ، پۆشاکەکەیان وەکو هیێ تەمەنەکانی پێش خۆیان بوو، بەڵام گەورەتر بۆیان بڕابوو. جگە لە دەوڵەمەندەکان، هەر یەك دوو دەستە جلکیان هەبوو، زۆربەی

---

(١) ساڵانە ئەندازیار ڕەشید عارف سەقا لە کەرکوکەوە، وەك دیاریی خۆی، جانتا و پێڵاوی بۆ مەکتەبەکانی کۆیە دەنارد.( زبێدەی عەبدوڵڵای کەبابچی ٢٣ / ١/ ٢٠١٥ چاوپێکەوتن)

پینەدەکرانەوە و کە گەورەدەبوون دەیاندا بە خوشك و براكانی لەخۆیان بچووکتر. زۆر بایەخیان بە پاك وخاوێنی و سەروپرچ نەدەداو پتر خەریکی ئیش وکار بوون.

**چـــوار:** هەواری سەردەمی نوێ:

دەكرێ ئەمەش بكەینە دوو قوناغ، لە دوای كۆمارییەوە تا ڕاپەڕین وە لە دوای ڕاپەڕین تا ساڵی (٢٠١٦).

### لە قۆناغی كۆمارییەوە تا ڕاپەرین (١٩٥٨ ـ ١٩٩١):

هەم باری گوزەرانی خەڵك باشتر بوو و هەم خەڵك چاوكراوەتر بوون و ڕێژەی خوێندەوار و بڕوانامە باشەكان بەرزتر بوونەوە، بە گشتی پۆشاكیان ئاسایی و تا ڕادەیەك خاوین و جوان بوو. هەمیشە پەكپۆشی لە قوتابخانەكانی كچان پەیڕەو كراوە و قوتابخانەكانی كوڕانیش ئازاد بوون لە پۆشینی جلوبەرگ. لە (٩٨٪)ی قوتابی كوڕ هەر كورتەك و شەرواڵی پۆشیوە و كچانیش زۆر بە دەگمەن لەچكەیان گرتۆتەوە.

### لە قۆناغی دوای ڕاپەڕین (١٩٩١ـ٢٠١٦):

**سێ گۆڕانكاریی بەرچاو بەسەر پۆشاكی قوتابییەكان داهات:**

١- زۆربەی قوتابخانەكانی كچان، بۆخۆیان جۆر و ستایل و شێوازی ئەو پۆشاكەیان هەڵدەبژارد كە دەیانكرد بە یەكپۆشیی قونابخانەكەیان، لاسایی ڕەنگ و شێوازی قوتابخانەكانی دیكەیان نەدەكردەوە. زۆرجاران لەگەڵ كۆمپانییایەكی بەرگدروو ڕێكدەكەوتن بۆ ئامادە كردنی پۆشاكی داواكار، یان لە لای یەك پۆشاكفرۆش بەدەستدەكەت.

٢- بۆ یەكەم جار، زۆر لە قوتابخانەكانی كوڕانیش ـ بەتایبەتی دوای قوناغی بنەڕەتی ـ پەیڕەوی یاسای یەكپۆشییان كردو جێبەجێیان دەكرد. لەم قۆناغەدا دیاردەی پۆشینی شەرواڵی كورتی (ئیسلامییەكان) لە ناو خوێندكارە كوڕەكاندا لە ناو خوێندنگەكاندا نەبینراوە بەڵام هەبوو لەماڵەوە بە دیشداشەی سپیی دەچوو بۆ نوێژی هەینی و كڵاوی دەزووی لەسەر دەنا.

**٣-** دیاردەی لەچەك پۆشین لە نێو کچان بەرە بەرە پەرەی سەند، تا لە هێندێك قوتابخانەدا ڕێژەی لەچەکپۆشان ئەگەر پتر نەبووبن کەمتر نەبوون لە بێ لەچکەدارەکان. تاکو (٢٠١٦) عەبا و جبەی ڕەشی ئیسلامی لەلایەن قوتابییەکانی دواناوەندی نەپۆشراوە، بەڵام لە زانکۆی کۆیە نزیکەی (٥ تا ١٠)، کچە قوتابی زانکۆیی، عەباپۆش بوون. تاق و لۆقەش کچان جبەیان لە دوائامادەییەکانی کۆیە پۆشیوە.

## قۆناغی چوارەم: لە دوانزدە ساڵییەوە تا دوای بیست ساڵی

لە هەموو سەردەمێکدا، قۆناغی تەمەنی هەرزەکاری قامتێك خەسڵەت و تایبەتایەتی (خصوصیة) ی خۆی هەیە کە یەکرێ ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەوتی ژیان و بیرکردنەوە و ڕەفتارکردنی هەرزەکار هەیە. سەرەتای قۆناغەکە لەوەوە دەستپێدەکا، لەگەڵ نشونما کردنی لەش و گەشەکردنی ئۆرگانەکانی فیسۆلۆژیی هەر یەك لە کوڕان و کچان، دوو دیاردە بەیەکەوە سەر هەڵدەدەن:

**یـــەك:** خودی کورەکە یان کچەکە، کە دێ خۆی بناسێت، پتر لە خۆی دەخەفتی و بایەخ بە جوانکردن و ئارایشتکردنی خۆی دەدات و بەشێك لە کات و لە خەرجی گیرفان و جیزدانی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکات. لێرەدا بایەخدان بە پۆشاك و ئیکسسۆاراەکانی پۆشاك دەبنە خەمی هەرە لەپێشینەی ئەو کوڕ و کچە.

**دوو:** هەمیشە باوان و خێزانیش بە پەرۆشیی و خەم لەبەربوون، بایەخ بەم قۆناغەی تەمەنی منداڵەکانیان دەدەن و حەزدەکەن بە بەرچاوترین و پوشتەوپەرداغترین شێوە لە ناو کۆمەڵدا بەدیاربکەون. ئەوە جگە لە کارکردنیان لەسەر وەدەستهێنانی باڵاترین ڕەوشت و زامنکردنی جوانترین بەهرە بۆ ئەوان. دیسان بایەخدان بە پۆشاکی کوڕان و کچانی ئەم قوناغەی تەمەن دەبێتە ئەرك و خەمێکی باوان

و خێزانەکان.

بە گشتی لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا، دوو تەمەن تایبەتایەتی جیاوازی خۆیان هەیە لە بایەخدان و بەهەندوەرگرتنی بەهای پۆشاك: یەك : قوناغی هەرزەکاری، دوو، قوناغی هاوسەرگیری. ئەوە مانای ئەوە نییە لە قۆناغەکانی دیکەی تەمەندا، پۆشاك دەبێتە کەرەستەیەکی بێقیمەت. نا، ئەو پێگە و مەقام و کەسێتی خۆی هەر دەمینێ، بەڵام بە پلەی یەکەم نا.

**دەکرێ سەدو ئەو چەند ساڵەی نێوان (١٩٠٠ ـ ٢٠١٦)، بۆ ئەم تەمەنە، بۆ سێ قوناغ دابەشبەکەین:**

**١- قوناغی (١٩٠٠ ـ ١٩٥٨).**
**٢- قۆناغی (١٩٥٨ ـ ١٩٩١).**
**٣- قۆناغی (١٩٩١ ـ ٢٠١٦).**

### ١- لە قوناغی یەکەمدا (١٩٠٠ ـ ١٩٥٨):

کە هەردوو جەنگە جیهانییەکە و سەفەربەلگ و گرانی و تاعونیان تێدا ڕوودا‌وە، زۆربەی گەنجەکان لە دەرەوی سوختەخانە و قوتابخانە دابوون. ئەو فەقێ و سوختانەش زۆربەیان لە دەرەوی شار دەهاتنە بەرخوێندنی مەلایەتی لە مزگەوتەکانی کۆیە و ژمارەیەکی کەم هی شاری بوون. ژمارەی قوتابییان کەم بووە، دەرچووەکانی پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە ساڵی (١٩٤٠ ـ ١٩٤٣) هەر (٦١) کەس بوون. خۆ قوتابخانەی سەرەتایی کچانیش لە ساڵی (١٩٣٣) بە (٢٤) قوتابی کراوەتەوە.(١)

بۆ جلك و بەرگی فەقێ و موستەعیدەکان، ئەوان هەموویان سەروکڵاو و جەمەدانیان دەبەست و کورتەك و دەرپێی سپی درێژیان دەپۆشی و پشتێنی کوردییان دەبەست و گورەویی چنراوی کوردەوارییان هەبوو. هەبووە کراسی بە فەقێانەداری لەبەر دەکرد و لچکەکانی فەقێیانی لە سەردەست و باسکی خۆی

---

(١) مێژووی کۆیە، تایەر ئەحمەد حەوێزی، چاپخانەی نمر، بەغدا، ١٩٨٤ ل. ٢٠٥ ـ ٢٠٦

دەئاڵاند. بە گشتی چونکە ئەوان دەستکورت بوون جلوبەرگەکانیان ئاسایی و هەرزان بوو. قاتێکیان بۆ چەند ساڵان لەبەر دەکرد. کراسی فەقێیان بریتییە لە کراسێکی سپی سادە هەر دوو سەرقۆڵی پارچە قۆماشێکی سێگۆشەیی پێوە دروواوە کە پانییەکەی (٣٠) سم و درێژییەکەی (٨٠)سم بووە بەڵام، ئەم قۆڵە درێژانە پێیان دەڵێن (فەقێیانی)، کە وەك پشتێن بە دەوری مەچەگ و باسك دەپێچرێن و سەرەکەیان دەخرێتەوە ژێر قەفەکان تا نەکرێنەوە و شۆڕ نەبنەوە. جگە لە جوانییەکەی و گەرم وگوڕییەکەی لە زستانانندا، وەك دەسماڵیش لە کاتی پێویست بەکار دێت، لە شایی و سەرچۆپیشدا ڕۆڵی دەسرۆکە و دەسماڵ دەگێڕێ و لە کاتی ئیشکردندا بە توندی دەبەسترێ ماسولکەی دەست دەگوشێ و بەهێزی دەکات. پیاوە پیرەکان پتر حەزیان بە پۆشینی دەکرد.[١]

"پێش سەفەربەلگ لاوەکان کورتەکی مەخمەڵ و دەرپێی سپیی و پەستەکی سپییان لەبەر دەکرد."[٢] مەخمەڵ جۆرە قوماشێکە لە شێوەی قەدیفەی گوڵدارە، پێیان دەگوت (مەخمەڵی ئەبو ڕیشە). قوماشی (سەلیم بەگی)یش دەکرا کورتەك. سەلیم بەگی قوماشێکی ئاوریشمی زەردە، گوڵی ڕەنگاوڕەنگی تێدایە و خەتدارە. (بورسە)ش قوماشێکی زەردە ئەویش خەتدارەو گەڵگوڵییە، پتر گەنج و تازە پێگەیشتوەکان کورتەکیان لێ دەکرد. ژنیش دەیانکردە کراس و کەوا.[٣]

بۆ قوتابییە کچەکان، وەك پێشتر باسمان کرد، ئەوان یەکپۆش بوون و جۆری قوماش و ڕەنگ و شێوازی دوریینیان بۆ دیاری کرابوو، بەڵام لە چاکەت و پاڵتۆ ئازاد بوون هەر جۆرێك بپۆشن. لە زستانان چاکەتی ناو بەلۆکە زۆر باو بوو، کە بەرگدرووو دروستی دەکرد و لە شێوەی لێفۆکەیەکی تەنك. وەستایانە بە لۆکە ناوئاخن کرابوو و بە ڕیزە دورمانی پاقلاوەیی دەنەخشێندرا و لە هەموو جۆرە قوماش و ڕەنگێکی هەبوو.

---

(١) کەریم شێخانی، سلێمانی، ٢٢ / ١٠ / ٢٠١٥، چاوپێکەوتن

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل. ١٩٠

(٣) زبیدەی حاجی عەبدوڵڵای کەبابچی، تەمەن (٨٦) ساڵ، کۆیە، ٢٢ / ٣/ ٢٠١٦.

پۆشاکی قوتابییە کوڕەکان هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەر دانەهات، وەك هی قۆناغی سەرەتایی بوو. ئەوان بە گشتی یەك دەستە جلکی ڕۆژانەی مەکتەبیان هەبوو، بۆ شوشتن دەبوایە ڕۆژانی پێنجشەممە یان لە ڕۆژانی پشوودا بیشۆن تا وشك ببێتە. ئەو کات تەنیا ئۆتووی خەڵوز هەبوو. ئەویش لە ماڵان دەخوازرایەوە و هەموو ماڵێك نەیبوو.

**کەواتە زۆرینەی هەرزەکارەکان و قوتابییە کوڕو کچەکان لە دوای دەوام، پۆشاکی ئاسایی ڕۆژانەی ئەو سەردەمەیان دەپۆشی کە بەم شێوەیە بوو:**

## پۆشـاکی کوڕانـی هەرزەکار:

زۆربەی زۆری کڵاوی لەسەر دەنا بە بێ بەستنی مشکی و جامەدانی، کڵاوەکان خۆماڵی بوون. نەدەبوایە لە گوندی کەس بێ کڵاو بێت و سەرقۆتی نەریتێکی پەسند نەبوو. کڵاوی کوڕانی گوندی، کە لە شار دەیانکڕی، هەرزانتر بوون. لەو سەردەمەدا جۆرە کورتەکێك باو بووە پێیان دەگەت ( کورتەکی مەخمەڵ )، مەخمەڵ قوماشێك بوو لە شێوەی قەستۆر. لە جیاتی شەرواڵی قوماش، دەرپێی سپییان دەپۆشی. جۆرە پەستەکێکیش باو بوو پێیان دەگوت (پەستەکی سپیی) هەر لە شاری کۆیە پەستەکدوورو دروستیان دەکرد. کوڕە دەوڵەمەند هەبوو کورتەك و شەرواڵ و پشتینی دەپۆشی. فانیلەی ژێرەوەش دواتر کەوتە بازاڕ. بۆ وەرزی زستان کورتەکی ناو بە لوکەیان دەپۆشی کە بەرگدرووی تایبەت دروستی دەکرد. کلێتەش هەبوو لە خوری دەچنرا. ڕەنك و چۆغەڵ زۆر زۆر کەم بووە لە کۆیە و پۆشینیشی بە فرمانی حکومەت قەدەغە بووە.

## پۆشـاکی کچانـی هەرزەکار:

هەر هەموویان جلکی کوردییان لەبەردەکرد کە بریتی بووە لە: کراسی کوردی، کەوای کوردی، سوخمە، دەلینگ و دەرپێ. قوماشەکانیان ڕەنگاوڕەنگ و گوڵدار و جوان بوون. زۆربەی لەو قوماشانە بوون: نیو کوڵ، گوڵباتمان، گوڵ لیرە، گوڵ قومار، سەرچنار، شاڵی کشمیر، جورجییەت، ئاوریشمی عەسر،

قەنەوز، سلك، کرێشە، چیناوی، گوڵ و نیو، شاڵ، کوێتی، قوتنی، تاقە. تا ساڵەکانی (١٩٣٠ ـ ١٩٤٠) ئەتگلغی (ئەتەکی) حازر نەبوو. کچی کۆیی، لەو سەردەمەدا مەمکبەندی (مەمکدانی) نەبەستووە، چونکە نەبووە.

بۆ سەرپۆش، ئەمانەیان بەکار دەهێنا: چارۆگی گوڵداری ڕەنکاو ڕەنگ، سرکەیی، شەدەی عارد ڕەشی خەتی سپی، هەوری، مشکی ئاوریشم و مشکی چییت، کوڵوانەی جورجییەت، دەسماڵ، دەسرۆکە. زۆر کەم عەبایان دەگرتەوە، بۆ ئەو تەمەنە عەبای تایبەتی هەبوو لە بەغدا هاوردە دەکرا ڕەنگی کەسك وسۆر و شین بوو یان خەتدار بوو، پتر کچە دەوڵەمەندەکان دەیانپۆشی. کچی ئەم تەمەنە لە کۆیە، پێچەیی نەگردۆتەوە. یازمە کە قوماشێکی عارد ڕەشی گوڵ سپی و نەخشی گەڵای دار و تەیروتواری لەسەر بوو، لە بەغدا دەهات، وەك دەسماڵ لە دەوری سەر دەپێچرا.

بۆ پشتێن: ئەو جۆرە پشتێنە باریکەی کە لە قوماش دروستدەکرێ و ئێستا لە کوردستاندا باوە، جاران بەکار نەهاتووە. ئەوان سێ جۆر پشتێنی دیکەیان بەستووە:

- **پشتێنی بە پوولەکان:** لە جورجێتی پەمەیی و سوور و کەسك و زەرد و شین دروستدەکرا، پانییەکەی (١٥) سانیتمێك دەبوو، درێژییەکەشی بە گوێرەی کەمەر و نزیکەی (١٠) سانتیمیش لە هەر دوو سەرەکەی زیاد بوو، کە ڕیشووەی بە پوولەکەی زەرد و ڕەش و سپیی لێبەسترا، لەکاتی بەستنیدا، بەسەر لا کەمەرێکی کچەکەدا شۆڕدەبوونەوە. کچان بۆخۆیان ئامادەیان دەکرد و لە بازاڕیش دەفرۆشرا.

- **پشتێنی هەمیانە:** تایبەت بوو بە کچانی گەنج و نۆبووك، لە خوری دروستدەکرا و نەخشەکانی خەتدار بوون، بە حازری هەبوو ونرخەکەی لە دەوری (٥٠ ـ ١٠٠) فلس بوو. پانی هەمیانە هەر (١٠)سم دەبوو، بەڵام درێژییەکەی نزیکەی دوو مەتر دەبوو، چونکە دوای گرێدانی، لچکەکانی بە درێژای (٦٠) سم بەلا کەمەرێکدا شۆڕدەبوونەوە، شێوەی گرێدانەکە تایبەتی بوو. ژن هەمیانەی نەدەبەست، وەك بڵێی هی ئەو کەسانە بێ کە دڵتەڕن و بە زەوقن!

- **پشتێنی قایش:** کچ و ژن بەکاریان دەهێنا، لە نایلۆن دروستدەکرا، ئەویش کە هەموو ڕەنگێکی هەبوو، سادە بوو لە بەغدا هاوردە دەکرا و هەرزانیش بوو، کتومت وەکو پشتێنی قایشی پیاوان بوو، سەرێکی بە ئاغزوونە بوو و سەرەکەی دیکەی، کە کونکون بوو، تێیهەڵدەکێشرا، پانییەکەی هەر دوو سانتم دەبوو. لە جیاتی پشتینی کوردی، وەك مۆدیلێکی ئەو سەردەمە، بەکار دەهات.

کچان زۆر بایەخیان بە سەڵتەداوە، باشترین قوماشی قەدیفە و قەستۆریان بۆ هەڵدەبژارد و سەڵتەدووریش بە جوانترین سیم و داو دەیرازاندەوە، نەخش و نیگاری تایەتی لەسەر قۆڵ و سینگ و سەرشان و پشتیدا دەنەخشاند، هەموو کەسێك سەڵتەی پێنەدەکرا.(بڕوانە وێنەی سەڵتەی کۆییانە).

(تاقە) کە پێشتریش ئاماژەمان پێدا، قوماشێکی ئاوریشمینی نەرم و جوان بوو، هاورد دەکرا، کوڕ و کچ لە پۆشاکەکانیان بەکاریان هێناوە، کوڕ بۆ کورتەك و کچیش بوو چاکەت. (تاقە) نرخی گران بوو وەك دیاریش لە هێندێ بوونەدا، زۆر باو بوو.

لەو سەردەمەدا، کچان لە کاتی عوزرشۆریندا (بێ نوێژی - خوێن دیتنی سووری مانگانەدا)، ئەو (سانتی)یانەیان نەبوو کە ئیمڕۆ باوە، بەڵکو دایکەکان لە قوماشی خاوێن، لە شێوەی بالیفۆکەیەکی نەرم و بچووك، شتێکیان بۆ دەدرووین، لە دەڤەری کۆیە پێیان دەگوت (نافەك) دەیانخستە ناو دەرپێ. دوای بەکارهێنانی دەشورا و بەکاردەهاتەوە، ئاسایی بوو خۆشکەکان، لە کاتی پێویستیدا (نافەك)ی یەکتری بەکار بێنن.

**٢- قۆناغی (١٩٥٨ - ١٩٩١):**

سیماکانی ژیان و گوزەران لە نێوان شۆڕشی گەلاوێژی ساڵی(١٩٥٨) و ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١) زۆر جیاواز بوون لەچاو ڕۆژگارەکانی پێش خۆیان، لە سەرەتادا ئاهەنگ و سەیران و چالاکیی کۆمەڵایەتیی زۆر بوون، دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولی ساڵی (١٩٦١)یش سەرەڕای ئەو شەڕوشۆڕە سەختە و ئابلۆوقەی ئابووری وستەم و زۆرداریی ڕژێمە داگیرکەرەکان، خەڵك

هەر یادی بۆنە نەتەوایەتییەکانیان دەکردوە و پۆشاك ڕۆڵی جوانی خۆی تێدا بینیوون، بەڵام لە سەردەمی شەڕی هەشت ساڵەی عیراق ـ ئێران و دواتریش شەڕی کەنداوی دووەم و ئابلۆوقە ئابوورییە زۆر جەمسەرەکانی سەر عیراق و کوردستان، خەڵکیان نیگەران وپەرێشان کرد، ئەمەیش ڕۆڵی لەسەر پۆشاك و ناومالّی کوردەواری هەبوو.

کچان دڵخۆش بوون بە کرانەوەی سنووری نێوان کوردستان و وڵاتانی دراوسێ، ئەگەر بە شێوەی قاچاغیش بێ، دەیان پارچەی تازەبابەتی ڕەنگاو ڕەنگی جوان و دڵفرێن کە پێشتر نەبینرا بوون کەوتنە بازار، بازاڕی دوو جۆرە قوماش برەوی سەند: ئەو پارچانەی کە بە سیمی تریسکەدار و خەتخەتی هەمە چەشن ئاڵاو واڵا کرابوون، و ئەو پارچانەی کە بە چەندین شێوە بە پولەکەی بریقەداری هەزار ڕەنگ داپۆشرابوون. هەمیشە پارچەی تازەباوی نوێتریش بە ڕێوە بوون. جگە لەوە کوتاڵفرۆشەکان دوکانەکانیان لەو کاڵایانە پڕکردبوو، دەستگێڕ و چەرچییەکانیش ڕۆژانە بەناو کوڵانەکاندا بڵاودەبوونەوە بۆ خۆیان ناوی سەرنجڕاکێش وسەیروسەمەرەیان لە پارچەکان دەنا، وەك( خیابان، ڕێی تارانێ، پەڕیمێشێ، گوڵەبەڕۆژە، گوڵشقارتە، بووکدەرپەڕە، خەسووشەقبەرە، خەسووتەقێنە، ڕیشی مام جەلالی...تاد.) جگە لەمە بەرگدوروەکانیش، بۆ گەرمکردنی بازاڕی خۆیان و هەنگاونان لەگەڵ ڕەوتە تازەکانی سەردەم، زۆر گوڕانکارییان لە شێواز و مۆدێلی جلکی کوردیدا کرد. چونکە ئاهەنگ و شایی و سەیران زۆر بوون، جلکی کوردی بەهەموو پارچەکانییەوە زۆر گەشەی سەند، تەنانەت بۆ مندالّی پێنج شەش ساڵانیشیان دەدووروی. دەتوانین ئەم قوناغە ناو بنێین: قوناغی ژیانەوەی پۆشاکی کوردی. کاتێکیش شۆڕشی ئەیلول بەرپا بوو و خەڵکەکە وەك بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتیی پیرۆز، سەیرییان دەکرد، هەم کچەکان جلکی کوردییان، وەك ڕەمزی نەتەوەایەتی، لەلا خۆشەویست بوو، هەم پۆشینی جلکی پیاوان، کە پتر کورتەك و شەروالّی خاکی بوو، لە شێوەی دەستووری جلکی پێشمەرگە، لە بۆنەکاندا دەبینرا، ئەوان لاستیکیان لە جیاتی دۆخین بەکار دەهێنا. دواتر کلێتە و کڵاوگۆرەوی چنراو لە خوری

بوو بە مۆدێل، کوڕو کچ بۆ جوانی دەیان پۆشی. ئەم کلێتە پتر پێشمەرگەی گەنج لەسەری دەنا، لە شێوەی سێگۆشە بوو، لە تۆقەلەی سەری، گوڵینگەی بەقەد هەرمێیەکی هەبوو، بە هەردوو لای ڕاست و چەپیشیدا، دوو پارچەی سێگۆشەیی، گوێ و بناگوێیان دادەپۆشی، هەر سێگۆشەیەکیش پارچەیێکی لە شێوەی دۆخینی پان پێدا شۆڕ ببۆوە، ئەوایش هەریەکەی دوو سێ گوڵینگەی بچووکیان پێوە بوو، ئەم کڵاوگۆرییانە لە مل وەردەپێچران و گوڵینگەکان بۆ پشتەوە هەڵدەدرانەوە.[١] بە هەمان شێوەش لەپێکردنی پووزەوانە و گۆرەوی ژێرچۆکانی خوری باو بوو. لەهەمان سەردەمدا کچان کڵاوی کوڕانیان لەسەر دەنا، بە تایبەتی (کڵاوی دزەییان) کە لە دەزووی ڕەش و سپیی دەچنرا.[٢]

لە دەیەی حەفتاکان و هەشتاکاندا، لەبەر زۆریی پرسە، زۆری شەهیدەکانی شەڕەکانی کوردستان و کوژرانی زۆر لە گەنجەکانمان لە بەرەکانی شەری عیراق و ئێران، ڕەنگی ڕەش، وەك سونبلی تازییەداری لەناو کورد، لە ماڵەوە دەرەوەی ماڵەوە زۆرباو بوو.

دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول و گەڕانەوەی بە دەیان هەزار کوردی ئاوارە کە ماوەیەك لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون، بۆ چەند ساڵێك لاسایی کردنەوەی پۆشاکی ئەوان دەهاتە بەرچاو، بەتایبەتی بەکارهێنانی شاڵ و پشتێنی چەند مەترەی سەرکەمەر، بەڵام دواتر بەرە بەرە ئەو حەزە دامرکایەوەو شێوازە خۆماڵییەکە هاتەوەوە مەیدان.

پۆشاکی کوردی جۆرە چەقبەستن و بێ ڕەنگییەکی پێوەدیار بوو لە سەردەمی شەڕی کەنداوی دووەم، سەختی ژیان و قورسیی ئابڵووقە ئابوورییەکان، زۆریان

---

(١) ئەم جۆرە کڵاوە کوردییە، لە دوای ساڵی (٢٠١٣) لە لایەن کۆمپانیایەکانی پۆشاکی خاوروی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، وەك ستایلێکی سەردەمی عەولەمە، دروستکران و ئێستا لە سەرتاسەری بازاڕەکانی جیهان دەفرۆشرێت، گەنجان و منداڵان بەکاری دەهێنن، گەورەکانیش دەیانکەنە دیاریی. بەداخەوە هیچ ئاماژەیێکم لە میدیای کورد لەسەر دزینی ستایلی ئەم پۆشاکە دەستکردە کوردییە نەخوێندەتەوە. دەکرا لە کۆمپانیایەکان داوا بکرێت، کە ئەم کلێتە بەناوی (کلێتەی کوردی) ناوبنێن.

(٢) وێنەکانی کچە فەلە پێشمەرگە ( مارگریت) بە جلکی پیاوان، کە لەبازار دەفرۆشرا، زۆر کاریگەری لەسەر کچە گەنجەکان هەبوو و حەزیان دەکرد لاسایی بکەنەوە.

له خەڵك كرد، كه له كۆنه قوماش وجلك وبەرگی كۆنه، پۆشاكی پێویست دروست بکەن. تەنانەت قوماشی پەردە و بەرگی دۆشەگ و كورسی و قەنەفەیان بۆ جلو بەرگ هەڵدەوەشاندەوە، بۆیە هیچ جۆرە مۆدێل و ستایلێكی تازە باو لەو ڕۆژگارەدا چاوی نەكردەوە. بێگومان ئێمە باسی زۆرینەی خەڵك دەكەین و هەمیشە دەوڵەمەند و خوا پێداوەكان، لەدەرەوەی ئەم هاوكێشەیەن.

له قوتابخانەكانیشدا، بەتایبەتی هی كچان، چاوپۆشی له نەپۆشینی یەكپۆشی دەكرا، چونكە قوتابییەكان هەژاربوون و نەیاندەتوانی وەك سەردەمی پێشوو پۆشاك بكڕن.

لەم قوناغەدا بوو كه بۆیەكەم جار جلكی خەوتن بوو به مۆدیل، چ وەك كراسی عەزیزییه كه زۆربەی له قوماشی كرێشه بوو، چ وەك پیجامەی دووراو و حازر، بۆ هەموو تەمەنێك.

وەك چۆن كچان، به كرانەوەی دەرگاكانی مۆدێل و ستایل و قوماشی تازە دڵخۆش بوون، كوڕەكانیش به هەمان شێوە. بۆ یەكەم جار پۆشینی ڕەنكوچوغەڵ به ئازادیی و بێ ترس، بوو به مۆدێل. دەیان گارگەی كر له كوردستاندا، به تایبەتی له هەورامان و پشدەر و دەڤەری زاخۆ، ژیانەوە و چونكه خواستی زۆر بوو، نرخی باشی دەكرد، لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشیش جۆرە ڕەمزییەتێك به پۆشاك درا، چۆغەڵی ڕەنگ سوور و خورمایی پتر پۆشاكی لاوە كۆمۆنیستەكان بوو، پارتییەكان ڕەنگەكانی تریان بەلاوە جوانتر بوو. بازاڕی كورتەك و شەڕواڵ زۆر گەرم وگوڕی بەخۆیەوە بینی، دوو دیاردە سەریان هەڵدا: بەرگدرووەكان ستایلی نوێیان داهێنا، بۆ نموونه كورتەكی (دیموقراط) كه له گەڵ دامەزراندنی كۆماری كوردستان له (مهاباد) له ساڵی (١٩٤٦) داهێنراو ناوەكەشی هەر به ناوی ئەم كۆماره نۆبەره كورد بوو.(١) پۆشینی پەستەك و بەستنی كەلانگوچك دیسان سەری هەڵداوە، گەنجەكانیش كڵاوی كوردییان بۆ جوانی لەسەردەناو بەلایەكدا لاریان دەكردەوە. پشتێنی برسیكەدار

---

(١) عومەری حاجی مستەفای چەلەبی یەكەم كەس بوو كه له نیوەی دووەمی چلەكانی سەدەی ڕابردوو ئەم ستایلەی پۆشاكی هێنایه كۆیه. (چاوپێكەوتن، عەزیزی عەولا دەرزی بەرگدروو، كۆیه، ٢٤ / ٧ / ٢٠١٦).

زۆر باو بوو، پێیان دەگوت (پشتێنی ئۆتۆماتیك) چونکە هەرجارەی لە بارێکدا بریسکەی دەدایەوە. پووزەوانە و گورەویی بە گوڵینگەی ژێرچۆك، کە ژنان بە شیشە و شوول، دەیانچنی، زۆر باو بوو. جامەدانی و مشکی پتر لەمل دەئاڵاندرا نەك لەسەر.[١]

کوڕیش لەم تەمەنە بۆ ناو ماڵ و بۆ خەوتن پێجامەیان لەبەر دەکرد، هەبوو لەلای بەرگدروو بە ڕادانی دەدا، هەشبوو هی حازری دەکریّ، قوماشی خەتدار، بۆ پیجامە زۆر باو بوو. دەستەسری باخەڵ بە چەند ڕەنگێك، وەك شین و سۆر، لە بازار هەبوو، کەم کەس هەبوو دەستەسر هە ڵنەگریّ، هەبوو دەیخستە بەر پشتێنەکەی.

دوخینی شەرواڵ یان ئەوەتا چنراوبوو لە داو و دەزوو یان خوری، یان خەیات بە مەکینە دروستی دەکرد. کوڕەکانیش وەك نیشانەی پرسە، پشتێنی ڕەشیان دەبەست، هەبوو کراس و پشتێنەکەی ڕەش بوو. ئەوانیش هەمان موعاناتی خۆشکەکانیان هەبوو لەسەردەمی گرانی و شەڕ و ئابڵووقەی ئابووەری، بۆیە پۆشاکی ئەوانیش بازاڕی کز بوو، زۆر ئاسایی بوو کە برا و باوك، جلوبەرگی یەکتر لەبەر بکەن، بچووك هی برا گەورەکەی.

نابیّ ئەوەش فەرامۆش بکەین کە پۆشینی پانتۆڵ چ بە تەنیا چ وەك قات و چاکەت بە تایبەتی لەلایەن خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگایەکان باو بوو.

### ٣- قۆناغی (١٩٩١ - ٢٠١٦):

دەزانین کە ڕاپەڕینی (١٩٩١) قوناغی ئازادی و سەربەستی بوو، خەڵك حەزی دەکرد بە شێوازی جیا جیا گوزارشت لەو کەش و هەوا ئازادە بکات، بۆیە پۆشاك کەرەستەیەکی بەرچاوی ئەو دەربڕینە بوو:

---

(١) شاگردە ئاسنگەرەکان، لە تەلی چەتر، شیشەی چنینی گۆرەوی و کلیتەیان دروست دەکرد. درێژییەکەی لە نێوان (١٥ - ٢٠) سم دەبوو، سەرێکی تەلەکەیان لە شێوەی قولابەی ماسییگرتن، دادنێك بۆ دەکرد، بەڵام لیفکە و هێندیّ شتی دیکە بە شوولی داربی دەچنران.

ئەگەرجی سەرەتای ئەم قوناغە بە شەڕی چوار ساڵەی ناوخۆی پارتە سیاسییەکان دەستی پێ کرد (١٩٩٢ - ١٩٩٥)و کۆتاییەکەشی بە قەیرانی ئابرووی و دارِمانی ژێرخانی دامودەزگا سەرەکییەکانی بەڕێوەبردنی کەرتەکانی ئابووری کۆتایی هات ( ٢٠١٤ - ؟؟؟)، بەڵام چەند هۆکارێك ڕێخۆشکەر و هاندەری بەرپابوونی شۆڕشێکی مەزن بوون لە جیهانی پۆشاکی کوردیدا، هۆکارەکانیش ئەمانە بوون:

- گەڕانەوەی ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕەوەندی کوردی لە سەرتاسەری جیهاندا، ئەوان هەگبەیەکی گەورەیان لەگەڵ خۆیاندا، لە کلتووری پۆشاکی وڵاتەکان هێنایە کوردستان.

- کرانەوەی دەروازەکانی گەشت و گوزار و سەفرکردن بۆ دەرەوەی کوردستان، پتر چاوی خەڵکی کردەوە و ئاشنایەتییان بە کلتووری پۆشاکی بێگانە پەرەی سەند.

- کردنەوەی دەیان بازاڕ و (مۆڵ) و باڵەخانەی گەورە لەسەر نەخشە و دیزاینی سەردەمییانەی بازاڕە بەناوبانگەکانی دونیاو، قەڵاچنکردنیان بە کاڵا وکەرەستە و شتومەکەکانی کۆمپانیا مەزنەکانی جیهان، کوردستانیان کردە پێشانگایەکی گەورەی بەرهەمە پیشەسازییەکانی وڵاتانی بیانی، ئەمەیش وای کرد کڕیار بە ئاسانی دەستی بە کاڵای خواستی خۆی بگات.

- گەشەسەندنی داهاتی ساڵانەی تاك و بەرزبوونەوەی ئاستی خۆشگوزەرانی خەڵك، بە گشتی، کاردانەوەی لەسەر گەرموگوڕی بازار و گۆڕینی مۆدێل و ستایلەکانی پۆشاك و هەموو شتەکانی دیکەدا هەبوو.

**دیارترین خەسڵەت ئەم قۆناغە، سەرهەڵدانی دوو ڕەهەندی هاوتەریبی کلتوورکوژ بوون:**

**یـــەك:** لاسایی کردنەوەیەکی شێتانە، بۆ هەر بەرهەمێکی بیانی، بە چاك و خراپییەوە، تەنانەت ناو و ناونیشانی تابلۆی بازاڕ و مۆڵەکان گۆڕان بۆ زاراوە و وشە بیانی و نووسینیشیان (زۆریان) بوون بە لاتینی.

**دوو:** دووركەوتنەوە لە كلتووری كوردی و و وەلاوەنان و خەفەكردنی هەر ستايل و مۆديلێك بۆن و بەرامەی پۆشاكی كۆنی كوردی پێوەبێ وبەسووك تەماشاكردنی گەنجینەی باوباپیرانمان، ئەم شالاوە هەر پۆشاكی نەگرتەوە، كلتووره جوانەكەی مۆزیك و هونەر و ئەدەب و فۆلكلۆری كوردیشی، تا ڕادەیەك، گرتەوە.

چونكە كوڕان و كچانی هەرزەكار، داینەمۆی بازاڕ و بەكاربەرانی مۆدێل و ستایله تازەكانن، كە هەمیشه له هەڵپە و جموجۆڵی هێنانەكایەی نوێترین و تازەترین دیزاینی پۆشاكن، بەم شێوانەی خوارەوە كاریان لە گۆڕانكارییەكاندا كرد:

## كچانی تەمەن (١٢) و تا سەرووی (٢٠) ساڵی:

وەكو خوێندكار، بەدوای قوماشی باش و بەرگدرووی دەستڕەنگیندا دەگەڕان بۆ ئەو یەكپۆشییەی كە لە خوێندنگەكەیاندا پەیرەودەكرا. لە دەرەوەی خوێندنگەش، وەك باقی هەرزەكارەكانی دەرەوەی خوێندنگاكان، شێت و شەیدای دوو دیاردە بوون:

**یــەك:** داهێنان و ئەفراندنی گۆڕانكاری لە جلوبەرگی كوردیدا. هەموو پارچەكانی جلكی كوردی ژنانە، لە كراس و كەوێ و سوخمە و دەلینگ و پشتێن، بە مەقەستی دیزاینی بەناو سەردەمییانە، نەك بە دەیان بەڵكو بەسەدان ستایلی نوێی لێهاتە كایەوە، بەرگدروو هەر خەریكی داهێنان بوو، هەرزەكار بۆخۆی هەر بە هەوەسی خۆی دیزاینی دەكێشا، ئەوە جگە لە هاوردەكردن و تێكەڵكردنی كلتووری پۆشاكی نەتەوەكانی دیكە، وەك پۆشاكی هیندی و توركی و یۆنانی و عەرەبی و ئەرمەنی و تەنانەت ئەرژەنتینی و بەرازیلیش، بە تایبەتی كە هێندێك خەیات بەناوی دیزاینەری مۆدەی نوێ كەوتنە كردنەوەی پێشانگای پۆشاك، چ لە ناوەوەی كوردستان و چ لە دەرەوەدا. ئەگەر بە دیاركەوتنی گوێزینگی پێ (قولەپی) لە پۆشاكی كوردی كۆن، شتێكی نەشیاو بوو بێ، ئەوا ئێستا دیزاینی ئەوتۆ هەیە تا سەرڕانی هەر ڕووتە و بێ دەلێنگە، كەوای (٣) پارچە و (٥) پارچەو (٧) پارچە داهێنراوە، كراسی بەتیرێژی جاران بوون بە بێ تیرێژ و جۆری پان و جۆری سێگۆشە وجۆری تەسك. سوخمە بە قۆڵ و بێ قۆڵ و نیوقۆڵ بۆتە ستایل و دەرپێی كورت و قووتە و درێژ و

پان و باریك پەیدا بووە. ئەتەك و دەلینگ بوون بەیەك ڕەنگ بە پێچەوانەی جاران کە ڕەنگیان لەگەڵ یەکدی جیاواز بوو. پشتێنیش بە دەیان جۆری باریك و مام ناوەندی و ڕۆژهەڵاتی هەبوو. لە جۆری قوماشیش، ئەوەی تۆ لەبازاڕ دەیبینی، ئەوا لەسەر جەستەی ئەو کچانە نمایش دەکرێ، تاقمە کراسی کوردیی باش و تازەباو نرخەکەی لە دەوری (٢٠٠٠) دۆلار دەبوو. (بڕوانە وێنەی کراسی کوردی ).

**دوو:** بۆ پۆشاکی غەیری کوردیش، چ هی دەرەوە و بۆنەکان و چ هی ماڵەو وخەوتن، ئەو پۆشاکانەن کە لە بازاڕەکانی ئەستەمبوڵ و سەنگافورا و بەیروت...تاد، نمایش دەکرێن، بە واتەیەکی دیکە کچی هەرزەکاری کورد، بە گشتی، هیچ جیاوازییەکی لە پۆشاکدا لەگەڵ کچێکی هەرزەکاری تورکی یان ئەرمەنی یان هەنگاری نەبوو.

لە دوای دەیەی یەکەمی ئەم سەدەیە، پۆشاکی ئیسلامی لە (جبە و سەرپۆش و لچکە و عەبا ) بە زەقی لە هەرزەکارەکاندا، دەبینرا. لە پۆلێکدا نیوەیان بوون بە لەچکەدار، ئەوانیش لە جوانیی و ستایل و مۆدێلدا، کێبڕکێیان بوو ئەگەر بە تەوژمێکی نەختێ هیواشتریش بوو بێ.

## کوڕانی تەمەن (١٢) و تا سەرووی (٢٠)ساڵی:

ئەوەی لە بڕگەی سەرەوە بۆ پۆشاکی کچە هەرزەکاراکانی ئەم قوناغە تۆمارمان کرد، کتومت، ڕێك بۆ پۆشاکی کوڕە هەرزەکارەکانی ئەم قوناغەش دەگونجێ:

جلکی کوردی لە کورتەك و شەرواڵ ( مرادخانی و مەحموودی کە لە سلێمانی پێی دەڵێن ستارخانی ) و پشتێن و کڵاو و کەڵاشی کوردی، کەوتنە بەر مەکینەی عەولەمە و هەر خەیاتە و هەر هەرزەکارەی بە هەوەس و ئارەزووی خۆی مەقەستی گرتە دەست و کەوتە بڕین و هەڵتلیشاندن. چەندین جۆرە کورتەکی تازە کەوتە بازاڕ: بەیاخە و بێیاخەو و یاخەکراس و بە دوگمە و بە ڕێزە

دوگمه و بێدوگمه، به باخەڵ و یەك باخەڵ و دوو باخەڵ و به سەر دەست و بێ سەردەست، تەنانەت كورتەكی (مرادخانی) نیوقۆڵیشیان داهێنا، بۆ شەرواڵیش باریك و شووشەیی و لوولەیی و پان و فراوان و كۆییانی و هەولێریانی و پشدەری....تاد، داهێنرا. پشتێن و كراسیش لەم شاڵاو و تۆفانەی عەولەمە لە گۆڕانكارییەكان دەرباز نەبوون. دیسان ئەمانەش لە جۆری كاڵا و قوماش گۆڕانكارییان بەسەر داهات.

(داوای لێبوردن دەكەین كە ناتوانین، لێرەدا دیزاینی هەموو پۆشاكە نوێیەكانی ئەم هەرزەكارانە بكێشین، هەوڵ دەدەین چەند وێنەیەكیان لە پاشكۆی كتێبەكەدا، بۆ بخەینە ڕوو.)

بۆ خوێندكار و نەخوێندەوار، پۆشینی جلوبەرگی بیانی بوو بە مۆدێل و گەنجەكان لاسایی هەمان ئەو ستایل و مۆدێلانەیان دەكردەوە كە لە شەقامەكانی دوبەی و بەرلین و لەندەن دەیان بینی. بە گوێرەی سەنگی گیرفانەكانیان. لە هەر وەرزێكدا گەنجان بە پۆشاكی شیاو خۆیان دڵخۆش كردووە و بێ دڵی خۆیان لە هەڵبژاردنیاندا نەكردووە.

وەك چۆن هێندێك كچی هەرزەكار، پۆشاكی ئیسلامییان كردە كلتووری خۆیان، بە هەمان شێوە لە دوای دەیەی یەكەمی ئەم سەدەیە، هێندێك لە گەنجە كوڕەكانیش گۆڕانكارییان لە پۆشاكی خۆیاندا كرد و پێیان دەگوتن (پۆشاكی سەلەفییەكان) كە مرادخانی و شەرواڵەكانیان بەم شێوەیە بوو: كورتەكەكە بێ یاخە و بێ باخەڵ و سادە بوو، سەردەستی نەبوو. شەرواڵیش چەند سانتیمێك لەسەروی گوێزینگی پێ بوو، تەسك و پانی ئاسایی بوو، هەبوو بە پشتێن هەبوو بێ پشتێن، پتر كڵاوی سپیی عەرەبییان لەسەر دەنا، یان كڵاوی دەزووی ئاسایی. پێڵاویشیان سووك و ئاسایی یان سەندەڵ و نەعل بوو. هێندێكیان لە وەرزی هاوێندا، تەنیا كراسێكی ئاسایی بێ گوڵ و نووسین و وزەخرەفە و شەرواڵێكی كورتیان دەپۆشی و و نەعلیان بەسەر پێیانەوە دەكرد.

بۆ یەكەم جار، لە ساڵی (٢٩١٣) وەزارەتی پەروەردە، بە فەرمی ڕۆژی (١٠ی ئاداری) هەموو ساڵێكی كردە ڕۆژی جلكی كوردی كە خوێندكار و دەستەی

مامۆستایان، ئارەزوومەندانە، دەتوانن لەو ڕۆژەدا جلکی کوردی بپۆشن. دواتر بازنەکە فراوانتر بوو، فەرمانگە و دامودەزگا حکومیی و ناحکومییەکانیشی گرتەوە و زۆر کەس لەم ڕۆژەدا بە پۆشاکی کوردی دەچووە فەرمانگەکەی یان ستافی کەناڵەکانی تیڤی بە پۆشاکی کوردییەوە لەسەر سکرینەکان بەدیار دەکەوتن.

نابێ ئەمەش فەرامۆش بکرێت، کە هەیە هەوڵی زیندوو کردنەوەی کلتووری کۆییانەی داوە، وەك پۆشینی پەستەکی کۆییانە لە لایەن هێندێ لە کوڕە گەنجەکان و زیندوو کردنەوەی سەڵتەی کوردی و کڵاو و تاس وجەتفییە و سرکە و دەسماڵی قەدیمی. گەڕان بەدوای قوماشی کۆن وەك پارچەی ئاوریشم و کشمیریی و گورباتمان، تا لە نوێ پۆشاکیان لێ دروست بکەنەوە.

هەر لەو سەردەمەدا، کردنەوەی پێشانگای جلکی کوردی ساڵانە بوو بە نەریت، تەنانەت لە شاری کۆیە، لە هێندێك خوێندنگە، نمایشی زیندووی جلوبەرگ بە ئامادەبوونی خەڵك بەڕێوە دەچوو. چەندان لە بەرگدرووی ژن لەماڵەوە هاتنە دەر و لە بازاڕ و گەڕەکەکان دوکانی خەیاتییان دانا.

چونکە لە هێندێك لە باغ و شەقامەکاندا، هەرزەکاران ڕۆیشتنی وەرزشییان ئەنجامدەدا و چەند مەڵبەندێکی (جیمکاریی و لەشرێکی Gyms and Fittness) بۆ هەردوو ڕەگەز هەبوو، پۆشاکی وەرزشەوانی و ڕاهێنان هەرمێنی هەبوو و چەند دوکانێکیش تایبەت بوون بە فرۆشتنی پۆشاکی وەرزشیی.

(بۆ بابەتی پێڵاو و خشڵ، لە برگەیێکی تایبەتدا، باسیان دەکەین).

## قۆناغی پێنجەم : بووك و زاوا

پ. د. عومەر ئیبراهیم عەزیز لە کتێبی (داب و نەریتی ژنهێنان لە کوردەواریدا) جیاوازیی چەند ناوچەیەکی کوردستان لە بەجێهێنانی ئەم داب و نەریتە دەخاتە ڕوو و ئاماژەش بە ڕۆڵی کلتوور دەکات و دەڵێ:" داب و نەریتەکانی کۆمەڵی کوردەواریمان مۆرك و ڕەسەنایەتی نەتەوەیی تایبەتیی خۆی هەیە و بارودۆخی هەزارەها ساڵی ئەم کۆمەڵگەیەیە. زۆر لەم نەریتانە وا خەریکە ڕۆژیان ئاوا دەبێ لە نێو کوردەوواریدا و دەچنە خانەی لەبیر چوونەوە لای نەوەی نوێمان. یەکێك لەوانە داب و دەستووری زەماوەندی کوردەوارییە."(١)
لەم برگەیەدا هەوڵدەدەین ڕووناکی بخەینە سەر پۆشاکی پێوەست بە زەماوەند و لە شوێنی پێویستیش هەڵوەستە لەسەر چەند ڕوخسارێکی دەستووری کۆییانەی ئەم نەریتە دەکەین.

چونکە شێواز و کەرەستەکانی زەماوەند، وەك هەموو شتەکانی دیکە، بە گوێرەی سەردەم و ڕۆژگار گۆڕانکارییان بەسەر داهاتووە، وای بەباش دەزانین، باسەکە بەم شێوەیە بخەینە ڕوو:

١- قۆناغی (١٩٠٠ - ١٩٥٨).
٢- قۆناغی (١٩٥٨ - ١٩٩١).
٣- قۆناغی (١٩٩١ - ٢٠١٦).

### یەك: قوناغی (١٩٠٠ - ١٩٥٨):

دوای دەستنیشان کردنی کچ (بووك) لە لایەن کەسوکاری کوڕەکەوە (زاوا) یان لە لایەن خودی کوڕەکەوە، یان جار بووە پەیوەندی خۆشەویستیش لە نێوان ئەو کوڕ و کچەدا بە دزییەوە بووە، ئەوا چەند ژنێك دەچنە خوازبێنی ودوایی

---

(١) د. عومەر ئیبراهیم عەزیز لە کتێبی ( داب و نەریتی ژنهێنان لە کوردەواریدا)، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕوشنتبری، هەولێر، ٢٠٠٤، ل. ١٠

نیشاندانی ڕەزایی دایك و باوکی کچە، چەند ژنێك دەچن لەسەر بڕی زێڕ و جلك ڕێکدەکەون، ئەوجا تاقمێك پیاو لەگەڵ مەلا و زاوا دەچنە (شەکراو خواردنەوە)، لەسەرەتادا بەمەنجەڵان شەکراویان دەگرتەوە و بە پەرداغان دابەشیان دەکرد، لە گەڵ پەیدا بوونی چا لەکۆیە، لە ناوەڕاستی سییەکان، شەکراوەکە بوو بە چا جاریَ شەربەت نەبوو بوو بە عادەت. بۆ هەڵبژاردن و کڕینی زێڕ و جلکەکە خوشك و پلکی بووك و زاوا بەیەکەوە دەچوونە بازاڕ. هەموو جلکەکان بە گەز بووە نەك بە ئامادەکراوی،[1] هەر لەویَ لەناو بۆخچانیان دەپێچاوە و بۆ ماڵی بووکیان بردۆتەوە تا دایکی بووك بیانبینێ، ئەوجا بە سەبەتان گوێزراوەتەوە بۆ ماڵی زاوا تا لە ڕۆژی جلکبڕین دیسان بیبەنەوە بۆ ماڵی بووك. شێوەی گواستەنەوەکەی بۆ ماڵی بووکێ بەم جۆرە بووە، قوماش و کاڵایەکانیان دەخستە ناو چەند پووشینەیەکی جلکان کە لە تەقتەق دروستدەکراون، بە داوەبەن نەخشی گوڵگوڵیان لەسەر کرابوو. سەری ئەو پوشینانەیان بە دەسرۆکەی زەرد و ئاڵ یان دەسرۆکەی پەلکە قەنەوز دادەپۆشی، منداڵ دەیانخستە سەر سەریان و بەرەو ماڵی بووکێ بەڕێدەکەوتن. لە بۆ جلکبڕینەکە کە لە ماڵی بووکێ بەڕێوەدەچوو، خەیات لە گەڵ چەند خزمێکی زاوا دەهات، هەموو قوماشەکانیان لەسەر زەوی ڕادەخست، و خەیاتەکە قەندە شەکرێکی لەسەر پارچە قوماشێك بە شەکرشکێنی دەشکاند و دەیگوت:" پیرۆزە و پیَ و قودومی بە خێر بیَ." هەلهەلە لێدەدرا. ئەوجا یەك کەوای بە مەقەست دەبڕی و شەکرە قەندەکەی خڕدەکردەوە و لەگەڵ خۆی دەبرد. هێندێ کچ وکاڵ چەند دنکە شەکرێکیان لەسەر قوماشەکە دەدزییەوە دەیان گوت مرازیان حاسڵ بیَ. جلکی بووك بە دەستە دیاری دەکرا، عادەتەن، هی دەوڵەمەندان (٧) دەست و هی مامناوەندی (٥) دەست و هی هەژارانیش (٣) دەست بوو. هەر دەستەجلکێك پێکهاتبوو لە: یەك کراس کە لە شاڵی عەسر و گولباتمان و چیناوی و گوڵونیو و شاڵ و ئاوریشم و سلك و کتانچین و چارۆگە بوو . یەك کەوا کە لە گوڵونیو و گوڵباتمان و خامەکی کەسك و مۆر بوو. یەك سوخمە کە لە پاشماوەی قوماشی کراسەکان بوو،

---

(١) ئەو سەردەمە کوتاڵ بە گەز دەفرۆشرا، تا دەوروبەری ناوەڕاستی چلەکان، کە یاردە پەیدا بوو، دوای ئەوە ئینجا بوو بە مەتر.(کەریم شێخانی، چاوپێکەوتن)

یەك دەرپێ کە لە گوڵۆنیو و گوڵباتمان و سەر پزییەکەشی لە بەشی سەرەوە بەلووری بوو. دوو یان سێ دەسرۆکەی حازری، دوو مشکی یەکی سەران و یەکی ملان کە گوڵینگەدار بوو، یەك پشتێنی هەمیانە کە ئاوریشم بوو، یەك جووت قوندەرە کە لە جۆری قوندەرەی بیلادی و حەوتپارچە بوو، یەك جووت پاپووچ. دوو سێ چارۆگە کە کتانچیی بوو. لەگەڵ هەموو جلکەکانیش دەبوایا ئەمانەی دابنێن بە جیا: یەك فێس، قەنەوز( نیومەتر پەمەیی، چارێگێك کەسك، چارێگیك شین)، یەك ئاوێنەی بە قەد دەفرێك، یەك مەقەست، یەك تاقمە پەشتەماڵی حەمامێ و چەند بوخچەیەکی حازر، یەك دووگردی نوێژ (بەرماڵ)، چەند دنکە مێخەکێك بۆ بۆنخۆشیی و چەند پووشینەیەك لەقەدەر جلکەکان. لەگەڵ هەر دەستە جلکێکیش یەك کیسە خەنەیان دادەنا، هەشە بۆ هەمووی دوو سێ کیسەیان دادنا.

تاقمی هەژارەکان یەك لینگە پەشتەماڵی تێدا بوو، جار هەبوو زێڕ و جلك و لیف و دۆشەگیان دەخواستەوە.

دایکی بووکێ ئەو جلکانە بە دروویین دەدا و زاوا حەقدەستەکەی دەدا. زۆربەی خەیاتەکان پیاو بوون.[١] دەوڵەمەندەکان بارگەشیان پێ بوو، هەر بارگەیەك کە ماڵی زاوا لە سەر پشتی ماینان بۆ ماڵی بووکێیان دەنارد، بریتی بوو لە: یەك: دۆشەك، یەك لێف، یەك جاجم، یەك بالیف. لە گەڵ هەموو بارگەکەش ئەم کەلوپەلانە ئامادەدەکران: یەك مەسینە و دەستشۆر، یەك گومگومە، تیرۆگ و ناوبرێشك، قیمەکێش و کەوگیر، پێتەرازو و پووشینە، لۆکس و فانۆس، سێ سینی ئاسنجاو و دەستەباشی، چەند تریانەیەك فەفخوری.

دوو سێ رۆژ پێش وادەی بووکگواستنەوە، دەموچاوکەر دێت و دەموچاو و مل و گەردن و دەست و باسك وقاچی بووك دەکات. ڕۆژێك پێشگواستنەوە دەچوونە حەمام و ئەوانەی دەچوون خزم وکەس بووك و زاوا و دەرودراوسێنە. بانگیهیشتکردنی ئەم کەسانە ئەرکی بەربووکە بوو. زووتریش دایکی زاوا مامەڵەی لەگەڵ حەمامچی دەکرد کە بڕی پارەکەی دوو سێ دینار بوو.

---

(١) عەولای مەلا ساڵحی و وەستا غەفوور خەیاتیی جلکی ژنانیان دەکرد.

دەستوور وابوو لە حەمام قالبە سابوون بەسەر بانگێشتکراوەکان دابەشد بکرێ. ناتر و بەربووك خەریکی خزمەتکردنی بووك دەبوون و (حەماملەمیش)یان بۆ دەکرد، واتا دەسرۆگەی ئاڵیان بە چاوی بووك دادا و بە چەپڵەڕێزان و هەلهەلە دەیانبردە ژوورەوە، مەبەشتیش لەم دەسرۆگە ئەوەبوو خەڵك بزانن کامیان بووکەکەیە، کە خۆشتنیش تەواو دەبوو بەهامان بەزم و ڕەزمە بووکیان دەهێنا دەرەوە و بەربووك گۆرانی بەسەر جوانی و خاتوونیی ئەودا هەڵ دەدا. لە کاتی دەرچوون، کوورەچی حەمام دەرگای حەمامی لێدەگرتن و داوای بەخشیشی بووکانە دەکرد کە هەر (٢٥٠ - ٥٠٠) فلسێك دەبوو. خۆ ئەگەر نەیاندابوایە ئەوا دەرگای لەسەر قوفڵ دەدان. کە دەشگەڕانەوە، لە ماڵی بووك، سفرە ئامادەکراو بوو کە وەك دەستوورەکەی حەفتیانە حەمامی منداڵبوون، پتر ئەستووکە بە ڕوون و چایی بوو کە لەخەرجی زاوا دەکرا یان ماڵی زاوا دەیان نارد. شایی و هەڵپەڕکێ هەر بەردەوام بوو، ئاهەنگی خەنەبەندان، شەوی پێش گواستنەوە دەبێ. هەر ئەو خەنەیە دەگرنەوە کە کە لە گەڵجلکەکاندایە. خوشك و ژنانی لێزان خەنە لە دەست و قاچی بووك دەگرن، کەس و کاریش بە هەمان شێوە، لە ژێر پیاڵەی چا هێندێك خەنەی گیراوە بەسەر دراوسێیاندا دەبەشیەوە، دواتر مۆدی بەشینەوەی خەنەی گیراوە نەما، خەنەکەیان وەك تۆز لە پیاڵان دەبەشیەوە تا بە ئارەزووی خۆیان لە کاتی پێویست بەکاری بێنن.

ئێوارەی بووك گواستنەوە برازاوا و چەند دەستەبرا و خزمێك زاوایان دەبردە حەمام، دوای خزمەتکردن بە چەپڵە و گۆرانی دەیانهێنایەوە ماڵەوە.

جلوبەرگی زاواش هەموو نوێ بوو، باشترین قوماشی هاوردەیان بەکاردەهێنا کە زۆری ئینگلیزی و ئەڵمانی بوون، (فاسۆنی جەرمەنی) بە ناوبانگەکەیان بوو. بە گشتی دەستە جلکی زاوا بریتی بوو لە کراس و ژێرکراس، کورتەك و شەرواڵ، دواتر کورتەك باوی نەما بوو بە مرادخانی و مەحموودی، پشتێن کە لە شاڵی عەسری ڕەش و سپی و شێن و مۆر بوو یان لە کرێشەی گوڵگوڵی و چیت بوو. کڵاو وجامەدانی یان مشکی، گۆرەوی و پێڵاو، کە هەم خۆماڵی هەبوو هەم بیانی. جلکی خەوتنیش لە جیاتی پێجامە کراسێکی سپی و دەرپێیەکی بەلووری سپی سادە بوو.

چۆن بووکیان دەگواستەوە؟ نیوەڕۆیەکەی هەر کەس لە ماڵی خۆی، بووك لە ماڵی خۆی و زاوا لە ماڵی خۆی، نانیان دەخوارد، بەڵام ماڵی زاوا پێشتر کەرەستەی پێویستی چێشت لێنان بۆ ماڵی بووك دەنارد. چەند ژنێکی لێزان و شارەزا جلکیان لەبەر بووك دەکرد و دەیانڕازاندەوە و بە سۆراو و سپیاو ئارایشتیان دەکرد، بەدلەی سپی بووکێنی نەبوو، ئەو هەر جلکی کوردی دەپۆشی، تا کاتی گواستنەوە چاوەڕوانیان دەکرد، بێگومان شایی و چەپڵەڕێزان و هەلهەلە لێدان بەر دەوام بوون. هێندێك قەسپیان دەکردە ناو کۆشی بووك و منداڵ دەهاتن دەیان برد، ئەمە پێی دەگوترا (ناو گەلانەی بووك). زۆربەی جار چونکە شاری کۆیە بچووك بوو بە پێ دەڕۆیشتن، نە دایکی بووك، نە دایکی زاوا لەگەڵی نەدەچوون، (دەیانگوت خەسوو بچێ سەری بووکێ دەخوا). ماڵە دەوڵەمەند و ئاغایەکان بە ماینی سۆر(شێ) بووکیان دەگواستەوە. سەرو کەللە و چەپ و ڕاستی ماینی بووکێیان بە دەسرۆکەی ئاڵ و سەوز و زەرد دەڕازاندەوە، ئەو دەسرۆکانە دوایی دەبوونە دیاریی بۆ خاوەن ماینەکە.

تارا بەسەر بووك دادەدرا، تارا بە دەستی دەوورا، چوار دەسرۆکە بوو تێککرابوونەوە، ناوەندەکەی زەرد بوو، دەورەکەی سێ لچکی هەبوو: پەمەیی و کەسك و شین و تا دامێن دەهاتە خوارێ، تارا زۆربەی، قوماشەکەی قەنەوزە بوو. کە بووك لەماڵ دەهاتە دەرەوە دەفرێك ئاویان بە دوادا دەڕشت تا ڕێگای ڕووناك و خۆش بێ. لەپیش بووك ئاوێنەی باڵانوێنی لە سەر پشتی مێرمنداڵێك هیواش هیواش دەڕویشت، واتا بووك خۆی لە ناو ئاوێنەکەدا دەبینی. ئاوێنە سونبولی ئایندەی خۆشیی و بەختەوەری ئەم زەماوەندەیە. خزمی زاوا، چ ژن چ پیاو پیلی بووکیان دەگروت و بە نەرمی لەگەڵیدا ڕێدەکەوتن. کە بە دەهۆڵ و زوڕنا و گۆرانی، دەگەیشتنە بەر دەرگای ماڵی زاوا، لەسەر بانەوە قەسپ و مێوژ وشەکرۆکە و چۆکلێت و گەنم و پارە بەسەر سەری بووك دا دەکرا.[1] منداڵ و گەورە هەڵیان دەگرتنەوە، جار هەبوو بە تفەنگ چەند پاکەتێك فیشەکیان

---

(١) شیرینییەکان بۆ ئەوە بوو ژیانیان خۆشیی و شیرینی بێ و گەنمەکەش بۆ ئەوە بوو سەری بەرزق و خێر و بەرەکەت بێ.

وەك نیشانەی خۆشی دەتەقاند. هەر بەدەم چەپڵەڕێزان و گورانییەوە بووکیان لەسەر کورسییەك یان سەکۆیەك یان بالیفێك دادنا و دوای ماوەیەك پێش تارایان لەسەر چاوی لادەدا. جاران عادەت بوو کوڕێکی ساوا بخەنە کۆشی بووك تا نۆبەری کوڕ بێت و کچانی شوونەکردووش دەچوونە لای تا مستەکۆڵەیێکیان بە دەستی خۆی لێ بدا، بەڵکو خوایە و نسیبیان هەڵسێت و شوو بکەن. لەم سەین و بەینە بەربووك هەر چرپ و جۆپیەتی و ماندووە. زاوا لە گەڵ برازاو و هاوڕێیەکانیەتی تا کاتێ نان خواردنی ئێوارە، لە گەڵ هاوڕێیەکانی دەبێت. ئێوارە خەڵکی دەعوەتکراو دێنە ماڵی زاوا. تا کاتی چوونە پەردە هەر شایی و هەڵپەڕکی و چەپڵە ڕێزانە. دواتر وردە وردە خەڵکە زیافەتکراوەکە دەڕۆنەوە و برازاوا و چەند کەسێك دەمێننەوە. بەربووك بووك دەباتە پەردە و تەدارەکی (چارە)ی[1] بۆ ڕێکدەخات ئامۆژگارییەکانی بە بووك و زاوا ڕادەگەیێنێ. جاران زاوا لە پێشدا، نوێژی شەوی پەردەی دەکرد. هێندێك جار کە زاوا لە پەردە دەهاتە دەرەوە، چەند تەقەیەکیان دەکرد وەك نیشانەی بەزاوابوون. بەربووك دوو سێ ڕۆژ لەگەڵ بووك دەمایەوە و بۆ هەموو شوێنێك هاوەڵی دەبوو. دوایی سێ ڕۆژان، خەسوو و دش و خزم و بەربووك، بووکیان دەبردەوە حەمام و ماڵی زاوا بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ لە ماڵی بووك زەحفەت دەکران، ئەمە پێی دەگوترێت (سێ ڕۆژە). عادەتەن خزم و ئەوانەی لەم زەماوەندە زەحفەتکراون دیارییان بۆ بووك دینا کە پێیان دەگوت (سەرمشقانە). یەکەم سەردانی بووك بۆ ماڵی دایکی پێیدەگوترێت (باوەخوند)، چونکە جاران بووك پێی شەرم بوو زوو بچێتەوە بەرچاوی باوك و براکانی، تا بیست ڕۆژ یان مانگێگ بەسەر گواستنەوەی تێپەڕ دەبوو ئەوجا باوەخوندیان دەکرد. چەند ژنێکی سەر سپیی بووکییان دەبردەوە ماڵی دایکی، ماڵی زاوا و خزم و دۆستیش زیافەت دەکران بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ. ئەوکات پتر پڵاو برنج و پڵاوساوار و مزەورە بووە، گۆشتی مریشك باو نەبووە. حەقدەستی بەربووك دەستەجلکێك و دوو سێ دینار بوو، بەربووکانەشی وەردەگرت، کاتێ (چارە)ی بووکی نیشانی خزمانی زاواو بووك دەدا، بڕی پارە

---

(١) چارە، پارچە مەلمەلێکی سپییە، شەوی پەردە، خوێنی بووکی دەکەوتە سەر، بۆ نیشاندانی پاکیزەیی و ڕووسووری بووك، بەربووك لەماڵان دەیگێڕێ.

(١٠٠ ـ ٢٥٠) فلسیان دەدایە پێیان دەگوت (بەربووکانە). دوای ماوەیەکی کورت ماڵی زاوا، وەك نیشانەی تێکەڵ بوون، ماڵی بووك زیافەتت دەکەنەوە.

لەو سەردەمەدا دەبوایە بووك جیازی خۆی پێ بێ.

جیازی بووك چی بوو؟ ئەمە بە گوێرەی باری گوزەرانی ماڵی بووك بوو، لەسەرەتادا سندووق و پێخەف و کەلوپەلی ماڵی لەگەڵ نەبوو، چونکە بووك دەچووە سەرماڵی خەسوو هەموو شتێکی، بە گوێرەی هەبوون و نەبوونی، بۆ ئامادە دەکرا، بە گشتی جیازی بووك بریتی بوو لە:

(١٠ تا ٥٠) کلدان، بووك بۆخۆی لە قوماشی ڕەنگا و ڕەنگ دروستی دەکرد، کیسەیەکی لاکێشەیی بوو بەقەد ناولەپ، سەرێکی سێگۆشەی هەبوو بە داو تێی وەردەپێچرا، بەڵام کلچووکەکە، کە لە قۆچ دروستدەکرا، بەحازری لەبازاڕ دەکڕدرا. (١٠ تا ٥٠) کیسەی پارە و سەرەویلك و سەرەقۆریە و دەستگرە و پەشتەماڵی چاوان و کڵاوی پیاوان و دەستەسڕ و لیفکە و دۆخین بوو. ئەمە جگە لە چەند پارچە قوماشی جوان جوان. (سەرەقۆریە لە شێوەی دەفرێکی گەورە بوو تیرەکەی (٣٠) سانیتم دەبوو، لە پارچە قوماشی ڕەنگاو ڕەنگ دروست دەکراو و ڕۆخەکەی بە نووشتەی سێگۆشەیی دەنەخشێنرا، بەڵام سەرەویلك چوارگۆشە بوو درێژی لایەکی (٦٠) سانتیم دەبوو، ئەویش پارچە قوماشی ڕەنگاو ڕەنگ بوو لە شێوەی زەخرەفە تێك دەکرانەوە، بەڵام کەناری بە نەقشی وەکو سەرەقۆرییەی نەبوو. دەستگرە، وەکو هی ئەم سەردەمە بوو، دوو پارچە قۆماشی بە زەخرەفە دووړواوی چوارگۆشەیە، کە درێژی هەر لایەکی (١٠) سانتیم دەبێ و لە گوشەیەکەوە هەر پارچەیەکیان بە سەرێکی پەتێك کە لە شێوەی دوخینە و درێژییەکەی (٥٠) سانتیم دەبێ، دروون. ماڵی زاوای دوای چەند ڕۆژێك ئەو جیازە، بەسەر کەس و کاری خۆیاندا دەبەشنەوە، خەسووش بەشەکەوایێکی خۆی لێ دەبرد. جیازی دەوڵەمەند لەگەڵ بارگە بوو[1]، بەڵام هی هەژارەکان ڕۆژێك دواتر لە پوشینە و تریانان دەیان برد بۆ ماڵی زاوا. ئەگەر

---

(١) عیسمەتخانی حەماغای قەنەفە و کورسی، وەك جیاز، پێ بوو.

جیازی بووك كەمبوایە، ئەوا خوشكەكانی بووك جیازی خۆیان پێشكەش دەكرد. زۆر جاران خێزانی هەژار دەستە جلەكانی دەفرۆشتەوە، یان ماڵی زاوای هەژار، دەستە جلكی كۆنیان دەكڕییەوە. (بڕوانە وێنەی كلدان).

دوست و برادەرانی زاواش دیارییان پێشكەش بەو دەكرد.

جاران لە كۆیە بە كەمی ژن بە ژنێ هەبووە، بەڵام دوو ژنە و سێژنە و چوار ژنەش هەبوو، دەتوانین بڵێین ژن ڕەدوكەوتن و ژنهەڵگرتن تاق ولۆقە هەبووە.

ئەمەی باسمان كرد، زەمازەندی ئەو سەردەمە بوو بە گشتی، بەڵام حاڵەتی تایبەتی هەبووە وەك ئەوەی هەر لە حەمامەوە یەكسەر بەسەری بووكیان بردووە بۆ ماڵی زاوا. یان وەك شایی و هەڵپەڕكێ و دەهۆڵ و زوڕنای حەوت شەو و حەوت ڕۆژە و ئەسپسواری و ئاهەنگ و زیافەتی گەورە بۆ خواپێداوەكان .

## دوو: قۆناغی (١٩٥٨ ـ ١٩٩١):

لەم قۆناغەدا هەم كەرەستە و كەلوپەلەكان و هەم ڕێورەسمی زەماوەندكردنەكە لە كۆیە گۆڕانكاری بەرچاو وزۆری بەسەرداهات. تەنیا ئاماژە بە گۆڕانكارییەكان دەكەین.

- وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، شۆڕشی گەلاوێژی (١٩٥٨)، زۆر دەرگای گۆڕانكاریی بەرچاوی كردەوە، لە بارەی جۆری قوماش و كاڵا، بازاڕ و كوڵانەكان سیخناخ بوون بە جوانترین و نازدارترین كاڵای ئێرانی و فەرەنگی، كە ڕاستەوخۆ ستایل و جلوبەرگی بووك و زاوایان گۆڕی. دەستە جلكەكانیان كە لە بازاڕی كۆیە و شارەكانی دیكە دەكڕی، هەموو تازەباو بوون لە قوماشی سیمدار و بە پوولەكە و گوڵداری جۆری نایاب كە هەر بە دەستوری كوردی لە لایەن بەرووگدووروی ژن، بە دەرزی و دوورمان و مەكینە، دەدووران. جلوبەرگی زاواش گۆڕانكاریی بەسەر داهات، لە پاڵ جلكی كوردی كە كورتەك و شەرواڵی دیموكرات و تازە باو بوو، ڕەنكوچۆغەڵ و كەڵاشی هەورامان هاتنەوە مەیدان. بەرە بەرەش پۆشینی چاكەت و پانتۆڵ كە پێیان دەگوت (سەترە و

پانتولْ)، لە لایەن مامۆستا و فەرمانبەران بوو بە مۆدێل. کە بریتی بوو لە چاکەت و پانتۆڵ و سوخمە و کراس و بۆینباغ و پێڵاوی بیلادی، پتر لە هەولێر و سلێمانی دەدووران.

- جیازی بووك، لە سەرەقۆریە و سەرەویلك و دۆخێن...تاد، گۆڕا بۆ کراسی پیاوان و پارچەی جوانی ژنانە و گۆرەوی و دەسماڵ و سرکەیی و چارۆگ و پشتین...تاد، شتەکۆنەکان باویان نەما.

- لە ڕێی مامۆستا و فەرمانبەری غەیری کۆیی، کە لە کۆیە دامەزارا بوون، هێندێك شتی تازە هاتە ئارا. بۆ نموونە جاران مەمکبەند (مەمەکدان) لە کۆیە نەبوو، کە لە حەمام چاویان بە ژنە بێگانەکان دەکەوێ مەمکبەند دەبەستن، لاسایان دەکردنەوە. ژنە خەیاتەکان لە ماڵەوە بە گوێرەی سینگ ومەمکی کەسەکە بۆیان دەبڕین و دەدوورین. دواتر مەمکبەندی حازری هاوردە گەوتە بازاڕ.[١]

- گۆڕینەوەی ئەلقەی دەستگیرانی، بوو بە مۆدە، پێشتر لە کۆیە ئەو دەستۆرە نەبوو.[٢]

- پۆشینی (بەدلەی سپیی بووکێنی)، بەرە بەرە شوێنی تارای گرتەوە، سەرەتا بۆخۆیان دروستیان دەکرد. یەك بەدلە بۆ چەندین بووك دەخواسترایەوە. دواتر دەچوون لە هەولێر و سلێمانی لە دوکانی بەدلەفرۆشان بە کرێ دەیانخواستەوە. بەدلەکان هەر ڕەنگی سپییان هەبوو، بەڵام شێواز و ستایلیان جیاواز بوو، بووکیش دەچوو بۆ هەڵبژاردن.[٣]

---

(١) عیفەتی کاکە مەلای، خەیات لە ساڵی (١٩٥٣)لە قوماشی بەلووری لەماڵەوە، بە مەکینە مەمکبەندی دروست دەکرد. لە ساڵی (١٩٦٠) مەمکبەند هاتە بازاڕ. (زبیدەی حاجی عەبدوڵڵای کەبابچی، تەمەن (٨٦) ساڵ، کۆیە، ٢٢ / ٣/ ٢٠١٦.

(٢) لە ساڵی (١٩٥٠) مامۆستا عومەری حاجی حەمەدی ئیمەندروو کە هاوسەرگیریی لە گەڵ خاتوو (سوعاد)دا کرد، کە خەڵکی سلێمانی بوو، بۆ یەکەم جار نەریتی ئەلقەی پەنجەی هێنایە کۆیە. (سەرچاوەی پێشوو).

(٣) یەکەم بووك کە لە کۆیە بەدلەی سپیی پۆشیووە سیستەر (مریەم یوسف قاقوز)ی مەسیحی بوو لە ساڵی (١٩٦٢)، (ئەغافەنی) کچە ئەرمەنییەکی مامۆستا بوو لە گەڵ خوشکەکەی کە ناوی (زنوود) لە ماڵی باوکی سیستەر مریەم ژوورێك بە کرێ دەگرن، کە سیستەر مریەم شوو دەکا، ئەوان بریار دەدەن

- بووك گواستنەوە، بە ئۆتۆمبیل، بوو بە عادەت، لە شێوەی کاروان، ئۆتۆموبیلەکان لە دوای ئۆتۆمبیلی بووك، کە هەرە و باشەکەیان بوو، بە ناو شەقامە سەرەکییەکانی شاردا دەسووڕانەوە و کچان لە پەنجەرەدا دەسرۆکەی کەسك و سۆریان بادەدا و بەچەپڵەڕێزان گۆڕانییان دەگوتەوە.[1] ئۆتۆمبیلی بووکیش بە گوڵی نایلۆن و شەریت و لۆکەی ڕەنگا و ڕەنگ دەڕازاندرایەوە.

- پووشینە و تریانە و بوخچە باویان نەما، باوڵی تەنەکە بە قەبارەی جیا شوێنی ئەوانی گرتەوە، دواتر باوڵی قایشیش پەیدا بوو.

- چونکە گەرماو لە خانووی نوێدا دروستدەکرا، بەرە بەرە چوونە حەمام بوو بە نەریتێکی بەسەرچوو، بۆیە داب و دەستووری خەنەبەندان و تەدارەگی چوونە حەمامیش ڕۆژی ئاوا بوو.

- چوون بۆ ئارایشتگای و ڕازاندنەوەی بووك لەوێ بە دەستی کەسانی شارەزا و لێزان، جێگەی بە ژنە دەموچاوکەری ماڵان لەقکرد.

- بووك بەشداری لە ماڵداناندا دەکرد، چونکە زۆربەیان سەربەخۆ، دوور لە ماڵی خەسوو دەژیان. بە یەك دوو پارچە لە کەلو پەلی پێویست، وەك تەباخ و سەلاجە و تەلەفزیۆن و پانکە و ڕایەخ ...تاد، ماڵیان پۆشتەدەکرد.

- کڕینی تاقمی نووستن و ناوماڵ، کە زۆربەیان لە شارە گەورەکان دەکڕان. هەشبوو دارتاشی خۆمان بۆی دروست دەکردن، شوێنی سندووق و ئیغدانی جلك و کەنتۆری کۆنی گرتەوە.

- گەشتی مانگی هەنگوینی بوو بە عادەت، بەڵام چەند خزمێکی زاوا دەبوون بە یاوەری بووك و زاوا. پتر مانگی هەنگوینان لە هوتیلەکانی هاوینەهەوارەکانی کوردستان (بەتایبەتی لە شەقڵاوە و پیرمام) و هوتیلەکانی هەولێر و سلێمانی و

---

بەدلەی بۆ بدوورن، قوماش دەکڕن و لە ماڵەوە بۆی ئامادە دەکەن. ( گۆڤاری شارەوان، ژمارە ٥، ٢٠١٥، ل. ٥٤.)

(١) خێریەخانی کچی پلکی (فەتاح حەکیمی) لە دایکیەوە، یەکەم بووك بوو بە ئۆتۆمبیل لە کۆیەوە بگوازترێتەوە بۆ کەرکووك لە دەیەکانی (١٩٣٠) .

بەغدا بەسەر دەبرد، بەڵام هەر چەند ڕۆژێك دەمانەوە.

- وێنە گرتنی بووك و زاوا لە ستودیۆی وێنەگر، بوو بە عادەت. لە گەڵ پەیدابوونی کامیرای ڤیدیۆ، ڤیدیۆگرتنی مەڕاسیمی بووك گواستنەوە بەرە بەرە پەرەی سەند.

- دەست و دیاریی خزم و و دۆستان بۆ بووك و زاوا، لە نەقدینە پارە و شتی بێ کەلك، بوو بە پارچە زێڕ و کەلو پەلی پێویستی ناو ماڵ، وەك فەرش و ڕایەخ وبەتانی، ئوتوو، مێزی ئوتوو، مەکینەی دوورمان، مەکینەی قیمەی گۆشت، پانکە، تاقمی بەردەستی موتبەخ، قۆریە و سەماوار، سێر و پرێمز، فەفخۆری، پەردە ...تاد.

- شایی و هەڵپەرکێی حەوت شەو و حەوت ڕۆژە، بووە شتێکی دەگمەن، دەهۆڵ و زوڕنا کەمتر دەبیستران و شایی و ئاهەنگەکان هەر ئەو چەند سەعاتەی بووك گواستنەوەکە بوو. (DG)ی جێگەی ئەوانی گرتەوە.

- باوی ئەوە نەما خەیاتی پیاو بێتە ماڵەوە و قەندە شەکر لەسەر قوماش بڕینی بووك بشکێندرێ. دەستە جلکەکان لە لای خەیاتی ژن بە درووین دەدران.

- ئەگەر دەستگیرانەکان، پێشتر پەیوەندی خۆشەویستیشیان نەبووایە، ئەوا بەیەکەوە دادەنیشتن و لە نزیکەوە یەکترییان دەدی.(١)

- خەڵکەکە چاویان پتر کرایەوە، وردە وردە بەربووك پشتگێ خراو بایەخی پێنەدرا، تا بوو بە بەشێك لە کلتووری کۆن.(٢)

---

(١) جاران بووك هەبووە هەر لە ساتەوەختی چوونە پەردە، زاوای بینیوە، ڕوویداوە بە بینبنی زاوا لە هۆش خۆی چووە و نەخۆش کەوتووە. (زبیدەی حاجی عەبدوڵڵای کەبابچی، تەمەن (٨٦) ساڵ، کۆیە، ١٢ / ٢/ ٢٠١٦)

(٢) مامۆستا شەفیقە فەندی حاجی سابیری لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، یەکەم کەس بوو، کە بەربووکی ناردەوە ماڵەوە و پێی گوت:" دایە فەرموو ئەوە حەقدەستی خۆت، زەحمەت مەکێشە،بڕۆە ماڵ، ئێمە پێویستیمان بە هیچ کەس نییە). دوای ئەم ڕووداوە، بازاڕی بەربووك شکا.

**سێ: قۆناغی (١٩٩١ - ٢٠١٦):**

پێشتر ئاماژەمان بەو گۆڕانکارییانە کرد کە ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) لە سەر کایە جیاوازەکانی ژیان و گوزەرانی خەڵکی باشووری کوردستان ڕەنگیان دایەوە. بەرچاوترین ئەو گۆڕانکارییانەی لە ڕێوڕەسمی زەماوەند لە کۆیە بینرا ئەمانە بوون:

- دەستووری خوازبێنێکردنی کچ هەر بەشکومەندی مایەوە، بەڵام لە دوو نەریتدا جیاوازی تێدا بوو، یەکەم زۆربەی دەستنیشان کردن و هەڵبژاردنی کیژەکە، پێشتر لە نێوان کوڕو کچەکە بڕابۆوە و کەمتر باوانی زاوا دەستیان لەم هەڵبژاردنەدا هەبوو. دووەم، زۆربەی شەکراوخواردنەوەکان لە هۆڵی تایبەت بە بۆنەکان بە ئامادەبوونی کەس وکاری بووک و زاوا ئەنجامدەدرا. لە ڕێی کارتی چاپکراوی گرانبەها خزم و دۆست بانگێشت دەکرێن و خواردن و خواردنەوە لە میوە و شیرینی و نۆشەمەنی دەبەشرێتەوە. مەلایەکیش لە پێش دەستکردن بە خواردن و خواردنەوە و بە حزووری باوکی کچە و دوو شاهید فاتیحەی مارەبڕین دەخوێنێ. مەرج نییە هەموو مارەبڕێنێك بەم دەستوورە بێ، هەیە تەنیا کۆبوونەوەکە لە ماڵەوە دەکات بۆ شەکراوخواردنەوە.

- بۆ جلوبەرگی بووك: بووك دوو جۆرە بەدلە دەپۆشێ: بەدلەی ئاهەنگی نیشانکردن، کە ڕەنگەکەی پەمەیی یان سەوزە بەڵام نابێ ڕەنگی سپیی بێ، ئەوەکەی دیکە بەدلەی ئاهەنگی گواستنەوە، کە ڕەنکی سپییە. ئەو بەدلانە بە کرێ دەخواسترێنەوە، هەشە ئەگەر دەوڵەمەند بێ بۆ خۆی دەیکرێ.

- پۆشاکی زاوا، زۆرینەی هەر چاکەت و پانتۆڵی ڕەشە. زۆر کەم جلکی کوردی دەپۆشن. بەڵام لەم چەند ڕۆژەی مەراسیمەکە دا بە چەند شێواز ستایلێك خۆیان نمایش دەکەن و جلکی کوردیش دەپۆشن، کە بریتییە لە شێوازە تازەکانی کورتەك و شەرۆاڵ. بەڵام ستایلی ڕەنگ و چۆغەڵ و کەڵاشی کوردی، دەتوانین، بڵێین، گوڕانکاری بەسەر دانەهات، پتر گۆڕانکاریی لە جۆری کراس و پشتێنەکە بوو.

**پاشکۆی ئەم بڕگەیە:**

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ بووك وزاوایەك کە هەردووکیان مامۆستا بوون و لە ڕۆژی (١ی ئایاری ٢٠١٥) ئاهەنگی زەماوەندیان گێڕا، دەستووری هاوسەرگیرییەکەیان بەم شێوەیە بوو:

یەکەم دانیشتنی خوازبێنیِ، کە هەر پیاو بەڕێوەیان برد، لە ماڵی بووك بوو، خوازبێنی ژنان نەکرا، چونکە پێشتر کوڕ و کچەکە دایك و باوکی خۆیان ئاگادارکردبوو. بووك دوو دەستە جلکی کوردی بە هەموو پارچەکانییەوە و دوو دەستە جلکی مۆدە، کە بریتییە لە پانتۆڵ و کراس و بلوز، بۆ کراو، لە بازاڕەکانی هەولێر و سلێمانی بە ئامادە بوونی بووك و بە دڵی خۆیِ هەڵبژاردران. دواتر لە کۆیە بەرگدروو بۆی دروویین، بە نرخی( ٤٠) دولار بۆ هەر دەستە جلکێك. ئەو جوتێك پێڵاو و دوو جانتای ژنانەشی هەڵبژارد بوو. دوو پارچە زێڕی بۆ کرا بوو: پشتێنێکی زێڕی (٣٧) مسقاڵی و تاقمێکی زێڕی (٢٣) مسقاڵی (کە بریتییە لە ملوانکەیەك و بازن و گوارە و ئەنگوستیلە). بووك بۆخۆشی (٣٥) مسقاڵ زێڕی پێ بوو. نرخی بەدلەکان، کە لە شاری ڕانیە، بەکریِ گیرابوون، (٢٧٠) دۆلار بۆ بەدلەی ئاهەنگی نیشانەکردن و (٣٠٠) دۆلار بۆ بەدلەی ئاهەنگی گواستنەوە. دوو جاریش سەردانی وێنەگریان کردووە، هەر جارەی بە نرخی ( ٨٠ و ١٥٠) دۆلار بۆ وێنەگرتن و تۆمارکردنی گرتەی ڤیدیۆیی. دوو جاریش چوونە سالۆنی ئارایشتگا بە نرخی (٢٨٠ و ٣٠٠) دۆلار. کرێی هوتێلیش لە (چاڤی لەند) لە سلێمانی((١٨٠) دۆلار بوو بۆ (٢٤) سەعات. ئەوان ئاهەنگی خەنەبەندان و ئاهەنگی زەماوەندیان لە هۆڵەکانی ئاهەنگێڕان نەکرد. حەفتانەکە هەر دەمە و عەسر، لە ماڵی بووك بەڕێوە چوو، بۆ بەیانی باوەخوند کرا و ماڵیِ زاوا بۆ خوانێکی نانخواردن بۆ ماڵی باوکی بووك بانگێشکران. دوای چەند حەفتەیەك ماڵی بووکیش بۆ ماڵی باوکی زاوا بانگێشکت کرانەوە .

---

(١) چاوپێکەوتن لە گەڵ مامۆستایان( د. خالید، ك. حەویز)، کۆیە، ١٨/ ٧/ ٢٠١٦.

ئەو دیارییانەی کە پێشکەش بە بووك کرا بریتی بوون لە یەك تەلەڤزیۆنی ڕەنگاوڕەنگ و یەك تەباخی گاز و یەك سەلاجە و یەك موفەریغەی هەواو و نزیکەی (٩٠٠) دۆلار. ئەو دیارییانەی کە بووك وەکو جیاز بەسەرماڵی زاوادا بەخشییەوە بریتی بوو لە : یەك کراس و کەوا بۆ خەسوو ودشەکانی. ئەوە جگە لە کراس و شتوومەکی دیکە بۆ پیاوە خزمەکانەی زاوا.

لە هەرسێ قوناغەکەدا، مارەبڕین لە لای قازی یان دادوەر، نەریتێکی پەیڕەوکراو بووە، هەم بۆ زامنکردن و هەم بۆ کردنەوەی لاپەڕە لە دۆسییەی تۆمارکردنی باری شارستانی بۆ ئەم خێزانە نوێیە.

(بووك گواستنەوەی مەسیحییەکان لە بڕگەیەکی تردا باس کراوە).

## قۆناغی شەشەم : ژن و پیاو

ئەم بڕگەیە تەرخان دەکەین بۆ ئەو پۆشاکانەی کە ژن و پیاو لەدوای هاوسەرگیرییەوە و تا بەساڵاچوونیان دەپۆشن، بە قۆناغی قەیرەبوونیشەوە. لەڕاستیدا جیاوازی لە نێوان ئەو پۆشاکەی کە ژنە کوردێکی تەمەن (٣٥) ساڵی و ژنێکی تەمەن (٤٥) ساڵ دەبینرێت، لە شێوازی بڕین و ستایلدا نییە بەڵکو پتر لە جۆری قوماش و ڕەنگەکەدایە، بەوەی تا پتر بە نێو ساڵاندا هەڵدەکشێن، پتر مەیلیان بۆ قوماش و ڕەنگی کاڵتر و هێمنتر دەچێت و خۆیان لەو شتانە بە دوور دەگرن کە ورووژێنەر و سەرنجڕاکیشن. زۆر حەزیش دەکەن لە جیاتی نیشاندانی جوانی جەستە، جوانی و شکوداریی کەسێتی خۆیان نمایش بکەن. ئەمە ڕێك بۆ پۆشاکی پیاوانیش هەر وایە.

### پۆشاکی ژنان :

دەتوانین بڵێین تا نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو، دەستووری پۆشاکی ژنان بەگشتی لە کۆیە هەر دەستوورە کۆنە تەقلیدییەکە بووە: واتا سەراپا جلکی کوردییان بە ستایلە ڕەسەنەکەی جاران پۆشیوە. بە حوکمی کلتوورەکەی سەردەم،

ئەوا نۆبووك، تا دواى سێ ساڵیش نەدەبوایا داواى دەستە جلكی نوێ بكات. بە گشتی پۆشاكەكەیان بریتی بووە لەو پارچانە:

**بۆ سەرپۆش:** بە هیچ شێوەیەك ژنی جاران بێ سەرپۆش نەبوون، نەك هەر لەدەرەوەی ماڵ بەڵكو لە ناو ماڵ و لەكاتی كابانی و ئیش وكاریشدا. بە گشتی ئەم سەرپۆشانەیان هەبووە: چارۆگی گوڵداری ڕەنكاو ڕەنگ، سركەیی، شەدەی عارد ڕەشی خەتی سپی، هەوری، مشكیی ئاوریشم و مشكیی چیت، كۆڵوانەی جورجییەت، دەسماڵ، دەسرۆكە.

كڵاوی كوردی بە تاسی زێڕ و تاسی زیو و تاسی مەعدەن زۆر باو بووە بۆ دەرەوەی ماڵ، كڵاوی كوردی پێك هاتبوو لە تەپڵەكە كە پێیان دەگوت (فێس) لە دەزوو و خوری دروست دەكرا و ڕەنگی سوور بوو، تاسیان بەو فێسەوە دەدووری، تاسی تەپلەكە زێڕ و تاسی تەپلەكە زیو و تاسی بە ڕیشووە هەبوو، قەتارەیان لە ڕۆخەكەی دەدووروی، قەتارە ڕیزێك پوولەكە بوو ژمارەی دەگەیشتە (٥٠) پوولەكە، قەتارە دوو جۆر بوو، قەتارەی زێڕ و قەتارەی پوول. ئەوجا مشكی دواتر دەسرۆكەیان دوو چین لێدەبەست، لە عاردەكەشی سركەییان لێ دەبەست بە حازری دەیانكڕی. چوار ڕێ گوڵوانكەی ئاوریشم و سیم و خەیاتەیان دروستدەكرد دوایی بە دەرزی وداو لە جەتفەكەیان دەئاڵاند. ئەمە دەبووایە لەلای وەستاژنی تایبەت ئامادە بكرێ كە لە ماڵەوە ئەم پیشەیان دەكردو حەقدەستەكەی (١٥٠ ـ ٢٥٠) فلس بوو.

یازمەشیان دەپۆشی كە قوماشێكی عارد ڕەشی گوڵ سپی و نەخشی پەلكە دار و تەیروتواری لەسەر بوو، لە بەغدا دەهات، وەك دەسماڵ لە دەوری سەر دەپێچرا.

**بۆ پشـتێن:** بۆ نەوبووك هەمیانە باو بوو، بەڵام بۆ تەمەنی هەڵكشاوتر پشتێنی بە پوولەكان و پشتێنی قایش دەبەسترا.

جلكی كوردیشیان هەر كراس و كەوا و سوخمە و دەرپێ و هاوەڵكراس و دەلێنگ بووە كە بەیەك شێواز و دەستوور، خەیاتی دەستیی كە زۆربەیان پیاو بوون، دەیاندووری.

لەو سەردەمەدا چاکەتی ژنانە بە دەست دەدووروا، دوو جۆری هەبوو چاکەتی بە لۆکە و چاکەتی بێ لۆکە، بە گوێرەی وەرزی ساڵ. ستایلەکەی کتومت وەکو چاکەتی(سەترە و پانتۆڵی پیاوان بوو)، یاخەی هاتبۆوە سەر سینگ و قۆڵی درێژ و دوو باخەڵ و چەند دوگمەیەکی هەبوو، پتر قوماشەکانی گوڵدار بوون. قوماشەکەی زۆربەی جار (تاقە) بوو.

سەڵتەی ژنانە کە سەڵتەدوروو دروستی دەکرد، زۆر باو بووە، بەڵام بە هەموو کەس نەدەکڕدرا. قۆماشی باش و جوانیان لە قەدیفە و قەستۆر و سیمیی بریسکەداری هەمە ڕەنگ بۆ هەڵدەبژارد. نەخشی سەڵتەیی کۆییانە جیاواز بوو لەگەڵ ئەوانی شارەکانی دیکە.

ژنی شاری عەباو پێچەی گرتۆتەوە. دوو جۆرە عەبا هەبوو: عەبای ڕەشی ئاسایی کە قوماشەکەی بە مەتر بوو لە بەغداوە هاوردە دەکرا، قوماشێکی سادەی لووسی قورس بوو دوو دیوی هەبوو، زۆرینەی ژنان دەیانپۆشی و نرخەکەی ئاسایی بوو. عەبادروو کە ژن بوون، بە گوێرەی بەژن و باڵای ژنەکە دەیان بڕی و بە داودەرزیی بە دەستی دەیاندووری. جۆری دووەم، پێیان دەگوت (چارشێو کەمبەری) کە تایبەت بوو بە ژنە ئاغا و تاجیر و بەگ و شێخە دەوڵەمەندەکان. وا پێدەچێ ئەم عەبایە لە کلتووری تورکەکانی ئەستەمبوڵ خواسترابێتەوە، چونکە جۆری کوتاڵ و شێوازەکەی زۆر شاژنانەیە. هەمیانە لە قوماشێکی تایبەتی دروستدەکرێ کە ئاوریشمە یان لە شێوەی ئاوریشمە، هەموو ڕەنگێکی هەیە و پتر زەخرەفەی هەمە چەشنی یەکجار دڵگیری لەسەرە. ئەم قوماشەش بە مەتر وگەزە و عەبادرووی تایبەت کە پیاون دەیدوورێت، نرخەکەی زۆر گرانە. دەتوانم بڵێم دیزاینی چارشێوکەمبەری وەك عەبای ئاساییە بەڵام وەکو کراس لە دامێنی تا ناوقەدی دوورواوە و لە سەر سینگ بە سنجاقێکی تایبەت، کە جاران لیرەی زێڕی پێدا شۆڕدەبۆوە چەسپ دەکرێ و لە هەردوو لاجانگەوە دوو داوەکشتەکی تایەتی بە درێژایی (٣٠) پێدا دێتەخوارەوە، ئەویش بە شێوەیەکی تایبەتی لێك گرێدەدرێن. پشتێنێکی تایبەتیشی لەگەڵە. کەمبەری لە شارەکانی تریش پۆشراوە، کەمبەری هەولێرییان هەر ڕەشی هەبووە، بەڵام

كەمبەری كۆییانەی هەموو ڕەنگێكی هەبووە، ئەمەیش تێروانینی هونەرمەندانە و دڵ و دەروونكراوەی ژنانی كۆیە نیشاندەدات، كە حەزیان لە ڕەنگی ئاڵاو واڵا و جوان بووە.[١] (بڕوانە وێنە چارشێوكەمبەری).

پێش ئەوەی عەبا بەم شێوەیەی ئێستا بڵاوبێتەوە، ژنان جۆرە عەبایەكیان بە خۆیان دادەدا، كە قوماشەكەی ڕەش بوو و لە لۆكە دروست دەكرا، ژنان دەیاندوری پێیان دەگوت (چارشەو)ن قوماشی چارشەو پێیدەگوترا (قەمەندۆر)[٢].

**پێچـــــە:** كە پتر بۆ ژنە جاحێلچەكان بووە، سێ جۆری هەبوو: پێچەی هەژارانە، كە وەك دەسماڵێكی لاكێشەیی بوو، نزیكەی (٣٠ سم بە ٤٠ سم) بوو، بە لاستیك لەدەوری سەر دەبەسترا و بە درێژی بەسەر دەمووچاودا دەهاتە خوارەوە. هەمیشە لە قوماشی سلكی ڕەش، لە شیوەی قوماشی ئەتلەس، دروستدەكرا، بەحازری هەبوو. جوری دووەم، كە تایبەت بوو بە ژنە دەوڵەمەندەكان، پێچەی دەستكرد بوو لە داوەموسكەی كلكی بارگیر و هێستر دروستدەكرا و لە شێوەی (دەڕابەی هەولێرییان) بەسەر چاودا دەهاتە خوارەوە. جۆری سێیەم، لە راستیدا پێچە نەبوو، بەلكو لچكێكی چارۆگەیان بەسەر چاودا دەهێنایە خوارەوە.

**گورجە (كوڵەجە):** چاكەتێكی ناودار بوو تەریب دەدوورا بە مەكینە كە نێوانی تەریبەكان دەوری پەنجەیەك پان دەبوو بۆ ئەوەی لۆكەی تێدا جێگیر بێت. نیوقۆڵ بوو ژن لەبەری دەكرد، لیفدورووەكانی كۆیە دروستیان دەكرد، تایبەت بوو بە دەستووری پۆشاكی عێلاتی بڵباس، كە ساڵێ دوو جار دهاتنە كۆیە.[٣]

---

(١) مامۆستا گولیزاری شەفیقاغای حەوێزی، یەك دانە چارشێوكەمبەری لەلای خۆی پاراستووە لە كۆیە، كە لە داپیرە گەور ی بۆی بەجێماوە و زۆری خۆش دەوێ و پارێزگاری لێدەكا. خۆزگە تا ئەم دانە كەمبەرییە نەفۆتاوە، چەند دانەیەكییان لەسەر دەدووروی تا وەك كەرستەیەكی كلتووری بۆ نەیوەكانی داهاتوو بمینێت.( چاوپێكەوتن. گولیزاری شەفیق ئاغا، كۆیە، ٢٥ / ٦/ ٢٠١٦)

(٢) كەریم شێخانی، سلێمانی، ١١ / ١٠ / ٢٠١٥چاوپێكەوتن (دایكی كەریم شێخانی (كوڵەجەی) دەدووری لە شاری كۆیە و، ژماترەی ئەو تەرزە بەرگدروانە زۆر كەم بوو.

(٣) چاوپێكەوتن وەستا مامەی خەیات

**گـۆرەوی:** لە وەرزی زستانیشدا گۆرەوی نەخشینراویان لە دەزوو و خوری بۆخۆیان دەچنی و لەپێیان دەکرد. گۆرەووی ئاسایی کە پتر سپیی باو بوو لە وڵاتان هاوردە دەکراو لە بازاڕ یان دەستگێڕەکانی کۆڵانەکان دەیانفرۆشت.

خاڵێکی گرنگ هەیە نابێ لەبیرمان بچێ، تا چلەکانی سەدەی ڕابردوو، نەدەبوایا ژن بۆخۆیان بچنە بازاڕ و قوماش و کاڵا بە دڵی خۆیان هەڵبژێرن و بکڕن. هاوسەرەکانیان (یان کوڕ و براکانیان)، نموونەیان بۆ دەهێنانەماڵەو. نموونە بریتیی بوو لە پانزدە بیست پارچە قوماشی جیاواز، لە شێوەی دەفتەر (کەتەلۆك) بەیەکەوە بەسترابوون، ژنەکان لە ماڵەوە ئەو پارچانەیان هەڵدەبژارد و نیشانە دەکرد کە بە دڵیان بوو، دواتر لە لای کوتاڵفرۆشی خاوەن نموونە هاوسەرەکانیان بۆیان دەکڕین. ئەو کات هەر قەیسەری کۆن و قەیسەری نوێ لە شاری کۆیە هەبوو کە ژن سەردانیان نەدەکردن. بەڵام سەرلادانی ئەو ماڵانەیان دەکرد کە ژنان بۆخۆیان کوتاڵیان دانابوو بۆ فرۆشتن.

لەم سەردەمەدا ژنان هەر بەو پۆشاکە دەخەوتن کە ڕۆژانە دەیانپۆشی و جلکی تایبەت بە خەوتنیان نەبووە.

لە نیوەی سەدەی دووەمدا، بەرەبەرە شێوازی پۆشاکی ژنان گۆڕانکاری بەسەر داهات، قوماشی تازە کەوتە بازاڕ و دیزاینیشی نەختێ گۆڕا. مامۆستا و پەرستاری ژن عەبایان کەمتر دەپۆشی و سفوور بوون و دەتوانین بڵێین هەر ژنی بنەماڵە موحافیزکان بەردەوام بوون لە پێچە گرتنەوە. پارتە سیاسییەکان و ڕۆشنیرەکان هەمیشەخەریکی بانگەشەی ئازادیی و سەربەستیی ژنان بوون، شاعیرەکان داوای سفووریی و سەربەخۆی ئافرەتانیان دەکرد. لە کۆتایی سەدەکە تا ڕادەیەکی زۆر پێچە گرتنەوە باوی نەما. پێچامە و کراسی عەزیزییە بۆ ناو ماڵ و خەوتن بووە پۆشاکی سەردەم.

دوای ڕاپەڕین، لەپێکردنی پانتوڵ بە شێوە و ڕەنگی جیاواز بوو بە پۆشاکی مامۆستا و فەرمانبەرانی ژن. لە فەرمانگە و قوتابخانە و نەخۆشخانەکاندا سفووری بووە نەریت. عەبا و پێچە کەمتر لە شەقام و بازاڕدا دەبینران .

پۆشاکی ماڵ و خەوتن و کار و سەفەر و بۆنەو ئاهەنگان بوو بە مۆدێل. بۆ کڕینی پۆشاکی مەبەست سەردانی شارەکانی دیکەیان دەکرد. خۆ ئارایشتکردن و میکیاژکردن و چاویلکە و جانتای دەست بوو بە بەشێك لە کەسێتی ژن. زۆر ئاساییە کە ژنی تەمەن (٥٠)ساڵی لە بازاردا بە دەستوورە نوێیەکەدا ببینی. بەڵام عەبا گرتنەوە هەر باو بوو.

مۆدێلەکانی پۆشاك زۆر بە خێرایی خۆیان دەگۆڕی، بۆنموونە لە ساڵی (٢٠١٤ - ٢٠١٦) پانتۆڵی ستریێژ و کابۆیی زۆر باوبوو.

پۆشینی جبە و سەرپۆش و عەبا لە لایەن ژنە موسلمانە باوەڕدارەکان، نەریتێکی نەگۆڕ بوو، بەڵام ئەوان بە دەگمەن پێچە دەگرنەوە، عەبایەکانیان بە شێوەیەکی تایبەت دوورواوە کە تا سەر لووتیان دێ و هەر چاویان بە دەرەوەیە، پێی دەڵێن (نیقاب) هەشە پێچەی تایەت دەگرێتەوە و دەستکێشی ڕەش یان پەنجەوانەی ڕەش لە دەست دەکات و گۆرەوی ڕەش لە پێدەکات، بەڵام ڕێژەکەیان زۆر زۆر کەمە. بەدلەی خەلیجی (بەناوی کەنداو)، پتر ژنە فەرمانبەرەکان لەبەری دەکەن، لە ساڵی (٢٠١٦) ڕۆژانە یەك دوو جبەپۆشت دەکەوێتە بەرچاو. دەتوانین هاتنی ئەو (٨٠٠) خێزانە ئاوارە عەرەبانە بۆ شاری کۆیە، کە لە ئاکامی شەڕی داعشدا دەربەدەر بوون، کاریگەرییان لەسەر زۆربوونی پۆشاکی ئیسلامی ژنان لە شارەکەدا هەبووە.

## پۆشاکی پیاوان :

ئەو پۆشاکە پیاوانەی کە تا نیوەی سەدەی ڕابردوو بەسەر بازاڕدا زاڵ بوو بریتی بوو لە کورتەك و شەرواڵ.

وشەی (کورتەك) لە ریشەدا وشەیەکی هیندییە، بەو پۆشاکە دەگوترێ کە دوو قۆڵی هەیە و تا خوار کەمەر دادەپۆشێ و جۆرەکانی زۆرن. وشەی شەرواڵیش هەر لە زمانەکانی هیندی لە وشەی (سەرواڵ) کە عەرەبیش بەکاری دێنن، وەرگیراوە، بریتییە لەو بەشەی پۆشاك کە وەك دەرپێی درێژ لە پێ دەکرێت، ئەویش جۆری هەیە. جگە لەوەی کە لە دێرزەمانەوە پۆشاکی هیندی،

پانتاییەکی فراوانی لە جوگرافیایی پۆشاکی نەتەوەکانی دنیا داگیر کردووە، ئەوا بە ڕەچەڵەکیش خزمایەتی ئێمەی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی هیندوستان بە تایبەتی لە نەخشەی پۆلینکردنی زمانەوە، نزیك دەبێتەوە. خۆ لە ڕووی پەیوەندیشدا، بە بەراورد لەگەڵ کیشوەرە دوورەکان، ئێمە لە هیندستان زۆر دوور نین. کەواتە ئاساییە ئێمە لە کلتووری پۆشاك و جلوبەگیشەوە خزمایەتیمان هەبێ.

تا نزیکەی نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو پۆشاکی زۆرینەی پیاوانی دەڤەری شاری کۆیە بریتی بوو لە کورتەك وشەڕواڵ. کورتەکی کۆییانە کە دوو قۆڵی بەسەر دەست و باخەڵی لە سەر سینگ و یەك یان دوو باخەڵی لە دیوی ناوەوە هەبوو و چوار پێنج قۆپچەی هەبوو و لایەکی دەهاتەوە سەر لایەکەی دیکە، تا نزیك چۆك درێژ بوو. مەرج نەبوو هەر شەرواڵی لەگەڵ بێت. ئەویش بە گوێرەی قوماشەکەی هاوینی و زستانی هەبوو. جۆرێکی تریشی پێیان دەگوت (کورتەکی ناو بە لۆکە) کە لە شێوەی لیفە، لۆکەی تێدابوو بۆ وەرزی زستان دەیان پۆشی. هەردوو پارچەی( کورتەك و شەڕواڵ) پێیدەگوترا مرادخانی. بەڵام (مەحموودی) کورتەکێك بوو کتومت لە شێوەی چاکەتی ئەوروپی، هەم درێژ بوو هەم کراوەبوو ـ واتا لای چەپ و ڕاستی نە دەهاتە سەر یەکتری .. ڕانکوچوغەڵ باو بوو بەڵام لە دەیەکانی پەنجاکاندا پۆشینی بوو بە شتێکی نایاسایی. پەستەك کە ڕەنگی سپی و سۆر و خاکی هەیە، لبادچییەکانی کۆیە دروستیان دەکرد. ئەویش زۆر باو بوو لەو سەردەمەدا.

دوو جۆرە کراس هەبوو، کراسی بەلووری سپیی و کراسی کتانی عەسر ـ پتر هی دەوڵەمەندەکان بوو ـ هێندەکیان کەلانگوچکی گەورەیان هەبوو.

جاران لە شار و دێ سەرقوتی عەیب بوو. پتر کڵاو وجامەدانییان لە سەر دەنا. "پتر لە دە دوانزدە جۆرە کڵاوی پیاوان هەبوو، کە بە ئاوریشم و سانتیم و خەیاتە و دەزوو دەنەخشێنران، ژنان لە ماڵەوە کڵاویان دەدووری. جۆرێك لە کڵاوەکانی کۆیە پێیان دەگوت (کڵاوی بەغدایی) کە لەشاری بەغدا ڕەواجی زۆر بوو کڵاوفرۆشەکان، بە باران هەناردەیان دەکرد.لە جۆرەکانی تری کڵاوی کۆییانە: کڵاوی تێل قرمە بوو، کە بە داوی نایلۆن دروستدەکرا، کڵاوی

بەدارگوڵان، کڵاوی پێکۆترۆکە، کڵاوی ڕادایی، کڵاوی دزەیی، کڵاوی بە پوولەکان."[١] ژنە لبادچییەکانیش لەماڵەوە جۆرە کڵاوێکی تایبەتیان لە (لباد) دروست دەکرد پێیان دەوت (لبادەکڵاو). کڵاو لەگەڵ جامەدانی و شەدە و مشکی چەند سەرپێچێکی دیکە لەسەردەنرا. لە کۆیە هەر جامەدانی ڕەشی گوڵ وردی ڕەنگ کاڵ باو بوو، لە بەغداوە هاوردە دەکرا. بەڵام مشکی کە قوماش بوو لە ماڵەوە ژنان بە تۆپەقوماش بۆ کوتاڵ فرۆشەکان بایاندەداوە، ئەویش دوو جۆر بوو: مشکی ڕایەڵ کەسك و مشکی ڕایەڵ سپی، کە لە شێوەی خەت، مشکییەکەیان دەنەخشاند. مشکی مۆریش هەبوو کە ڕەنگەکەی باینجانی بوو.[٢] هەرچی (چییت) بوو دوو پارچە قوماشی بەیەکەوە دووروا بوو بە داوەگووش ڕیشوەی بۆ دەکرا، هەر چییتەی، چوار تەختە داوە گوشی دەوبست، ئەویش کاری دەستی ژنان بوو لە لەماڵەوە ئەنجامیان دەدا.

شەرواڵی بەلووری سپیی، باوە بووە، بەڵام دواتر شەرواڵی قوماش جێی پێ لەقکرد. کوتاڵەکان لە جۆری فەتاح پاشا، کە کارگەکەی لە بەغدا بوو، هەروەها قوماشی کارگەکانی دیکەی بەغدا و موسل و لەندەن بوو.

دوخینی شەرواڵ، کە ژن لە ماڵەوە لەسەر دەزگای بچووك، بە دەستووری چنینی مافور، دەیانچنی، لە دەزووی ڕەنگاو ڕەنگ دروست دەکراوە، هەبوو بە نەخش و گوڵینگە و ڕیشووەی بە خەیاتە و ئاوریشم. جۆرە دۆخینێکی تریش هەبوو لە بەلەووری دروستدەکرا، بە دەرزی و داو دەیاندووری و بە خەیاتە و سانتیم نەخشیان لەسەر دەکرد. ئەم جۆرەیان پتر جیازی بووکان بوو. (بڕوانە وێنەی دۆخین).

پشتێن، بە گوێرەی جۆری قوماش و ڕەنگەکەی دەگۆڕا، پتر لە جورجییەت و چیت و کرێشە و شاڵ و شاڵی عەسر دروستدەکران، دواتر قوماشی کەشمیر پەیدا بوو. پشتینی جاران پێنج شەش مەتر بوو، لە شێوەی کیفی مار دەدووروا، هەژارەکان،

---

(١) ژنە پیشەوەرەکانی کۆیە، فازیل شەوڕۆ، چاپخانەی شەهاب، ٢٠١٥، ل. ٥٦

(٢) تان و پۆی قەراغی مشکییەکەیان لێك جیادەکردەوە، تا چەند پونجەیەك تانەکەیان دەردەینا، پۆیەکە شۆڕ دەبۆوە، هەر سێ چوارێك لەو تاڵانەیان بادەدایەوە و سەرەکەیان گرێ دەدا دەبوو بە ڕیشووە (کەریم شێخانی، چاوپێکەوتن)

لەبەر نەبوونی، کۆنە پشتێنیان تێدەئاخنیێ تا قەبەتر و گەورەتر بێت. سێ جۆر و شێوە بەستنی پشتێن هەبوو:

**لوولدانی ئاسایی:** کە ساف و لووس خۆی دەنوواند و چەند قەفێك بوو.

**بەستنی یەك قوڵفەیی (فەقێیانی):** دوای بەستنی هەموو پشتێنەکە، بە قەد نیو مەتر لە لای دەستە ڕاست دەهێلنەوە و قوڵفەیەکی لێ دروست دەکەن و سەری پشتێنەکە لە ناوو قەفەکان دەشارنەوە. (بڕوانە وێنەی پشتینی فەقێیانی)

هەرچی جۆری سێیەم بوو، پشتێنی ئەلقە ئەلقە بوو، ڕێك لەگەڵ دوگمەی کورتەکەکە چەندین چین قوڵفە قوڵفە لەسەر یەك دەبەستران کە بەلای ڕاست و چەپ نەخشیان دروست دەکرد. (بڕوانە وێنەی. پشتێن).

پشتێنی قایشیش هەبوو، بەڵام زۆر بەکەمی لەسەر کورتەك بەکار دەهات.

جۆری گۆرەوی بە گوێرەی وەرزەکە بوو، نیو گۆرەوی و گۆرەوی درێژ هەبوو کە لە ڕیسی خوری دەچنرا. زۆر ژن لە کۆیە گۆرەوی خورییان دەچنی دواتر گۆرەوی دەزوو پیدابوو. گۆرەووی کاروانچییان جیاواز بوو، سەرپەنجە و پاژنەکەی اەلای پینەدۆو قایشێکی نەرمی پێوە دەدوروا تا زوو نەدڕێچت و بەرگەبگرێ، ئەمە پیی دەگوترا ( مەحس)[1].

پۆشاکی خەوتنی ئەو سەردەمە، تەنیا ئەوە بوو پشتێنەکەیان دەکردەوە و بەو دەرپێ سپییە درێژە دەخەوتن کە لە ژێر شەرواڵەکە هەمیشە لە پێیان بوو.

ژمارەیەکی کەم کەوا و سەڵتەیان، لە شێوەی پۆشاکی مەلایەکان، لەبەر دەکرد. دوای هاتنی ئینگلیزیش جگە لە مامۆستا و فەرمانبەرەکان، هێندێك خەڵکی دیکەش لاسایی ئەوانیان دەکردەوە و چاکەت و پانتۆڵیان لەبەر دەکرد.

لەم سەردەمەدا، زۆر ئاسایی بوو کە کورتەك و شەرواڵی هەژار و نەدارەکان چەندین پینە و پەڕۆی بە ئەنیشك و سەر چۆکییەوە بێ. یان ڕەنگیان چوو بێتەوە و ڕەنگڕێژ کرابنەوە.

---

(١) کەریم شێخانی، سلێمانی، ١١ / ١٠ / ٢٠١٥، چاوپێکەوتن.

لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو، كاتێ بارودۆخی وڵات گۆڕا و ڕژێمی پاشایەتی نەما و بوو بە كۆماری، پۆشاكی پیاوان ئەم گۆڕانكارییانەی بەسەر داهات:

- پۆشینی ڕانكوچۆغەڵ، كە پێشتر قەدەغەبوو، زۆر بە گەرم و گوڕی هاتەوە مەیدان و بازاڕی گەرم بوو، بە تایبەتی بۆ ئەو كەسانەی كە وەك ڕۆشنبیر و تێكۆشەر خۆیان نیشاندەدا.

- ستایلی تازە هاتە كایەوە، بۆ نموونە كورتەك و شەرواڵی دیموكرات، كە دوو باخەڵی و پێنج دوگمەی هەبوو بەڵام یاخەكەی لەسەر شێوەی یاخەی كراس بوو. نازناوی لەو پۆشاكە وەرگرتبوو كە لە گەڵ دامەزراندنی كۆماری مەهاباد و حیزبی دیموكرات، لە كوردستانی ڕۆژهەڵات پەیدا بوو.

- ژمارەی ئەوانەی چاكەت و پانتۆڵیان دەپۆشی هەڵكشا، بەتایبەتی دوای زیاد بوونی دەرچووانی زانكۆ و پەیمانگاییەكان.

- پۆشینی پێجامە بوو بە مۆدێل و زۆر بەدەگمەن دەرپێی بەلووری سپی دەبینرا.(١)

- قوماشی باش و جوان بۆ كورتەك و شەرواڵ و پشتێن كەوتە بازاڕ.

- پاڵتۆ و قەمسەڵە(بە تایبەتی ئێرانی) شوێنی كورتەكی ناو بەلۆكەی گرتەوە و چەندین مۆدێل لەبەردەم دوكانەكان نمایش دەكران.

- گۆرەوی بیانی، هاوینی و زستانی، لە پاڵ گۆرەویی كوردی بوو بە مۆدێل.

- پۆشینی پەستەك و بەستنی كەلانگوچی سەر دەست، بە تایبەتی لە بۆنە و ئاهەنگەكان، زیندوو ببۆوە، بەڵام زۆرنا.

لەساڵەكانی (١٩٧٠ - ١٩٧٥)، هێندێك وەزارەت، بە تایبەتی ئەوانەی ڕاستەوخۆ پێوەندییان هەبوو بە خزمەتگوزارییەكانی وەكو تەندروستی و شارەوانی و

---

(١) تا ناوەڕاستی نەوەتەكانی سەدەی ڕابردوو، هێندێك كەس بەیانی زوو بۆ نان و شتوومەك كڕین بە پێجامە و نەعلی سەرپێ، دەهاتە بازاڕ، ئەم دیمەنە لە بەردەم نانەواخانەكان و ماستفرۆشەكان دا بە زەقی دەبیندرا. لە سەرەتای پاییزانیشدا ڕۆیبان لەسەر ئەو پێجامەیە لەبەر دەكرد كە .

دابەشکردنی ئاو وکارەبا، بە نووسراوی فەرمی چاکەت و پانتۆڵیان کردە پۆشاکی ڕەسمی فەرمانبەرەکانیان، دواتر هەمان فەرمانیان بەسەر کارگوزارەکانی ئەم وەزارەتانەدا سەپاند، بەڵام زۆر لە کارگوزارەکانی کۆیە پۆشینی چاکەت و پانتۆڵیان پێ خۆش نەبوو و زۆر بیانو وپەڵپیان دەهێنایەوە، حکومەت ناچار بوو پۆشاکی حازرییان بەسەردا دابەش بکات، بەڵام زۆر لە کارمەندەکان هەر ئامادە نەبوون کە کڵاو وجامادانییەکانییان وەلاوەنێن. بۆیە بەستنی کڵاو وجامەدانی لەگەڵ چاکەت و پانتۆڵی ئەورووپایی، لەو تافەدا، دیمەنێکی ئاسایی بوو لە شەقامەکانی کۆیە. دواتر بەرە بەرە کارگوزارەکان خۆیان لە چاکەت و پانتوڵ دزییەوە و گەڕانەوە سەر پۆشاکی کوردی[1].

دوای ڕاپەڕین، پۆشینی کورتەك و شەرواڵ پتر لە بازاڕ و بۆنەکاندا دەبینرا. ئەویش چەند دەستوورێکی تازەی بۆ داهێنرا، ئەوجۆرەی کە زۆر باو بوو پێیان دەگوت (کراس) واتا یاخەکەی لە شێوەی کراس بوو، جا بە باخەڵ و بێ باخەڵ هەبوو. پشێن لە قوماشی تازەباو دروستدەکرا و هەر دوو سێ مەترێك دەبوو. پۆشینی پانتۆڵ بە هەموو جۆرەکانیەوە پەرەیسەند.چاکەت و پانتۆڵیش بوو بە پۆشاکی ئاسایی خەڵك بەبێ لەبەر چاو گرتنی جۆری پیشە و تەمەن و ڕەگەز. چونکە لە کۆگا و مۆڵ و بازاڕەکاندا چاکەت و پانتوڵ، تەنانەت کورتەك و شەرواڵی هاوردەش،، بە جۆرەها مۆدێلەوە بە ئامادەکراوی هەبوون، بازاڕی خەیاتیی زۆر لە کزی دا، تەنیا دەوڵەمەند و ئەوانەی حەزیان بە پۆشاکی بەرگدروو بوو دەچوونە لای خەیات. ئەمە بازاڕی ڕەنکوچۆغەڵی نەشکاند، هەرچەندە قوماشی چینیی و ئێرانی و تورکی بە چەندەها جۆر و ڕەنگ لاسایی کری کوردەوارییان دەکردەوە.

بلووز و فانیلە و کراس و قاپووت (ساقۆ) و قەمسەڵە و تراکسووت و کڵاو و ملپێچ و دەستکێش و گۆرەویی بیانی بە هەموو مۆدێل و ستایلەکانەوە بازاڕەکانی کوردستانیان داپۆشیبوو، چاکەت و پانتۆڵی هەرزانی چل پەنجا دۆلاری و گرانبەهای نزیك هەزار دۆلاری لە بازاڕەکاندا نمایش دەکران.

---

(١) فوئاد محەمەد عەلێ، خانەنشین، کۆیە، ٣ / ٨ / ٢٠١٦، چاوپێکەوتن.

تاقمێك لە مووسڵمانە باوەڕدارەکان، کە پێیان دەگوتن (سەلەفییەکان) کڵاوی سپیی مەکە و مەدینەیان لەسەر دەنا و شەرواڵەکانیان تەواو کورت و کورتەکیان سادە بێ یاخە و باخەڵ و سەردەست بوو، قوماشی ڕەنگ هێمن و کاڵ و ئاساییان هەڵدەبژارد. هاوینانیش هەر کراسێکی سادەی مەیلەو ڕەش یان خاکییان لە گەڵ شەرواڵی کورتکراوە دەپۆشی. زستانان پتر مەیلیان لە قوماش و قەمسەڵە و قاپووەتی ڕەش بوو. خۆیان بە دوور دەگرن لە هەر جۆرە پۆشاکێك نووسینی لەسەر بێ یان لاسایکەرەوەی پۆشاکی بیانی بێ. زۆر کەم هەبوو لەماڵەوە دیشداشەی سپیی لەبەر دەکرد. هێندێکیان بۆ نوێژی هەینی و لە مانگی ڕەمەزاندا، دەرپێی سپی و کراس لەبەر دەکەن. تاق و لۆقە بە دیشداشەی سپی دێنە بازاڕ. یەك یان دوو لە لاوە مووسڵمانەکان، پۆشاکی ئەفغانی دەپۆشن، بە تایبەتی ڕۆژانی هەینی، ئەم پۆشاکە کتومت وەکو پێجامە وایە، بەڵام کراسی سەرەوەی یاخەکەی سادەیە و دامێنی کە لە لای ڕاست و چەپ تلیشێکی (٢٠) سانتیمی بۆ کراوە، تا نزیك سەرچۆك درێژە و، ڕەنگی ئاڵاوواڵای نییە و پتر بەلای ڕەنگی سپیی و کاڵدا دەڕوات.( بڕوانە وێنەی پۆشاکی ئیسلامی کوردی لە ٢٠١٦).

لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو، سێ چوار کەسی کۆیی، بۆینباغیان لەگەڵ کورتەك شەرواڵ دەبەست لەڕاستیدا، ئەم چەند کەسە هەموویان ئەدیب ورۆشنبیری سەردەمی خۆیان بوون، دیارە ویستوویانە بە هێنانی بۆینباغ بۆ نێو کلتووری پۆشاکی کۆییانە، دەستوورێکی یان مۆدێلێکی تازەباوە دابهێنن، بەڵام چونکە ئەمە هەر بۆ ماوەیەکی کورت بوو، پەرەی نەسەند و نەبوو بە دەستوور.[١]

هەش بوو ـ بە تایبەتی کرێکار و گۆڕهەڵکەن ـ پشتینی نیتاقی سەربازی لە سەر کورتەك و شەرواڵ دەبەست. کەس لە کۆییە نەبینراوە پۆشاکی عەرەبی، لە دیشداشە و عەگال و جەفییە و عەبا بپۆشێ. بەڵام میوانی کۆیی هەبوینە

---

(١) مامۆستا محێدین حەوێز نەجمەدین، کۆیە، ٢٠١٦ /٨/١، وە د. کەمال غەمبار، کۆیە، ٢٠١٦/٨/٥، (چاوپێکەوتن).

لە وڵاتی عەرەبی سعودی ژیاون و کە بەسەردان هاتوونەتەوە پۆشاکی عەرەبییان لەبەر دابووە. یەك دوو کەسیش لە کۆیە، زستانان قاپووتی یان عەبای دروستکراو لە پێستی وشتر. کە فەروو بوو، بەسەر شانی خۆی دادەدا.

ئەو کەسانەی لە ساڵەکانی (١٩٤٠ - ١٩٥٥) لە کۆیە بۆیانباغیان لەگەڵ کورتەك و شەرواڵ دەبەست بەریزان: یونس ڕەئوف (دلدار شاعیر)، مامۆستای مێژوونووس تایەر ئەحمەد حەویزی، مامۆستای چالاکەوانی هونەری جەلال حەبیباغای حەویزی، مامۆستای هونەرمەند بیلال بەهائەدین. مامۆستا و ئەدیب کەمال غەمبار.[١]

## پووختەیەك دەربارەی پشتێنی کوردی:

پشتێن( پشتێند) لە درێژی و کورتی قوماشەکە یان تەنکی و ئەستوری یان گوڵدار و سادەیی بەپێی وەرزەکان و بە پێی ناوچەکان دەگۆڕێت. هی زستان ئەستورترە لە هی هاوین. ژنە ڕەوەندەکانیش بەگشتی پیشێنی ئەستوری پیاوانە دەبەستن.

### جــــۆرەکانــی:

**سادە:** هەر قوماشێکی سادەی دووڕواو و یان نە دووڕواو بە ڕەنگ و گوڵی جیاواز، وەك چۆن ملپێچ لە مل دەپێچرێت، ئەم پشتێنە لە کەمەر دەپێچرێت.

**فەقێیانی:** لە لای تەنیشت تێ هەڵدەکێشرێ و بۆ لاییەك دەبردرێتەوە، یەك قوڵفەی هەیە تا کە کراوە هەمووی بەرنەبێتەوە سەر زەوی. (بڕوانە وێنەی پشتێنی فەقێیانی)

**قوڵفەبەند:** دوو جۆرە: دەبێ قەفەکانی یەك یەك بکرێنەوە. لەناوەندی بە دووقافی دەبەسترێ.

---

(١) سمایل عەرەب و مام خدری پەنیرفرۆش، لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو، عەبای پێستەی وشتریان لە زستانان لەسەر شان بوو.

پیاوی حاجی کەشیدە و سەید شاڵی سەوز بە سادەیی لە پشت دەبەستن. زۆر کەس جامەدانی و کەشیدە تێکەڵ دەکەن.[١]

**بەر پشتێن :** خەنجەر، دارجگەرە، تەزبیح، دەسماڵ و دەستەسڕ، کیسەی تووتن، کیسەی پارە، پەشتەماڵی سووری چاپەچی و بەروانەکەی تەباخان، دەمانجە، لکە ڕەیحان و نێرگز و کلیلی دەرگا. جار بووە وەستا چەکوش و ئیسپانە و پلایس و فووتەی لەبەر پشتێن ناوە. (مۆبایل و سویجی ئۆتۆمبیل ـ **٢٠١٦**)[٢].

## قۆناغی حەوتەم : تەمەنی پیری

وەك چۆن تەمەنی هەرزەکاریی کۆمەڵێك خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە، لە هەموو ئان و زەمانێکیشدا، پیریی کۆشەك گۆڕانکاری بەسەر جەستە و دید و هزر و جیهانبینی مرۆڤ دادەهێنی. دوو جۆرە گۆڕانکاریی بەرچاو بەسەر پیر دادێت: گۆڕانکاریی فیسیۆلۆژی و گۆڕانکاری سایکۆلۆژی.[٣]

گۆڕانکارییە فیسیۆلۆجییەکان هەموو ئەو گۆڕانکارییانە دەگرتەوە کە لە تەوقی سەرەوە تا بنی پێ بەسەر جەستە دادێت، ئەمەش لە ئاکامی دوو هۆکارە، یەکیان مردن و لەناوچوونی سروشتیی شانەکانی لەشە، چونکە هەر شانەیەك پرۆگرامێکی زەمەنیی خۆی هەیە کە کاتی پرۆسەکانی خۆی تەواو کرد دەبێ بمرێ، ئەوی دیکەیان تێکچوون و لەکارکەوتنی هێندێ ئۆرگان و ئەندامی لەشە، بۆ نموونە پێست، کەمتر ماددەی (Collagen and Elastin) دروستدەکات، بۆیە چورچ و تەنکتر دەبێت و ئاسانتر زامدار دەبێت. شانەکەکانی مێشك، ئەگەرچی توانای خۆنوێکردنەوەیان هەیە، بە گوێرەی جینی کەسەکە،

---

(١) گۆڤاری کاروان، ژمارە ١، ١٩٩٠ حسیب مام قالە ـ قازی ل. ١٥٠ ـ ١٥٣

(٢) کلیلی دەرگای جاران، دوو جۆر بوو، کلیلی دار کە دەسك و چەند پشکێکی هەبوو، لە تەختە دروستدەکرا و نزیکەی (٢٠) سم درێژ بوو، وە کلیلی ئلسن کە ئەویش نزیکەی (٢٠) سم درێژ بوو، سەرەکەی هێلکەیی بوو، پشکەکەشی کە بەسەرەکەی دیکەوەبوو قەبارەکەی بەقەد دوو پوولی دۆمینە دەبوو.

(٣) http://www.britannica.com/science/human-aging

ورده ورده لاواز دەبێ و شلە کیمیاوییەکانی ناوی چك دەکەن و نامەکان باش ناگەێنن. دڵ خاودەبێتەوە و لوولەکانی خوێن تەسك دەبنەوە. سییەکان بەرغ دەگرن وزەحەمتتر کاری ئاسایی خۆیان پێ ئەنجامدەدرێ. گەدە خواردن ڕاناگرێت و باش هەرسی ناکات. گورجیلکەکان خڵت وخار دەگرن وشپرزە و ماندوو دەبن. کۆ ئەندامەکانی چاو و گوێ و زمان کز و لاواز و ناکارامە دەبن و تین و هێزی پێشانیان نامێنێ. ماسوولکە و ئێسك وجومگەکان تەواو تێك دەچن و تووشی کۆمەڵێك گرفت دەبن. ڕژێنەکان وەك پێویست لەش تێرناکەن و هەیە پەکی دەکەوێ. جا چونکە کۆئەندامی بەرگریگرتنیش لاواز و بێ تاقەت دەبێ، ئەوا زۆر نەخۆشی بە ئاسانی بە سەر پیردا زاڵ دەبێ و کاری خۆی دەکات.(١)

**هەرچی گۆڕانکارییە سایکۆلۆژییەکانیشە، ئەوا بە سیما و ڕوخساری جیاوازەوە خۆیان دەنوێنن، دەکرێ لەم خاڵانەدا چڕبکرێنەوە: (٢)**

- **تارمایی مەرگ:** هەموومان پیردەبین، بۆیە پیریی بە جوانترین دیموکراتی ئەژماردەکرێت. تا پتر بە ناخی ساڵەکاندا شۆڕبینەوە ترسی مەرگ گەورەتر و کاریگەرتر دەبێ. هەرچەندە ئەو ترسە ڕێژەییە .. دوو شت ئەو ترسە تا ڕادەیەك سووك دەکەن یان دەڕەوێننەوە: یەك: بەردەوام بوونی ژیان لە ڕێی نەوەکانەوە، ئومێد و هیوایەك بە نەکوژانەوەی مۆمی (ناو و وچاغ)ی ئەو کەسە دەبەخشێ. دوو: دڵنەوایی ئاینیی و خواپەرستی، باوەڕدارەکان، کەمتر موعاناتی ترسی مەرگییان هەیە، چونکە باوەڕیان بە فەلسەفەی بازنەیی ژیان هەیەوە، هەمیشە خۆیان بە میوانی ئەم دونیایە دەزانن.

- **لەدەستدانی سەربەستی:** گەنج هەمیشە خاوەن هێز و توانایە و لە ڕاپەڕاندنی کارەکانی بەدەست و بردە. پیریی ئەو هێز و توانایە لە مرۆڤ دەسێنێتەوە، بۆیە پیرەکان ترسی خۆ بەڕێوەبردنیان هەیە، ئەمەش پەیوەستە بە دوو خاڵ: تارمایی

---

(١) http://www.merckmanuals.com/home/older-people%E2%80%99s-health-issues/the-aging-body/changes-in-the-body-with-aging

(٢) https://www.psychologytoday.com/blog/face-it/201202/aging-universal-person-al-experience

ئەم ترسە تەنکترە لە نێو ئەو خێزانانەی کە پێوەندیی ئەندامەکانیان پتەو و تۆکمە و خۆڕاگرە، پیر هەست دەکا کەسێك لە ژوور سەریەوە هەیە. خاڵی دووەم: زۆری دۆست و برادەر و هاوڕێ، زۆر کاریگەرییان هەیە لە پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە.

- **چەرمەسەرییەکانی ژیان:** بۆنموونە، ئەو پیرەی کە لە هەموو تەمەنیدا هەر نەخۆش و شکست و داماو بووە، زۆرتر لە تەمەنی پیریدا دەتلێتەوە. یان ئەوانەی زۆر تووشی ئازار و ئەشکەنجە و بارگرانی هاتوون، ئاسانتر دەکەونە ژێر ڕکێفی خەم و خەفەت، خۆ ئەوانەی کارەساتی مەرگ و کۆستی گەورەیان هەبووە، هەمیشە لە جیهانی یادەوەری تفت وتاڵدا، خەیاڵەکانیان خەست دەکەنەوە.

- **پێگەی پیریی:** لە هێندێك کۆمەڵگەدا، پیر وەك مردوویێك سەیر دەکرێت بە سەر پێوە بێت. تەنانەت دکتۆرەکانیش هێندە بایەخیان پێ نادەن، وەك بڵێیت، کاتیان بەسەرچووە و هێندە ناهێنن خۆیانی پێوە خەریك بکەن. بە پێچەوانەوە، لەو کۆمەڵگایانەی پیر هەموو ماف و سەرپەرشتیی و چاودێرییەکی بێ جیاوازی بۆ دەستەبەرکراوە، پتر هەست بە ئارامی و دڵنەوایی دەکات.

ئەم گۆڕانکارییانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان، ڕاستەوخۆ، ڕەنگدانەوەیان لەسەر تێڕوانینی مرۆڤی پیر بۆ پۆشاك هەیە، هەرچەندە ئەمە ڕێژەییە و پەیوەندی هەیە بە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و کلتووری کۆمەڵگا. دەکرێ ئەم سیمایانە لە پۆشاکی پیرەکاندا زەقتر بێنە بەرچاو:

- دوور کەوتنەوە لە ڕەنگ و ستایل و مۆدێلی پۆشاکی تایبەت بە گەنجەکان، یان ئەوانەی وورووژێنەری هەستەکانن.

- پتربایەخدان بە تەمیزیی و پاك و خاوێنی و بە پۆشتەو پەراغیی خۆیان.

- کەمتر مەیلیان لە نوێکردنەوەی پۆشاکە و پتر هۆگری شتە کۆنەکانیانن.

- هەمیشە بیر لە ڕاگرتنی پارسەنگی نێوان جوانیی دونیا و پیرۆزیی پەیام و پەیرەوەکانی خوداوەندی دەکەنەوە.

## پۆشاکی پیرێژنان :

بە گشتی، پیرێژنەکانی دەڤەری کۆیە، حەزیان بە پۆشینی پۆشاکی ئاڵاو واڵاو ڕەنگاو ڕەنگ نەکردووە. هەمیشە مەیلیان بۆ ئەو قوماشە چووە کە ڕەنگەکەی کاڵە و پتر خۆی بەلای ڕەنگی ڕەش و شین و مۆر و خاکی دا نواندووە.

بۆ سەر پۆش، هەرگیز، لە ماڵەوەشدا، بێ سەرپۆش نەبوون، لە ماڵەوە چارۆگیان بە سەری خۆیان دادەدا و سەروکڵاو یان لچەکیان دەگرتەوە. کۆییەکان چارۆگەی سپییان نەپۆشیوە، هەمیشە ڕەش بووە. بۆ دەرەوەش چارشێویان پۆشیوە، کە لە قەمەندۆر بوو و کەنارەکەی ڕیشوەی پێوەبوو، ژنان بۆخۆیان ئەو ڕیشووەیان لە داوی گوش دروست دەکرد. چارشێو دوو جۆری هەبوو، چارشێوی کورت و چارشێوی درێژ، بە گوێرەی باڵای کەسەکە. زۆر بەدەگمەن پیرێژنی کۆیی عەبای پۆشیوە، ئەوان هەر چارشێویان بەلاوە پەسندتر بووە. چارشێو کەمبەریشیان پێ پەسند نەبووە. ژنە دەوڵەمەندەکان لە ماڵەوەو لە دەرەوە سەروکڵاو جەتفیەیان دەبەست کە لە هێندێك شوێن پیچی دەڵێن (چەفتە).

بۆ پۆشاکی ڕۆژانە، لە زستانان سەرکەوایان هەبوو، کە یەك کیلۆ لۆکەی تێدەئاخنرا و بەرگدروو بە دەست دەیدووری. ئەمە لە جیاتی چاکەت بوو، لە چەشنی سووکە پاڵتۆیەکی پیاوان بوو. بۆ هاوینانیش، نە سەرکەوا و نە کەوای ئاساییان، لەبەر نەدەکرد. کراسەکانیان بە دەستووری کۆییانە دەدووروی، دەرپێی درێژیان (هاوەڵکراسی) یان لە پێ دەکرد کە لە خام و بەلووری و مەجیدیی بوو ( بە گوێرەی باخەڵیان)، دەلینگی دەرپێ لە قوماشی گوڵ و نیو و گوڵباتمان و روحالحەیات و سلك و کتانچین و کرێشە بوو. بۆ گۆرەوی تەنیا زستانان گۆرەوی خورییان لە پێدەکرد.- برشوانە وێنەی سەرکەوا).

سەڵتەی پیرێژنان هەر قەستۆری ڕەش بوو. قەستۆری شین و سۆر و کەسك و سپی هی گەنجەکان بوو. سوخمە بۆ پیرێژنان نەبووە و حەزیان لێنەکردووە.

(چەورە) جۆرە قوماشێکی ڕەنگ سوور و ڕەش بوو گوڵی سپی تێدا بوو، لە شێوەی دەسماڵ چوارگۆشە بوو، چوار چین لەسەر یەکدی قەتدەکراو، وەك پشتێن لە کەمەریان دەبەست، بە (٥٠ - ١٠٠) فلس بووبە حازری دەفرۆشرا.

لەجیاتی ئەتەگلغ کراسێکی تەنکییان دەدووری و لە ژێر کراس لەبەریان دەکرد. ئەگەر هەژار بوونایە و ئەو کراسە تەنکەیان نەبووبا، ئەوە کۆنە کراسێکی تریان لە ژێرەوە لەبەر دەکرد.

جلکی نووستنیان هەر ئەو پۆشاکە بووە کە ڕۆژانە پۆشیوویانە.

تاکە گۆڕانکاری بەسەر ئەم دەستوورەی پۆشاکی پیرێژنان داهاتبێ لەم سەردەمەدا (٢٠١٦)، ئەوەیە کە چارشێو و سەرکەوا نەماوە و فانیلەی زستانی دەپۆشن و گۆرەوی و ئەتەگلغی سەردەم بەکار دەهێنن. سەڵتەش وەك جاران باوی نەماوە. زۆربەی کراسەکانیان عاردی ڕەشە و گوڵی بچووك بچووکی تێدایە بەڵام بە ڕەنگی کاڵ و ناتۆخ، بە بێ زەرد و سوور و پەمەیی.. .

## پۆشاکی پیرەمێردان :

کڵاو و جامەدانی و مشکی و چییتان لەسەر دەنا، پتر حەزیان لە کڵاوی بەلووری سپی و کڵاوی گوشی سپی بوو، کە ژنەکۆییەکان لەماڵەوە دروستیان دەکرد. کڵاوی ئاسایی کۆییانەشیان لەسەر دەنا.

کورتەکی بەلۆکە، لە جیاتی پاڵتۆ و قەمسەڵە بوو. کورتەك و شەرواڵ یان دەرپێی سپییان بۆ دەرەوە دەپۆشی، پشتێنیان زۆر گەورە و قەفقەف بوو، گۆرەوی خورییان بۆ زستانان لە پێدەکرد. زۆربەیان کراسی بە کەلانگوچکیان دەپۆشی و پەستەکی ڕەنگ گورگی و قاوەی و ڕەش و بۆزیان حەز لێ بوو، کەمتر پەستەکی سپی و سۆریان دەپۆشی.

ژمارەی ئەوانەی کەواو سەڵتەی مەلایانیان دەپۆشی لە پەنجەی دوو دەست تێنەدەپەڕی.

له دوای نیوەی سەدەی دووەمدا، هەبوو ڕانکوچۆغه و چاکەتو پانتۆڵی دەپۆشی. پەستەك کشاوه دواوه و قەمسەڵه و پاڵتۆی جوان و باش جێگەی گرتەوه.

ئێستا پیرەمێردەکانیش پێجامەو جلکی خەوتن و ڕۆبی زستان و پایزییان هەیه و که له ماڵەوه بن به ڕۆژیش دەیان پۆشن. بەگشتی نەوەی ئێمرۆ باشتر خزمەتی باپیرانی خۆیان دەگەن و حەز دەکەن پۆشته وپەرداغ و پاك وخاوێن بن له ماڵەوه و له دەورەوه. ئەمه ڕێژەییه، ئێستاش ئەو پیرەمێرده کەم دەراماتانه زۆرن که ناتوانن جوانپۆش و خاوێن بن وەکو ئەوانەی باروگوزەرانیان باشتره و کەس وکاریان له دەوره.

**پاشکۆی ئەم بڕگەیه:**(١)

**خەیاتی دەرزی و دورمان:**

وەستا عەبدەی خەیات، مام عەباسی مام یەحیای، حاجی محەمەدی ئەسعەدی خەیات، وەستا فەتحوڵڵای خەیات، کاکەی وەستا فەتحەڵڵای خەیات، قادری ڕەواندوزی خەیات، عەزیزی مەلا واحێدی، سەید سەعیدی خەیات، وەستا تەهای حاجی محەمەدی ڕۆمی، شوانەی جوولەکه، حاجی مەحموود دەرزی.

**ئەو خەیاتانەی مەکینەیان هەبوو:**

وەستا مامەی ئەسعەدی خەیات، حەمه عەلی فەقێ برایمی، ڕەفیقی مەلا ئەحمەدی، عەزیزی قادری ڕەواندوزی، عەبدول عەزیزی عەوڵا دەرزی، وەستا ڕەزا خدر، سابیری تایەری حەمەلاری، ئەکرەمی وەستا عومەری دەباغ، تایەری وەستا محێدینی، مامەی وەستا عەبدەی خەیات، دلێری وەستا مامەی خەیات، معصومی وەستا عەبدەی خەیات، حەمه ساڵحی مەلایان، سدیقی وەستا محێدینی خەیات، مستەفا قادری عەلی، شێخ سەڵاحی سەید کاکی، وەستا جەلالی حەمەد بەگی، حەمه سەعید مستەفا، وەستا سابیری یا عاسمەی،

---

(١) وەستا مامەی ئەسعەدی خەیات. موالید ١٩٣٨. ٦٧ ساڵ خەیات، کۆیه، ٢٤ / ٧/ ٢٠١٦، چاوپێکەوتن.

مام عەبدولڕەحمانی مەلایان، بەکری مەلایان، عومەری حاجی حەسەنێ، وەستا سەباحی مام حوسێنی (سەڵاحە قۆزە). نرخی مەکینەی دورمانی جۆری (سونگەر) لە ساڵی (١٩٥٠)، (٦٠) دینار بوو.

**کوتاڵ فرۆشەکانی کۆیە:**

بەکری حاجی مەنجەڵی، کەیفی حاجی سمایلی، سلێمانی حاجی عەبدولڕەحمانی، حەمە دەرزی، حاجی حەسەن سکتانی، محەمەدی حاجی حەسەنی، حاجی عومەری حاجی محەمەدی، فەتاحی بوغازەی، ئەحمەد بەگ، میرزا حەمەدەمین، سدیقی وەستا محێدینی خەیات، مام عەبدورەحمانی مەلایان، سەید برایمی سەید سەعیدی خەیات، حاجی واحێد حاجی مستەفا، حاجی عومەری مستەفا جەلەبی، عەبدول خالقی نەجیبی تایەر چەلەبی، ڕەفعەتی تایەر چەلەبی، نەجدەتی تایەر چەلەبی، ئەحمەدی حەمە مەلا. جۆری قوماشەکانیان پتر: فەتاحپاشا کارگەی بەغدا، قوماشی کارگەی بەغدا، کارگەی مووسڵ، کارگەی لەندەن بوون. دوای نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو، قوماش و کاڵای ئێرانی و تورکی و ئەروپای ڕۆژهەڵات و خواروی کیشوەری ئاسیا وولاتی چین و کۆریا کەوتنە بازارەکان.

**خەیاتی چاکەت و پانتۆڵ:**

ئارتین ئەرمەنی مەسیحی، وەستا سابیری یا عاسمەی، وەستا عەلی خەیات خەڵکی سلێمانی بوو، وەستا فیزوڵڵا عەجەم، وەستا عەبدوڵڵا عەجەم، وەستا عیزەتی عەجەم(٣ برا عەجەمی ئێران بوون).

**سەڵتەدروو:**

حەمە عەلی فەقێ برایمی، کاکەی وەستا فەتحوڵڵای خەیات. حەبیبی سۆفی سکتانی، حەبیبی مەلا ئەوڕەحمانی، خەجیجی حاجی سمایلی، فاتمەخانی مەلا برایمی، عەیشێ ئاوڕەحمانی، سەبیحەی عەبدە خەوەی، عەیشێ سۆفی عەلی.

**خەیاتی کەوا و چاکەت:** وەستا تەهای حاجی محەمەدی ڕۆمی.

**ئـوتووچییەكان:** [١]

**لەسەرەتا تەنیا ئوتووی خەڵوز بەكار دەهات. ئوتووچییەكانی ئەم ناوانەی خوارەوە بوون:**

- زاهیر هەناری و عەبدولڕحمان هەناری، (بۆ ماوەیەكی زۆر كەمیش تایەر تۆفیقی هونەرمەند)، لە سەرەتا چلەكانی سەدەی ڕابردوو، دوكانیان لە گوزەری نەجاران بوو.

- وەستا سمكۆی تەها محەمەدی ڕۆمی، لە پەنجاكانی سەدەی ڕابردوو، ئوتووچییە تا ئێستا. یەكەم كەس بوو لە شەستەكان ئوتووی كارەبایی هێنایە كۆیە.

- عەبدولڕەزاق مەلا عەبدولكەریم، ناسراو بە زۆراب، یەكەم كەس بوو لە حەفتایەكانی سەدەی ڕابردوو، ئوتووی هەڵمی هێنایە ئەم شارە.

**لێفدرووەكانی كۆیە:**

جگە لەو ژنانەی لەماڵەوە لێفەیان دەدووری، چەند لیفدوروویێكی پیاو، تا شەستەكانی سەدەی ڕابردوو لێفیان دەدووری. ئێستا تەنیا یەك دۆشەگدوورو هەیە و هیچ لێفدروویێك نییە. لیف لەدەرەوەی كۆیە هاوردە دەكرێ و بازاڕیشی كز بووە، بەتانی بیانی جێگەی گرتۆتەوە.

جاران لێفدروو، وەكو بەرگدروو، چەندین جۆرە پۆشاكی ژن و پیاو و منداڵانی دەدووری، وەكو: كەوای بە لۆكە بۆ مەلایان، كورتەكی بە لۆكە بۆ منداڵان، كورتەكی بە لۆكە بۆ پیران، سەركەوای بە لۆكە بۆ ژنان، چاكەتی بە لۆكە بۆ ژنان، چاكەتی بە لۆكە بۆ كچان و بۆ منداڵان. سوخمەی بە لۆكە بۆ پیاوان.

---

(١) ژنە پیشەوەرەكانی كۆیە، فازیل شەوڕۆ، چاپخانەی شەهاب، ٢٠١٥، لا ٥٤

**ئەوانەی كەواو چاكەت یان كەوا و سەڵتەیان دەپۆشی لە كۆیە:[١]**

وەستا تەهای حاجی حەمە ڕۆمیی خەیات، عەبدولكەریمی حەمە مەلای، نەجیبی تایەر چەلەبی، محێدینی گۆڕهەڵكەن، حەنیلە خڕەی دیان، مەلا عەبدول ڕەحمانی سێگرتكانی، كەمالی وەهابەكەڕ، جەمالی وەهابەكەڕ، حاجی سەعیدی حاجی ئەحمەد، باوكی ئەبو سەنای دیان، مەلا ڕەشیدی برای مەلا كەریمی، مستەفاغای حەوێزی (باوكی مامۆستا كەریم شارەزا)، جەمیل اغای حەوێزی، وەهاب اغای حەوێزی، عەبد جاسمی تكریتی، حەوێزی حەبیباغا، حاجی واحێدی حاجی مستەفا، حاجی مستەفا چەلەبی، حاجی عومەری حاجی ئەحمەدی، مەلا كەریمی باوكی زۆرابی ئۆتووچی، حاجی صدیقی باوكی حاجی جەمال، حاجی كەریمی باوكی ڕەفیقی مودیرمال، حەمە تایەری حاجی نووری، مام مەربێنی دیان، حاجی عەزیز باوكی تایەر(عەیز)، سەید وەلی سەید قادری، حاجی عەبدوڵڵای كەبابچی (باپیری فاتیح ڕەسووڵی تێكۆشەر). عوسمان عەونی شاعیر (لەتافی لاویدا)، مالمی جوولەكەكانی كۆیە.

ئەم دوو زاتەش، جگە لە مەلایەكان، جبەیان دەپۆشی: حاجی عەبدوڵڵای كەبابچی، كەریمی حەمەمەلای.

**ئەو كۆییانەی چاكەت و پانتۆڵیان دەپۆشی و فەرمانبەر نەبوون: [٢]**

تایەر عەزیز، محەمەدی مەلا سابیری، كاكاغای حاجیم مەلا حەمەداغای، كاكە زیادی حەماغای غەفووری، مەلا حەوێزاغای غەفووری، مستەفای حاجی كەریمی، عەبدول ڕەحمانی حاجی ئەسعەدی، عەزیزی عەبدول ڕەحمانی حاجی ئەسعەدی، بەكر بەنا، مەجیدی حاجی كاكە مینی سالْحی، زاهیری حاجی ئەمینی سالحی، كەیفی حاجی ئیسماعیلی، ئەكرەمی مەجیدی حاجی

---

(١) چاو پێكەوتن، وەستا سمكۆ تەهای ئۆتووچی، هاوار عەبدولكەریم حەمە مەلا، هیمداد عەبدوڵڵا تەها، كۆیە، ١٣/ ٧ / ٢٠١٦)

(٢) چاو پێكەوتن، وەستا سمكۆ تەهای ئۆتووچی، هاوار عەبدولكەریم حەمە مەلا، هیمداد عەبدوڵڵا تەها، كۆیە، ١٣/ ٧ / ٢٠١٦) ئەو زاتانە ناویان اە بڕكەكەداهاتووە لە نیوەی سەدەی ڕابردوو ژیاون.

کاکەمینی، حەمیدی مەلا تۆفیقی، عوسمان عەونی شاعیر، حەوێزی مام یەحیای، حەمە سەعیدی مەلا ئەحمەدی.(وەستا حەمەدی عەوڵا جەیدی بۆ ماوەیەکی کەم کە بووە سەرپەرشتیاری پڕۆژەی ئاوی کۆیە).

## قۆناغی هەشتەم : کفن

وشەی کفن، کە لە زمانی عەرەبی خواستراوەتەوە ( لە هێندێك ناوچە پێی دەڵێن خەڵات)، بەو قوماشە دەگوترێت کە تەرمی مردووی پێدەپێچرێتەوە لە کاتی جێبەجێکردنی ڕێوڕەسمی مردوو ناشتندا. مێژووی کفن زۆر کۆنە و هەر نەتەوەیەك بە گوێرەی کلتووری خۆی مردووی کفنپۆش کردووە. لە زۆربەی کلتوورەکان قۆماشی سپیی نەرم و خاوین دەکەنە کفن. شێوازی پێچانەوەی تەرمی مردوو بە کفن، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ئایین وباوەڕدارییەوە هەیە.[١] لە کلتووریی ئیسلامدا، شەهید هەروەها حاجی و عومرەکەری کۆچکردوو لە کاتی بەجێهێنانی سرووتەکانی حەج و عومرە، بە پۆشاکی خۆیان دەنێژرێن و کفن ناکرێن.

چونکە زۆربەی خەڵکی کۆیە مووسڵمانی سوننە مەزهەبن، دەستووری کفنکردنی مردوویان، کتومت ئەو دەستۆرەیە کە لە ناوچەکانی دیکەی سوننە مەزهەبی کوردستان پەیڕەودەکرێ. لە سەردەمی سەفەربەلگ و ساڵەکانی گرانی، چونکە خەڵکەکە یەکجار هەژار و بێ دەرەتان بوون، کفنیان پێ نەکراوە، مردووەکانیان بە جلکی خۆیان ناشتووە. لە سەردەمە سەخت و دژوارەکانیشدا، لە جیاتی قوماشی کفن کە مەلمەلی سپییە، قوماشی جاو و خامی سپییان بەکارهێناوە.[٢] جاران چەند کوتاڵفرۆشێك کفنیان دەفرۆشت، هەبوو لە ماڵەوەش

---

(١) https://ar.wikipedia.org/wiki/%D9%83%D9%81%D9%86

(٢) حەسەن کاکە، لە کتێبی (هەورازەکانی کاروانی تەمەنم)دا، باسی ئەوەدەکات، کە لە ساڵەکانی چلەکانی سەدەی ڕابردوودا، لە گوندێکی بیتوێن، لەبەر هەژاریی و نەبوونی کفن، باوکی دوو کەلانگوجکی فەقێیانییەکەی کراسی خۆی بۆ منداڵە ساوە مردووەکەی دەکاتە کفن. (حەسەن کاکە، هەورازەکانی

دایاندەنا تا لە کاتی پێویست بەردەست بێ. لەشاری کۆیە هەمیشە خێرخوازان کفن وکێل و بەردی قەبریان بۆ هەژاران دابینکردووە و تا ئێستاش ئەم نەریتە جوانە ڕێزی لێ دەگیرێت وکاری پێدەکرێ.[١] هێندێ کەسیش پێش مردنیان، کفن و تاقمی پێویستی جەنازە، لە لیفکە و سابوون و بۆن و گولاو و پەشتەماڵ، بۆخۆی پێشوەخت ئامادەدەکات و دادەنێ.[٢]

## پارچەکانی کفن و چونیەتی کفنکردنی مردوو:[٣]

**هێندێك جار پارچەکان بە بڕاوی ئامادەکراون، هێندێك جاریش لە لای کفنفرۆش دەکڕدرێت. پارچەکان بەم شێوەیەن:**

١- (٣) پارچە بە درێژی دوو تا دوو مەتر و نیو (بە گوێرەی باڵا) و بە پانیی (١٢٠) سانتیم، بۆ ژن و پیاو.

٢- (٢) پارچە، نزیکەی (٦٠X٥٠) سانتیم و (٥٠X٥٠) ساتنیم، سەری پێدەپێچرێت و پێی دەگوترێت (لەچەك).

٣- (١) پارچە، نزیکەی (٢٤٠ X ٦٠) سانتیم، لە ناوند بە بازنەییەکی تیرە (٣٠) سانتیمی بڕاوە، سەری مردووەکەی تێهەڵدەکێشرێت و، دوو لایەکەی بەسەر پشت و سینگدا دێنە خوارەوە، هیچ قۆڵی نییە، بەم پارچەیە دەگوترێت (کراس).

٤- (١) پارچەی دووقەدی، بە قەبارەی (٧٠ X ٦٠) سانتیم، لە شێوەی کیسەیەکی لاکێشەیی دووراوە، لە سەرەوە بۆ دۆخین پزیی بۆ کراوە و دۆخینەکەش

---

کاروانی تەمەنم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٣، ل. ٤٤)

(١) عەوڵڵا جەیدی، (کۆچکردووی ساڵی ١٩٤٨)، کە گۆڕهەڵکەن و خێرخوازبووە، هەمیشە کفنی بڕاوی حازری لەماڵەوە، لەپاڵ کەرەستە پێویستەکانی دیکەی جەنازە شاردنەوە، هەبووە. خێرخواز و دەوڵەمەندەکانی شار بۆیان دەنارد.( زبیدەی حاجی عەبدوڵڵای کەبابچی،١٢ /٤/ ٢٠١٦).

(٢) ئێستا لە هەموو مزگەوتەکان و لە نووسینگەی خێرخوازان لە شاری کۆیە، کفنی ئامادەکراو، بەردەستە. مامۆستا ئیبراهیم عەلی وەك خێرخوازێك سەرپەرشتی کاروباری ناشتنی مردوو و پرسەکانیان دەکات.

(٣) چاوپێکەوتن، حاجی نەعمان کاویس مردووشۆر، کۆیە، ٢٢: ٧: ٢٠١٦)

هەر لە قۆماشی کفنەکەیە، لە دامێنیشدا لە راست و چەپ بە قەد (١٥) سانتیم دوو کونی بۆ کراوە وەکو دەرپێ قاچی تێ هەڵدەکێشن و هەر پێشی دەڵێن (دەرپێ).

٥- (١) پارچە بە قەد (١٢٠ X ١٧٠) سانتیم، بۆ ڕاخستن، پێی دەڵێن (دووگرد).

٦- (٣) پارچە وەك پشتێن بە قەبارەی (١٠ X ٨٠)سانتیم، بۆ بەستنی قاچ و کەمەر و سەرومل.

لە پێشدا، دووگردەگە ڕادەخەن ئەوجا (٣) پارچەکەی بەکراوەی لەسەر ڕادەخەن. جاران لە نێوانیاندا نەختێك مێخەکی هاردراویان، بۆ بۆنخۆشی، پێوە دەکرد، ئێستا لە جیاتی مێخەك گوڵاو پژێنی دەکەن. دوای شوردن، دەرپێیەکە لە پێی مردووەکە دەکەن، دوای وشککردنەوەی بە پەشتەماڵێك، کراسەکەی لەبەر دەکەن. کە جەنازەکەیان خستە سەر پارچەکان، هەر دوو قاچەکانی جووت دەکەن و دەستی ڕاستەی لەسەر دەستی چەپەی، وەك دەستگرتن بۆ نوێژکردن، دەخەنە سەر سینگی. ئەوجا دەست دەکەن بە پێچانی هەر پارچەیەك لە دەوری جەستەکە بە جیا، هەمیشە لە لای دەستە ڕاستەوە دەستپێدەکەن، چونکە لە ئاینیی ئیسلامدا، هەموو شتەکان بە دەستی ڕاستە ئەنجامدەدرێن. کە هەموو پارچەکانیان پێچایەوە، دووگردەکەی ژێریشی تێ وەردەپێچن و لای قاچ و لای سەر و کەمەری، بە (٣) پارچە پشتێنەکە، دەبەستن، بە مەرجێ گرێیەکانیان بکەونە لای تەنیشتی چەپە، چونکە لە ناو گۆڕەکەدا جەنازەکە دەخرێتە سەر لای ڕاستە، بەمەش گرێییەکانیان لە کاتی ناشتندا بە ئاسانی بۆ دەکرێتەوە.

لە کلتووری دەڤەری کۆیە، جاران پۆشاك و جلکوبەرگی کەسە مردووەکەیان فڕێ نەدەدا، بەڵکو دەپێچرایەوە و هەڵدەگیرا و ژنێکی خێرەوەمەند، جوان جوان دەیشت و بە خێری مردوو، ئەگەر مردووەکە نەخۆشییەکی پیسی نەبوایە. ئەوا بە هەژارانی دەبەخشی، بەڵام ئێستا هەمووی دەخرێتە کیسەیەك و فڕێ دەدرێت.

هەرچەندە بە گوێرەی سوننەت، دەبێ جەنازەی مردوو، ئەگەر ژن بێ، بە (٥) پارچەی گەورە بپێچرێتەوە، بەڵام لە کۆیە، هی ژنیش وەك هی پیاو، هەر (٣) پارچەیە.

لە کاتی گواستنەوەی جەنازە، بۆ گۆڕستان، هیچ شتێك لەناو دارەمەیتەکە ڕاناخەن، چونکە جەنازەکە لەناو بەتانییەك جوان وەردەپێچرێت و بەتانییەکیشی پێدا دەدەن، بەڵام جاران تا شەستەکانی سەدەی ڕابردوو کە جەنازە بەسەر شان و کەژاوەی پیادە ڕێ و بە بەرزکردنەوەی سەلەوات و تەکبیر، بەڕێدەکرا، پەشمەیەکی گەورەیان بەسەر چواردەورەی دارەمەیتەکەدا شۆڕدەکردەوە، کە هەرچوار کەناری بە سورەتی ئایەتولکورسی نەخشێنرابوو و لە ناوەندەکەی نیگاری کەعبە و مزگەوت و مانگ و ئەستێرەی لەسەر بوو، بە بۆن و عەتری خۆش گوڵاوپژین دەکرا، یان بە جاجمێکی جوان و خاوێن دایان دەپۆشی.

بەشی پێنجەم

# پێڵاوی كۆییان

## پۆختەیەك دەربارەی پێڵاو:

لە بەشی یەكەمدا، هەر ئاماژەیەكی سەرپێییمان بە دۆزینەوەی كۆنترین پێڵاوی چەرمەگا دا، كە لە ناوچە شاخاوییەكانی نێوان سنوری ڕۆژهەڵاتی كوردستان و باشووری كوردستان، كە مێژووەكەی بۆ (١٢٠٠ - ١٦٠٠) پێش زاین دەگەڕێتەوە دۆزراوەتەوە. ئێستا، لەم بڕگەیەدا، نووسینەوەی پوختەی مێژووی پێڵاو، ڕەنگ بێ سوودێكی بۆ خوێنەر هەبێ:

لە نێوان پێڵاو و (سروشتی ژینگەیی و كلتوور و ئایین و باری كۆمەڵایەتی و ئابووری)، پەیوەندییەكی تۆكمە و ڕاستەوخۆ هەیە. بۆ نموونە: سروشتیی ژینگەی شاخ و داخی بەردەڵانی و دارستانی چڕوپڕی دڕكاوی و زەمەندی سەخت و زستانی سەهۆڵبەندان و هاوینی سوتێنەر، هاندەرن بۆ بیركردنەوەی مرۆڤ لە دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك بۆ پاراستنی قاچەكانی لە زامدار بوون و پێوەدانی جرۆجانەوەر. زۆری ئاژەڵ و گیانداری كێوی و ماڵی و هێندێ ڕووەك و درەختی تایبەت، كەرەستەی پێویست، وەك پێستە و چەرم و گەڵای پان، بۆ دروستكردنی پێڵاو دەستەبەر دەكات. تەنانەت لە ڕووی باوەڕ و دینداریی و كلتووریشەوە، بۆ ڕاگرتنی خاوێنی و پاكژییی جەستە، ئەوە دەخوازێ كە پێخۆاست نەبن و شتێك لە پێبكەن كە پیس و بۆنناخۆش و زیانبەخش نەبێ.

مێژووی پێڵاو کۆنە. لە کلتووری دێرینی میسرییەکان و هیندۆسەکان و گریکەکان، پێڵاو بایەخی نەبووە و زۆرتر پێخواست بوون، تەنانەت یارییەکانی ئۆلمپی کۆن لە شاری ئەسینا، هەر بە پێخواستی ئەنجام دەدران. مەراسۆنی (Pheidippides) لە شاری ئەسیناوە بۆ شاری سپارتا، کە (٣٦) سەعاتی بوو، هەر بە پێخواستی بوو. لەشکرە گەورەکەی ئەسکەندەریش هیچ پێڵاوێکیان لە پێ نەبوو. تەنیا دەسەڵاتدارەکان لە میسریی کۆندا جۆرە سۆلێکیان بەسەر پێوە دەکرد، پێیان دەگوت (کیلیۆپاترا).[١]

پێڵاو لە (تەورات)دا ئاماژەی پێ کراوە وەك ڕەمزێك بۆ شتی بێ بایەخ، بۆیە نەدەبوو کۆیلەکان پێڵاو لەپێ بکەن. بەڵام کە مەسیح چۆتە قودس پێڵاوی لە پێ بووە. لە ڕاستیدا پێڵاو ڕەمزی شارستانیەت بووە، بۆیە ڕۆمانە کۆنەکان پۆشاکیان بە هێمای هێز و دەسەڵات دادەنا و لەکۆنەوە، خەزوور لە کاتی گواستنەوەی بووکدا، جووتێك پێڵاوی بە زاوا دەبەخشی وەك ڕەمزی هێز و دەسەڵات.

کەرەستەی پێڵاو بە گوێرەی سروشتی ژینگە، جیاوازیی هەبووە، بۆنموونە، میسرییەکۆنەکان، سۆلیان لە گەڵای ڕوەکی زەل (Papyrus)و دارخورما دروستدەکرد. هۆزی (ماسیا) لە ئەفەریقا پێستەیان بە کاردەهێنا و هیندییە کۆنەکان دار و ژاپۆنی و چینییەکانیش گەڵای پووش برنج، ئەمریکاییەکان ڕووەکی گوش و مەکسیکییەکان دڕەختی یوکانیان (Yucca) بەکارهێناوە.[٢]

دەتوانین بڵێین، مێژووی پێڵاو، لە سەدەکانی ناوەندەوە دەست پێدەکا، کاتێك فەرەنسییەکان جۆر پێڵاوێکی پاژنەبەرزی ئاغزونەداریان بە ناوی (Espardrillea) داهێنا. لە سەدەی سێنزدەمیشدا جوتیارەکانی هەرێمی کەتەلۆنیا لە ئێسپانیا جۆرێکی دیکەیان دروستکردووە. ئەویش هەر پارچە چەرمێك بووە و لای ڕاستی هاتۆتەوەو سەر لای چەپی و بە داو و کشتەك و قەیتان لێك دەبەستران.[٣]

---

(١) http:// clothing for different culture and religion.

(٢) سەرچاوەی پێشوو

(٣) نمونەی ئەم پێڵاوە لە مۆزەخانەی (Roscheider Hof Open Air Museum) هەیە.

دواتر لە ئەوروپادا زۆر جۆرە پێڵاو داهێنراو و بوو بە بەشێك لە پۆشاكی ژن و پیاو. لە سەدەی شانزدەمدا پێڵاوی (کراکۆ Crakow) لە پۆڵەندا و پێڵاوی (چۆپنیز Chopines) لە تورکیا داهێنران و بوون بە مۆدێل. شاژنی ئینگلتەرا (Mary of England) یەکەم کەس بوو پێڵاوی پاژنەبەرزی کردە پێ. لە سەدەی حەڤدەمیشدا، یەکەم پێڵاو بە درێشە و کشتەك لە ئەوروپا دروستکرا و بوو بە پێڵاوی چینی دەوڵەمەند و دەسەڵاتدار. لەساڵی (١٨١٨) بۆ یەکەم جار لە فیلادلفیا، ڕاستە و چەپەی پێڵاو داهێنرا. لە ساڵی (١٨٩٩) پینەدۆزێ ئایرلەندی O'Sullivan (Humphrey) پێڵاوی پاژنەی لاستیکی داهێنا. قاپقاپەش لە داهێنانی هۆڵەندییەکانە چونکە وڵاتەکەیان زۆر تەڕ و شێدارە. یەکەم یاساش بۆ پێڵاو لە پێکردن، (هێنری هەشتەمی Henry XIII) ئینگلتەرا دەریکرد، چونکە بۆخۆی کورتەبنەبوو، فرمانی دا نابێ کەس پێڵاوی پاژنەبەرزی نزمتر لە پێنج ئینج لە پێبکات. لە سەدەی نۆزدەمدا لە سەردەمی شەڕی ناپلیۆن، ئەندازیار (Marc Brunel)، یەکەم کارگەی دروستکردنی پێڵاوی دامەزراند، ئەو یەکەم کەس بوو بزمار لە پێڵاو دروستکردندا بەکار بێنێ. دواتریش چەندین جۆرە کارگەی تایبەت بە پێستە خۆشکردن و کەرەستەکانی پێڵاو داهێنران. دوای داهێنانی مەکینەی دوورمانی قوماش لە ساڵی (١٨٤٦)، هێندەی پێنەچوو مەکینەی پێڵاودوورنیش لە ساڵی (١٨٥٨) لە لایەن (Lyman Reed Blake) داهێنراو، پیشەسازییەکە تەواو گۆڕانکاریی بەسەر داهات. لە سەدەی بیستەمیشدا، کاتێك قایش و پلاستیك و نایلۆن و قوماشی (Synthetic) بوونە کەرەستەی پێڵاو دروستکردن، ئەوا پیشەسازیی پێڵاو لە زۆر وڵاتاندا بوو بەکۆڵەگەیەکی بەهێزی داهات. لە ساڵی (٢٠١٢) لە جیهاندا بای (١٢٢) بلیۆن دۆلار پێڵاو بەرهەمهێنراوە. ئێستاش چین لە (٦٣٪) ی پێڵاوی جیهان بەرهەم دەهێنێ، ئەوجا ئەروپا بە پلەی دووەم دێت، هەرچەندە لە چاکیی و جوانی مۆدێلدا پێڵاوی ئەوروپایی هەر لە پلەی یەکەم دایە.

ڕەنگدانەوەی پێڵاو لە کلتوور و ئایین و ئەدەبدا، بە چەندین شێوە خۆی دەنوێنێ. کە موسا پێغەمبەر (سڵاوی خوای لێ بێ) چووە خزمەت یەزدانی

مەزن، داوای لێکرا پێڵاوەکانی داکەنێ، لە لای جوولەکەکان، ژنی مێرد مردوو، دەبێ پێڵاوی پێی برای مێردەکەی بە دەستی خۆی داکەنێ، واتا ئەو پیاوە دەستی لەو ژنە هەڵگرتووە. لە لای گریکەکۆنەکان، بۆ ئەوەی خەبەری کوژرانی سەربازەکان لە شەڕدا، بە کەسوکارەکانیان بدەن، دەچوون جووتێك پێڵاویان بەتاڵیان لەبەر دەرگای حەوشە بۆ دادەنان. چوونە ژوورەوەی مزگەوت یان نوێژکردن بە پێڵاوەوە لە کلتووری ئیسلامیدا قەدەغەیە. لە کلتووری هەنگارییەکاندا، زاوا خواردنێك دەخاتە ناو پێڵاوی بووك و دەبێ بووك بیخوات. لە کاتی بووك گواستنەوەدا، چینییەکان، جووتە پێڵاوێکی سوور لەسەر بانەوە بۆ بووك فڕێ دەدەنە خوارەوە، وەك موژدەیەك بۆ هاتنی بەختەوەری، لە ئەورووپاش (ئاهەنگی پێڵاو) هەبووە، کە بە حزووری دایك و باوکی بووك، دەبوایە زاوا پێڵاو بکاتە پێی بووك.

لە کلتووری عەرەبیشدا، داکەندنی پێڵاو لە پای ژن، مانای جیابوونەوەیە. لە لیبیا، لە کاتی بووك گواستنەوەدا، ژنێك تاکە پێڵاوێکی زاوا دەدزێ و دەیدات بە کوڕە گەنجەکان، دەبێ هاوڕێ و برادەرەکانی زاوا بەشەڕە پێڵاو وەریبگرنەوە و بیخەنەوە بەر پێی زاوا، جار هەیە ئەو شەڕە پێڵاوە سەعاتێك دەخایێنێت.(١)

هەر لەلای عەرەب، نیشاندان و بەرزکردنەوەی پێڵاو مانای بێ حورمەتییە، بۆیە لە ساڵی (٢٠٠٣) لە شەقامەکانی شاری بەغدا، بە پێڵاو و سۆل لە وێنەی سەددام حوسێنیان دەدا و دواتریش کە ڕۆژنامەنووسێك لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، پێڵاوی خۆی گرتە (جۆرج بوش)ی سەرۆکی ئەمریکا، پێڵاو ڕاوەشاندن، بوو بە نەریتی نیشاندانی ناڕەزایی و پرۆتێستۆکردن. لە ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبیشدا (٢٠١٠ ـ ٢٠١٢) پێڵاویان بە سەر نووکی داری درێژدا دەکرد، لە خۆپێشاندانەکاندا بەرزیان دەکردەوە. لە دەیەمین ساڵیادی کۆمەڵکوژییەکەی (١١)ی سێپتەمبەری ساڵی (٢٠٠١)ی ئەمەریکا، (٣٠٠٠) جووت پێڵاو وەك ڕەمز بۆ گیانی قوربانییەکان لە شوێنی ڕووداوەکە نمایشکران. کاتێ لە ساڵی

---

(١) نووسەری ئەم کتێبە لە ساڵەکانی (١٩٩٤ - ٢٠٠٢) لە لیبیا ژیاوە . بەشداری ئەم یارییەی کردووە.

(١٩٦٩) گەمییەوانی ئاسمانگەریی ئەمەریکایی (Neil Armstrong) لەسەر مانگ دابەزی، بەر لەگەڕانەوەی، جووتە پێڵاوەکەی خۆی لەسەر مانگ بەجێهێشت، نەکۆ تاعون و نەخۆشیی پێوە نووسابێ.

له هێندێك بابەتی ئەدەبی و هونەریی ئاست بەرزیی هەمەجۆر له شێوەکاری و سینەما و کاریکاتێر و دیزاینی بیناسازی، له جیهاندا، پێڵاو حزووری خۆی هەیە.[1]

پێڵاوی (ئەدیداس) کە لە ساڵی (١٩٢٣) لە ئەلمانیا دروستکرا، کاتێك له ساڵی (١٩٣٦) یاریزان (Jessie Owers) چوار مەدالیایی زێڕی به هۆی ئەم پێڵاوە بردەوە، بوو بە بەناوبانگترین پێڵاوی وەرزشی لە جیهاندا، کە تاکو ئێستا ڕکابەری نییە. گرانترین جووت پێڵاو کە بەناوی (Ruby Slippers) و (Judy Garland) لە پێی کردبوو، لە ساڵی (٢٠٠٢) دا بە بڕی (٦٦٠) هەزار دۆلار لە مەزاتێکدا فرۆشترا. ئێستاش پێڵاوی دەستکرد، چەند قات لە هی کارگە و مەکینە نرخی گرانترە. ئیمڕۆ، شکڵ و شێوەی پێڵاو بۆتە دیزاین و لۆگۆ و دروشمی جۆرەها کەرەستەی ژیانی ئەم سەردەمە. زۆر نەتەوەش شانازیی بە پێڵاوە کلتوورییەکانی باب وباپیرانیانەوە دەکەن، لە مۆزەخانەی(تۆرناتۆ ) لە ئەمریکا، نزیکەی پێڵاوی (٤٠٠ تا ٥٠٠) ساڵ پێش ئێستای تێدا نمایش کراوە.[2]

## پێڵاوی کۆییان:

ئێستا با بگەڕینەوە، سەر بابەتەکەی خۆمان. چونکە لە دێر زەمانەوە، شاری کۆیە هەم دەڤەرێکی کشتوکاڵی بە باغ و ڕەز و بێستان و زراعەت و ئاژەڵداری بووە و هەم مەڵبەندێکی پیشەسازیی بووە کە سەرەڕای دابینکردنی بەرهەمە دەستکردە خۆماڵییەکانی بۆ دانیشتوانی ناوچەکە، بڕێکی زۆریشی هەناردەی شارەکانی وەك هەولێر و کەرکوك و مووسڵ و سنە و سەردەشت و سابڵاغ،

---

(١) /http://www.footwearhistory.com

(٢) سەرچاوەی پێشوو.

تەنانەت بەغدا و حەلەبیش، دەکرد. یەکێك لە پیشەسازییە تایبەتمەندەکانی ئەم شارە، پێڵاو دروستکردن و چاککردنەوە بووە. بێگومان ئەم پیشەسازییەش، بە گوێرەی ڕۆژگار و سەردەم گۆڕانکاریی بەسەر داهاتووە.

لەم بڕگەیەدا، بە گوێرەی تەمەن و سەردەم و جۆری پێڵاوەکە، بابەتەکە دەخەینە ڕوو.

بێگومان منداڵی ساوا پێویستی بە پێڵاو نەبووە چونکە زۆربەی کات لە باوەشی دایك ولە ناو بێشکە بووە. بەڵام لەتەمەنی یەك ساڵیدا، کە منداڵ کەوتۆتە گاگۆڵەکردن، بیریان لەوە کردۆتەوە، کە بە شێوەیەك لە شێوەکان قاچە ناسکەکانی بپارێزن، بۆیە لە داوەبەن، وەك چنینەوەی گۆرەوی، پێڵاوی بچووکیان بۆ چنیون و کە بەسەر پێوەکراوە و پاژنەی پێ توند گرتوویەتی تا دانەخزی. لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو بۆ منداڵی دوو ساڵی جۆرە پێڵاوێك بەکارهاتووە پێیان دەگوت (پەپەجانی) کە هەموو لە پێستی نەرمی ئاژەڵ دروستدەکرا و تەنیا ڕەنگی قاوەیی بوو. بەشی سەرەوەی کە دوو ئاغزوونەی هەبووە، بە دوورمانی دەستی پارچەکانی لێ دەبەسترا، بە گوێرەی وەسفکردنی، ئەم پەپەجانییە زۆر لە سەندەڵی بە ئاغزوونەی ئەم سەردەمە چووە، (بەڵام سەندەڵی ئێستا جۆری کەرەستەکەی جیاوازە و بەرهەمی کارگەشە). تا تەمەنی شەش حەوت ساڵی پەپەجانی لەپێدەکرا. ئەم جۆرە پێڵاوە هەم لە بەغدا و مۆسڵ هاوردە دەکرا و هەم خۆماڵیشی هەبوو کە دەستکردی پیشەوەرەکانی کۆیە بوو.

زۆربەی سەرچاوە زارەکییەکان، ئاماژە بەوە دەکەن، کە زۆربەی کات منداڵی پارچەڵەی (٤ تا ٧) ساڵی، لەماڵەوە و لەکوڵان و لە سەربان و بن باندا، تا کۆتایی سییەکانی سەدەی ڕابردوو هەمیشە پێخواست بوون. هەر منداڵی دەوڵەمەندەکان پیلاویان هەبووە، کە لە شارەکانی دیکە بۆیان دەکڕین.

**هەر بۆ منداڵی ئەم تەمەنە، سێ جۆرە پێڵاو دیکە هەبووە:**

**- سۆلی منداڵان:**

لە کۆنەوە سۆلدروو و ژنە دەسترەنگینەکانی کۆیە، بە دروستکردنی سۆلی کۆییانە بەناوبانگ بوون. لە نێو پیشەوەرە پیاوەکانیشدا سۆلدروو و پیشەیەکی بەرەواج بووە. ژنەکان لە ماڵەوە جگە لە سۆلی ئاسایی، سۆلی منداڵانیان دروست دەکرد، ئەویش دوو جۆری هەبوو، ڕادایی کە بە قەدەر قاچی منداڵەکە بوو، نەخشونیگاریشی جوانتر بوو، چونکە نرخەکەی گرانتر بوو، و سۆلی ئاسایی منداڵان، کە ژنەکە بە قەبارەی جیا جیا دروستی دەکرد و، کڕیار بۆخۆی هەڵیدەبژارد. ئەمە هەر بۆ کچان بوو. سۆل لەم پارچانە پێکهاتووە: بن سۆل، کە چەرمی تایبەت بووە، ناوفەرشی سۆل کە پێوەی دەدرووا، قەپاغی سۆل، ئەو بەشە بوو کە وەك نیوە بازنەیەك بوو لە پێشەوەی دەمی سۆلەکە دەدرووا و پەنجەکانی دەشاردەوە، ئەم قەپاغە بە ئاوریشم و سیم نەخش و نیگاری زۆر جوانی لەسەر دەکرا. سۆل هەر بۆ کچ و ژنان بوو.(بڕوانە وێنەی سۆڵ)

**- پاپووچی منداڵان:** [1]

پاپووچ پێڵاوێکی ژنانەیە، بە زۆری لە شاری بەغدا و مووسڵ دروست دەکرا، جا جۆری تایبەت بە منداڵان جیاواز بوو هەم لە نەخش و نیگار و هەم لە قەبارە و شێواز. پاپووچ لە کۆیە دروست نەدەکرا، هاوردەیان دەکرد. ئەمە تایبەت بوو بە کچان.

**- قاپقاپەی منداڵان:**

جاران حەمامی گشتی هەبوو، جا هەم بۆ پاك و خاوێنی هەم بۆ پاراستنی قاچ وقولیان لە گەرمایی زەوی حەمامەکە، قاپقاپەیان لە پێدەکرد. قاپقاپە لە دوو پارچە تەختەداری ساف و لووس بە ئەستورایی سێ تا چوار سانتیم، لە

---

(١) هێندێك دەڵێن لەبنەڕەتدا (پاپۆش) بووە و گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە بۆتە (پاپووچ) (کەریم شێخانی،، سلێمانی، ١٧ / ١٠/ ٢٠١٦ چاوپێکەوتن).

شێوەی شکڵی پێ، لە لای دارتاش دروستدەکرا و پینەدۆز سەری بۆ دروست دەکرد، لە پێشەوە، بە شێوەی نیوە کەوانە پارچە قایشێك ـ کە جاران لاستیکی تایەی ئۆتۆمبیل بوو ـ لە تەنیشتی ڕاست و چەپی هەر تاکێك بە بزمار چەسپ دەکات تا بەسەر پێوەبکرێت. ئەمەیش قەبارەی جیا جیای هەبوو. قاپقاپەی منداڵان، کە کوڕ و کچ، بە کاریان دەهێنا، بێگومان قەبارەکەی بچووکتر و تەنکتر بوو. دارتاشەکانی کۆیە زۆر دەستڕەنگین بوون لە دروستکردنی قاپقاپە. هی هاوردەکراویش هەبوو کە لە بەغدا و شارەکانی دیکە دروست دەکران. قاپقاپە جگە لە حەمام و مزگەوت، لە ماڵەوەش بەکار دەهات، بەڵام کەمتر.

**پانی بەرز:** لە شاری سلێمانییەوە هاوردە دەکرا، ئەویش قەبارەی بچووك و گەورەی هەبوو. ئەم پێڵاوە تایبەتە بە کلتووری شاری سلێمانی، لە کۆیە دروست نەدەکرا. ئەویش هەر بۆ کچ و ژن بوو.

لە گوندەکاندا، لە زەمانی زوو، منداڵ هەمیشە پێخواست بووە، بەڵام ئەو کوڕانەی کە تەمەنیان لە نێوان (٧ - ١٢) ساڵان بوو، بۆخۆیان جۆرە پێڵاوێکیان دروست دەکرد، پێیان دەگوت (جاشکەوش). پێستەی سەری ڕەشەوڵاغیان دادەماڵی و بە قەبارەی قاچی خۆیان دەیانکردە پێڵاو، یەك پارچە بوو ڕاست و چەپی دەکەوتەوە سەر یەك و بە داوە بەن و سیرمە لێکیان دەبەست.[١] لە کۆنەوە شاری کۆیە بە (کاڵەك) دروستکردن بە ناوبانگ بووە، چونکە لە هەموو کوردستان تەنیا لەم شارە کاڵەك دروستدەکرا.[٢] ئەم پێڵاوە لە چەرمی گا دروستدەکرا و قەپاغی سەری و لاتەنیشتەکان و پاژنەی بە کشتەك دەچنرا. کشتەکەکەیان لە لای خمچی ڕەنگ دەکرد، لە بەشی سەرەوە و لەلا تەنیشتەکانی بە (کەژ ـ دەزووی بادراوی شین) و (ئاوریشم) بە نەخش و نیگاری جوان دەچنران و لە قالب دەدران، قالبەکان لە دار بە قەبارەی جیا

---

(١) فەتاحی حەمەدەمینی مستەفا گۆدە، کاڵەکدروو، ١٨/ ٧ / ٢٠١٦، کۆیە، چاوپێکەوتن.

(٢) وەستا مستەفای وەستا ساڵحی دەباغچی لە پەنجایەکانی سەدەی ڕابردوو ماڵی دەچێتە ڕانیە و لەوێ دەبێتە کاڵەکدرووو. دوای کۆچی دوایی ئەو، کەس لەو شارە ئەم پیشەییەی نەکرد. (سەرچاوەی پێشوو)

جیا دروست دەكران. كاڵەك بزماری تێدا نەبوو. تەنیا كوڕ و پیاو لە پێیان دەكرد و هەموو قەبارەیەكی هەبوو. كاڵەكی گەنجان سەری بە ئاوریشمی ڕەنگاو ڕەنگ بوو، ئەو شوێنەی كە دەكەوێتە سەر پەنجەكان و دایدەپۆشی بە ئاوریشم دەچنراو گوڵنگەیەكی ئاوریشمیشی پێوە دەكرا، بەڵام كاڵەكی پیاوی بەتەمەن ئەو پێشەی دەزووی شین بوو.[١] تا چلەكانی سەدەی ڕابردوو، نرخی جووتێك كاڵەك لە نێوان (١٠٠) تا (٢٥٠) فلس بوو. دواتر ئەم پێڵاوە بوو بە پێڵاوی پیاوی ئیختیار. بەداخەوە لە كۆتایی حەفتایەكانی سەدەی ڕابردوو ئەم پیشەیە مەحف بۆوە و ئێستا كەس نییە ئەم پیشەیە بزانێ.[٢]

هاوكات، لەگەڵ پیشەی كاڵەكدووریی، لە كۆیە، پێڵاوی ئێمەنی زۆر ڕەواجی هەبووە، ئەویش هەموو قەبارەیەكی هەبووە و لە زستان و هاوێن بەكار هاتووە. دوو جۆر ئێمەنی لەم شارەدا هەبووە: هاوردەكراو، كە لە شارەكانی بەغدا و مووسڵ دەهاتن، و ئێمەنی خۆماڵی كە وەستایەكانی كۆیە بە دەست دروستییان دەكرد.

لە سییەكانی سەدەی ڕابردوو، پێڵاوی (وطنی) كە (بیلادی)شیان پێدەگوت، زۆر باو بوو، كارگەكەی لە شاری مووسڵ بوو، هەموو قەبارەیەكی هەبوو، پتر چینی دەوڵەمەند و مامناوەندی بەكاریان هێناوە.[٣]

لە كۆتایی چلەكانی سەدەی ڕابردوو، پینەدۆزەكانی كۆیە، دەستیان كرد بە دروستكردنی جۆرە پێڵاوێكی پیاوانە، پێیان دەگوت( لاستیك)، چونكە نرخەكەی هەرزان بوو، هەژار و لادێییەكان لە پێیان دەكرد.بنی پێڵاوی لاستیك لە تایەیی ئۆتۆمبیل دروستدەكرا. ئەویش دوو جۆری هەبوو، هێندێك پینەدۆز لە بەغدا هاوردەیان دەكرد، جۆرەكەی باشتر بوو چونكە بە ڕێگەی كوڵاندن نەرم كرابۆوە و جووتی بە (٥٠ - ٨٠) فلس بوو، جۆرە خراپەكەی خۆماڵی بوو، پینەدۆزەكان بۆخۆیان دەیان بڕی. بەشی سەرەوە و لاتەنیشت و پاژنەی

---

(١) (كەریم شێخانی،، سلێمانی، ١٧ / ١٠/ ٢٠١٦ چاوپێكەوتن)

(٢) سەرچاوەی پێشوو.

(٣) مەلا محەمەدی جەلیزادە، ناسراوە بە مەلای گەورە، هەمیشە پێڵاوی وەتەنی لەپێ كردووە. (سەرچاوەی پێشوو) .

پێڵاوی لاستیك، دوو پارچە بوون و بزمارڕێژ دەكران، لە قایش دروستدەكرا، كە بە باتمان لە بەغدا دەیانكڕی. هەرچواردەوریشی، كە پێیان دەگوت (كۆبە) بە داوی كشتەك، بە درێشە و دەرزی دەدووری. جووتی لاستێك بە ( ١٥٠ - ٢٠٠) فلس بوو.

## كەڵاشی بن لاستێك:

كەڵاشی دەزوو پێلاوێكی كوردی ڕەسەنە، لە هەورامان و شارەكانی دیكە هەنارده دەكرا بۆ شاری كۆیە، بەڵام چونكە بنی گەڵاش بە ئاو تێكدەچێ، هێندێك پینەدۆز بنی لاستیكیان لە تایەی ئۆتۆمبیل، لە جیاتی بنەكەی خۆی، بۆ دروستدەكرد، پێیان دەگوت (كەڵاشی بن لاستیك)، هەژارەكانیش ئەم بنەیان لە كۆنە كەڵاشان دەناوە.[1]

باشترین و بەناوبانگترین پێڵاو، كە تایبەت بووە بە دەوڵەمەند و هەبووەكان، لە چلەكانی سەدەی ڕابردوو، پێڵاوی (كالۆش)بوو. ئەم پێڵاوە كە ماركەكەی فەرەنسی بوو، لە دوو بەش پێكهاتبوو، بەشێكی وەكو گۆرەوی لە پێدەكرا، پێیان دەگوت (كیف)، دەخرایە ناو پێڵاوەكە، واتا لە كاتی داكەندندا، كیفەكەیان، چونكە نەرم بوو، هەرلە پێدا بوو.

لە كۆتایی شەستەكانی سەدەی ڕابردوو، چونكە زۆربەی كات، سنوورەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان ئازاد و كراوە بوون، پێڵاوی لاستیكی كارگە، كە لە ئێرانەوە بە قاچاغ هاوردە دەكرا، بازاڕی كوردستانی داگیر كرد و، پێڵاوی لاستیكی تایبەیی ئۆتۆمبیل ڕەواجی نەما. ئەمە هەموو قەبارەیەكی هەبوو بۆ كوڕ و كچ و ژن و پیاو. لە سەرەتادا، جۆرەكانی زۆر خراب وبێ كەلك بوون، بەڵام دواتر، پیبشەسازییەكەی گۆڕانكاریی بەسەر داهات و، بەرهەمی باشیان خستە بازاڕ. خەڵكی شاری و گوندەكان ئەو پێڵاوەیان دەكڕی چونكە نرخەكەی مەلاخۆرە بوو.

---

(١) سەرچاوەی پێشوو.

جزمەی لاستیکی زستانان، کە ناوەوەی بە قەدیفەی نەرم و سپیی داپۆشرابوو، هەموو قەبارەیەکی هەبوو بۆ کوڕ و کچ، بە تایبەتی قوتابی، لە پێیان دەکرد، دوو جۆری هەبوو، نیو پووت و جزمەی درێژ. لەسەرەتادا کە لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو لە شارەکانی دیکە هاوردەیان دەکرد، هەر ڕەنگی ڕەشی هەبوو، دواتر ڕەنگی دیکەشی کەوتە بازاڕ. کرێکار و قوڕکێش و باغچەوان و شوان و گاوان و لادێیی و قاچاغچییەکان زستانان جزمەیان لە پێ دەکرد. پێڵاوی (لاپچین) پتر کوڕ لە پێی دەکرد.

پیلاوی ژنان، جگە لەوانەی لەسەرەوە باسمان کردن جۆری دیکەشی هەبوو، وەك، قۆندەرە، کە پتر ڕەنگی سپیی بوو لەلای پێڵاو فرۆشەکان هەبوو. هەروەها پێڵاوی چەکمە و نیوپووت و حەوتپارچەش هەبوو . چەکمە کە لە چەرم دروستدەکرا تایبەت بوو بە ژنە دەوڵەمەندەکان. نیوپووت، کە بە دیوی ناوەوە زنجیری هەبوو و تا سەر گوێزینگی پێ بەرز بوو، و هەر زستانان لە پێ دەکرا. حەوتپارچەش، کە پاژنەی بەرز بوو، کتومت لە شێوەی پێڵاوی ئەم سەردەمە بوو، بەڵام سەر و تەنیشت و پاژنەکەی بە حەوت جۆرە قوماشی ڕەنگاوڕەنگی زۆر جوان و سەرنجڕاکێش ڕازابۆوە و نرخەکەشی هەرزان نەبوو.

نەعلی لاستیك و ئیسفنج لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو گەیشتە کۆیە. پێڵاوی سەندەڵیش کە پەنجەرە پەنجەر بوو، هاوردە بوو، هاوینان منداڵ و هەرزەکار لەپێیان دەکرد. پێشتریش پێڵاوی کالەی وەرزشی کوڕان و کچان کەوتبووە بازاڕەکانەوە.

## پێڵاوی چەکمەڕەق:

لە کۆیە ئەو کەسانەی دەچوونە چاڵەبەفران، بۆخۆیان لە چەرمی گا پێڵاوێکی تایبەتییان دروست دەکرد، کە بە قۆندەرەوە لە پێیان دەکرد، واتا دوو جووت پێڵاویان لەناو یەکتری لە پێدەکرد، چونکە کارەکەیان لە ناو بەفر و سەهۆڵ بوو. ئەوان جۆرە پێڵاوێکی دیکەشیان هەبوو پێیان دەگوت (فنیش) کە جزمەیەکی دەستکردبوو لە چەرمەگا تا چۆکان درێژ بوو، بنەکەی کە

لاستیکی سەیارە بوو، تا لەسەر بەفر نەخلیسکێ، ڕیز ڕیز بزماری ناڵبەندی پێدا کوترابوو، بزماری ناڵبندی سەرەکەی گەورە و خڕی گوشەدارە، باش زەوی دەگرێ.[١]

لادێیەکان و ڕاوکەرەکانیش، بۆ سەر بەفر پێڵاوێکی تایبەتییان دروست دەکرد، پێیان دەگوت (چەپەر) ئەویش بریتی بوو لە جووتێك تریانەی بچووك، کە لە شوول دروستکرابوون و بە ناوەندی هەر تاکێك، بە داوەبەن و سیرمە، تاکە پێڵاوێك یان جزمەیەك چەسپ دەکرا، ئەم تریانە بازنەییانە بۆ ئەوە بوون قاچەکانیان لە بەفر ڕوونەچێت نەبێت و بتوانن بە ئاسانی بەسەر بەفرەکەدا بڕۆن. واتا لە جیانی ئەو تەختە دارانەی ئیمڕۆ وەرزشوانەکانی سەر بەفر لە پێی دەکەن، کە پێیان دەڵێن(Skii).

## چەکمە پۆتین:

لە دوای پەنجایەکانی سەدەی ڕابردوو، لە ئێرانەوە هاوردە دەکرا، پتر سوارەکان لە پێیان دەکرد، ملی نەختێك بەرز بوو، شەرواڵی دەخرایە ناو، دواتر پێشمەرگەش لە پێی دەکرد.[٢]

لە ساڵە سەختەکانی گرانی و نەهاتیدا لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو، هەژارەکان لە شار و دێ، لە پارچە لباد پێڵاویان بۆخۆیان دروستکردوە.[٣]

دەتوانین بڵێین، لە دوای حەفتایەکانی سەدەی ڕابردوو، هیچ جۆرە پێڵاوێکی دەستکرد لە کۆیە نەماوە، شاڵاوی بەرهەمی تەکنەلۆژیایی سەردەم، بازاڕەکانی کوردستانی پڕ کرد بە جورەها مۆدێل و دیزاینی هەمە ڕەنگ کە خواستی هەموو کڕیارێکی تێدا بوو.

---

(١) مامۆستا زرار عەبدوڵلا، خانەنشین، کۆیە، چاوپێکەوتن ٢٠ / ٧ / ٢٠١٦، چونکە باوکی کرێکاری چاڵەبەفران بوو، تا ساڵی ١٩٨٠ جووتێك پێڵاوی (فنیش)یان هەر مابوو.

(٢) حەمید ڕەشاش، پێشمەرگەی ئەیلول، تەمەن (٨٥)ساڵ، هەولێر، ٢٠ / ٢٠١٦/٧، چاوپێکەوتن.

(٣) فەتاحی حەمەدەمینی مستەفا گۆدە، کاڵەکدروو، کۆیە، ١٨/ ٧ / ٢٠١٦، چاوپێکەوتن.

**پاشکۆی ئەم بڕگەیە:**

کە ئینگلیزەکان هاتنە کۆیە بە دەرزەن کاڵەك و سۆڵ و پەستەکی کۆیانیان بە دیاری دەبردەوە ئینگلتەرا. پایزانیش کاڵەکی کۆیەیان بە باران دەبرد خۆشناوەتی و هەولێرێ، تەنانەت لە دەشتی هەولێرێ مەرجی شوانکارەیی، جووتێك کاڵەکی کۆییانە بووە، لە خۆشناوەتیش مەرجی ڕەنجبەریی جووتێ کاڵەك و برێ پارە بووە.

**کاڵەکدرووە بە ناوبانگەکانی کۆیە:**

مام سدیقی مامە مینی کاڵەکدروو، حاجی محەمەدی مامە مینی کاڵەکدروو، باپیرە شەڵ، وەستا ساڵحی دەباغچی، وەستا عومەری دەباغچی، وەستا فەتاحی شوانی کاڵەکدروو، حاجی حەمەدەمینی سۆفی پاشا، حاجی عەوڵای سەعیدی گاڕفێنی. (باوکی عەزیز جانەوەری)، فەتاحی حەمەدەمینی مستەفا گۆدە.

ئاوریشمی عەسر. کە بۆ نەخشی کاڵەك بەکار دەهات ـ هەر لەلای جولەکەکان دەفرۆشرا، (حاجی فەتاحی حاجی کەریم حەسیری) تاکە ئاوریشم فرۆشی موسوڵمان بوو لە کۆیە.

**ئێمەنیدرووەکانی کۆیە:**

حەمەدەمینی ئێمەندروو، سەید عوسمان کەرکووکی ئێمەندروو، حاجی حەمەدی ئێمەندروو.

**سۆلدرووەکانی کۆیە:**

وەستا مەعروفی سۆلدروو، وەستا سدیقی سولدروو، وەستا مەجیدی سولدروو، وەستا قادری سولدروو. مام واحێدی موختار باوکی خالید دلێری شاعیر و نووسەر و هونەرمەند.

**وەستاکانی پێڵاوی لاستیك:**

ژمارەیان لە سەرووی (٢٠) وەستا بوون، ئەم ناوانەمان بە دەست کەوت:

وەستا ڕەشیدی عەبوولی، وەستا سابیری سەراج، وەستا حاجی حەمەدەمین، وەستا سەید حەوێزی پینەدۆز، وەستا ڕەشیدی گەرگەشی، وەستا ڕەشیدی پینەدۆز، فەتاحی حەمەدەمینی مستەفا گۆدە، وەستا تۆفیق، وەستا مەغدیدی بابۆڵی.

**پێڵاوفرۆشەكان لە كۆیە:**

حاجی تایەری برای حاجی رەفیقی خاوەن (هوتیلْ چنارۆك، حاجی حەمەدەمینی ئیمەندوورو، جەمالی وەهابەكەڕی، جەلال جوبار.( تا شەستەكانی سەدەی ڕابردوو).

**دەباغچییەكانی كۆیە:**

حاجی عەبدوڵڵای عەوڵا سووری دەباغچی، فەتحوڵڵای عەوڵاسووری دەباغچی، كەریم چاوسۆر، مستەفا و عەبدەی كوڕی كەریم چاوسۆڕی، وەستا مەحمودی سلێمانی، وەستا عومەری كاڵەكدروو (خاوەن كارگە بوو). حاجی سابیری مام خدری (خاوەن كارگە بوو).

لەكۆتایی سەدەی ڕابردوو(٥) پینەدۆز مەكینەی دورمانی پێڵاویان هەبوو:

یەكەمجار سابیر حەلوا و حەمەدەمینی عەوڵا پەستەكی مەكینەی دورمانی پێڵاویان هێنایە كۆیە. دواتر ئەو وەستایانەش مەكینەیان بەكار دەهێنا: وەستا عومەر مەنسوور، وەستا ئیسماعیل مەنسوور، وەستا زاهیری مام مەعروفی، وەستا كەمالی گورەقەشانێ، وەستا محەمەدی حەمەدەمینی مستەفا گۆدە.

**كەرەستەكانی پینەدۆزیی:**

دەزگای لە كۆلكگیراوی سەر عاردی، چەند درێشەیەك، قایشبڕ، مەقەست، چەكوشی پینەدۆزی، مشتە، دەمەچەقۆ، داس، چەند قالبێكی دار، كشتەك، بزمار، دەرزی، شەمێ، دەفری تەغاراو، پێستە بەروانەكەی بەرسینگ، چەرم و قایش و لاستیك و تایە. (جاران پینەدۆزكان لەسەر تەژگەبەڕێك لەسەر عاردی دادەنیشتن.)

بەشی شەشەم

# خشـــڵ

لەخۆ ئاخافتن و بایەخدان بە جوانیی ڕوخسار و پوشتەوپەرداغی لە پۆشاك و خۆڕازاندنەوەوە بە خشڵی زێڕ و زیو، ڕەنگ بێ یەکێك لە خەسڵەتە دیارەکانی ژنی کورد بێ، کە سەرنجی هەموو ئەو ڕۆژهەڵاتناس و گەریدانەیان ڕاکێشابێت کە بۆ یەکەم جار چاویان پێ کەوتوون و زۆربەشیان ئاماژەیان بە پۆشاك و خشڵی ژنانی کورد کردووە. د. ولید الجادر، لە کتێبی (الازیاء الشعبیة في العراق) دا، دەنووسێ: " ژنی کورد، بەتایبەتی دەوڵەمەند و خواپێداوەکان، بە پوول وپارەی کانز سەروکڵاو و پۆشاکەکانیان دەڕازێننەوە و ملوانکە و ملەگۆی زێڕ و گەردنلغی زێڕ و زیو لە سەری سینگی خۆیان نمایش دەکەن. هەشیانە هەموو سەروکڵاوەکەی زێڕ و زیوە. یەکێك لە تایبەتمەندەکانی ژنی کورد ئەوەیە کە حەز دەکا زۆرترین پارچە خشڵی زێڕ و زیوی گرانبەها بەخۆیەوە بکات."[(١)]

"لە مۆزەخانەی نیشتمانیی ئێراندا کونترین (٤٠) دانە لە خشڵە کوردییەکانی بەر لە ئیسلام دەپارێزراون. لە سەردەمی ساسانییەکان دروستکردنی خشڵ لە زێڕ برەوی هەبووە. لە کۆتایی سەدەی سێزدە و سەرەتای سەدەی چواردەم شێوازێکی خشڵ دروستکردن لە کوردستان سەری هەڵدەدا کە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی مەلیلەکاری بوو بە شێوەیەکی شاز و دەگمەن، بەردی فەیرۆزە لەم شێوەیەدا

---

(١) د. ولید الجادر، (الازیاء الشعبیة في العراق)، دار الشوون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٩، ص. ١٥٧

بەرچاوە، چونکە باوەڕیان بە سیحراوی بوونی ئەم بەردە بووە. لەسەر ئەو خشڵانەی دروستدەکران نەخشی گوڵ و گەڵا و باڵندە و ماسی و نەخشی هەندەسی زیاتر دەبینران."[١]

**کە باس دێتە سەر خشڵ و زێڕ و زیوی ژنانی کۆیی، دەبێ ئەم چوار خاڵەی خوارەوە، کە ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە جۆر و دیزاینی خشڵەکانیان، لەبەرچاو بگیرێن:**

**یــەك:** هەر لە دێرزەمانەوە، جوولەکە، شان بە شانی موسوڵمان و دیانەکان، لەم شارەدا ژیاون، نەك هەر گەڕەك و گۆڕستانی تایبەت بەخۆیان هەبووە، بەڵکو زۆر لە گوندەکانی دەشتی کۆیە جوولەکە بوون.[٢] لە کۆنەوە جوولەکە بە دەوڵەمەندیی و خاوەن سەرمایە ناسراون، زێڕنگەریش پیشەیەکی سەرەکی ئەوان بووە، تا ساڵی (١٩٥٠) هەموو زێڕنگرەکانی کۆیە جوولەکە بوون، ئەمەیش وای کردووە کە ژنانی کۆیە پتر بە جیهانی خشڵ و زێڕ و زیو ئاشنابن و ئاسانتر دەستیان بکەوێت و بتوانن ڕادایش، بە ئارەزووی دڵی خۆیان، پارچە زێڕ و خشڵی خۆیان بکرن. ڕەنگ بێ لە کوردستانی باشووردا، کۆیە، تاکە شارە بێ کە زێڕنگەری ژنی هەبێ و بە هەمان لیهاتووی و دەستڕەنگینی هاوپیشەوەرە پیاوەکان، بەدەستی خۆی خشڵی بۆ فرۆشتن دروست کردبێ. خاتوو (نەسرینی کچی مەغدیدی زێڕنگەر) هەم خشڵی دروست دەکرد و هەم زێڕی شکاوی لەماڵەوە چاکدەکردەوە.

**دوو:** زێڕ و زیو لە کانزا گرانبەهایەکانن، هەمیشە زێڕ یانی پارە، لەبەر ئەوەی دوو بنەماڵەی گەورەی کۆیە (حەوێزی و غەفووری) بە سەرمایەدار و هەبوو ناوبانگیان دەرکردبوو، ئەوا بازاڕی خشڵ و زێڕ و زیو هەمیشە بای خۆی گەرم و گوڕی بەخۆیەوە بینیوە.[٣]

---

(١) هەفتەنامەی باس، ژمارە ٢٥٤ لە ١٥/ ٩/ ٢٠١٥ ع. باوەجانی، مێژوویەك بۆ خشڵی کوردی.

(٢) لە سەدەی ڕابردوو، لەسەردەمی گرانی و قاتوقڕیدا، خەڵکی کۆیە دەچوون بە قازمە و پێمەران، زەوییەکانی لای گوندی شیواشۆك و ئیلنجاغ و گۆپتەپەیان هەڵدەدایەوە، بەدوای پارچووکە زێڕ و زیو و پول و لیرەدا دەگەڕاون، چونکە دانیشتوانی کۆنی ئەم گوندانە جوولەکە بوون.( زبیدەی حاجی عەبدوڵڵای کەبابچی، تەمەن (٨٦) ساڵ، کۆیە، ٢ / ٦/ ٢٠١٦.

(٣) بڕوانە کتێبی ژنە پیشەوەرەکانی کۆیە، فازیل شەورۆ ل. ٢٠

**سـێ:** جگە لەوەی لەم شارەدا بازرگان و پیاو و ژنی دەوڵەمەند هەبووە، ژمارەیەکی باش لە پیشەوەرە دەستییەکان بەهەموو جۆرەکانیانەوە ڕۆژانە لە کاروکاسبیدا بوون، واتا باری بژێوی و گوزەرانیان باش بووە، ئەمەیش سەرمایەی پێویستی بۆ بازاری زێڕنگرەکان دەستەبەرکردووە. جاران تەنیا دەوڵەمەند و پیشەوەرەکان خاوەن خانووی خۆیان بوون.[(١)] ئەمە جگە لە ڕەزەوان و باغچەوان و لادێییەکان کە خاوەن ئاژەڵ و بەرهەمی کشتوکاڵی باش بوون.[(٢)]

**چـوار:** پێگەی جوگرافای شارەکە، هەم کە لە ناوەندی باشووری کورستان و هەم سەر ڕێی کاروان و کاروانچییەکانی شارەکانی کوردستان و دەرەوی کورستان بووە، ئاڵوگۆڕی و بازرگانی وایکردووە، هەموو جۆرە کەرەستەیەکی لێ دەستکەوێت، یان هەرنەبێ چاویان بە خەڵکی غەیرە بکەوێ و لە کلتوور و دەستووریان هێندێك شت بخوازنەوە. کەواتە ئاساییە ئەم خواستنەوە و لاساییکردنەوە پارچەکانی خشڵ و زێڕو زیویش بگرێتەوە.

نابێ ئەوەش فەرامۆشکەین، کە زۆربەی ئەو پارچە خشڵانە لە زۆر ناوچەی تری کوردستان، بەکاردێن. ڕەنگ بێ جیاوازی لە هێندێك ناو و زاراوەکانیاندا هەبێ.

بۆ ئاسانکاری، ئەم بڕگەیە دابەش دەکەین بۆ: خشڵی ژنانە و خشڵی پیاوانە.

---

(١) حاجی عەوڵڵای کاڵەکدروو، لە چلەکانی سەدەی ڕابردوو، تەنیا بە پیشەی کاڵەکدروویەتی خاوەنی سێ خانوو بوو .

(٢) بڕوانە کتێبی ژنە پیشەوەرەکانی کۆیە، فازیل شەورۆ ل. ٢١

## خشڵی ژنانە :

مەبەستمان لەو خشڵانەیە کە منداڵ و کچۆڵە و ژن و پیرێژنی کۆیی بەکاریان هێناوە، پێمان باشە پارچەکانی ئەم خشڵ و زێڕ وزیو، بە شێوەیەك بخەینەڕوو، کە خوێنەر بتوانی لە مێشکی خۆیدا وێنایان بکات، بۆیە بە گوێرەی پێکهاتە و ئەندامەکانی لەش ( لە سەر تا پێ ) تۆماریان دەکەین.

**خشڵی سەر سەر و دەم و چاو و قژ و کەزی:**

### بۆ منداڵان:

جیناح **٣** پلپلە/ نیو مسقالە بە نەقشە/ ماشاللە نێوەی مانگ یەك مسقاڵ هیچی پیوە نەبوو وشەی (ماشاللە)ی لێ هەڵکەندرابوو/ لەپکە، لەپکەی شین وەکو قۆپچە زێڕی تێ دەگیرێ ٢ پلپلەی هەیە بۆ چاوەزار بوو/ چاچپاغ (ساچیاغ) ـ کە وشەیەکی تورکییە ـ یەك دەنگ بۆ هەر بەرکەزیەك تەنیا بۆ کچان زێڕ و زیوە/ چاچپاغی زێڕ: ٥ دنك بوو لە کەزی دەبەسترا هەر سەرە کەزییەی یەك دەنکی پێوە دەکرا، داوەکەی ئاوریشم و دەزوو بوو، تەنیا بۆ منداڵ و کچان بوو/ مازیلەچاوەزار/ گوارەی منداڵان جۆری پەسیرە و بورغی/ ددانە ریوی، بە کوچکی منداڵانەوە دەکرا.

### بۆ کچی عازەب و ژن و پیرێژن:

- **گێلگێلە:** لەسەری کڵاو دەبەسترێ زێڕی ورد وردە، قاشی کەسکی هەیە بە ئەلقەی مورووی شەوە و مورووی و عەسر و مورووی میجانەی ڕەش و مەرجانی تێ هەڵ دەکێشرێت، لە نێوان موروووکان پلپلەی زێڕ هەبوو.

- **چۆچە:** جووتە، لە کڵاو یان لەسەر بسکی لای چەپ و راست دەبەستریێت، (٤ تا ٧) مسقاڵە. چۆچەی کۆیییانە، سێ پێچکە و چوار پێچکە هەبووە بەسەر کڵاوەوە دەکرا وسەر بسکدا دەهاتە خوارەوە. چۆچەی تەورزین هی پیران بوو. چۆچەی پلپلەدار هی کچی عازەب بوو.

- **زێڕی شەشگور (شەشگۆڵ):** وەکو پوول کونکون دەکرێت و لە گێلگێلە دەبەسترێت.

- **تاس:** (٢٥ تا ٥٠) مسقاڵ زێڕە، ناوەندی قوپکەی زێڕی هەیە، هەر چواردەوری لیرەیە[١]. تاسی زیویش هەیە. تاسی مەعدەنیش هەیە و تاسی بووکۆکەی منداڵانیش هەیە. تاس لە دەسماڵێکی ئاوریشمین هەڵدەگیرێت پێی دەڵێن: تاس دەسماڵ (بڕوانە وێنەی تاس دەسماڵ).

- **ڕیشووەی تاس:** (٢) قۆپەن و (٣) قۆپەن زێڕ بوو بە چواردەوری تاس لە لیفکەکە دەبەستراو دەهاتە خوارەوە.

- **پلپلە پێنج قولاب:** (١٥) مسقاڵە لە سەر کڵاو و سەر شان دەبەستدرێت.

- **قۆتاسە:** لە پشتەوەی سەروکڵاو دەبەسترا، پلپڵەدارە.

- **سەربسکەی زێڕ:** وەکو قوتاسەیە بە قەد لولە جگەرەیەك دەبێ.

- **تۆقەی سەر:** وەکو نیوە بازنە بۆ پێشەوەی سەر بۆ ڕاگرتنی پرچ، کچۆڵەی خوێندکار دەیبەستن.

- **قەتارە زێڕ و زیو:** لە نێو چەوانی دەبەسترێت وەك پوول وایە.

- **کڵاوی تارانی:** پێنج ڕێز فلسی زیوی کونکونکراو بوو لە کڵاو دەبەسترا.

- **گوارە:** جۆرەکەی بە گوێرەی تەمەنە، وەك: گوارەی صباحولخەیر، گوارەی سێ قووپە، گوارەی مۆسیقا کە وەکو مانگ بوو (٢ - ٣) مسقاڵ بوو، گوارەی سێگۆشە: (٣ - ٤)مسقاڵ بوو، گوارەی گژنیژ، گوارەی سێ گۆ، گوارەی شۆڕابە.

- **خەزێمە:** ئەلقەیەکی زێڕە دەکرێتە لای ڕاستی لووت، جاران سەرێکی مرواری یان پیرۆزەی تێدابوو بە قەد دەنکە نیسکێك. زۆر جۆری هەبوو بە گوێرەی دەنکەکە، وەك (٢ مرواری عەسر، ١ پیرۆزە، ٣ دەنکە) . ژنانی لێزان بە خۆڕا گوێ و لوتیان دەسمی، لە لای خمچی داوە دەزوویان ڕەنگ دەکرد. لە پێش

---

(١) لە کۆیە تاسی زێڕ هەبووە کێشەکەی (١٠٠) مسقاڵ بووە. (چاوپێکەوتن، گولیزاری شەفیقاعای حەوێزی، کۆیە، ٢٠١٦/٦/٢٥).

سمینەکە، شوێنەکە دەسوونەوە، ئەوجا بە دەرزییەکی نووك تیژ دەیسمن و داوە دەزووەکەی تێهەڵدەکێشن و گرێیەکی لێدەدەن و داوە زیادەکە بە مەقەست دەبڕن. دواتر بە کەفی گۆشتی کوڵاو شوێنەکە چەور دەکەن، دوای چەند ڕۆژێك خەزێمەکە لە لووت دەکەن، هەردوو سەری ئەلقەی خەزێمەکە بە داو لێکدەبەستن تا نەکەوێت. خەزێمەی قەنەفر هی پیرێژنان بوو. ئیمڕۆ بە ئامێری تایبەتی گوێ و لووت دەسمرێت.

## خشـڵی مل و گەردن:

- **ملەگـۆ:** (٢٤) دەنکە زێڕە، سێ دەنك نیو مسقاڵ بوو، ناوەڕاستەکەی زێڕی وەك دەرهەمی پێدا شۆڕ بۆتەوە زێڕەکەی شەشگوڵە یان زێڕی غازی. ملەگۆی زێڕی کۆییانە، دەنکەکانی کژنیژی و نەخشدار بوون.

- **کرمـۆکە:** (٧ - ١١) مسقاڵ زێڕە، لە ژێر گەردەن دەبەسترێت، زێڕ و زیو و بە زەنگیانان هەیە.

- **گەردەنگـۆ:** لە ملدەکرا ناسەر ناوك شۆڕدەبێتەوە، (١٠ تا ١٢) دەنکەگۆی تێدایە و موروو و قاشی گەورەی هەیە و کێشی دەگاتە (٥٠)ە مسقاڵ.

- **گەردنلـغ:** (٢٠ - ٢٥) مسقاڵ بوو ئێستا باوی نەماوە.

- **قەنەفربـەند:** لە ملدەکرێت، (٢٠ -٣٠) مسقاڵ زێڕە.

- **قاف قورئان:** یەك لوولەیە لە مل دەکرێت، (٢٠ - ٣٠) مسقاڵ زێڕی زنجیر ئەستورە. وەك لە ناوەکەی دیارە قورئانێکی بچووکی تێدا بوو.

- **میجـانە:** (٣) دەنکی خڕ و (٤) شووشەی سەر باریك وبن ئەستور، (٧) دەنکە زەنگیانە بوو، لە جیاتی موروو و مەعدەن زێڕیان تێدەخست وەکو تەسبیح تا سەر ناوەك شۆڕ دەبۆوە.

### خشڵی سینگ و بەرۆك:

- **سێلووله:** زێڕ و زیوی هەیە، (٢٠ - ٣٠ ) مسقاڵە، لوولەکانی پلپله و قاشی کەسك و مەسینۆکەی زێڕ و دەنکەباوی زێڕی پێوه دەکرێت و بە لایەکی سەر سینگ دا دەکرێت.

- **زیی:** زێڕ و زیوە، قاشی له قاشی گەردنلغ گەورەترە، له شێوەی باڵندەی وەك پەرەسێلکه و چۆلەکه و بولبول یان پەپووله و ماسی و گوڵ دروست دەکرێت.

- **عاشقبەند:** زێڕە، سێ گوڵی گەورەیه بەسەر شانەکان و سەرسینگەوە دەکرێت و کێشەکەی دەگاته (٥٠) مسقاڵ.

- **قایشی زێڕی سوخمه:** جاران (٣) لیرەی ڕەشادی بوو.

- **گۆبەره:** دوو ڕیزە دەنکه باوی بچوکه له هەردوو ڕۆخی سووخمه به دەرزی و داو دەدووروێت، (٢٠ - ٤٠) مسقاڵە. زێر و زیوی هەیە. هێندێك ژنه دەوڵەمەند، گۆبەرەیان له ڕۆخی سەڵتەش دەدەووری.

- **دوگمەودۆلاب:** (٣ - ٤) مسقاڵ بوو به دوو لای سوخمەدا شۆڕدەکراوە (٣) قاش بوو (٢)ی سوور و یەك شین. دواتر بوو به مۆدێل له سێلووله دەخرا.

- **سنجاقی زێڕ:** (٦) مسقاڵ بوو پلپله و ڕیشووی پێدا هاتبووه خوار، جوولەکەکان دروستیان دەکرد، ئەم خشڵە مۆری زێڕنگەرەکانی کۆیەی پێوەیه و دواتر له شارەکانی دیکه بڵاو بۆوە. بۆیه به زێڕی کۆییان دادەندرێ. له دەرەوەی کۆیەش هەر به سنجاقی کۆییانه ناوی دەرکردووە.

- **زنجیری سەعات:** زێر و مەعدەنی هەبوو، سەرێکی له سوخمه و سەرەکەی دیکەی له سەعاتەکه دەخرا که باخەڵۆکەکی له دیوی ناوەوەی سوخمەکه بۆ کرا بوو.

## خشڵی کەمەر:

- **پشتێن:** تاکە خشڵە کە لە کەمەر دەبەسترێت، زێڕ و زیو و مەعدەنی هەیە، کێشەکەی بە گوێرەی خواستی کڕیارە، زۆر جۆری هەیە، لەهەموویان بەناو بانگتر، پشتێنی بە لیرانە.[١].

- **پشتێنی قولاب:** (٤٠ - ٥٠) مسقاڵ زێڕە و نیو لیرە و چارێگە لێرەی پێدا شۆڕدەبێتەوە، پشتێنی زێڕی کۆییانە، نەخشێکی تایبەتی خۆی هەبوو.

- **هەیاسە:** زێڕ و زیوی هەبوو. لە قایش چەسپدەکرا کە زیندوروو وەکو پشتێنی حاجییان دروستیان دەکرد. نەخش و نیگاریشی لەسەر بوو، بە قولابە لێك دەبەسترا، عەتارەکان قایشەکەیان دەفرۆشت. چەند جۆرێکی هەبوو.[٢]

## خشڵی دەست و مەچەك:

- **ڕستە زەنگیانە:** لە زەنگیانەی ڕەش و سپی دەهۆنرێتەوە، لە دەست و مەچەك و قاچی منداڵ دەکرێت، جاران پتر هی هەژارەکان بوو.

- **چەپکە (چەپەوانە):** بازن و ئەنگوستیلەی زێڕە بە زنجیر، کە دەکەوێتە سەر پشتەدەست، بەستراونەتەوە، لە یەك دەست دەکرێت، بۆ دەستی منداڵ و کچی عازەب و ژنە.

- **بازن:** زێڕ و زیو و مەعدەن و باغە و پلاستیك و شووشە هەیە. هەر مێینە لە دەست و مەچەك و بازووی دەکات، منداڵ و کچ و ژن و پیرێژن لە دەستی دەکەن. زۆر جۆری هەیە وەك: بازنۆکەی ئینگلیزیی: جووتە بازنێکی باریك بوو لە شووشەی ناسك/ بازنی باغە، ئەویش دوو لینگ بوو/ بازنی شووشە/ بازنی

---

(١) لە ساڵی (١٩٣٢) ژنی مودیر مالی فەرمانبەری کۆیە، بۆ یەکەم جار پشتێنی زێڕی هێنا ئەم شارە و دواتر ئاغاژن و دەوڵەمەندەکان کردیانە خشڵی خۆیان. (زبیدەی حاجی عەبدوڵڵای کەبابچی، کۆیە، ٢ / ١/ ٢٠١٦.

(٢) تا چلەکانی سەدەی ڕابردوو، ئەوەی پشتینی زێڕ و هەیاسە زێڕی هەبوایا، لە کۆیە، بە دەوڵەمەند دادەنرا.

بە لوول،/ بازنی مار/ بازنی کرمانجی تا سەر بازوو دەهات/ بازنی بە لیران/ بازنی کوردی یەك تاك بوو، پان و پتەو بوو/ ئێمڕۆ بە دەیان جۆرە بازن هەیە.

- **زنجیر سـەعات:** زێڕ و زیوی هەیە، هی جاران بە لیرە بوو، لە جیاتی قایشە سەعاتی دەستی بوو.

- **ئەلقـەی پەنجە:** زێڕ و زیو و ئەڵماسی هەیە بە شێواز و کێشی جیاواز.

- **ئەنگوسـتیلە:** زێڕ و زیو و مەعدەن و شووشە و باغە و پلاستیکی هەیە، جاران هەر دەستەی (٣) ئەنگوستیلەی تێدەکرا. قاشەکانیان لە عەقیق و زمرووت و مرواری و مەرجان و بەردی بەنرخ دروستدەکرێت. ئێستا مۆدێلەکە گۆڕاوە پەنجەی گەورەش ئەنگوستیلەی خۆی هەیە.

## خشـڵی قاچ و قوول:

- **پاوانـە:** زێڕ و زیوی هەیە، جوتێکە، هەر تاکەی جووتێك پلپلەی پێوەیە، دەکرێتە پێی منداڵی تازە پێگرتوو.

- **خڵخـاڵ:** زێڕ و زیوی هەیە، کچ و ژن لە قاچی دەکەن، هەمیشە دوو لینگە و هەر تاکێکی یەك پارچەیە وەکو ماری پێچ خواردوو بەڵام جەمسەرەکانی کراوەنە. خڵخاڵی زێڕی کۆییانە، هەر دوو جەمسەرەکەی لە شکڵی سەرە شێر بووە.

- **حجیـل:** وەك خڵخاڵە بەڵام وەکو قایشە سەعات دەکرێتەوەو بە دەرزیلە و قولاب قایم دەکرێت، ژنە کۆییەکان زۆر حەزی لێناکەن.

- **خاشـخاش:** لولەی زێڕ یان زیوە بوو زیخی تێدەکرا، لەگەڵ ڕۆیشتن خشەخشی لێوەدەهات. وەکو حجیل دوو پارچە بوو دەکرایەوە و بە دەرزی یا بورغی قوفل دادەخرا. لە سییەکان و چلەکانی سەدەی ڕابردوو زۆر باو بوو .

- **زنجیری پێ:** ئەویش زێڕ و زیو و مەعدەنی هەیە، پتر لە یەك قاچ دەکرێت، باریك و ئەستوری هەیە و پتر کچانە و نەوبووکانەیە.

**خشڵی دیکە:**

- **قەف قورئانی مەعدەن:** کە قۆرئانێکی بچووکی تێدا بوو، بەسەر سەری منداڵ بە دارسەرلانك شۆڕدەکرایەوە.

- **ملوانکەی لانك:** ڕستێك مت و موور و چاوەزار و شەیتانۆکە و گوێچکە ماسی گەورە و بچووك بوو بە دارسەرلانکدا، لەسەر سەری منداڵەکە شۆڕدەکرایەوە، جار هەبوو نووشتەشی لەگەڵدا بوو، لە گەڵ ڕاژاندن، دەلەرییەوە و مۆسیقایەکی خۆشی ساز دەکرد.

- **لیرەی چارشێوکەمبەری:** لیرەیەکی زێڕ بوو، وەکو دوگمە بەکار دەهات، لەسەر سینگ چارشێوەکەی پێڕادەگیرا.

- **تاك لیرە و جووت لیرە:** لیرەش وەك خشڵ بە زۆر شێوەی دیکە بەکار هاتووە، وەك بەستنی لە زنجیری دەست و پشتێن و سوخمە و سەرکڵاو...تاد.

ئێمڕۆ ژنان ئازادانە، سەردانی ئەو زێڕنگەرانە دەکەن، کە مەبەستیانە لە کۆیە و شارەکانی دیکە. لێ جاران زۆربەی جار باوك و هاوسەرەکان خشڵەکانیان بۆ دەکڕین، دەستگێری جوولەکە و ژنیش هەبوو لە کۆڵانەکاندا دەگەڕان زێڕ و زیویان دەفرۆشت و دەگۆڕییەوە، یان لەگەڵ خەسوو و داکیاندا دەچوونە لای زێڕنگەرەکان. چەند ژنێکی پیشەوەریش لە ماڵەوە مامەڵەی زێڕ و زیوی دەکرد.[1] چونکە خشڵی کۆییانە بە تایبەتی زنجیر و پشتێن و ملەگۆ و خڵخاڵ تایبەتمەندی خۆی هەبوو، جیاواز لە هی شارەکانی دیکە، کە ژنە جوولەکە کوردەکانی ئیسرائیل سەردانی کوردستان دەکەن، بەدوای خشڵی زێڕی کۆییانەدا دەگەڕێن ودەیانکڕن.[2]

---

(١) ژنە ژنە پیشەوەرەکانی کۆیە، فازیل شەوڕۆ، چاپخانەی شەهاب، ٢٠١٥، ل. ٥٦ ل. ٤٢

(٢) لە ساڵی ٢٠١٣ چەند ژنە جوولەکەیەك بۆ ئەم مەبەستە گەڕابوونەوە کۆیە. (گولیزاری شەفیقاغای حەوێزی، /٢٥/ ٦/ ٢٠١٦)

## خشڵی پیاوان :

بە گشتی بەکارهێنانی خشڵی زێڕ و زیو لەلای پیاوی کورد پەسند نەبووە، بەڵام لە هێندێك کەرەستە و ئامراز، بە شێوەیەك لە شێوەکان بوونی هەر هەبووە، وەك:

- **ئەنگوستیلە:** زێڕ و زیوی لە پەنجەکراوە، ئەویش یەك یان دوو دانە. قاش رەش بۆ. ئەنگوستیلەی قاش ڕەش تایبەت بووە بە پیاوان، ئەویش سووك و قورسی هەیە.

- **زنجیر سەعات:** پتر ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (٣٠ - ٤٥) ساڵان بوو، سەعاتی زنجیری زێڕیان لە دەست دەکرد، ئەویش دوو جۆری هەبوو، ئەلقەڕێز و دەنك ورد.

- **قۆپکەی خەنجەر:** یەك یان دوو قوپکەی زێری گەورە لە مشتووی خەنجەر چەسپدەکرا، زۆربەیان گژنیژەیی بوون.

- **گوارە یان ئەلقەی زێڕ:** وەك هێمایەك بۆ خۆشەویستی، یەك تاکە ئەلقەی زێڕیان دەکردە گوێ، پتر بۆ ئەو کوڕانە بوو کە تاقانە بوون.

- **تەزبیح:** مێژووی تەزبیح بۆ نزیکەی شەش هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، بۆ تەزبیحات و کات بەسەر بردن و دەست و دیاریش بەکار هاتووە. کورد لە دار و بەردو و شووشە و قەزووان دروستی کردووە. زۆرترین تەزبیحی کوردی لە قەزوانە چونکە دارەبەن لە کوردستان زۆرە، ئەویش جۆری هەیە وەك: لاسوورە، لاڕەشە، ئەبلەق، چامە، بەرزنجە، سەعدە، قەلەخۆرە، بنەوشە، بۆیاغ. لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)، بازاڕی تەزبیح پتر گەشەی کرد، تەنانەت ئەویشیان کردە سونبول و ڕەمزی حیزبایەتی، تەزبیحی قەزوانی لاسوورە، جۆرە باشەکەی، ئێمرۆ نرخی دەکاتە (٨٠٠) دولار.[١] لە کۆنەوەش تەزبیحی سۆفی

-----------------------------

(١) ڕۆژنامەی هەولێر، محەمەد سەعید کوردە، تەزبیحی قەزوان، ژمارە ١٩٦٥، ٢٤ / ٨ / ٢٠١٤

و درویشان هەبووە كە دەنك گەورە و درێژ بوو لە ملیان دەكرد. دیانەكانیش جۆرە تەزبیحێكی دەنك سپی وردیان هەیە كە تەنیا لە ناو كڵێسەدا بەكاری دەهێنن.

- **گورڵینگەی ئاوریشم لە رۆخی باوەشێن:** جاران دوكاندارەكان لە سەردوكانەكانیان، هاوێنان بە باوەشێن خۆیان فێنك دەكردەوە، جا هەبوو بە گوڵینگە و نەخش و نیگار بە داوی ئاوریشم ڕۆخ و ڕووی باوەشێنەكەی دەڕازاندەوە. دوو یان سێ گوڵینگەی ئاوریشم لە دۆخینیش دەبەستراو گەنجەكان بە بەرخۆیاندا شۆڕیان دەكردەوە، دوای سییەكانی سەدەی ڕابردوو ئەم جۆرە دۆخینە نەما.

- **قوتووی جگەرە و چەخماخ و سبیلە و دارجگەرە:** بە چەندین شێوە هەبووە وبەكار هاتووە. قووتووی جگەری زیو باو بووە، كە نەقش و نیگاری لەسەر هەڵكەندرابوو.

- **ملەوكانە:** كەم هەبووە زێڕ بێ، لە هێندێك حاڵەتی تایبەتی نوشتەی پێوەكراوە و بۆ جوانكاریی نەبوو.

- **گۆچان:** زۆربەی لە كوردستان دروست دەكران، بەڵام هەبوو هێ ڕۆژئاوایشی بەكاردەهێنا، كە نەخش و نیگاری لەسەر بوو. ئێمڕۆ جۆری كانزا و پلاستیكیش هەیە.

- **بازیبەند:** كوڕانی گەنج لە قوماش وەكو پشتێنۆكەی بە ئاغزوونە، بازنۆكەیەكیان دروستدەكرد، كە پەڕۆی كەسكی پیاوچاك و نووشتە و ئەو شتانەی لێ بەسترابوو، لە باسكی دەستە ڕاستیان دەكرد و كراس و چاكەتیان لەسەر لەبەر دەكرد، دەیانگوت بۆ چاوەزار باشە[(١)].

- لە دوای ڕاپەڕینەوە، هێندێك هەرزەكار و لاوی كۆیی بازن و ملوانكە و زنجیری زێڕ و زیو، وەكو ڕۆژئاواییەكان، بەكار دەهێنن. بازنی قایش و نایلۆنیش لە دەست دەكەن.

---

(١) حەمید ڕەشاش، پێشمەرگەی ئەیلول، تەمەن (٨٥) ساڵ،، هەولێر، ٢٠ / ٧ / ٢٠١٦، چاوپێكەوتن.

**پاشکۆی ئەم بڕگەیە:**

**زێڕنگەرە کۆچکردووەکانی کۆیە:**

حاجی مەغدید مەولود زێڕنگەر، عبدولڕەزاق زێڕنگەر، کەمال مەلا حەبیب زێڕنگەر، جلال زێڕنگەر، شوان زێڕنگەر.

**زێڕنگەرەکانی کۆیە لە (٢٠١٦):**

ئازاد حاجی عومەر، ئاسۆ بەکر بەننا، ئامانج شەفیق، بەکر حاجی عەبدوڵڵا، دەرسیم دلاوەر، ڕێبین ئیبراهیم، سابیر ساڵح، سالار پیرۆت، سامان جەلال، سەید فاخر، شاکێو شەفیق، شەفیق قادر، شکور ساڵح، چاوان ئیبراهیم، عەلی ئازاد حاجی عومەر، قادر حاجی کاکل، نەوزاد ڕەشید.

**زیوفرۆشەکانی کۆیە (٢٠١٦):**

سەرکۆ عەزیز مەغدید قەساب، سەنگەر عومەر، شوان؟

لەحیمچییە زێڕنگەرەکانی کۆیە (٢٠١٦):

سروود عەزیز مەغدید قەساب، پشتوان ئەحمەد عەبدوڵڵا، ڕامیار دلاوەر، ئەحەد ؟.

تا نیوەی سەدەی ڕابردوو، هەر جوولەکە لە کۆیە زێڕینگەر بوون، ژن نەدەهاتنە بازاڕ، زێڕنگەرەکان نموونەیان پێ بوو دەچوونە ماڵەکان و نیشانی ئەوانیان دەدا. یەکەم زێڕنگەری مووسڵمان لە کۆیە، مەغدید کوڕی مەولودی سبیلچی

بەدەستمان کەوتووە: وەستا (وێنە)ی زێڕنگەر و وەستا (شەلکە) کە تاسی زێڕی دروستدەکرد.

تا شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دۆم ددانی زێڕیان دروست دەکرد. جاران باو بوو کچی عازەب ددانێکی پێشەوەی خۆی دەکردە زێڕ.

**ئەم ژنانە کۆییانە لە سەدەی ڕابردوو تاسی زێڕیان هەبوو:**

ئافتاوی عومەر جەلالی/ ئامینە خانی هاوسەری سۆفی بەکری/ ئامینەخانی هاوسەری ئیسماعیلی مەلایان/ ئامینەخانی هاوسەری سەعدیاغای غەفووری/ ئامینەی حاجییە گەورەی/ بەدیعەخانی حاجی کاکەمینی/ بەدیعەی هاوسەری نەجیبی تایەر چەلەبی/ بەهیە خانی هاوسەری سۆفی بەکری/ پیرۆزخانی مەلا ئەحەمداغای / جەمیلە خانی هاوسەری میرزا حەمەدەمینی / جەمیلەی جەلالاغای حەوێزی / حاجی عەیشێی میرزا حەمەدەمینی / حەبیبەخانی خوشکی میرزاحەمەدەمینی/ حەبیبەی میرزا حەمەدەمینی/ حەبیبەی هاوسەری حاجی بایزاغای غەفووری/ حەبیبەخانی سندولانی، هاوسەری مەلای گەورە/ حوسنی خانی کچی حاجی مەحموودی/ خانە گوڵێی مەلازاهیری مەلاوڕەحمانی/ خانەی هاوسەری حاجی کاکە مینی/ خەجاوی شێخ کەریمی شێخ ڕەسووڵی/ خەجیی مام ئەسعەدی حاجی محێدینی / خەدیجەی حاجی میرزا قادری/ خێریەخانی کەریماغای، هاوسەری کاکە زیادی حەماغای کۆیە/ خێریەی کاکاغای هاوسەری حەمە عەلی شێخ نووری/ دلارامی بابە عەلی، هاوسەری کاکە زیادی حەماغای کۆیە/ ڕەحمەخانی کاکاغەی غەفووری/ ڕەحمەخانی هاوسەری حاجی تاهیری مام خدری/ ڕەعبەی جەباراغای حەوێزی/ ڕەعبەی ئەحمەداغای حەوێزی / ڕەعناخانی هاوسەری حاجی سابیری/ ڕوخسار و زەکیەی جەمیلاغای حەوێزی/ زبێدەخانی هاوسەری جمیلاغای حەوێزی[1] / زەکیە خانی برازای تایەر چەلەبی/ زەکیەخانی حاجی ئەسعەدی/ زەهوەخانی هاوسەری حاجی ئەسعەدی/ زێبا خانی کچی حاجی کەریمە ڕەشی / سەعدیەی عەبدولحەمیدی چەکمەڕەقی / سەفییە و خەجاوی جەلالاغای حاجی ئەسعەداغای حەوێزی/ سەعادەتی هاوسەری مەلاحەوێزاغای غەفووری/ گوڵخاتری کچی حاجی واحێد/ گولیزاری مەحموداغای کاکە

---

(١) چاوپێکەوتن د. عەتییە حەمە سەعید / گولیزاری شەفیقاغای / حاجی ئەکرەمی ئەحمەد بەگی / مامۆستا عبدولڕەزاق بیمار . کۆیە . تەمووزی ٢٠١٦ )

زیادی/ فاتمەخانی کچی تایەر چەلەبی/ فاتمەخانی شێخ فەتحوڵڵای/ فەتحییە خانی هاوسەری جەلال حەوێزی/ فەخرییەخانی حاجی تاهیری مام خدری/ فەزیلەخانی حەسەناغا/ فەزیلەی هاوسەری ڕەفعەت چەلەبی/ قەدریە خانی هاوسەری حەمیدی تایەر چەلەبی/ قەدرییەخانی شێخ مەلا عەلی/ کافیەخانی عەبولحەمیدی چەلەبی/کوڵخاتری عەزیز چەلەبی/ لەعلی سەلیم اغای/ لوتفییەی شەفیقاغای حەوێزی/ ناجیەی هاوسەری عەبدولخالقی حاجی ئەسعەدی/ نایلەخانی مەمەنداغای/ نایلەخانی هاوسەری عومەری دەباغچی/ نەرمینی ئاسەفی/ کافیەخانی هاوسەری عەوبدولڕەحمانی حاجی ئەسعەدی/ نەزیفە خانی برازای تایەر چەلەبی/ نیعمەخانی هاوسەری ئەحمەد بەگی میرزا حەمەدەمینی/ هەمینەخانی حاجی تۆفیقی/ یاخانە، هاوسەری حاجی کاکەمینی.

بەشی حەوتەم

# پۆشاکی لادێییەکانی دەڤەری کۆیە

ژمارە گوندەکان و شارەدێیەکانی سەر بە شاری کۆیە، بە گوێرەی ڕۆژگار و سەردەم لە زیاد بوون و لە کەم بوونەوە دا بوون، گوندی ئەوتۆمان هەیە کە لەسەردەمی شۆڕش حەوت جار سوتێندراوە، جگە لە چەندین جار تۆپباران کردن و بۆمباران کردنیان. لە شاڵاوی ئەنفاڵی ڕەشدا، قوناغی چوارەمی ئەم هێرشە، تایبەت بوو بە دەشتی کۆیە و گوندەکانی ناوچەکە. خۆشبەختانە دوای ڕاپەڕین هەموو گوندەکان ئاوەدانکرانەوە ـ ئەگەر بە شێوەیەکی دەستەجەمعیش نەبووبێت .. کۆ ژمارەی گوندەکانی سەر بە کۆیە لە ساڵی(٢٠١٦)، (١٥٩) گوندن بەسەر ئەم ناحیانە دابەش بوون: (تەقتەق، شۆڕش، ئاشتی، سکتان، سێگرتکان).

لە هەموو ئان و ساتێکدا و لە هەموو وڵاتێکدا، ژیان لە گوند و لادێدا، یانی کارکردن و ئیشکردنی بەردەوام بە شەو و ڕۆژ لە هەر چوار وەرزی ساڵدا. کەواتە زۆر ئاساییە کە کرێکار و جووتیار کەمتر کاتی ئەوەیان هەبێ بایەخ بە پۆشاکی خۆیان بدەن. جا چونکە ئیش و کاریان زۆرە، جلکوبەرگیش بەرناگەگرێ و هەمیشە کۆنە جلکی ئیشیان، بە ژن و پیاو و منداڵەوە، لەبەرە، ئەوە جگە لەوەی کە سەخت و گرانی باری گوزەرانی گوندنشییەکان، ڕێگرە لەوەی بتوانن باشترین و جوانترین پۆشاك بپۆشن.

ژن و پیاو و منداڵی گوندەكانی دەڤەری كۆیە، بە گوێرەی سەردەمەكانیان، هەمان ئەو پۆشاكانەیان كردووە، كە شارنشینەكانی كۆیە پۆشیویانە، تەنیا چەند حاڵەتێكی تایبەت نەبێ، كە پۆشاكەكانیان لە هیِ شارنشینان جیادەكاتەوە، وەك:

- **شەرواڵی كورت:** هەر هەمان شەرواڵی ئاساییە، بەڵام بۆ ئەوەی گورچ بێت و لە درك وداڵ و تەپۆتۆز و قوڕ و لێتە نەخشێت جوتیارەكان، قولانجێك لە دامین كورتتریان دەدووری.

- **بن شەواڵ:** پتر سەپان و شەنەكەرەكان لە وەرزی هاوین لە پێیان دەكرد. شەرواڵێكی سپیی جاو یان خام یان بەلوری بوو، چونكە فێنك بوو و تیشكی خۆریشی دەشكاندەوە، بۆ دروێنە و شەنكردن و جەنجەر، پیاوەكان دەیان پۆشی.

- **غەرگە:** بۆ ئەوەی تیشكی خۆر و گەرمای بەتین، كار لە پشتی سەپان و دورێنەكەر نەكات، كە هەمیشە پشت لە هەتاو كاریان دەكرد، جۆرە كورتەكێكی تایبەتییان لەبەر دەكرد، كە لبادچی لە لووا دروستی دەكرد. چونكە ئەستوور بوو نەیدەهێشت تیشكی خۆر كار لە پشتی سەپان بكات، پێیان دەگوت (غەرگە).

- **پەستەك:** ئەمەش هەر دەستكردی لبادچشی بوو، كتومت وەكو كۆتی پەیامنێرەكانی ئیمڕۆیە، بێ قۆڵە و سینگی كراوەیە و داناخرێت و تا سەر كەمەر دێ، تەنیا پیاو لەبەری دەكات بۆ خۆپاراستن لە سەرما و گەرما، یان بۆ جوانیش، دەیانپۆشی.

- **كڵاوی سەپانان:** ئەم كڵاوە هەم سەر و هەم دەم وچاو و شان ومل، لە تیشكی خۆر دەپارێزێت. (بڕوانە وێنە كڵاوی سەپان)،

- **بەرانپێڵ:** كچان و ژنان، ڕاست وچەپ لە بن باڵی خۆیان دەبەست، لە كاتی كاركردن و ئاژەڵداری. ژنی لادێی كورد هەگیز پەچە و عەبای نەگرتۆتەوە، بە پێچەوانەی ژنی عەرەب، كە لەكاتی وشتر دۆشینیش عەبا ڕەشەكەیان هەر بەسەرەوەیە.

- شوان و گاوان، فەرەنجی و قاپۆتی لبادی بە گوێ و بێ گوێ و بە قۆڵ و بێ قۆڵیان، بۆ نووستن و خۆ پارایستن لە بەفر و باران پۆشیوە. (کەرِك)ی ش یۆ بەرخەوان بووە.

- پشتیندی پیاوی لادێیی درێژ و گورج و توندوتۆڵ دەبەسترا، تا شەستەکانی سەدەی ڕابردوو کە لادێییەکان دەهاتنە شار، خەنجەریان لە بەرپشتێ بوو بە ئاشکرا، دواتر بەهۆی شەڕوشۆر و ناخۆشییەوە لە بن پشتێن دەیان شاردەوە، دواتر وای لێهات نەتوانن بە ئاشکرا لە بازاڕی شارەکاندا پێی بسووڕێتنەوە.

- بۆ پێڵا، ژن و پیاوی لادێیی هەمان پێڵاوی لاستێك و چەکمە و وەتەنییان بەکار هێناوە کە لەسەر دەمی خۆیان هەبووە. بەڵام تا ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو منداڵی لادێیی بە کوڕ و کچ، تا دەبووە حەوت هەشت ساڵان هەر پێخواست بوون، ئەمەش بە گشتی نەك بە ڕەهایی. جاشکەوشیشیان بۆ خۆیان دروست دەکرد. کەڵاشی کۆییانە و چەکمەی کۆییانە، کاڵەکی کۆییانە، پێڵاوی ڕادایی بوون لە لای جووتیارەکان و زۆر حەزیان لێ دەکرد. لە کۆتایی سەدەی ڕابردوو، ئەوانیش هەمان پێڵاوی هاوردەی وڵاتانیان لە پێ دەکرد وەکو شارنشیینەکان، بەڵام جۆری هەرزان و مەلاخۆرە.

- **قەیناغ:** لە پەنجە دەکرا لە کاتی دروێنە بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین مەڵۆ لە ناو دەستدا. قەیناغ (١٠) لولە تەنەکەیە هەر یەکەی دەنوکێکی درێژی لە تەل تێخراوە، تەنەکەچی دروستی دەکردن.

- لە کاتی ڕنینی بامیە هێندێك جار لە جیاتی دەستکێش، باغچەوانەکان، گۆرەوییان لە دەست دەکرد.

بەشی هەشتەم

# پۆشـاكی پیشـەوەران

ئەوەندەی بۆمان بكرێت، ڕووماڵی هەموو ئەو شتانە دەكەین، كە پێوەندیی بە پۆشاك و پیشەوەرەوە هەیە، چونكە هێندێك پیشە هەیە كە پۆشاكی تایبەتی خۆی هەیە، یان شێوازەكەی هەر پۆشاكی ئاساییە بەڵام پۆشینەكەی جیاوازە.

**لەم بڕگەیەدا پۆشاكی هێندێك لە پیشەوەرەكانی دەڤەری كۆیە باس دەكەین:**

## مەلا و سوختە و فەقێ:[(١)]

مەلایەكانی كۆیە، وەكو مەلایەكانی دیكەی كوردستان، پۆشاكی مەلایانیان پۆشیوە كە بریتیی بووە لە كەوا و سەڵتە (چاكەت) و جبە. جاران بۆ هەموو وەرزەكان یەك جۆر پۆشاكیان دەپۆشی، بەڵام هەش بوو پۆشاكی هاوین و زستانی جیاواز بوو، زستانان، سوخمەی ناو بەلۆكەیان لەبەر دەكرد چونكە گەرم و گوڕتر بوو. ئەوان هەمیشە مەندیلی سپییان لەسەر ناوە و كڵاوەكەشیان بەلوری سپیی بوو، پێیدەگوترا (كڵاوی حاجییان). هەرچەندە، یەك دوو مەلا، فیسیان لەسەر ناوە، یەك دوو مەلا كڵاو وجامەدانییان دەبەست. پشتێنەكەیان پتر قایشی ڕەش یان قاوەیی بوو، نزیكەی پێنج سانیم پان دەبوو، سێ ئاغزوونەی

---

(١) زانیارییەكان لە نووسەر (ئازاد مەلا عەلی حاجی توفیق) لە ١٠ / ٧/ ٢٠١٦ لە كۆیە وەرگیراوە .

پێوە بوو، چەند باخەڵێكی بچوكی لێدووروابوو لەسەر كەواكە دەبەسترا، ئەم پشتێنە لە شارەكانی بەغدا و مووسڵ دروست دەكرا. هەبوو پشتێنی قایشی ئاسایی دەبەست. هەشبوو پشتێنی كوردی گرێ لەسەر گرێی دەبەست. ئەگەر مەلایەكە حاجی بوایا ئەوا هەبوو پشتێنی عارد سپیی گوڵ زەردی مەكە و مەدینەی دەبەست، ئەوانەی خۆیان بە سەیدزادە دادانا، پشتێنی كەسكیان دەبەست. مەلاكان، بە گشتی، سوخمەی بە نەخشی پاقلاوەییان لە سەر كراسی سپیی لەبەر دەكرد، ئەوجا كەوا و لەسەر كەواكەش چاكەتێكی درێژیان لەبەر دەكرد كەواكانیان كە كراوە بوون و لەسەرەوە بە چەند قۆچپەیەك دادەخرا و فراوان بوون و  چاكەتی لەسەر لەبەر دەكرا، كە بەرگدرووەكانی كۆیی بە دەست دەیاندووری. هێندێك مەلا عەبایان بە سەر شانیان دادەدا، كە ڕەنگیان قاوەیی یان مەیلەو زەرد یان ڕەش بوو، لە لای بەرگدروو گوڵینكەكانی لای ڕاست و چەپیان لێ دەكردەوە، چونكە مەلاكان پێیان جوان نەبوو، هەش بوو بە دیاری لە لایەن حەجاجەكانەوە لە مەكە و مەدینە بۆیان دەهات كە لە تووكی وشتر چنرابوون. سەعاتی باخەڵیان بە زنجیر لە بەرۆكی چاكەتەكەیان دەبەست و لە ناو باخەڵی سوخمەیان دادەنا (ئەوان سەعاتەكانیان تەوقیتی عەرەبی بوو، واتا لە گەڵ سەعاتی شاری مەدینە بوو). پێڵاوەكانیشیان یان ئیمەنی یان وەتەنی بوون، دواتر قۆنەدەرە بوو بە مۆدێل. سول و نەعلیان لەپێ نەدەكرد چونكە بۆ كەسایەتی ئەوان جوان نەبوو.

هێندێك حاجی، كەواو چاكەتی، لە مەكە و مەدینە بە دیاری بۆ مەلایەكان دەهێنا، ئێستا ئەمە باوی نەماوە.

پۆشاكی سوختەكان، هەر ئەو پۆشاكە بوو كە هاوتەمەنەكانیان دەیان پۆشی، كە زۆربەی دیشداشە و هێندێكیش كورتەك و شەڕواڵ بوو. هەرچی جلكوبەرگی فەقێیەكان بوو بریتی بوو لە كورتەك و شەرواڵ و كراس و كەلانگوچك و كڵاو و جامەدانی و پشتینی كوردی، هەبوو كراسەكەی بێ كەلانگوچك بوو. تا بڵێی پۆشتە و پەراداغ و بەرچاو بوون، كەس و كاریان ئەو جلكوبەرگەیان بۆ دەكردن، بەڵام خواردن و پێخۆریان لەسەر خەڵكی گەڕەكە كە بوو كە مزگەوتەكەی

ئەوانی لێ بوو. لە ساڵی (١٩٧٠) (پەیمانگای ئیسلامی) بە سەر پەرشتی و بەڕێوەبەرایەتی مامۆستا (مەلا عەلی حاجی تۆفیق ١٩٠٨ - ١٩٧٦) لە كۆیە كرایەوە و چوار ساڵ بەڕێوەی برد، كە بڕوانامەی قۆناغی شەشەمی بنەڕەتی بە شاگردەكانی دەدا. بەگوێرەی ڕێنماییەكانی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف، دەبۆایە لە كاتی دەوام كردندا، لە پەیمانگا، فەقێ قوتابییەكان، كەواو سەڵتە لەبەر بكەن، لە دەرەوەش بۆخۆیان ئازاد بوون، بۆیە دوای دەوام پتر كورتەك و شەرواڵەكەیان لەبەر دەكردەوە.

مەستەعید، بەو فەقێیە دەگوترا كە ئامادەیە ئیجازە( بڕوانامەی) مەلایەتی وەربگرێ، كە دەبوو لە بوارێكی زانستیی ئیسلامیدا، یەك دوو فەقێی، وەكو قوتابی لەبەر دەستی دا بێ و فێریان بكات. ئەوانیش كەوا و سەڵتەیان لەبەر دەكرد و جامەدانیان دەبەست و پشتێنی بە قوڵفەیان دەبەست، بەڵام نەدەبوو پێش وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی مەندیل و كڵاوی سپی لەسەر نێن. كە موستەعید دەردەچوو و ئیجازەی پێ دەدرا، لە ئاهەنگێكی شكۆدار، كە خەڵك تێیدا كۆ دەبوونەوە، دەوڵەمەندێكی شار دەستە جلێكی تەواوی مەلایەتی وەك خەڵات و دیاری پێ دەبەخشی.

مادام باسی فەقێ و موستەعیدمان كرد، با بۆ مێژوو، ئاماژە بە جۆرە شایی و هەڵپەركێیەك بكەین كە تایبەتە بە خۆیان و مۆركی كۆییانی پێوەیە، پێی دەڵێن( شایی فەقێیان): لە شێوەی بازنە، بە بێ ئەوەی دەستی یەكتر بگرن، ڕادەوەستن و شەقاوێك دەهاوێن و پێیان بە زەوی دادەنێن،، و ڕوویان بۆ لای یەكدی وەردەچەرخێنن و چەپڵەیەك لێدەدەن، بەستەی (ئایشۆكێم وەیشێ وەیشێ/ هێ دەلالێم وەیشێ وەیشێ) ی لەگەڵ دەڵێنەوە و بەیەكەوە دەیگێڕنەوە، تا بەستەكە هەموو تەواو دەڵێنەوە.[1]

---

(١) لە حەفتایەكانی سەدەی ڕابردوو، بۆ ماوەیەك ئەم شاییە لە شاری كۆیە، لەسەر دەستی خوالێخۆش بووان ( مەلا نافیعی صەبوحی جەلیزادە و كاكەی ئەسعەدی حەبیبی ناسراو بە كاكەی مەلایان ) زیندوو كرایەوە.

## ئاسنگەر:

ئەوان هەر پۆشاکی ئاسایی کوردییان، بە گوێرەی وەرزی زستان و هاوین، دەپۆشی. بەڵام چونکە ئاسن و ئاگر و پشکۆ بەشێك بوو لە کەرەستەی کارەکەیان، بەروانکەیەکی تایبەتیان بە بەرسینگی خۆیانەوە دەکرد کە لە چەرم یان پێستەی خۆشکراو دروستکرابوو، کە ملەوکانەیەکی هەبوو و لەپشتەوەش بە پشتێنك کە بە لای چەپ و ڕاستییەوە بەسترابوو، توند دەکرا، ئەم بەروانکەیە پێیدەگوترا (کەوڵی ئاسنگەر). چەند دەباغچییەك لە کۆیە، ئەم کەوڵەیان، خۆماڵی، دروستدەکرد.

چونکە ئاسنگەری جوولەی زۆری تێدایە و کاری چەکوش وەشاندنی قورس و زەحمەتە، کورتەکەکەیان، زستان و هاوین، نیو قۆڵ بوو، درێژی قوڵەکانی تا نزیك سەر ئانشك بوو. جا چونکە جامەدانی زوو دەکرێتەوە و دەکەوێت. پتر وەستا و خەلفە و شاگردەکان هەر کڵاویان لەسەر دەنا. هەبوو هاوینان دەسماڵی بۆ سڕینەوەی ئارەقە، بەسەر ملی خۆیدا شۆڕدەکردەوە.(١)

(دەف)یش کە دەفچی بۆ دەفینی کوورەی ئاسنگەرییەکە بەکار دەهێنا، لە پێستەی خۆشکراو دروستدەکرا، کە وەك مەشکە بوو، بەڵام دوو دەسکی داری بۆ دروستکرا بوو، بە یەك دەست و دوو دەست بەکار دەهات بۆ وەگرتنی هەوا و داخستن و پاڵدانی دەفەکە.

لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو خوالێخۆش بوو، حاجی زاهیری تایەری مەلا حەبیبی، سێری نەوت و گازی دروست دەکرد، بەروانکەی قۆماشی دەبەست و لەبۆ هەر دوو سەردەستی کراسەکەشی کیسەیەکی قوماشی لێدەبەست وەك فەقێیانی دەهاتەوە سەر باسکی تا سەردەستەکانی پیس نەبن، دوای کار، ئەو کیسەیەی لە سەر دەستەکان دەکردەوە.

چەخماخساز و تەنەکەچییەکان کەوڵیان بەکار نەدەهێنا.

---

(١) مامۆستا بەهرام وەستا عەبدەی ئاسنگەر، خانەنشین، کۆیە، ٢٠١٦ /٨/٤، چاوپێکەوتن.

## پینەدۆز و زیندروو:

پینەدۆزەکان، کە لەسەر زەوی دادەنیشتن و قاچیان لێدرێژدەکرد و پێخواست بوون، وەك ئاسنگەرەکان، کەوڵیان وەك بەروانکە لەبەر دەکرد، بەڵام چونکە ئەوان داسی تیژیان بۆ بڕینی چەرم و قایش بەکار دەهێنا، پارچە تەختەیەکی لووسی لاکێشییان، وەك سەر سینگ، لە کەوڵکە چەسپدەکرد، بۆئەوەی چوقویەکە(داسەکە)، کە ئاراستەکەیان پتر بەرەو ڕووی خۆیان ڕادەکێشا، سینگیان زامدار نەکات.

## بەفرفرۆش:

کە بەفری سروشتی چاڵەبەفرەکانیان دەفرۆشت، بەروانکەیەکیان دەبەست لە قوماش دروستدەکرا، تا بڕشتی مشارەکە، لە کاتی بڕینی بەفرەکە، تەریان نەکات. کە بەفری سەهۆڵ (بووز) پەیدا بوو، ئەم بەروانەکەیان کردە نایلۆن.

بەفرکڕەکانیش، بەفرەکەیان لە نێو سەرەویلك دەپێچایەوە و بۆ ماڵیان دەبردەوە.

## نــانەوا:

تا شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، نانەواکان، بە بەردەم کوورەکەیان چاڵێکی بازنەییان لێدەدا و دەچوونە ناوی کە تا کەمەریان قووڵ بوو، واتا دەروازەی کوورەکە، کە گومبەز بوو، ڕێك بەرانبەر سینگ و دەم و چاویان بوو، جا لە وەرزی هاوێندا، بۆ ئەوەی سینگ و بەرۆك و شان و ملی خۆیان لە هاڵاوی ئاگرەکە بپارێزن، ئەوە دوو کورتەك، یان فانیلەی ئەستوور و کورتەکیان لەسەر لەبەر دەکرد، تا ببێتە بەربەست لە گەیشتنی گەرمای ئاگرەکە بۆ سەر پێستی سینگ و بەرۆکیان. هەمیشەش خاولی یان پارچە قوماشێکیان لەلا بوو

بۆ سڕینەوی ئارەقەی دەم و چاو. ئەوان پتر لە ناو چاڵەکە پێخواست بوون یان نەعلی سووکیان لە پێدەکرد. جاران بە سەرپۆشێکی سپی ئەنگوتکەکانی بەردەستیان دادەپۆشی کە پێیان دەگوت (سەرپۆشی هەویر).

ئێستا، ئەو دەستوورە نەماوە چونکە جۆری کوورە و تەندوورەکان گۆڕاون.

## سەرتاش:

بەروانکەی سەرتاشان، جاران هەمووی ڕەش بوو و تا سەر چووک درێژ بوو، چونکە جاران بۆ شووشتنی پرچ، لەگەنێگ کە تایبەت دروستکرابوو، پێیان دەگوت (لەگەنی سەرتاش)، لە پشت ملی کەسەکەیان ڕادەگرت، لە شێوەی دەمەداس بڕابوو. سەریان بۆ دواوە ڕادەگرت تا ئاوەکە بچۆڕێتەوە ناو لەگەنەکە، پارچە قۆماشێکی نیوە بازنەییشیان دەخستە سەر ملی ئەو کەسە، بۆ پاك ڕاگرتنی، پێیان دەگوت (پشتمل). لە کاتی سەر و ریش تاشنیش، بەروانکەی ڕەشیان بەبەر سینگی کەسەکەوە دەگرت و لە دواوە بە سنجاق دەیانەبەست. هەر سەرتاشخانەیە چەند خاولییەکی گەورە و بچووك و چەند بەروانکەیەکی هەبوو.

بۆ تیژکردنەوەی گوێزانیش، قایشێکی درێژیان لە شێوەی پشتێن، بە کار دەهێنا کە پێنج سانتیکم پان بوو، سەرێکی بە ئەلقەیك لە مێزیکەوە و چەسپکرابوو و سەرەکەی دیکەی واڵا بوو، سەرتاش گوێزانەکەی چەپ و ڕاست لێدەسووی بۆ تیژکردنەوە.

زۆر لە سەرتاشەکان نەعلییان بەسەر پێوەدەکرد، هەشبوو پێڵاوی ئێمەنی.

جاران سەرتاش دەچووە ماڵی ئاغاو پیاوەگەورەکان، بۆ سەرتاشینیان، سەرەتا، سندووق و باول نەبوو، هەموو کەرەستەکانی خۆی دەخستە ناو لەگەنی شەرتاشین و شاگرد لەبن هەنگڵی هەوڵی دەگرت و بە پێ دەچوونە ماڵەکانیان.

تا ساڵەکانی پەنجایەکان، حەقدەستی سەرتاشین (٥٠) فلس و شاگردانەش (١٠) فلوس بووە.[١]

دوای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، سەرشۆری تایبەت شوێنی لەگەنی سەرتاشی گرتەوە و گۆڕانکاری بەسەر قوماش و ڕەنگی بەروانکەکان داهات.

ئێستا سەرتاشەخانە باشەکان، بەروانکەی تایبەت و قردێنەی مل و خاولی خۆیان هەیە و سەرشۆرك و دەستشۆر و حەوزی تایبەتیان هەیە، پاك وتەمیزترن لە جاران و سەرتاشەکانیش بایەخ بە پۆشاك و ڕوخساری خۆیان دەدەن و کەرەستەکانیان هاوچەرخانە و مۆدێرنن.کەرەستەکانیان تەعقیم دەکەن و بۆن و بەرامەیان خۆشە.

## چـــایەچی:

ئەوانیش هەر جلوبەرگی ئاساییان دەپۆشی، بەڵام هەمیشە بەروانکەیەکیان دەگرتەوە کە ڕەنگی سوور بوو، بە بەر پشتێنەکەیانەوە دەکرد و بۆ خوارەوە شۆڕ دەبۆوە، ملوانکەی نەبوو تا لە مل بکرێت. ڕەنگی سووریان هەڵدەبژارد تا ڕەنگی چای پێوە دیار نەبێ. وەك دەستماڵ، بۆ سڕینەوەی دەستیش بەکاریان دەهێنا. زۆریەی ئەو بەروانکانە پەشتەماڵی سووری حەمام بوون.

## دەبـاغچی:

دەباغچییەتی کارێکی سەخت و ناخۆش و بە سەرئێشەیە، ئەو کەسانەی کە ئەم کارەیان دەکرد، چونکە هەمیشە لەناو چاڵاواندا بوون، جزمەی درێژیان

---

(١) لە ساڵی (١٩٤٢) حاجی مەجیدی کاکەمینی ساڵحی، یەك دیناری حەقدەستی سەرتاشین و (٢٥٠) فلسی شاگردانە داوە، کە بەرزترین حەقدەستی سەرتاشینە لە مێژووی کۆیە دەکاتە نزیکەی (٢٠٥) دۆلاری ساڵی(٢٠١٦). ( چاوپێکەوتن، جەمالی حەلاق، کۆیە، ٢٢/ ٢/ ٢٠١٦).

لە پێدەکرد، بۆ ئەوەی زۆریش تەڕ نەبن کەوڵێکیان بەبەر سینگی خۆیانەوە دەگرت، کەوڵەکە هەر پێستەیەکی خۆشکراوی نەرم بووە، بە ملەوەکانەیەك لە مل دەکرا و بە پشتێنێك لە پشتەوە لە کەمەرڕا دەبەسترا. بەڵام بۆ دەست و پەنجە هیچ دەستکێش و کیسەیەکیان بەکار نەدەهێنا، چونکە ئەوکات دەستکێش نەگەیشتبووە بازاڕەکانی کۆیە. (١)

## کرێکار:

ئەو جلکەی کە کریکار دەیپۆشی، پێیان دەگوت( جلکی کارێ) هەمیشە کۆن و پینەکراو و خاوێن نەبوو، ڕۆژانە کە دەچوونە سەرکار لەبەریان دەکردەوە، مەرج نەبوو بەشۆردراوی لە بەریبکەنەوە، چونکە زوو پیس دەبۆوە، وەك جلکی خمچی و ئاشەوان و کرێکاری گەچکاری و قوڕکاری. جاران پشتێنی سەربازیی کە پێی دەڵێن(نیطاق)، لەلای کرێکارەکان، زۆر مەرغوب بوو لە جیاتی پیشتێنی قوماشی کوردی. ئەو نیتاقە پشتی توند ڕادەگرت و ماسوولکەکانی توند دەکردەوە.

پێڵاوەکەشیان هەر کۆنە و بێکەلك بوو.

ئێستا پۆشاکی کریکار گۆڕاوە، زۆریان بەدلەی تایبەت و پانتۆڵی جینز لەبەر دەکەن. دەستکێشیش بەکار دەهێنن.

## قوڕکێش:

کە ئیشی ئەوەبوو بە سندووقان قوڕ بۆ سەربان بکێشێ بۆ سواغکردنی سەربانە گڵەکان. جۆرە کورتانێکی تایبەتی دەخستە سەر پشتی خۆی کە پووشی تێئاخنرا بوو، تا سندووقەکە زۆر ئازاری پشتی نەدا، ئەو پێخواست

---

(١) مەسعود حەمە سەعید حاجی سابیر، باپیرەگەورەی کارگەی دەباغچییەتی هەبووە، کۆیە، ٤ / ٨ / ٢٠١٦، چاوپێکەوتن

کاری دەکرد و و قاچەکانی تا سەرچۆکان هەڵدەکرد. سندووقی قوڕەکە کە دارتاش دروستی دەکرد و ناوەکەی پلێتی مەعدەن بوو، دوو قۆڵی هەبوو لە شان دەکرا. (بڕوانە وێنەی سندووقی قوڕ)، ئەو کریکارەی بێلکاری و ئەو وەستایەی ماڵنجکاری دەکات، ئەوانیش پێخواست بوون.

## نــانکـەر:

ژنە نانکەرەکانی ماڵەوە، جلکی ئاساییان دەپۆشی، بەڵام هەمیشە بەرانپێڵیان بەبەر سینگی خۆیانەوە دەگرت و کەوڵی چەرمەگایان ڕادەخست، کە خوانەکەیان لەسەر دادەنا، زۆربەشیان، نێوچەوانی خۆیان بە سرکەییەك یان قوماشێك دەبەست تا تاڵە مووی قژ و پرچیان نەکەوێتە سەر نانەکە و هاڵاوی ئاگر و دوکەڵ ناشیرینی نەکات. بێگومان کارەکەیان بەدانیشتنەووە بوو، پێخواست، قاچێکیان لێ ڕادەکێشا.

## سـواڵکەر:

جاران، ئەو نەدارانە، هەمیشە کۆنە جلکی شڕ و دڕاو و پیناوییان دەپۆشی، کە پتر خێرەومەندەکان پێیان دەبەخشین، بۆیە شکڵ و ڕەنگ و قەبارەکانیان نەگونجاو و نارێك بوو. کۆنە پێڵاوی دڕاو و کونکون بێ عەمەلیان بەسەر پێوە بوو. ئەوانەی لە کۆڵانەکان دەگەڕان بۆ سواڵکردن، ژن و پیاویان، بەراپێلیچکیان بە شانەوە بوو، کۆنە شتومەکیان تێ دەکرد، هەبوو قاپ یان قابلەمۆکەشی پێ بوو بۆ چێشت و خۆراك.

## دارتاش:

چونکە زۆربەیان کارەکانیان بە دانیشتنەوە ئەنجامدەدا، زۆریان نەعلیان لە پێدەکرد. ئێستا دەستورەکە گۆڕاوە.

## دەروێش و سۆفی:

تا شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، ساڵی دووجار دەرویش دەهاتنە کۆیە و یەك دوو حەفتە دەمانەوە و کۆڕی زیکر و تەهلیلەیان لە تەکیەی تاڵەبانی و تەکیەی مام خەلیفە و گورەپانەکان دەبەست و خەڵك دەهاتنە سەیریان. ئەمە لە سییەکان و چلەکانیش هەرلا هەبووە و زۆر خەڵکیان تۆبە داوە/ جا ئەو دەروێشانە چونکە هەریەکەی لە شوێنێکەوە هاتبوون، پۆشاکەکانیان شێوە جیاواز و کۆن و کەچە بوون، زۆربەیان لەکاتی زکرکردندا، پرچی و کەزییەکانیان دەکردەوە و کەلانگوچەکانییان شۆڕدەکردەوە و کورتەکیان دەخستە سەر شەرواڵ و پشتێنیان لە سەر دەبەست. بە شمشێر و زەرگ و خەنجەر و چەقۆ، زیکر و وازی خۆیان دەکرد. وەکو سۆفییەکان تەزبیحی دەنك گەورەی درێژ درێژیان لە مل بوو. سەرکڵاو وجامەدانی و مشکی و چیتت و مەندیلیان لەسەر بوو، هەشبوو سەر قۆت.

## فەرمانبەر:

دوای هاتنی ئینگلیز، لە ساڵی (١٩٢٠) وە بە فەرمانی میری دەبوایە فەرمانبەرەکانی حکومی چاکەت و پانتۆڵ بپۆشن و سیدارەی ڕەش لەسەربنێن. زۆربەیان بۆینباغ و سوخمەشیان لە ژێر چاکەتەکە لەبەر دەکرد، کە باخەڵی تایبەتی هەبوو بۆ سەعات کە بە زنجیر و ئەلقە لێی دەبەسترا. بێگومان،

دیزاینی چاكەت و پانتۆڵ بە گوێرەی سەردەم و ڕۆژگارەكە بووە.[١] دكتۆر وپەرستاری ژن و پیاویش، وەك دەستووری ئەو سەردەمە، هەمیشە بەروانكەی سپییان دەپۆشی.

## پیشەوەرەكانی دیكە:

وەك ئاشەوان و ئاش وەستا و عەتار و بەقاڵ و بەزاز و خەیات و لیفدروو و سەوزەفرۆش و ماستفرۆش و لبادچی و كورتاندروو و ناڵبەند و پەڕەكەر و كارگەچی.. تاد. پۆشاكی ئاساییان دەپۆشی، كە هی كاركردن بوون. جاران هێندێك لە حاجییەكان كەشیدە و كڵاوی سپییان لەسەر دەنا، ئەگەر دوو حەج و زیاتریشیان كردبوایە، ئەوا كەشیدەكەیان دەكردە پشتێن و لە كەمەری خۆیان دەپێچا. ناتری حەمام، ژن و پیاو، پەشتەماڵی سووری حەمامیان دەگرتەوە و تا نەعل پەیدا بوو هەر قاپقاپیان بەسەر پێوە بوو. زۆربەی هەڵاج و تووتنفرۆش و كرێكار و ئەو حەماڵەكانی كە كاری تووتنیان دەكرد لە دائیرەی ئینحیساری تووتن، لە جیاتی دەمامكی پزیشكیی هەوا پاككەرەوە، دەسماڵێك یان پارچە قوماشێكیان بە زاری خۆیانەوە لە پشتی سەر گرێدەدا. هاوین و زستانیش دەباغچییەكان زۆربەی كات، جزمەی درێژیان لە پێدەكرد. لەم دواییەدا كاروانچییەكان، ڕۆژانی باوباران و بەفر و تەزرە، قاپوتێكی بەسەری ئاودامانی بە قۆڵیان لە نایلۆنی شەفاف دەدووری و دەیانپۆشی، تا لە جیاتی چەتر لە تەڕوتووشی بیانپارێزێ، ئەوانیش جزمە و پۆتینی باشیان لە پێدەكرد. تا شەستەكانی سەدەی ڕابردوو، جلوبەرگی زۆربەی فیتەرەكان، هێندە چەور و ڕووناوی و پیس بوون هی ئەوە نەبوو پیاو لێیان نزێك بێتەوە، دەست وپلیشیان هەر ڕەش و گریزاوی بوو. قەسابی جاران، بەروانكەیان، وەكو هی ئەم سەرتەمەی

---

(١) ئەم كۆییانە كە فەرمانبەریش نەبوون، چاكەت و پانتۆڵیان پۆشیووە، وەك مۆدیل بە پۆشاكی سەردەم و شارستانییەتیان زانیووە:
ئەم زاتانەش بۆینباغیان لەگەڵ جلكی كوردی دەبەست:

ئێستا بە سینگی خۆیانەوە نەدەكرد و هەمیشە بۆنی گۆشتییان لێ دەهات. زبڵ كێشەكان، كە بە شەڵتە و گوێدرێژ لە كۆڵانان زبڵ و خاشاكی ماڵانیان دەبردە سەر گووفكەكانی كۆیە، هەر جلكی ئاساییان لەبەردەكرد، دەستكێش و دەمامكیان نەبوو. جاران هێندێك وەستا و كرێكار جگەرەیەكیان دەخستە پشتی گوێ، تا بەردەست بێ.[١]

## ئاغا و ئاغەژن:

جیاوازیی پۆشاكی ئاغا و ئاغاژن و دەوڵەمەندەكان لەوە دابوو، كە هەمیشە پۆشتە وپەرداغ و جوانپۆش بوون، چونكە هەبوو وپارەدار بوون و دەست ودیاریشیان زۆر بۆ هاتووە و لە سەفەر و گەڕانیشدا بوون. ئاغاژن چارشەوكەمبەری دەگرتەوە، بەڵام ڕووی خۆی دانەدەپۆشی. لەماڵەوەش ئاغاژن چارۆگەی لەسەرخۆی نەدەكردەوە و خۆی لە خزمەتكار و ڕێنجبەر و میوانی پیاو دانەدەپۆشی[٢] تا چلەكانی سەدەی ڕابردوو هێندێك لە ئاغایەكانی كۆیە عەبای خورییان بە سەر شانیان دادەدا، كورتەك و شەرواڵیشیان لەبەردەكرد. عەبای حەماغای غەفووری و حەبیباغای حەویزی تا سەر زەوی درێژ بووینە و لەمەرەز چنرا بوون.

---

(١) وەستا حەمەدی عەوڵا جەیدی، باوكی نووسەر، كە (بەراد)بوو، نەیدەهێشت فیتەرە پۆشاك بە ڕوون و چەورەكان بێنە سەر دوكانەكەی، دەبوایە لە دەرەوەی دوكانەكە ڕاوەستن تا كارەكەی بۆ ڕایی دەكردن.

(٢) مێژووی كۆیە، تایەر ئەحمەد حەویزی، چاپخانەی نمر، بەغدا، ١٩٨٤ ل. ١٠٥

# بەشی نۆیەم

# پۆشاکی پێشمەرگە

بەدرێژایی مێژوو، دەڤەری کۆیە، سەربە شەڕوشۆڕ و پێکدادان وڕاپەڕین بووە، تا ناوەڕاستی سەدەی ڕابردووش، ئەم سێ دیاردەیە لەوێ هەبووە: هێندێ جار بنەماڵە چەکدارەکانی ناو شاری کۆیە، (بنەماڵەی غەفووری و بنەماڵەی حەوێزی) یەکان، بەڕووی یەکتریدا هەڵدەشاخان و خوێنیان لە بەیندا دەڕژا، هێندێ جار هێزی دەرەکی، وەکو شێخ بوزەینیەکان، پەلاماری شاریان دەدا، جاریش بوو، چەکدارانی کۆیی بەشداری شۆڕش و بزووتنەوەکانی ناوچەکانیان دیکەیان کردووە، وەك بزوتنەوەی شێخ مەحمودی حەفید و دامەزراندنی یەکەم کۆماری کوردستان لە مەهاباد. ئەوەی کە پیوەستە بە بابەتەکەی ئێمەوە، لە هەموو ئەو دەورانە و ئەم ڕووداوانەدا، شەڕکەر و جەنگاوەرەکان، پۆشاکێکی تایبەت بە خۆیانیان نەبووە هەر ئەو جلکوبەرگەیان پۆشیوە کە لە ڕۆژانی ئاسایی ژیانیاندا پۆشیویانە، تاکە جیاوازی ئەوە بوو کە ئەوان چەکدار بوون، بە گوێرەی ئەو چەك و چۆڵەی کە لەو سەردەمەدا هەبووە.

پۆشاکی پیشمەرگە، لێرەدا، ناونیشانێکی سەربەخۆی پێدراوە، چونکە لە گەڵ یەکەم بڵێسەی شۆڕشی ئەیلول لە (١٩٦١)، بزووتنەوەیەکی دەستەجەمعی ڕیکخراو و ئامانجدار، لە سەر گۆڕەپانی کوردستان، وەکو دیاردەیەکی سەربازی و سیاسی لەدایك بوو کە تاکو ئێستاش بوون و ماهییەتی بەردەوامە. ئاماژە

کردن بە پۆشاك و کەرەستەکان، بۆ بەئەرشیڤکردنی سەردەمێکی دیاری کراو، لایەنی ئەرێنی خۆی هەیە.

شۆڕشی ئەیلول لە سەرەتادا، هەرچەندە پارتی دیموکراتی کوردستان، کە پارتێکی کوردیی سیاسی بوو، ڕابەرایەتی دەکرد، پێیان دەگوت (شۆڕشی عەشایر یان شۆرشی پۆلیسان)، بۆیە زۆر ئاسایی بوو لە سەرەتادا، پێشمەرگە هەر ئەو پۆشاکەی لەبەر کردبێ کە پێی چۆتە ڕیزەکانی پێشمەرگایەتی، تەنانەت پۆلیس و سەرباز و ئەفسەریش، هەبووە بە پۆشاکی پۆلیسی و سەربازییەوە چۆتە شاخ و تا ماوەیەك جلکوبەرگی کوردیی چەنگ نەکەوتووە.[1] چونکە شۆڕشەکە ساوا و کەم ئەزموون بوو و توانای دارایی کز بوو، ئەوا ئەوکەسەی دەبووە پێشمەرگە، پۆشاکی خۆی لەسەر خۆی بوو. بە گوێرەی وەرزی زستان و هاوین بوو. زۆربەیان هەر یەك دەستە جلکیان هەبوو، مەگەر لە بارەگا و بنکەکان، دوو دەستە جلکیان هەبوایا. بە گشتی پۆشاکی پێشمەرگە بریتی بوو لە:

- کڵاو وجامەدانی، لە ساڵی (١٩٦٢) بەڕێز جەلال تاڵەبانی یەکەم کەس بوو کلێتەی چنراوی کردە سەر کە گوڵێنگەیەکی لە سەر بوو، لە ڕاست و چەپیش بەسەر گوێچکەدا دەهاتە خوارەوە و پشتێنەکانی بە جوتێك گوڵێنگە ڕازابوونە، ئەم کلێتەیە هەم لەبن گەردنیش گرێدەدرا و هەم بۆ پیشتەوەش هەڵدەدرایەوە و شەکەتدەدرا، بۆ زستان زۆر گەرمو گوڕ بوو و شێوەکەشی زۆر جوان بوو. دواتر بوو بە مۆدێل، پتر پێشمەرگە گەنجەکان لەسەریان دەنا.

- کورتەك و شەڕواڵ و ڕەنك وچۆغە و فانیلەی زستان و کۆڵەبار و پەستەك و قەمسەلە.

- گۆرەویی درێژ و بەلەك پێچ (پووزەوانە)، بۆ قاچ وقول.

- پێڵاو، ئەو لاستیکە سەر بەقایشە بوو کە بزمارکوتکرابوو، پێشتر ئاماژەمان پێدا.(پێڵاوی لاستیك)، پینەدۆزەکانی کۆیە دروستیان دەکرد.

---

(١) چاوپێکەوتن، حەمید ڕەشاش، پێشمەرگەی ئەیلول، تەمەن (٨٥)ساڵ،، هەولێر، ٢٠ / ٧ / ٢٠١٦

ئەو کەرەستەیەی کە تایبەت بوو بە پێشمەرگە و زۆر بایەخی هەبوو وشتێکی پێویست بوو:(تۆڕبە) بوو. تۆڕبە وەکو کۆڵەپشتێکی بچووکە، پێشمەرگە بۆ خۆی لە کۆنە قوماش و پەڕۆ و پارچە بەڕە و جاجم و دووگرد دروستی دەکرد، وەکو کۆڵەبار لە پشتی خۆی دەکرد، چووبا بۆ هەر شوێنێك ئەو تۆڕبەیەی پێبوو. لەم خورجە بچووکەدا ئەم شتانەیان هەڵدەگرت: دەرزی و داو، بڕێك شەکری قەند یان شەکری کولاَو (گرمت شەکر)، قۆعە کە لە فافۆن بوو(کۆپی شیر و چا بوو)، بڕێك دەرمان چا، لیفکە، سابوون، نوردووە نان، قەڵەمبڕ، مووس، ئەگەر هەبوایا شەکرۆکە و نەعناو...تاد)

چونکە ژیان لە ناو ئەشکەوت و کۆلێت و بن بەرد و شاخ، زەحمەتە و خۆشتن و خۆ خاوێنکردنەوە، لەم شاخ وداخەدا، لە کاتی شەڕدا، کارێکی ئاسایی نییە، ئەوا بۆ خۆپاراستن لە کێچ و ئەسپێ، هەر پێشمەرگەیەك لە ناو شووشەی شرینقەی بەتاڵ نەختێ دەرمانی کێچ و ئەسپێی هەڵدەگرت و لەناو پەڕۆیەکی گرێیدەداو، لە باخەڵیدا حەشاری دەدا، بۆ کاتی پێویست.

**لە ساڵی (١٩٦٢) بۆ یەکەمجار هەیکەلی پێکهاتەی پێشمەرگە (لەشکر)، وەکو هێزێکی سەربازیی ڕێکخراو، بەم شێوەیە ڕیزبەندی بۆ کرا:**

- **سەردەستە (حظیرة):** کە (١٠) کەس بوو.
- **سەرپەل (فصیل):** کە لە( ١١ تا ٣٩) کەس بوو.
- **سەرلق (سرية):** کە لە (٤٠ تا ١٢٠) کەس بوو.
- **بەتالیۆن (فۆج):** کە لە(١٢١ تا ٧٠٠) کەس بوو.
- **هێز (لیوا):** کە لە (٧٠١ ـ ......) کەس بوو.
- **لەشکر:** کۆی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو.[١]

خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە، کە هیچ فەرق و جیاوازییەك لە نێوان پۆشاکی پێشمەرگەی ئاسایی و پۆشاکی پێشمەرگە بەرپرسەکان نەبوو، ئەگەر ئامێر

---

(١) مام جەلال تاڵەبانی داهێنەری ئەم پۆلینبەندییە و زاراوانە بوو.( کەریم سەلیم کاڕەش، کۆیە، ( ٢٢، ٣٣/ ٢٠١٦)، چاوپێکەوتن).

بەتالیۆن و ئامیر هێزیش بووایا، هەمان پۆشاك و هەمان پێڵاوی لاستیك بوو، ئەوان بە ناو، سەرپەل و سەرلق و ئامیر بەتالیۆنی خۆیان دەناسییەوە. بۆیە لە پۆشاكی سەركردەیەكی وەكو ژەنراڵ مستەفا بارزانی، شتێكت نەدەبینی جیاوازیی هەبێ لەگەڵ پۆشاكی سەرپەلێك لە ئاوەگرد یان حاجی قەڵا.

لە كۆتایی ساڵی (١٩٦٢) بۆ یەكەمین جار گۆڕانكارییەكی بەرچاو لە پۆشاكی پێشمەرگەدا ڕوویدا، ئەوەیش ئەوەبوو كە شۆڕش بڕیاریدا پۆشاكی زۆربەی چەكدارە جەنگاوەرەكانی بكاتە خاكی، ئەمەش دوای ئەوەهات، كە هێزێكی پێشمەرگە توانی دەست بەسەر (٣٠) هەزار دینار لە خەزینەی كۆیەدا لە نێوان شاری كۆیە و دێگەڵەدا بگرێت.[١] لەهەمان كاتدا، هەوادار و پشتیوانانی شۆڕش لە شاری سلێمانی بڕێكی باش كوتاڵی خاكی و پۆشاكیان بە دزییەوە بۆ هێزەكانی پێشمەرگە نارد. لە ئەشكەوت و لادێیە دەستەچەپەكانیشدا، مەكینەی خەیاتییان داناو، بەرگدرووی خۆبەخش و بەكرێگیراو، دەستیان كرد بە دوورینی پۆشاكی خاكی كە دوو پارچە بوو: كورتەك و شەرواڵ، وای لێهات كە پێشمەرگە بتوانێ ببێتە خاوەن دوو دەستە جلك و لە كاتی پێویستیشدا، داوای ئیدی بكات. دیسان پۆشاكە نوێیەكان هیچ جیاوازیی تێدا نەكرا، لە نێوان پۆشاكی پێشمەرگەی ئاسایی و پێشمەرگە پلەدارەكان. بەڵام پشتێنی خاكی و كراسی خاكی و گۆرەوی هەر لەسەر پێشمەرگە بوو، كەس وكاریان بۆیان دەناردن یان خۆیان بەهەر شێوەیەك بوایا، پەیدایان دەكردن. كورتەكی پۆشاكە خاكییەكان، ( شانبەند ـ كەتافییەیان) هەبوو بۆ قایشی فیشەكدان.

دوای گەورە بوونی هێزی پێشمەرگە و زۆربوونی ژمارەیان، لە ئێران، بە باری ئێستران پێڵاوی ئێرانییان بۆ دەهات، وردە وردە پێڵاوی لاستیك لەغوو بوو، پێڵاوی پۆتین زۆر پێویست بوو. چەكمە پۆتینیش كە گۆرەویی دەخرایە ناو، بەرە بەرە بڵاو بۆوە. دواتر پێڵاوێك لە ئێرانەوە دەهات پێیان دەگوت (شەوڕۆ)، پێشمەرگە زۆر حەزی لێ دەكرد.

---

(١) ئەو بڕە پارەیە لە ساڵی (١٩٦٢) نزیكەی (٣٠) هەزار مسقاڵ زێڕی پێ دەكڕا . ف. ش.

ئەگەر دیقەتی وێنەی پێشمەرگەیەكی كۆیی، نموونەی ساڵەكانی (١٩٦٤-١٩٦٦) بدەین، دەبینین كە ئەم شتانەی لە خۆ بەستووە یان هەڵگرتووە:

- دوو یان سێ ڕیزە فیشەكدان بۆ تفەنگ و سێ یان چوار مەخزەن بۆ كلاشنكۆف.
- دەمانچە و قایش و كیفە دەمانچە.
- نێزە و كالان، یان خەنجەر.
- مەتارەی سەربازیی.
- دووربین.
- ڕادیۆی بچووك.
- كلێتەی سەر.
- تۆڕبەی پشت.
- پۆتین و گۆرەوی.
- قەمسەلە. لە ساڵی (١٩٦٣) قەمسەلەی نیو كۆت بەسەر پێشمەرگەدا دابەشكرا. قاپووتی سێ (بەر)یش هەبوو.

ئەگەر پێشمەرگە لە شوێنێكی دوورە دەست بوایە، جار هەبوو، بەتانییەكی سووكی لە پیشتی خۆی بە لوولدراوی شەتەكدەدا، بۆ كاتی پێویست. بۆ خۆشتنیش، لە زستاندا ئاویان لە تەنەكە و مەنجەڵاندا گەرم دەكرد و لە هاوێنانیشدا، لە دەم جۆگە و ڕووباران خۆیان پاك دەكردەوە. كەمتر كاتی ڕیش تاشینیان هەبوو ئەویش پتر لە بارەگایەكاندا دەكرا. سەرتاشین هەر بە مەقەستی ئاسایی بوو، ئەگەر سەرتاشی لێزانیان لەگەڵ نەبوایەی یان لە گوندەكان سەریان دەتاشی.

ئەو چەكانەی كە بە شانی پێشمەرگەكانی دەڤەری كۆیە و لە سەرەتای شۆڕشدا، دەبینران، ئەمانە بوون: تفەنگی ئینگلیزی، تفەنگی پۆلەندی، بڕنەو، غەدارە، دەمانچە، تاپر، یەك ڕەشاش( برێن ) هەبوو، دواتر تفەنگی (سەمینۆف و تەكتریۆف و كلاشنكۆف و (BKC)، بازووكە)یش پەیدا بوون. لەسەرەتادا

پێشمەرگە، چەکی (RPG) نەبوو، لە ساڵەکانی (١٩٧٤) ئەم چەکە کەوتە دەست پێشمەرگە.

بۆ فیشەکدان، لە شارەکاندا، زیندروو (سەراج) دروستی دەکرد، ئەوەی خاوەن تفەنگ بوایە، ئەوا دەبوایە فیشەکدانیشی هەبێ.

لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوودا، ئەم چەکانە لە کوردستان و دەڤەری کۆیە بەکار هاتوون:

تفەنگی ماوزەر، سێ تیر، پێنج تیری ڕوسی، جانبێزار، نەیارەشکێن، بڕنەو بە هەر سێ شێوەکەی: بڕنەوی کورت و وەسەت و درێژ، یایللی، تاپڕ، غەدارە، پۆلەندی. جۆرەکانی دەمانجەش زۆر بوون، وەکو: دەمانجەی بەرەبیل، تۆپللی، لامەی بچووك و لامەی گەورە، مانهێڕ، جووت لوولەی بچووك و جووت لولەی گەورە، ستار، چوارده خۆر، تۆکاریۆ، مشك کوژ...تاد.

جۆری فیشەکدان، بە گوێرەی جۆری تفەنگە، بۆ نموونە، باخەڵەکانی فیشەکدانی سێ تیر جیاوازە لەگەڵ ئەوانەی پاکەتی پێنج فیشەکییان هەیە، وەکو تفەنگی ئینگلیزیی. جا ژمارەی پاکەتەکان (باخەڵەکان) بە گوێرەی چیوەی کەمەری کەسەکەیە، هەشت پاکەتیی، دە پاکەتی، دوانزده پاکەتی هەیە. ئەگەر چەکدار، چوار فیشەکدان ببەستێت، دەبێ دوو لە کەمەر و دووەکەی تریش ڕاست و چەپ بەسەر سینگی خۆیەوە ببەستێ.

کیف و قایشی دەمانجەش، سەڕاج بە گوێرەی جۆری دەمانجەکە دروستی دەکرد، زۆربەیان بە سەر لاشانێك شۆڕدەکرانەوە و لە ژێر باڵی چەیدا، لەسەر پشتێن، لەکەمەر دەبەستران.

کە کلاشنکۆفیش پەیدا بوو، کیفی قایش و پەڕویان بۆ مەخزەنەکانی دەدووری. ئەو چەکانەی فیشەکیان زنجیر بوو، فیشەکدانیان نەبوو، هەر بە ڕووتی لە پشت و سەر سێنگ دەپێچران.

لە سەرەتای شۆڕش، لە چەند گوندێکی ناوچەی کۆیە، چەغماغساز، قەوانی فیشەکی دادەگرتەوە، قەوانەکانیان بۆ دەبرد، ئەو بارووت و سەرە گوللە و ترەقەکەی هەبوو.

لە دوای ڕاپەڕین و لەگەڵ دامەزراندنی سوپاس کوردستان، پۆشاکی سەربازیی کوردی، بوو بە پۆشاکی فەرمی، لە شێوەی پۆشاکی سەربازیی نەتەوەکانی دیکە، تەنیا، ئارم و لۆگۆ و ئاڵاکەیان جیاوازە. بەڵام پۆشاکی پێشمەرگە، هەر هەمان پۆشاکە کلاسیکییەکەیە، تاکە گۆڕان کە بەسەری داهاتبێ، جۆری قوماشەکەیە لە چاکی و باشییدا.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، پۆشاکی جاشەکانی کۆیە، هەر هەمان پۆشاکی جلکی کوردی ڕۆژانەی خۆیان بوو، و مەیلییان کەمتر بۆ ئەو جلکە چووە کە پێشمەرگە دەیپۆشیی. بەڵام ئەوان هەمیشە قەمسەڵەی سەربازیی جۆری باش باشیان لە لایەن حکوومەتەوە پێدەدرا، کە هەبوو ڕەنگی خاکی و هەبوو مەغاویریی پەڵەپەڵە بوو.

بەشی دەیەم

# پۆشـاکی بۆنـەکان

پەیوەندییەکی تۆکمە لە نێوان پۆشاك و هێندێك بۆنەی نەتەوایەتی و ئایینی و کلتووری هەیە، تەنانەت پۆشاك، ئامرازی سەرەکیی هێندێك لەو بۆنانەیە، کە بەبێ ئەو ناسینەوەیان ئاسان نییە. لەم بڕگەیەدا بە کورتی هێندێك لەم بۆنانەی دەڤەری کۆیە، کە پۆشاك ڕۆڵی لە ئەنجامدانیاندا هەیە، ڕاڤە دەکەین.

## پۆشـاکی پرسـە:

دەگوترێت :" شین و شایی، دەستەوایی." لە فەرهەنگی هەمبانە بۆرینەدا هاتووە:" شین: شەپۆڕ، گریانی بە دەنگ بۆ مردوو."[(١)]، سەرچاوەکەشی لەوەوە گرتووە، کە جاران پرسەداران، بە تایبەتی ژنان، پۆشاکی شینیان دەپۆشی کە لە خومخانەکاندا شیندەکران. چونکە ڕەنگی شین سیمبولی پاکیی و پیرۆزیی و پاکیزەییە.[(٢)] لە گەڵ هاتنی ئایینی ئیسلام، ڕەنگی ڕەش جێگەی ڕەنگی شینی گرتەوە، بەو سیفەتەی کە ڕەش ڕەنگی مەرگ و تازییەباری و خەمە. جاران نەك هەر لە ڕۆژانی پرسەدا ژنان جلکی ڕەشیان دەپۆشی و پیاوان

-----------------------------

(١) هەژار، فەرهەنگی هەمبانە، ل. ٤٨١

(٢) هەفتەنامەی باس. ژمارە ٢٦٢ لە ١٧/ ١١/ ٢٠١٥ سەلاح حەسەن پاڵەوان.

پشتینی ڕەشیان دەبەست، بەڵکو دەبوایە تا سێ چوار ساڵان تازیە نەشکێنن. دواتر وردە وردە پۆشاکی کاڵ و گوڵ وردیان لەبەر کردووە. هەرچەندە ژنانی کۆیە ڕەنگی ڕەشیان پێ پەسند بووە چونکە وەك مامۆستا تایەر ئەحمەد حەویزی دەڵێ:" لە کۆنەوە ژنان زۆر قوماشیان لەلای جووەکان لە خم دەدا: کە قوماشی رۆژئاوایی و قوماشی ڕایەڵ باریك و ڕەنگاوڕەنگ پەیدا بوو، کۆیە و وڵاتەکەی و خۆشناوەتی و تەنانەت دەشتی دزەییانیش، لەبەر ئەم ناخۆشییانە و زۆر لیکدی نزیکی و ناسیاریە، بە تایبەتی جلکی ڕەشیان هەڵدەبژارد، ئەمە (ڕەشپۆشی) پێ دەڵێن، ئەوانەی تازیەداریش نەبوون، وەك ڕیزگرتنێك لە دەستۆرەکە، هەر ڕەشیان دەپۆشی.[1] ئەم ڕەشپۆشییە منداڵ و کچی پارچەڵەی نەدەگرتەوە.

لە کاتی شینگێڕاندا، جاران پۆشاکێکی کەسی کۆچکردوویان دەهێنا ناو کۆڕی شینەکە، بۆ نێرینە، پشتێن و شەڕواڵ و دەسماڵ و کراس، هێندێ جارانیش دەسماڵی کەسك و سۆر ئەگەر مردووەکە جوانەمەرگ بوایا. بەڵام بۆ ژنان، کۆتەرەیان(کۆتەڵەیان) دروست دەکرد. واتا لە ناوەندی ئەلقەی شینگێڕانەکەدا، کۆتەرەیەکیان - کە قالبی کڵاوان بوو لە دار دروستکرابوو - لەسەر کورسییەك دادەنا، جا هەموو خشڵ و زێڕ و زیوی ئەو ژنە مردووەیان بەم کۆتەرەوە دەکرد و بە دەوریدا بە گریان و شین و شەپۆڕ دەسووڕانەوە و سەردولکەیان بەسەردا هەڵدەگوت، بەتایبەتی لە کاتی کۆچکردنی ئاغاژنەکان." بۆ گەورەپیاو و خانەدانەکانیش کە دەمردن، کۆتەڵەیان بۆ دەکردن، بەڵام بە شێوەیەکی جیاوازتر، کۆتەڵەکەیان بە جلکوبەرگ و خشڵ و کەرەستەی جەنگیی کۆچکردووەکە دەڕازاندەوە و لەسەر ئەسپێکی زینکراو لە حەوشی دیوەخاندا دەیانگێڕا و سەردولکەیان بەسەردا دەگوتەوە."[2]

لە دوای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، شێوازی پرسەدانان لە کۆیە زۆر گۆڕانکاری بەسەر داهات و بەم شێوە توندڕەوییەی جاران نەما، دواي ماوەیەکی

---

(١) مێژووی کۆیە، تایەر ئەحمەد حەویزی، چاپخانەی نمر، بەغدا، ١٩٨٤ ل. ٢٤٥

(٢) سەرچاوەی پێشوو. ل. ٢٥١.

کورت تازییەیان دەشکاند. ئیمڕۆ (٢٠١٦)، هەرچەندە لە سێ ڕۆژی پرسەدا ژنان ڕەشی دەپۆشن، کچەکان پتر بلوز و پانتۆڵی ڕەش، ژنان بەدلەی ئیماراتی و مەغریبی بە قۆماشی بریقەدار و تریسکەداری ڕەش، کە سەردەست و یاخەیان نەخشێنراوە بە داو سانتینی ڕەش، بەڵام قەیرەژن و پیرێژنەکان جلکوبەرگی کوردی ڕەش دەپۆشن. زۆر ناخایەنی و دوای چەند حەفتەیەك بارودۆخی ئاسایی ژیانی ڕۆژانە دەست پێدەکەنەوە، تەنانەت دەچنە سەفەر و سەیرانیش. پیاوانیش لە ڕۆژی پرسەدا، زۆربەیان بە پۆشتەوپەرداغی و پۆشاکی نوێ پێشوازی لە پرسەکاران دەکەن.[1] هەرگیز لەکۆیە عادەت نەبووە بۆ پرسە لە کوڵان و بەرماڵان، وەك هێندێك شاران، خێوەت هەڵدەن، هەمیشە پرسە پیاوان لە مزگەوت و هی ژنانیش لە ماڵی کەسی مردووەکە بووە، لە دوای ڕاپەڕیندا، هۆڵی پرسەی بۆ ژنان، لەلایەن خێرخوازانەوە، کرایەوە، ئێستا (٦) هۆڵی پرسە هەیە بە ناوەکانی: هۆڵی فاتمەخان، هۆڵی ست سیوەیل، هۆڵی خەجیج خانی حەوێزی، هۆڵی خاتوو زبێدەخان، هۆڵی سنەوبەرخان، هۆڵی شەوگێڕاوە.

---

(١) جاران کەسی تازیەدار پۆشاکی نوێی ڕەنگاوڕەنگ و خشڵ و خۆ ئارایشتکردن و ئاهەنگ و سەیران و زیافەتی لە خۆی حەرام دەکرد. گۆرانی و پێکەنین و بنێشت جووین و تۆ خواردن و سەرلەخەنە گرتن و زۆر خۆشتن و زۆر کولاُکردن، تا ماوەیەکی دوور و دریژ نە دەبوایە ئەنجامبدرێن. بۆ ماوەی سێ ڕۆژی پرسەکە، نیوەڕۆ و ئێوارە، سفرەیان بۆ دەچۆوە. حاڵەتی تایبەتیش هەبووە کە، تازیەدار، سۆفیگەرانە، کەشکۆڵی خەمی بەسەر شانی خۆی داداوە و ژیانی لەخۆی حەرام کردووە، خاتوو ڕەحمەی زێڕان، کچێکی جوانەمەرگ دەبێ، تا بیست ساڵ شانە لە پرچی نزیك ناکاتەوە و تەماشای ئاوینە ناکات. کاتێکیش دایەگەورە لە بنەماڵەی تاڵەبانی کوڕێکی جحێڵی جوانە مەرگ دەبێ، هەر لەنزیك ماڵەکەی خۆی، لە تەکیەیی تاڵەبانی دەینێژێت و دەبیتە یەکەم گۆڕ لە ناو ئەم تەکییە لە کۆیە. دایەگەورەی جەرکسووتاو، سێ مانگ خۆی ناشوات و کە خۆشی دەشوات، پەلکە هەنجیری زوور لە جیاتی لیفکە بەکار دەهێنێ، شەش مانگ بەردەوام سفرەیان بۆ دەچێتەوەو بۆ یەك ساڵیش، جیگەی پرسە، لە دیوەخان هەڵناگیرێت حەوت ساڵان ئەو دایکە ناچێتە ناو نوێن و لەسەر زەوی دەخەوێ، تا چاوەکانی لە دەست دەدا، هەر دەگرێ و دەنوزێتەوە.(چاوپێکەوتن، زبیدەی حاجی عەبدوڵڵای کەبابچی، کۆیە، ٢٢ / ١/ ٢٠١٥)

## پۆشـاکی جـەژن:

زاراوەی جەژن، جاران هەر پەیوەست بوو بە بۆنە ئایینییەکانی وەك (جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربان و جەژنی مەولود)، بۆنە نەتەوەیی و حکوومییەکان، ئەگەر ناوی جەژنیشیان پێوەبوایە، ئەوا مەڕاسیم و ڕێوڕەسمی جەژنە ئایینییەکانی وەرنەدەگرت. بۆنموونە، بۆ ساڵڕۆژی دانیشتنی مەلیكلەسەرتەخت، کە پێیان دەگوت (جەژنی جلووس) ئاهەنگیان دەگێڕا، بەڵام جیاواز لەگەڵ جەژنە ئایینییەکان. چونکە جەژنە ئایینییەکان پیرۆزیی و شکۆمەندی خۆیان هەبوو، زۆر بە ڕێز و حورمەتەوە پێشوازییان لێ دەکرا، بە تایبەتی دوو جەژنە گەورەکەی موسڵمانان: جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربان. یەکێك لە ئامادەکارییە سەرەکییەکانیان، بڕین و کڕینی پۆشاکی نوێ بوو، بە تایبەتی بۆ منداڵان بە کوڕ و کچەوە. دەوڵەمەند و هەبووەکان، ئەوا هەموو جەژنەکان پۆشاکی خۆیان و منداڵەکانیان نوێ دەکردەوە، بەڵام بۆ چینی کاسب و خەڵکی عەوام، ئەوا لە ساڵەکەدا، تەنیا لە جەژن پۆشاکیی نوێیان دەکرێ، جاریش هەبوو، بە دوو چین، لە جەژنی ڕەمەزان چەند پارچەیەك و لە جەژنی قوربانی بەشەکەی دیکە، بۆنموونە چونکە لە جەژنی یەکەمدا پۆشاك کڕاوە، ئەوا لە جەژنی دووەمدا، تەنیا پێڵاو دەکڕدرێت. نوێکردنەوەی پۆشاکی جەژن، نۆبووك و ژنەکانیشی دەگرتەوە، پیاوەکانیش بە گوێرەی توانایی بژێوییان، بەڵام زۆربەیان جلکی جەژنیان هەبوو، واتا، چەند دەستەجلێك کە تەنیا لە ڕۆژانی جەژندا دەیانپۆشیی و دواتر هەڵدەگیرایەوە. جلکوبەرگەکان، زۆربەی هەرەزۆری لەلای بەرگدروو دەدوروان و پۆشاکی حاز بە دەگمەن هەبوو. لە شاری کۆیە پۆشاکێکی تایبەت بە جەژن نەبووە، واتا هەر پۆشاکە کلتوورییەکە بوو بەڵام نوێدەکرایەوە.

یەکەمین جەژنی نەتەوایەتی، دەتوانین بڵێین، چەژتی نەورۆز بوو، کە لە ناوەندی چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە، بە گەرم و گوڕی، هاتە گۆڕەپانەکە و وردە وردە تایبەتمەندی خۆی وەرگرت. تا وای لێهات، پۆشینی ڕەنك و چۆغە

بۆ پیاوان و جلكی كوردی بۆ ژنان، بوو بە سیمایەكی دیاری ئەم جەژنە، یان ڕوونتر بڵێین، نەورۆز ئەو جەژنە بوو، كە دەبوایە جلكی كوردی تێدا بپۆشرێت. دوای ڕاپەڕین، ڕیزبەندیی بۆنەكان زۆر هەڵكشا و پشووەكانی زۆر بوون، بۆنموونە، ڕۆژێكی تایبەت لە ساڵی (٢٠١٣) تەرخانكراوە بۆ پۆشینی جلكوبەرگی كوردی، ئەویش ڕێككەوتی (١٠)ی ئادارە. كە تێیدا قوتابی و فەرمانبەر پۆشاكی كوردیی نوێ دەپۆشن.

ئەمەی باسمان كرد، بۆ جوولەكە و دیانانیش هەر هەمان داب و نەریت بوو.

## پۆشاكی سەیرانان:

لە دەڤەری كۆیە چەند سەیرانگەیەكی بەرچاو هەبوون، ئەوانە كە لە دەروبەری شار بوون، وەك سەیرانگەی ئۆمەرخوچان و حەمامۆك و كانییە قەرە و هەیبەسوڵتان و هەرمۆتە و تۆپزاوا و لوولەی زایەری و دەرماناوان، لە بەیانییەوە تا ئێوارە، سەیرانی یەك ڕۆژەیان تێدا بەڕێوەدەچوو، بەڵام سەیرانگا دوورەكان، كە بە وڵاغ بۆی دەچوون، وەك سەیرانگەكانی چنارۆك و هیران و نازەنین و جەلی و كرۆژ و... ئەوا دوو سێ ڕۆژی دەخایاند. زیارەتكردنیش هەبوو بۆ سەر گڵكۆی شیخ و پیاوچاكان، وەك وەكاشە و ئەسحابان و ئۆمەرمەندان و مێرگەسیر. لە هەموو ئەم سەیرانانەدا، ژن و پیاو، كوڕو كچ، جوانترین و نوێترین پۆشاكیان دەپۆشی. دیسان هیچ پۆشاكێك نەبووە تایەت بێ بە سەیران و سەیرانگەیەكی تایبەتی.

بەڵام دوای ڕاپەڕین، شێوازی پۆشینی جلوبەرگی سەیران گۆڕانكاری بەسەرداهات، بۆنموونە، سەیرانكەران، زۆریان بە پۆشاكی ئاسایی دەچنە سەیران، ئەوجا لەوێ جارێكیتر خۆیان دەگۆڕن و پۆشاكی جوان و تازە لەبەر دەكەن، بە تایبەتی كچانی هەرزەكار و ژنەكان. جار هەیە چەند دەستەجلكێك لەگەڵ خۆیان دەبەن و نمایشیان دەكەن. جا چونكە سەیرانەكان بە ئۆتۆمبیلن ئەوا كێشەیەكیان لە گواستنەوەی شتومەكدا نییە، هەشە خێوەتی ڕەنگاو ڕەنگی بچووك و گەورە هەڵدەدا.

## پۆشـاکی سـەفەران:

جاران چونکە سەفەرکردن بە گوێدرێژ و وڵاغ، خۆش و ئاسان نەبوو، بۆ کاری پێویست نەبوایە سەفەریان نەدەکرد. بۆنموونە، سەفەری حەج کە بە وڵاغ و وشتر بوو زیاتر لەسێ مانگی دەخایاند، بۆیە دەبوایە پۆشاك و پێخەفی پێویست، ئامادەبکرێت. دوای ئەوەی ئۆتۆمبیل ـ لە دوای سییەکانی سەدەی ڕابردوو ـ بوو بە ئامرازی گواستنەوە، شێوازی سەفەرکردنیش گۆڕا. سەفەری کۆییەکان پتر بۆ کەرکوك و هەولێر و مووسڵ و سلێمانی و بەغدا بوو، جگە لە شار و شاروچکەکانی دەوروبەر، وەك ڕانیە و قەڵادزێ و شەقڵاوە و هیران... . تا سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، هەر موسافیرێك باولێکی خۆی پێ بوو، بچووك یان گەورە، زۆربەی باولی مەعدەن بوون پێیان دەگوت (باولی تەنەکە) یان باولی قایش بوو کە نرخەکەی گرانتر بوو. تەنانەت ئەگەر بۆ یەك ڕۆژیش سەردانی هەولێریان بکردبایە، بە نموونە، ئەوا ئەو جانتایەیان هەر پێ بوو، کە شتوومەکی سەفەری، وەك خاولی و پێجامە و ژێرپۆش و نەعل و گۆرەوی و دەسماڵ و لیفکە و تاقمەتراش(بۆ پیاوان)، تێدا بوو، جگە لە دەستەجلکی باشی پێویست، چونکە ڕێگایەکان یەکجار خولاویی و تەپۆتۆزاویی ـ یان چڵپاو و قوڕاوی ـ بوون.[1] دواتر سەفەرکردن زۆرتر بوو چونکە ئاسانتر بوو، بۆیە وردە وردە باول هەڵگرتن پاشەکشێی کرد، لە کۆتاییدا، تەنیا بۆ سەفەری دوور و زۆرخایان لەگەڵ خۆیانیان دەبرد. بۆ سەرباز و کورتەسەفەریش جانتای شان بوو بە مۆدێل. ئێستا کۆڵەپشتە و جانتای دیپلوماسیی دەستیش بەکاردێ. هەشە هەر کیسەی نایلۆنی ئاسایی بەکاردێنێ.

---

(١) بەندە، کە لە ساڵی (١٩٧٠) چوومە بەغدا بۆ خوێندنی زانکۆ، جانتایەکی تەنەکەی سوورم پێ بوو بە قەبارەی (٦٠ X ٤٠ X ٢٥ ) سم.

## پۆشاکی ڕاو:

چونکە کۆیە نزیکە لە چیای هەیبەسوڵتان و باواجی و دووریش نییە لە چیای ئاوەگرد و بنەباوی و دوڵی خۆشناوەتی، ڕاوکردن هیوایەتێکی باو بووە، بە تایبەتی ڕاوەکەو و سوێسکە و پۆر و کەروێشك و سیخور و ژیژك و بەراز و کێوی و ئاسك و ڕێوی. هەروەها ڕاوەماسی لە زێی بچووك و دەریاچەی دوکان و گۆم و گۆماوەکانی ناوچەکە. بە گشتی ڕاوچییەکان، جلکوبەرگی ئاسایی دەپۆشن، بەڵام ئەوانە هەڵدەبژێرن کە کۆنە و بێکەلکن، ژمارەیەکی کەم پۆشاکی خاکیی خاڵی لە ڕەنگی بریسکەدار و تۆخی سەرنجڕاکێش، دەپۆشن، کڵاو و کلێتە و پشتێن و پاڵتۆ و قەمسەڵە و ملپێچ دەپۆشن و پێڵاو وپۆتینی باش و گەرم وگوڕ لەپێ دەکەن. ئامراز و کەرەستەی ڕاویش، بەگوێرەی جۆری ڕاوەکە، لەگەڵ خۆیان دەبەن.[1]

کەرەستەیەکی ڕاو کە قوماشی تێدا بەکاری دێ دێوجامەیە، ئەویش بریتییە لە پارچە قوماشێك نزیکەی (١٣٠ X ١٠٠) سم، لە سەردرێژییەکەی لە هەردوو لا، لە دوو داری بەقەد گۆچان ئەستوور، پێچراوەتەوە، لە بەشی ناوەندی خوارەوە، سێ کونی تێدایە دووی سەرەو بۆ چاوەکان تا ڕاوچی تێیدا بڕوانێتە دەرەوە و کونەکەی تر بۆ لوولەی تفەنگی ڕاوە. ئەم دێوجامەیە کتومەت وەك ئەو لافیتەی کە بە دوو دار، ئیمرۆ لە بۆنەکانی خۆپێشاندندا بەرزی دەکەنەوە. ئەویش دوو جۆرە: یەکیان: ڕووی دەرەوەی دێوجامەکە، چەندین پارچە قوماشی بەقەد دەسماڵی پێوە دووروواوە، هەر پارچەی ڕەنگێکە: شین، سوور و زەرد و ڕەش و سپی و بریسکەدار...تاد. جۆری دووەم، عاردەکەی قۆماشێکی سپییە،

---

(١) باوکم، کە ڕاوچییەکی ناسراوی کەو وسوێسکە بوو، جلکی تایبەتی دەپۆشی، بریتی بوو لە کورتەك و شەرواڵ و پشتین و کراسی خاکی، شەپقەی سەربە گومەزی ئیگلیزیی و پۆتینی بە قەیتانی خاکی و جووتێك گۆرەویی خاکی جۆری سەربازیی تا خوارسەرچوك . نێزەیەکی تفەنگیشی لە قەد دەبەست بە پشتێنێکی قایش کە سەرشانی هەبوو. جانتایەکی خاکی هەڵدەگرت کە لاونیو دەکەوتە سەر پشت، لە شانی ڕاستەوە بۆ کەمەری لای چەپ.

به بۆیەی ڕەش وێنەی مار و ڕێوێ و سەگ و پشیلە و ...تاد. لەسەر نەخشێنراوە. لە کاتی ڕاوکردنی کەو و سوێسکە، ڕاوچی هەردوو دارەکەی دێوجامەکە بە دەستەوە دەگرێ و لە پشتی دەڕوات و لە دوو کونەکەشڕا، تەماشای پێش دەمی خوی دەکات، کە کەو وسوێسکە ئەم شتە سەیرە دەبینن، پێیان سەیر دەبێ و وردە وردە لێی نزیك دەبنەوە، ئەوجا ڕاوچی دوو دارەکان لە زەوی دەچەقێنێ و لە کونی دێوجامەکەوە بە تاپرەکەی لێیان دەکەوێتە تەقەکردن و دەیانکوژێ. (بڕوانە وێنەی دێوجامە).

بەشی
یانزدەم

# پۆشـاك لە یاریی منداڵان و وەرزش و شـانۆدا

## پۆشـاك لە یاریی منداڵاندا:

هەرچەندە یاریی، پتر پەیوەستە بە جیهانی منداڵانەوە، بەڵام جاران، دوو دەستە و تاقمی تریش یارییان دەكرد، یەكیان ئەو كوڕە هەرزەكار و پیاوانە بوون كە تەمەنیان لە سی، سی و پێنج ساڵی نزیك دەبۆوە، لە گۆڕەپان و سەربان و دەشت ودەر مووشانی و مەزراحانێیان دەكرد. دەستەی دووەم، پیاو و پیشەوەر و خەڵكی دیكە بوون، وەك مەلا و فەقێ و سوختە و شاگرد، بۆ نموونە، وەستا عەولا جەیدی (؟ ـ ١٩٤٨) كە پیاوێكی خێرخواز و ڕەند و ئەهلی سەیران و گەشت وگوزار و یاری بوو، بەهاران پاش نوێژی عەسر، هەموو دوكاندار و پیشەوەرەكانی بەدوای خۆیدا، دەبرد بۆ سەیرانگە و ڕەز و باغەكانی دەوری شار و تا خۆرئاوا بوون هەر یارییان كردووە، وەك شایی شایانی و كێلانێ و ساپساپانێ و بازدان و غاردان و زۆرانبازی....تاد. ئەوان هەر بە پۆشاكی ئاساییەی ڕۆژانەی خۆیان یارییەكانیان كردووە و هیچ تایبەتمەندییەكیان نەبووە، تەنیا لەم یارییانە نەبێ:

**شەمووله (بووکە بەبارانە):**

کە بارانی پەڵە دوادەکەوێت، منداڵان بووکە بەبارانە دەکەن، لە شێوەی خاچێکی بە قەد باڵایەك بەرز، لەدار، بووکەڵەیەك دروستدەکەن، سەر و کەللەی، وەك تۆپەڵە، لە قوماشی کۆنە جلك، بۆ دەکەن، ئەوجا شان و مل و باڵاکەی بە پارچە قوماشی ڕەنگاو ڕەنگ دادەپۆشن و بەبەر ماڵاندا دەڕۆن و بە گوتنەوەی ئەم بەیتانەی خوارەوە، لەبەر دەرگای ماڵان ڕادەوەستن، تا بە کۆتکان ئاو بەسەر سەری ئەو بووکەبەبارانەیە دابکەن بەو هیوایەی باران بباریێ.[١] (بڕوانە وێنەی بووکەوبەبارانە).

**هەیاران و مەیاران**
**یاخوا بباریێ باران**
**بۆ فەقیر و هەژاران**
**هەیاران و مەیاران**
**گەنمی حەسن و حوسێنان**
**هەمووی قڕ بوون لە تێنان**
**لەبۆ ئاوی قولەتێنان**

**شەوی شەوبەرات:**

جاران هەموو ساڵێ، لە شەوی (١٣) شەعبان مەڕاسیمی شەوی شەوبەراتێ دەکرا، منداڵان لە کور و کچ دوای بانگی شێوان دەستە دەستە بە کوڵانەکانی گەڕەکدا بڵاودەبوونەوەو لەبەردەم هەر دەرگایەك، بە یەکەوە دەیانگوت:" شەوی شەو بوراتێ/ خوا دووکوڕو کچتان داتێ/ دەمان دەنێ هەر بەزیاد بی/ نامان دەنێ هەر بەزیاد بی/ دەمان دەنێ ؟." یان دەیانگوت:" کابانێ دەست بەزێڕێ/ دەست لە ماریێ (ماڵێ) بگێڕێ/ بەشی مندارەورتکان (منداڵەورتکان) بنێری."

---

(١) هێندێ جار پیاویش بەگەڵ منداڵەکان دەکەوتن، چونکە باوڕییان وابوو کە ئەمە باران دەهێنێ.

جا خاوەن ماڵەکەش قەسپ و هەنجیری وشککراوە و مێوژ و شەکرۆکە و نوقڵ و پارەیان دەدانێ. هەر منداڵەی کیسەیەکی بە دەستەوە بوو یان لە شان و مل دەکرد، کە دایك و خوشکیان بۆیان دروستدەکردن، (٣٠ ـ ٤٠) ساتیم درێژ و (٣٠) سانتیم پان دەبوو، ملوانکەی هەبوو تا لە مل بکرێت و پزیشیان بۆ کردبوو، تا وەك دوخین بە داوەبەن یان دەزوو زارکەکەی بپێچرێتەوە.

### شایی شایانێ:

تایبەت بوو بە کوڕان، بەتایبەتی هەرزەکارەکان، پشتێنێکی هاوڕێیەکیان دەیناو، یەکێك لە ناوەڕاستی گورەپانەکە سەرێکی دەگرت و یاریکەرەکەی دووەمیش سەرەکەی دیکەی پشتێنەکەی دەگرت و دەسووڕایەوە، ئەو خەڵکەی بە بازنەیی لە دەوری کۆدەبونەوە، هەوڵیاندەدا زۆرترین شەق لە کەسی دووەم هەڵدەن، ئەویش هەوڵیدەدا کە بە شەق هاویشتن پارێزگاریی لەخۆی بکات. ئەو کەسەی شەقی ئەوی پێ بکەوتبایە، دەبوایە بێتە شوێنی کەسی دووەم. بەم شێوەیە یارییەکە بەردەوام دەبوو.

### چاوشیلکانێ:

پتر یاریی کچانەبوو، بە دەسماڵێك، یان پارچە قوماشێك چاوی کەسێکیان دەبەستەوە و دەبوایە، ئەو منداڵانە بگرێ کە لە دەوری کۆبوونەتەوە و بانگی دەکەن، ئەگەر کەسێکی بگرتبایە، خەڵاتەکەی ئەوەبوو، چاوی ئەویان دەکردەوە و دەسماڵەکەیان لە چاوی ئەوی دیکە دەبەست.

### بووکۆکە:

هەرچەندە، لە سەدەی ڕابردوو بووکەڵەی پلاستێك و بووکەشووشە لە بازاڕی کۆیە هەبووە، بەڵام، چونکە کۆڵان و ماڵەکانی گەڕەکەکانی جاران زۆر بەسەر یەکەوە بوون، باوانی منداڵەکانیش لەبەر کاروکاسبی، وەکو ئێستا لە دەوروپشتی منداڵەکانیان نەبوون، ئەوا منداڵە کچەکان بۆخۆیان بوکووکەیان دروست دەکرد، ئەویش دوو جۆری هەبوو:

بووکی بە قالب: لە قوماش بە گوێرەی قەبارەی ئەو بووکەی کە خواستیان بوو دروستی بکەن، قوماشیان بۆ دەبڕی، کە پتر خام و بەلوری سپی بوو، ئەوجا بە دەرزی وداو لە شێوەی لەشی مرۆڤ دەیاندووری و ناوئاخنیان دەکرد بە لۆکە، تا وەك بووکەشووشەی قیت و قنجی لێ دەهات.

بووکۆکەی بەدار: دارێکی بە قەد قەڵەمێکی ڕەش یان گەورەتریان دەهێنا و لە بەشی سەرەوەو، لە لای سینك، بە ئاسۆیی، کورتە دارێکیان ڕاست لێ توند دەپێچا، بۆ سینگ و دوو دەستەکەی، ئەواجا جلکیان لەبەر دەکرد.

تا پەنجایەکانی سەدەی ڕابردوو، دایکەکان پارچە قوماشی پاشماوەی جلکەکانی خۆیان، کە پێیان دەگوت (بڕشت)، دەدا بە کچەکانیان، جاریش هەبوو لە لای خەیاتەکان کۆیاندەکردەوە، ئەوانیش دەستە جلکی بووکەکانیان لێ دروست دەکرد. منداڵەکان زۆر کاراما و دەست ڕەنگین بوون، بۆ هەردوو جۆرە بووکەکە، هەموو ئەو جلکانەیان دەدووری کە دایك و خۆشکەکانیان دەیانپۆشی. ئەوان دەرپێ و ئەتەگلغ و کراس و سوخمە و کەوا و سەرپۆش و کڵاو وچارۆگەیان لە بەر بووکەکانیان دەکرد، بۆ خشل وڕازاندنەوەش، زەنگیانە و پوولەکەی وردیان دەکڕی، هەموو خشڵەکانیان لە ملەگۆ و بازن و سێلولە و خەزێمە و گوارە و خڕخاڵ بۆ دروست دەکردن. دەچوون لە لای زێڕینگەرە جوولەکەکان تاسی مەعدەنیان دەکڕی کە نرخەکەی یەك (عانە) بوو، کە بە قەد سەری بووکۆکەکان بوو. دوو خاڵی سەرنجڕاکیش: منداڵەکان ئەم بووکۆکانەیان، دەکرد بە بووك، هەلهەلەیان بۆ لێدەدا و شاییان بۆ دەکرد، شیوەقولۆکەیان بۆ لێدەنا، دواتر لە شێوەی ژنی دووگیان، سکیان بۆ دەکرد، ئەوجا مەلۆتکەیان دەپێچاوە، تەنانەت دەیانکردنە خێزان و سەردانی ماڵی دەستە خۆشکەکانیان پێ دەکردن، لەمەش سەیر تر، ناویان لە بووکەکەیان دەنا، وەك: گولیزارخان، سیمولعوزار، دلارام، خاتووزین...تاد. دووەم، هێندێك لەو منداڵانە ئەم بووکۆکانەی خۆیان زۆر خۆشدەویست، هەبوو تا شوویکردووە، هەر لەلای خۆی پاراستوویەتی.[١]

---

(١) ئەم وردە زانیارییانە زۆر بایەخدارن بۆ دەرهێنەری شانۆ و سینەما و ڕۆماننووس، کاتێك بابەتەکەیان دەربارەی یاریی منداڵانی سەدەی ڕابردوو بێ. (چاوپێکەوتن، زبیدەی حاجی عەبدوڵڵای کەبابچی، کۆیە،

**کـــۆلارە:**

لە پایزاندا، کوڕە تەمەن حەوت هەشتساڵەکان و بەرەو ژوورتر، بۆخۆیان لە کاغەز و پووشی گێسك و سەمغی کاغەزو داوی گوش، کۆلارەیان دروست دەکرد، کۆنە پەڕی دەفتەر و کتێبانیان بە سەمغی کاغەز لێکدەدا و کلك و دەستیان، بە قەبارەی جیاواز بۆ دەکرد. هەبوو فەنەریشی دەخستە سەر و هەڵی دەدا، فەنەر مۆمێکی بچووکە، قاغەزی لە دەور دەپێچرێ تا نەکوژێتەوە و لەسەر پشتی کولارە چەسپ دەکرێ. نامەی کۆلارە، بریتی بوو لە شریتە پارچە کاغەزێك کە بە قەد نینۆکێك پان دەبوو، بە شێوەی ئەلقە، وەك ئەنگوستیلە بە داوەگوشەکەیانەوە دەکرد و با بەرە بەرە بەرەو کۆلارەکەی دەبرد، تا دەگەیشتە بن سینگی کۆلارەکە. جاران کۆلارەکان هەر لە کاغەز دروستدەکران و هەمووشیان سپیی سادە یان کاغەزی ئەسمەر بوون. داوەکەی هەر گووش و بکرە بوو کە دانەیان بە (٥) فلس بوون هەبوو سێ گوشی لێك دەبەست.

## پۆشـاك و نمایشـی وەرزشـی:

لەگەڵ کردنەوەی مەکتەب، لە لایەن ئینگلیزەکانەوە تا ئێستا، ئەنجامدانی نمایشی وەرزشی ساڵانە بۆتە نەریت، کە زۆرترین قوتابخانەی کوڕ و کچ، لە کێبڕکێی وەرزشی جیاوازدا بەشداری تێدا دەکەن. جا جگە لە وەرزشەوان و دێدەوان کە پۆشاکی تایبەت بە خۆیان هەبووە، زۆر نمایشی کەژاوە و ڕێڕۆیشتنیش بەڕێوە دەچوو، مامۆستاکان هەوڵیان دەدا، هەر ساڵەی بە شێواز مۆدێلێکی تازەوە بێنە ناو گۆڕەپانەکە. ستایلەکانیان پتر لاساییکردنەوەی پۆشاکی ڕۆژئاوایی بوو، بە تایبەتی هی قوتابییە کچەکان، بەڵام دوای ڕاپەڕین، بایەخدان بە دیزاینی پۆشاکەکان پەرەی سەند، بۆنموونە، زۆرجار سیمای جلوبەرگی کوردی، بە شێوەیەك لە شێوەکان، لە پۆشاکە نمایشکراوەکاندا

---

٤ / ٧ / ٢٠١٦). ئێستاش (٢٠١٦)، ژنە کۆیی هەیە بووکۆکەی سەردەمی منداڵی خۆی هەر ماوە.

دەبینین، وەك ئاڵای کوردستان، پەستەك و فەقێیانی و کڵاوی سەپانان و کەڵاشی هەورامان و سرکەیی و کەوا و سەڵتە و سوخمە و پشتێن...تاد. هێندێك جار لە کاتی نمایشی وەرزشی، چەند قوتابییەکی کوڕ دەچوونە ناو گونیە و زارکەکەی بە دەستەوە ڕادەگرن و لە کێبڕکێدا، بە ڕیز دەکەوتنە غاردان، جا کێ زووتر بگەیشتبایە خاڵی دیاری کراوە براوە بوو.

لە ئاهەنگی نەوروز و ڕۆژی نمایشی وەرزشیدا، تا کۆتایی حەفتایەکانی سەدەی ڕابردوو، هێندێك جاران، لە گۆڕەپان، نمایشی داستانی قارەمانەکانی دوانزدە سوارەی مەریوان، کتومت وەك خۆیان بە جلکی کوردی و تفەنگی بڕنە و فیشەکدان و ئەسپی زینکراو، بەڕێوە دەچوو. (بڕوانە وێنەی نمایشی وەرزشی).

## پۆشاك و سەکۆی شانۆ:

هەر چەندە مێژووی شانۆ لە شاری کۆیە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٣١) کە تەمسیلی (کچی کوردستان) لە مەکتەبی کویسنجاق پێشکەشکرا، بەڵام زۆر زووتر شانۆ، بە شێوە میللیەکەی لەم شارەدا هەر هەبووە، بێگومان، پۆشاك بەشێکی گرنگی ئەم هونەرەیە. جاران فەقێ و موستەعیدەکان تەمسیلی شوان و گورگیان دەکردو و لاسایی هەندێ حیواناتیان کردۆتەوە. لە بەهارانیش، تا ساڵی (١٩١٤)، پیشەوەرەکان پارەیان کۆدەکردەوە و دەچونە (ئەسحابان)، لەوێ بۆ کەیف و خۆشی، یەکێکیان دەکردە پاشا و تاجیان لەسەر دەنا و بەرگێکی سەیریان لەبەر دەکرد و شیرێکیان دەدادەستی و لەسەر کورسییەکیان دادەنا و دەست و پێوەندی هەبوو، فرمانەکانی جێبەجێدەکرا و تاوانبار و ئاژاوەچییەکانی جەریمە دەکرد. لە کۆتاییدا، کە پاشا جلکوبەرگی پاشایەتی لەخۆی دادەکەند، میللەتەکە بەدوای دەکەوتن و تۆڵەی خۆیان لێدەکردەوە.[١]

---

(١) مێژووی کۆیە، تایەر ئەحمەد حەویزی، چاپخانەی نمر، بەغدا، ١٩٨٤ ل. ٢٤٧ ـ ٢٤٨

له زۆربەی نەورۆزان، تەمسیلی كاوەی ئاسنگەر نمایش دەكرا، ئەوا جگە له چالاكییەكانی تیپە هونەرییەكان، له ڕۆژگارە جیاوازەكاندا، لەو كارە هونەرییانەدا، ئەكتەرەكان، بە گوێرەی دەورەكەیان پۆشاكیان بۆ ئامادەكراوە، بێگومان ئەمەش لێزانی و كارامەیی گەرەكە. ئەوان هێندێك لە كارە هونەرییەكانی خۆیان بردۆتە شارەكانی دیكەی وەك ڕانیە و سەركەپكان و سەنگەسەر...تاد.

لەگەڵ كردنەوەی كەناڵی تەلەڤزیۆنی كەركوك لە ساڵی (١٩٦٩) دا و ژیاننەوەی تیپی مۆسیقای باواجی لە حەفتایەكانی سەدەی ڕابردوو، چەند گۆڕانییەكی فۆلكلوری كوردی (كۆییانە) بە پۆشاكی كۆییانە تۆماركران. سیمای پۆشاكەكە بە گورانیبێژ و مۆزیكژەن و كۆرسەكانەوە دیار بوو.(بڕوانە وێنەی تیپی مۆسیقای باواجی).

دوای ڕاپەڕینیش تیپەكانی شانۆ و مۆزیك زۆر پەرە و گەشەیان سەند، بێگومان، ڕەنگدانەوەی پۆشاك، بە شێوە جیاوازەكانی، بە ئاشكرا دیارە.

بەشی دوانزدەم

# پۆشـاك و ئەنفـال و گلکـۆ

## پۆشاك و ئەنفال:

پێش ئەوەی، شالاوی بەدناوی ئەنفال، لە ساڵی (١٩٨٨) بکەوێتە کوشتار و ڕاپێچکردنی خەڵکی سیڤیلی گوند و شارەکانی باشووری کوردستان، حکوومەتە چەنگ بەخوێنەکان، یەك لەدوای یەك، لە ساڵی (١٩٦١)ەوە تەقسیریان لە ئەنفالکردن و قڕکردنی کورد نەکرد، بە دەیان و سەدان ژن و پیاو و منداڵی کوردستان، بێ سەروشوێنکران، هەیە تا ئێستاش ئێسك وپرووسکەکانیان نەدۆزراوەتەوە.

لەکاتی دۆزینەوەی ڕووفاتی ئەو قوربانییانە، چونکە ناسنامە و شتومەکەکانیان پێش شەهیدکردنان، لێ دەسێندران، ناچار، بۆ ناسینەوەیان، کەس وکاریان پەنا بۆ ئەو پارچە جلوبەرگانە دەبەن کە پۆشیویانە، جا چونکە هەر ناوچە و دەڤەرێك لە کوردستان دەستووری خۆی هەیە لە پۆشاك و شێوازی پۆشیندا، ئەوا ئەمانە دەبنە یارمەتیدەر و دەستگر.

دەڤەری کۆیەش وەك هەموو کوردستان، پشکێکی گەورەی لەم ستەمە ڕەشەدا بەرکەوتووە و بە سەدان و هەزاران کەسی لێ ئەنفالکراوە. هەر بۆنموونە، ناسینەوەی ڕووفاتی شۆڕەژنی شەهید( ئایشەگڵۆکە) لە گۆڕستانێکی هەولێر

بە سایەی، کراس و کەوایەکەیەوە بوو. بەهەمان شێوە، دۆزینەوەی ڕووفاتی پێشمەرگەیەکی لای گوندی سماقووڵی، کە لە ژێر ئەشکەنجە لە زیندانی دائیرەی ئەمنی کۆیە، لە ساڵی (١٩٨٤؟) شەهیدکرا بوو و لە تەنیشت قشڵەی کۆیە، پیاوانی ڕژێم، جەنازەکەیان شاردبۆوە، لە ڕێی شێوازی پشتێنەکەیەوە، ناسرایەوە، پشتێنی پێشمەرگە دەبێ هێندێك گەورە و ئەستور بێت بۆ ڕاگرتنی فیشەکدان و مەخزەنەکانی فیشەك.

دوای ڕاپەڕین، بوو بوو بە نەریت، لەکاتی هەڵدانەوەی گۆڕی ئەنفالکراوێك، ئەگەر ئەو شەهیدە، خزم و ناسیاوی ئەوانە نەبوایە کە گۆڕەکەیان هەڵداوەتەوە. پارچەیەك لە پۆشاکی ئەو قوربانییەیان لەسەر گۆڕەکە دادەنا، بۆ ناسینەوەی، ئەمەش ئاسانکاری بوو، بۆ ئەوەی هەمیسان، هەمان گۆڕ هەڵنەدەنە.

لە ساڵی(١٩٦٣) تەها شەکرچی جەلاد، ئامیر لیوای (١٤) پیادەی سوپای عیراقی، کە دەیان سڤیلی ئەم دەڤەرەی گوللەباران کرد، لە ناو چایخانەی سابیری جەلیزادە، لە چنارۆك، دە دوانزدە سەربازی گوللەباران کردبوو و چایخانەکەشی بەسەردا ڕووخاندبوون، کە لە ساڵی (١٩٦٦)، ئەم چایخانەیەیان نۆژەنکردوە، ڕووفاتی ئەم سەربازانە دۆزرانەوە و لە گۆڕستانی شەهیدانیان ناشتن، دواتر کەس و کارەکانیان، کە عەرەب بوون، چەند ڕووفاتێکیان بردەوە زێدی خۆیان.

## پۆشاك، سەرچاك و گلکۆ و داری موتفەرك:

لە کوردستانیش، وەك زۆربەی شار و شارۆچکەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵات، زیارەتکردنی گلکۆ و مەرقەد و مەزاری پیاوچاکان، نەریتێکی کۆنە. جا شاری کۆیەش چونکە مێژوویەکی دێرینی هەیە، چەند گلکۆ و مەرقەدێکی لێیە کە پتر ژنان بۆ حاسل بوونی مرازەکانیان سەردانی دەکەن، هەرچەندە ئەم نەریتە ئێستا نەختێك کاڵ بۆتەوە. لەو گلکۆ و مەرقەدانە: کۆمبەزی هەیبەت سوڵتانی، بۆ نەخۆش و دەردەداران، ئاوەکەیان دەخواردەوە و خۆیانی پێدەشوشت/

مەرقەدی باپیر فەقی ئەحمەدی، بۆ حاسڵ بوونی مرازان/ گۆڕی پورتاوس، بۆ منداڵبوون / مەرقەدی شێخ جامی، بۆ مراز و بەخت و تالع / مەرقەدی شێخی شێخ موسرێ، بۆ خەوزڕاو ونەخۆشان / گۆڕی سەیدی سبیلچی، بۆ نزا و دوعاکردن / چاکی دەروێش خدری، بۆ نەخۆش و لانەوازان / گۆڕی کانییە قەرەی، و چاکی لوولەی زایەری بۆ مرازان / شێخ زۆراب، لە نزیك گوندی ئیلەڵڵای بۆ منداڵ بوون و شێت . لە کوڵانەکانیش گۆڕی چەند چاکێك هەبووە وەك، گۆڕی شێخ باوەکر، قەبری فەقێ شێم حەمەدی سێداری (مێرکەسیر)، قازیلان، حاجی حەسەن،[١] لە مزگەوتەکانیش گۆری سەید وەلی لە مزگەوتی خانەقایە، مەرقەدی شێخ محەمەدی دێرێ،[٢] داری کەندەکۆخیش، کە بۆ چاکبوونەوە لە کۆخەڕەشە زیارەتی دەکەن، دارێکی پیرۆزە.

زۆربەی ئەو مەزارانە، گومبەزیان هەیە یان ژوورن، بە بەڕە و مافوری ئاسایی نیمچە کۆن ڕاخراون، بۆ نموونە گلکۆی سەید وەلی (گەڕەکی قەڵات)، بە پەشمەیەکی گەورە و ڕەنگاوڕەنگی پڕ نەخش و نیگار داپۆشراوە، چواردەوری بە ئایەتی قورئان، بە بۆیەی زێرین نەخشێنراوە، بە هەرچوار دیواری مافورۆکەی نووسراو هەڵواسراون. وێنەی شەجەرە و دەف و دەسکەگوڵ و کڵۆپی زۆری تێدایە. زیارەتکەرەکان، دەبێ بە پێخواستی بچنە ژوورەوە. (بڕوانە مەزاری سەید وەلی).

بۆ گلکۆیەکانی وەکو سیدی قازیلە و دارەکەی کەندەکۆخ، چەند پارچە قوماشێکی سەوزی تێ ئاڵێندراوە یان وەك قردێنە لێی بەستراوە، زیارەتکەر، دوای نزا و دوعاکردن، بەقەد بازنەیەك لەو قوماشانە بۆ پێچانی لە مەچەك، لێدەکاتەوە.

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل. ٥٩ . ٦١

(٢) مێژووی هەرمۆتە، د. هاوژین صلیوە، چ١، چاپخانەی زانا، سلێمانی، ٢٠١٣، مەزارگەی دیانەکانیشە، ئەوان پێی دەڵێن، مەرقەدی مەربێن قەدیشە.

بەشی
سێنزدەم

# پۆشاکی
# مەسیحی و جوولەکەکان

## جلوبەرگی مەسیحییەکانی کۆیە - هەرمۆتە

مەسیحییەکانی کۆیە- هەرمۆتە ئاوێتەی کلتووری کوردەوارین، بۆیە ئەوبەرگەی کە دەپۆشن هەمان ئەو جلوبەرگەیە کە مسوڵمانەکان دەیپۆشن، مەسیحییەکانی دهۆك و زاخۆ...جۆرە جلوبەرگێکی کلتووریی خۆیان بۆ ژن و پیاو هەیە، کەم و زۆر خەڵك بینیویانە، کڵاوی سەریان چەند پەڕەموجکێکی ڕەنگاوڕەنگی تێدایە، بەلای مەسیحییە ئاسووریەکان، (پەڕ) هێمای بەرزی و شکۆمەندییە، وەك لەگای باڵدار دا دەبینرێ، (گا) ڕەمزی هێزە، فرینیش ڕەمزی بەرزی و شکۆمەندییە، بۆیە ئەم دوو شتەیان پێکەوە ئاوێتە کردووە، مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە جلوبەرگیان وەك مسوڵمانەکان بووە، کەریم شارەزا لە وەسفی هونەرمەند حەنیلە خڕەی دیاندا دەڵێ: " تا ساڵانی چلەکانیش حەنیلە خڕەم بینیوە کەسێکی سوورەی چاو قاوەیی و کورتیلە و قەڵەو بوو، دەم و چاوێکی جوان و گونجاوی هەبوو، کەوا و سەڵتەی لەبەردەکرد، جامانەکەی لەشێوەی دیانەکانی قەدیم دەبەست، واتە لەشێوەی جامانەکەی سێوەی هونەرمەند بوو...))[١]، کەواتە لەکۆندا دیانەکانی کۆیە و هەرمۆتە جامانەکەیان زۆر کشت

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل. ١٤٨

و قایم باریکیان دەبەست وەك ئەوەی لەوێنەی سێوەی هونەرمەندا بەدەر دەکەوێ، بەڵام ئێستا جۆری جامانە بەستنیان هیچ سیمایەکی جیاوازی نییە لەگەڵ هی خەڵکانی دیکە. بە شێوەیەکی گشتی پۆشاکی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە وەك هی خەڵکی شاری کۆیە بووە، تەنها لەچەند بۆنەیەکی ئایینیی تایبەت، جلکی تایبەت دەپۆشن، ئێمەش جۆری جلکەکان و تایبەتمەندییەکانیان دەخەینە ڕوو.

**پۆشـاکی قەشـە: دوو جۆرە:**

**جۆری یەکەم:** ئەوپۆشاکانەی کە بۆ دەرەوەی کڵێسە لەبەریان دەکات، ڕەنگی جلکەکە ڕەشە، ڕەنگی ڕەش واتای وایە ئەم قەشەیە هەموو حەزو شەهوەتەکانی خۆی دەکوژێ لە پێناوی ئیمانەکەی، جبەیەکە و پشتێنێکی هەیە کە لایەکی پشتێنەکەی یەك دوو بست بەلاکەمەریدا شۆڕدەبێتەوە، پارچە پلاستیکێکی سپی دەخاتە سەرووی قۆپچەی یەکەمی کراسەکەی، واتا بن چەناگەی، کە کراسەکەشی ڕەشە، بەم پارجە پلاستیکە دەڵێن (قولە)کە هێمایە بۆ ناسینەوەی قەشە.

**جۆری دووەم:** ئەو جۆرە پۆشاکەیە کە لەنێو کڵێسادا لە کاتی بەجێهێنانی سرووتە ئایینییەکاندا دەیپۆشێ، هەر لەسەر پۆشاکە تایبەتییەکەی خۆی لەبەری دەکات، کە لە چوار پارچە پێکهاتووە:

**أ - کراسی ئاودامان:** کراسێکی سپییە، ڕەنگی سپیش هێمای پاکییە، دامەنەکەی بەنەخش و نیگار و وێنەی چەند خاچێکی تیاکێشراوە لە شێوەی دیشداشەیە.

**ب - عەبـا:** خاچێکی گەورەی لەپشتەوە لەسەر نەخشێندراوە، لەلای ملیەوە زنجیرێکی زێڕ یان زیوی پێوە کراوە، یان ئاوزێڕ کراوە، ئەم زنجیرەش بۆئەوەیە عەباکەی پێوە ببەسترێ.

**ج - ملپێـچ:** کە بەزمانی عەرەبی (وشاح)ی و بەزمانی سریانی (ئورارا)ی پێ دەڵێن، درێژە و هەر دوو لای ملپێچەکە بەنەخشێکی جوان خاچی تیدا نەخش کراوە،

قەشە لە ملی خۆی دەکات و هەر دوو لای ملپێچەکە بۆپێشەوە شۆڕدەکاتەوە، بەڵام ئەگەر شەماسەکان ئەم ملپێچە لەمل بکەن ئەوا لایەکی ملپێچەکە بۆلای پێشەوەشۆڕدەکەنەوە، لایەکەی دیکەشی بۆلای دواوە شۆڕدەکەنەوە.

د - **زونـار:** بەزمانی سریانی (زونارا)ی پێ دەڵێن، شێوەی پەتێکی دوولایە و دووگوڵینگەی پێوەیە، لەناو قەدی خۆی دەبەستێ، بۆ بەستنەوەی پۆشاك و عەباکەی و گورج و گۆڵ کردنیان. (بڕوانە وێنەی پۆشاکی قەشە کاتی نوێژکردن).

## پۆشـاکی شـەماس:

شەماس لەدەرەوەی کڵێسا جۆرە پۆشاکێکی نییە تا وەك قەشە پێی بناسرێتەوە، تەنها کە دەچێتە کڵێسە و سرووتە ئاینییەکانی بەجێ دەهێنێ، جلی تایبەت دەپۆشێ. جلکی شەماس لە کڵێسە وەك هی قەشەیە، تەنها ئەوە نەبێ عەبای نییە و ملپێچەکەی بۆپشتەوە شۆڕدەکاتەوە، شەماسەکانیش سێ پلەیان هەیە:

**پلەی یەکەم:** کراسێکی سپیی ئاودامان لەبەر دەکات و پارچە قوماشێکی سوور دەخاتە سەر سنگی خۆی کە نەخشی سەلیبێکی لەسەرە، لەم پلەیەدا ملپێچ نابەستێ. (بڕوانە وێنەی شەماس پلەی یەك).

**پلەی دوو:** هەمان ئەو جلوبەرگەی دەپۆشێ وئەو زونارە دەبەستێ تەنها ئەوە نەبێ ملپێچەکەی سوورە. (بڕوانە وێنەی شەماس پلەی دوو).

**پلەی سێ:** کە لە دوو پلەکەی دیکە بەرزترە، جلکەکانی وەك هی قەشەیە، تەنها عەبا ناپۆشێ زوونارێش دەبەستێ، بەڵام ملپێچەکەی لایەکی بۆپشتەوە دەباتەوە، ئەم پلەیە لەوکاتەی قەشە مەوجوود نەبێت دەستووری هەیە دەتوانێ مناڵان تەعمید بکات و مردووش تەلقین بدات. (بڕوانە وێنەی شەماس پلەی سێ).

## جل و بەرگی ڕاهیبـەکان:

ڕاهیبەکان جبەیەك لەبەر دەکەن و سەرپۆش دەپۆشن لە سەرپۆشینەکەیان ئەگەر کوێچکەشیان بەدەرەوەبێ ئاساییە. ساڵانە مەڕاسیمی بۆنەی ئایینی لەنێو

مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە بەڕێوە دەچێ، خولێکی هاوینە کە بۆماوەی مانگێك یاخود زیاتر دەکرێتەوە، چەند ڕاهیبەیەك ئەم خولە بەڕێوەدەبەن، هەندێ جاریش شەماسەکانی یارمەتیی دەدەن، خولەکە بۆ ئەو هەرزەکارانەیە کەتەمەنیان گەیشتۆتە پانزدە شانزدە ساڵان و بالق بووین، بۆئەوەی بەتەواوەتی لە پەیامەکانی مەسیح و ئایینەکەی بگەن و کەسێکی میانڕۆ و بەخشندەبن، بەم خولەش دەوترێ تەناول(تناول)، دوای تەواو بوونی ئەم خولە بەشداربووەکان دەتوانن لەکڵێسەدا لە بۆنە و سرووتە ئاینییەکاندا (قوربانیی پیرۆز) وەربگرن. قوربانی پیرۆز، ئەو پارچە نانە بچووکەیە کەقەشە دەیداتە ئەوکەسانەی بەشداری سرووتی دینییان کردووە، کە هێمایە بۆ جەسەدی عیسای مەسیح. جا لەم بۆنەیەدا: کچەکان جلکی ڕاهیبات لەبەر دەکەن، کوڕەکانیش جلی (شەماس) دەپۆشن. هەڵبەتە هەریەك لە خووری و مەتڕان و پاتریەرك و کاردیناڵ و پاپا پۆشاکی جیاواز و تایبەتی خۆیان هەیە، ئێمە باسی ئەوان ناکەین، چونکە لەکۆیە تەنها پلەی قەشەیەتی و شەماس لەنێو کڵێسەکان خزمەت دەکەن.[١]

لە دوای ڕاپەڕینەوە، لە هەرمۆتە ڕێوڕەسمی بەشینەوەی دیارییەکانی بابانوئێل لە هەرمۆتە بەڕێوە دەچێ، کە بە جلکی سوور و ڕیشی سپیی لەسەر پشتی گالیسکەیەك کە ئەسپ ڕایدەکێشێ بە شەقام و کوڵانەکانی شاردا گۆزەر دەکات و دیارییەکانی دەبەخشێتەوە.[٢] (بڕوانە وێنەی ڕێ و ڕەسمی (تەناول) مەربێنە قەدیشە - کۆیە).

پەیوەست بە پۆشاکەو، ئاماژە بە دوو بۆنەی ئایینی دیکەی دیانەکان دەکەین، ئەوانیش بۆنەی (ئرۆت حەشە - هەینیی خەمبار) و (جەژنی خاچ - ئاگری پاییز)ن. لە (ئرۆت حەشە - هەینیی خەمبار) کە ئەو هەینییەیە کە مەسیحیان تێدا لە خاچدا، لەم مەڕاسیمەدا دارەمەیتێکی بەتاڵ داپۆشراو بە سەرپۆشێکی ڕەش بەنێو کڵێسەدا دەگێڕن، دار و دیوارەکان بە پەڕۆ و قوماشی ڕەش دادەپۆشن، خاچێکیش لە ناو تابووتەکە دادەنێن، ئەو ڕۆژە تا

---

(١) ئەم بڕگەیە بە هاوکاری د. هاوژین صلیوە عیسا، مامۆستای زانکۆی خۆیە ئامادەکراوە.

(٢) د. هاوژین صلیوە، مێژووی هەرمۆتە، چاپخانەی زانا، سلێمانی، ٢٠١٣، ل. ٢٢٩.

درەنگانی شەو لە کلێسەدا خەریکی شەونوێژ و خواپەرستی دەبن دوای سەردانی تابووتەکە. بەڵام لە (جەژنی خاچ - ئاگری پاییز)، کە دەبێتە ڕێکەوتی (١٣ی سیپتەمبەر)، لە مەراسیمەکانی ئەو جەژنەدا، کە هەموو دیانەکان بەشداریی تێدا دەکەن، ئاهەنگ و شایی و نمایشی جلکوبەرگی کلتووریی خۆیان نمایش دەکەن، زۆربەی جار مووسڵمانەکانیش بەشداری ئەم جەژنەی ئەوان وەك هاوسۆزی و پێکەوە ژیان دەکەن.

**لەجێی خۆیەتی کە دوو شتی دیکەش باس بکەین کە پەیوەندیان بە دیانەکان و ئەم کتێبەوە هەیە:**

**یەك:** ناوماڵی مەسیحییەکانی کۆیە هیچ جیاوازییەکی نەبووە لە گەڵ ناو ماڵی کۆییەکان، تەنیا لە دوو ڕووەوە نەبێت، دار و دیوار و سەر مێزەکانیان، بە وێنە و کۆتەڵی خاچ و مەسیح ڕازاوەتەوە.

**دوو:** لە جەژنی سەری ساڵدا، درەختێك کە هێمای لەدایك بوونی مەسیحە، لە ژووری دانیشتندا بە دەیان شتی جوان و بریسکەدا و ڕەنگاو ڕەنگ دەڕازێننەوە، وەك ئەستێرە کە ڕەمزە بۆ لە دایك بوونی عیسا و دار کە ڕەمزە بۆ هاتنی بابانوئێل و چرا و مۆم و گڵۆپ کە نیشانەی خۆشیی و گەشبینین. لە هێندێك شوێنیشدا دارستان و ئەشکەوت و شوان و مەڕ و پەیکەری مەریەمی پاکیزە کە هێمان بۆ شوێنی لەدایك بوونی مەسیح، لە شێوەی مەغارە (ئەشکەوت) دروست دەکرێ.[١]

سەبارەت بە داب ونەریتی بووك گواستنەوەش، کە وەك هی کۆییەکانە، تەنیا ئاماژە بە جیاوازییەکان دەکەین کە ئەمانەن:

مارەبڕینەکە لەسەر دەستی قەشە لە کڵێسا و بەبەرچاوی خەڵکەوە ئەنجام دەدرێت، دەکرێ لە ماوەی ڕۆژی نیشانەکردن تا ڕۆژی گواستنەوە، مارەبڕینەکە هەڵبوەشێتەوە، ئەگەر زانرا ئەو کوڕ و کچە بەیەکەوە ناگونجێن و پێکەوە هەڵناکەن.

---

(١) مێژووی هەرمۆتە ٢٣٠ل. ـ ٢٣١

ئەوان هەفتەیەك بەر لە بووك گواستنەوە، لە گەڵ بووك شایی و هەڵپەڕکێیەك دەکەن، پێی دەڵێن(سواتە) کە لە هەر ماڵەی کچێك یان دوان لە گەڵ خزم و کەس و کار دەعوەت دەکرێن، واتە ئەمە تایبەتە بە کچان. ڕۆژێکیش پێش بووك گواستنەوە ماڵی زاوا شەوە ئاهەنگێك ساز دەکەن بە ناوی (زاوا شۆرین)، تایبەت بە کەنجەکان و بادە و شەڕابی تێدا نۆشدەکرێت و کچانی خزمی زاواش دەتوانن بێنە دەور و پشتی مەجلیسەکە.

ئەوەی کە لێرەدا جێگەی بایەخە، ئامادەکارییەکی تایبەتە پێی دەگوترێ (بگنونێ)، کە تا شەستەکانی سەدەی ڕابردوو تەدارەکی بۆ ڕێك دەخرا. ئەمەش پوختەی (بگنونێ) یە: دە ڕۆژێك بەر لە بووك گواستنەوە، لە ماڵی زاوا گۆشەیەکی ژوورێك، کە جێگەی پێخەفی دوو کەسی تێدا بێتەوە، بە پەردەیەکی هەڵواسرا و دادەبڕن، هەر دوو ڕووی ئەم پەردە هەڵواسراوە بە قوماشی ڕەنگاو ڕەنگی جوان جوان ڕازاوەتەوە. دوو دیوارەکەی پیشت ئەو پەردە، بە قوڕ سواغدەدەن و لە ناوندیدا بە گەچ خاچێکی سپی لەسەر دروستدەکەن و هەمووی بە نەخش و نیگار دەڕازێنەوە. چەند تاق و ڕەفتەیەکیش بۆ مۆم و چرادان دروست دەکەن، بۆ ماوەی نزیکەی مانگێك، بووك و زاوا لەم بگنونێیە دەخەون. لە ڕۆژانی دروستکردن و ئامادەکردنی ئەم شوێنەش هەر ئاهەنگ و شایی کردن بەردەوامە.[١]

ڕێوڕەسمی پرسەی مەسیحییەکانی کۆیە، بەخاکسپاردنی مردووەکەیە بە گوێرەی نەریتی ئایینەکەیان، ئەوانیش مردوو کفن دەکەن و لە کڵێسا پرسە دادەنێن. ـ لە کۆیە مووسڵمان و دیان بۆ سەرخۆشیی دێنە پرسەی یەکتری.

بۆ نیوەڕۆی یەکەم ڕۆژی پرسەکە، هەموو مەسیحییەکانی هەرمۆتە و بەشداربووەکانی کۆیەش، بەیەکەوە ناندەخۆن، ئەمە پێیدەگوترێت (وەلیتە) و خەرجییەکەی لەسەر ماڵی پرسەدارە. ئەوانیش لە ماوەی پرسەدا پۆشاکی ڕەش دەپۆشن و چلە و (ساڵ بڕین) یان هەیە کە لەو یادەدا دیسان کۆ دەبنەوە و خواردن و سفرە ئامادە دەکرێ، بەڵام ئێستا ئەم نەریتە نەختێك کاڵ بۆتەوە.[٢]

---

(١) مێژووی هەرمۆتە ل. ٢٤٧ ـ ٢٤٨

(٢) مێژووی هەرمۆتە ل. ٢٥١.

**پۆشاك و يارييەكانی ديانان:**

بێگومان، چونكە مەسيحييەكان مێژوويەكی دێرينييان لەم ناوچەيەدا هەيە، خاوەن كلتووری خۆيانن و چەندين جۆرە ياريی هەمە جۆريان هەيە بە گوێرەی تەمەن و ڕەگەزی ياريكەرەكە، لێرەدا تەنيا ئاماژە بەو ياريیانە دەكەين كە پۆشاك و قوماش وەك كەرەستە، ڕۆڵيان لە ئەنجامدانيان دا هەيە.[١]

**يەك: ياريی گۆلك گۆلكانێ:**

تايبەتە بە كوڕان و لە دەشت و دەر دەكرێت. يەكێك لە ناوەڕاست دادەنيشێت، كە پێی دەڵێن(مێخزنجير) سەری پشتێنێك توند بە دەستەوە دەگرێ، كەسێكی تر كە پێی دەڵێن(گۆلك)، سەرەكەی تری پشتێنەكە دەگرێ و لە شێوەی بازنەيی بە دەوری مێخزنجيردا دەسوڕێتەوە ناهێڵێ خەڵك هێرش بكەنە سەر مێخزنجير و شەقی تێ هەڵدەن، ئەگە يەكێك ئەمەی پێكرا، ئەوا دەبێتە گۆلك و مێخزنجيريش دەدرێتە كەسێكی ديكە. بەم شێوەيە ئەم يارييە بەردەوام دەبێت.

**دوو: ياريی كارەمستانێ (كڵاوكڵاوێن):**

پتر لە شەوانی زستانان، پياوەكان لە ماڵاندا كاتی پێ بەسەردەبەن، دوو دەستە بەرانبەريەكتری دادەنيشن و حەوت كڵاوی سەرەونخون كراو لە نێوانيان لەسەر زەوی ڕيز دەكەن، كەسێك لە دەستەيێكدا ئەنگوستيلەيەك لە ژێر يەكێك لەو كڵاوانە دەشارێتەوە و لە دەستەی دووەمدا يەكێك كە خۆيان هەڵيان بژاردووە، ئەو كڵاوە هەڵدەهێنێ كە ئەنگوستيلەكەی لە ژێردا شاردراوەتەوە، هەر كە گوتی (دەستەگوڵ) واتا دۆزيويەتەوە و براوەيە، ئەگەر نا ئەوا ئەو تاقمە بە دۆڕاو دەردەچن و سفرە و نانخواردنيان دەكەوێتە سەر.

**سێ: ياريی گورزە فيتفيتە:**

پێنج شەش كەس پێكەوە دادەنيشن، يەكێك لەچەكێك يان پشتێنێك بە دەستەوە

---

(١) زانيارييەكان لە كتێبی مێژووی هەرمۆتە بە دەستكارييەوە، وەرگيراون.

دەگرێ و وەسفی باڵندەیەکی پێ دەکا، بەشێکی پشتێنەکە دەگرێ و دەڵێ قاچی ئەوەندە درێژە، ئەوانیش دەڵێ( بە جانێ من). بەم شێوەیە بەردەوام دەبێ تا وەسفی باڵ و سەر و لەشی تەواو دەکات. ئەوجا بە فیتووی لێو ناوی باڵندەکە دەڵێتەوە، یەکەم کەس کە ناوی باڵندەکە هەڵدەهێنێ، ئەو پشتێنەکە وەردەگرێت و خولێکی نوێ دەست پێ دەکاتەوە، دوای ئەوەی تێر وپڕ بە لچکی پشتێنەکە، بۆ پێکەنین، لێی دەدەن.

## پۆشاکی جوولەکەکانی کۆیە :

لەسەرەتای ساڵی (١٩٤٩)وە، جوولەکەکانی کۆیە، کە سەدان ساڵ بوو لەم دەڤەرەدا دەژیان، دەستیان کرد بە کۆچکردن بۆ نیشتمانە تازە پێکهێنراوەکەیان لە فەلەستین، کە بە ئیسرائیل ناونراوە. چونکە نە سەرچاوەی تۆمارکراوی باش و نە وێنەی ئەرشیڤیی جوان، دەربارەی جوولەکەکانی کۆیە، لەبەر دەستدا نییە، ناچار لە ڕێی توێژینەوەی مەیدانی، کارەکەمان مەیسەر کردو ئەم زانیارییانەمان بۆ کۆکراوەتەوە.(١)

پۆشاکی جوولەکەکان، هیچ جیاوازییەکی تێدا بەدی ناکرێ، لەگەڵ هەمان ئەو پۆشاکەی کە کۆییە مووسڵمانەکان لەو سەردەمەدا پۆشیویانە. منداڵەکانیان کتومت جلکوبەرگی منداڵە مووسڵمانەکانیان دەپۆشی، ئەوان سوختەحانەی خۆیان هەبووە و کە مەکتەبیش کراوەتەوە، منداڵەکانیان ناردۆتە بەر خوێندن. لاوەکان و پیاوەکانیان، وەکو خۆمان، کڵاو وجامەدانی و مشکی و کورتەك و شەرواڵ و دەرپێی سپی و کەوا و چاکەتیان پۆشیوە. کچ و کاڵ و ژنە جوولەکەکان، لە تەوقی سەرەوە تا خوارەوە، هەر ئەو پۆشاکەیان پۆشیووە کە کچ و بووك و ژنە کۆییەکان پۆشیویانە، لە کڵاو وسەروجەتفیە و سوخمە و کراس و

---

(١) چاوپێکەوتن لە گەڵ مام ئیبراهیم قادر سەعید خوسرەوی، ناسراو بە مام برایمی گەراجی، کە لەدایك بووی ساڵی (١٩٢٣؟) یە، و لە بەر ئەوەی لە نزیك گەڕەکی جوولەکە و دیانەکانی کۆیە ژیاوە، زمانی عیبری و سریانی وەك ئەوان دەزانێ. ئەم زانیارییانەمان لێ وەرگرت.( ١/ ٨/ ٢٠١٦، کۆیە).

كەوا و پشتێن و سول و پێڵاو. ئەوانیش عەبایان گرتۆتەوە، بەڵام ژنە جوولەكە قەت پێچەی نەگرتۆتەوە. ئەوان تارای( هیزار)یان بە بووكەكانیان دادەدا، كە چارۆگەیەكی ئاوریشمینی گەورە بوو، هەموو ڕەنگەكانی هەبوو، لە كەسك و سۆر و شین و زەرد و مۆر...تاد.(بڕوانە وێنەی هەڵپەڕكێی جوولەكەكانی كۆیە).

مالم، كە پیاوی ئاینیی جوولەكەكانە و لە كەنیشتەدا، كە لە گەڕەكی جوولەكەكان بوو، نوێژ و سوروتەكانی ئایینی بەڕێوەدەبرد، هەمیشە كەوا و چاكەتی لەبەر دەكرد و كڵاو وجامەدانی دەبەست. هیچ پۆشاكێكی تایبەتی نەبووە، تەنانەت جوولەكەكانی كۆیە، كڵاوی (تالیت)یشیان لەسەر نەناوە. تالیت، كڵاوێكی چنراوە بەقەد ژێر پیاڵەیەك دەبێ و بە سنجاق لە سەر تەپڵی سەر دەبەسترێت، ڕەمزێكی جوولەكەكانە. ئێستا لە ئیسرائیلدا لە كاتی سرووت و بۆنە ئایینییەكانی خۆیاندا لەسەری دەنێن.

چونكە جوولەكەكانی كۆیە، بەگشتی، باری گوزەران و بژێوییان باش بوو، زۆربەیان پیشەوەر و كاسبكار بوون، لە بۆنەكانی خۆیاندا، جلكوبەرگێ نوێ و تازەیان دەپۆشی و زۆر پاگژ و خاوێن بوون، هەموو ڕۆژی هەینییان، خۆیان دەشوشت و ڕۆژی شەمووان خۆیان ئامادە دەكرد بوو سەردانی كردن و بەرێوەبردنی سرووتەكانیان لە كەنیشتەدا لە ڕۆژی یەك شەمماندا. زۆر دەستڕەنگین بوون لە پیشەكانیاندا، بۆ نموونە سەرەویلكی دەستكردی جولەكەكان، نەقش و نیگار و پارچەكانی زۆر جوان و لێكهاتوو بووە.

بەشی چواردەم

# کارگە و پیشەکانی پەیوەست بە پۆشاك

ئەم برِگەیە تەرخان دەکەین بۆ ئەو کارگە خۆماڵییانە و ئەو پیشانەی پێوەستن بە پۆشاك و سەرجلی وڵاغ کە لە دەڤەرەی کۆیە رۆڵی بایەخداریان هەبووە. ئەمانیش بریتین لە: جۆلایی / کارگەچییەتی / تەونگەری/ خومخانەچییەتی / کورتاندروویی.

**جۆلایی و کارگەچێتی و تەونگەریی لە ناو کوردەواریدا [١]:**

مێژوونووس و فۆلکلۆپەروەران ساغیان کردۆتەوە کە گەلی کورد نەك هەر خاوەن سامانێکی گەورە و رەنگینە لە فۆلکلۆر، بەڵکو رۆڵێکی کاریگەریشی هەبووە لەسەر مێژووی کلتووری میللەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.( ن. یا. مارر) کە رۆژهەڵاتناسێکی ناسراوە، لەم بارەیەوە نووسیویەتی: "خێڵەکانی کورد لە پێگەیاندنی ئاسیای بچووك و لە سازکردنی کلتوورێکی بە نرخ لە مێژووی میللەتانی پشت قەفقاسدا دەورێکی گەورەیان بینیوە و تا ئەمرۆش لە بینینی ئەو دەورەدا هەر بەردەوامن."[٢] بەڵام بەداخەوە زۆر کاری جددی نەکراوە تا وەك پێویست کۆبکرێتەوە و لێکۆڵینەوەی زانستییان قوول و فراوانی لەسەر بکرێت.

---

(١) ئەمە دەقی ئەم بابەتەیە کە بەندە نووسیویەتی و لە ژمارە (٣٩) گۆڤاری کاروان بڵاومکردۆتەوە ل. ٨١ ـ ٨٦

(٢) قەناتی کوردۆ، کۆمەڵەتێکستی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی کۆڕ، بەغدا، ١٩٧٦، ل. ٤

ناسینەوەی بابەتێکی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، با بڵێین وەك حیکایەت، زۆر ماندوومان ناکات و بە ئاسانی خەسڵەت و بنەما و پێکهاتەکانی دەست نیشان دەکرێت، بەڵام ئایا ناسینەوەی( بەڕە) یەك یان (بەرماڵ) ێکی چنراوی کوردەواری لە مۆزەخانەی (بەرلین)دا، یان هەر مۆزەخانەیەکی دیکەی جیهان، کارێکی سووك و ئاسانە و هەروا بەسەر پێی دەتوانین شەقڵ ونشانەکانی خۆمانی لەسەر دەست نیشان بکەین و بڵێین ئەمە بەرهەمی دەستی جۆلای کوردە و لەو ساڵەدا چنراوە؟

کوردیش لە زۆر پیشەی میللیدا باڵادەستە، کە هەم بژێوی خۆی پێ دابین کردوە و هەم بازاڕیشی بە بەرهەمەکانی بووژاندۆتەوە، وەکو پیشەی: مووتابچییەتی، کەڵاشگەری، شیرگەری، مزگەری، کلنانەوە، ئاسنگەری، دارتاشی، خەراتی، کارگەچییەتی، هەڵاجی، سەراجی، کۆپاندووریی، چەخماخسازی، لێفدوریەتی، کارێزکەنی، خومخانەچییەتی، دەباغچییەتی، کەوشدووریی، پانی بەرزدووریی، ناڵبەندی، بەرگدووریی، بەنایی....تاد.[١] ئەم نووسینە دەروازەیەکە بۆ باسێکی فراوانتر دەربارەی (ڕستن و چنین) لەناو کوردەواریدا و ڕەنگدانەوەیان لە جلوبەرگ و ڕایەخ و دەوار و بەرهەمەکانی دیکە.

## جـۆلایـی :

پیشەسازیی چنین، بەیەکێك لەو پیشەسازییە کۆنانە دادەنرێت کە لەگەڵ مرۆڤدا سەری هەڵداوە: ململانێی مرۆڤ لە گەڵ سروشتدا ـ وەك سەرماوسۆڵی زستانی سەخت ـ ناچاری کردووە هەوڵی دەستەبەرکردنی ئەو کەرەستە و پێویستییانە بدات کە یارمەتی مانەوەی لە ژیاندا دەدەن. لەسەرەتادا، مرۆڤ جلکوبەرگی لە گەڵای دارودرەخت و پێستە و فەرووی گیانداران دروست کردووە. دوایی هەر لە سروشتەوە فێری چنینی هێندێگ گیاوگۆڵ بووە،

---

(١) نەقابەی مامۆستایان لقی هەولێر، سەرنجێك لە دەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە، چاپخانەی (ارشاد) بەغدا، ساڵ ؟، ل. ١٠٣

لەمەشەوە فێری ڕستنی داوەبەن بووە لە خوری و موو و لۆکە، بۆ چنینی جلوبەرگ و ڕایەخ و ڕەشماڵ و زۆر چنراوی دیکە کە بەکاری هێناون. دوریش نییە هەر لە جاڵجالۆکەوە فێری چنین بووبێت. دوای ڕاهاتنی دەست و پەنجەی لە ڕستن و چنیندا، کەوتۆتە ڕازاندنەوەی بەرهەمەکانی بە ڕەنگ و نەخش و نیگار، ئەمەیش بەکەلك وەرگرتن لە بەکارهێنانی ڕەنگ و داوی هەمە جۆر و لێکدان و پێکەوە دوورینی چەند پارچە چنراوێکی هەمە ڕەنگ بۆ دروستکردنی بەرهەمێکی جوانتر و باشتر.(١)

هەرچەندە کتێبەکۆنەکان، ئاماژەیان بە ڕستن و چنین کردووە بەڵام تا ئێستا نەزانراوە ئەم پیشەیە بۆ یەکەم جار لە چ هەرێمێك و یان لە سەردەستی چ هۆز و میللەتێکدا، سەری هەڵداوە. هەموو شارستانە کۆنەکان بەرهەمی چنراوی نایابیان هەبووە.(٢) لە ناو کوردیشدا لەکۆنەوە ئەم پیشەیە زانراوە و خزمەتێکی باشی بە خەڵك گەیاندووە. ئەم هۆیانەی کە یارمەتی پەرەسەندنی ئەم پیشەیەیان داوە ئەمانەن:

١- کەرەستەی خاوی سەرەکیی ئەم پیشەیە کە خوری و موو و مەرەزە، بە ئاسانی بەچەنگ کەوتوون، ئەمانە بەرهەمی مەڕومالاَت و وڵاغی بەرزەن، جا لەبەر ئەوەی کوردستان ئاو و مێرگ و پاوانێکی زۆری هەیە، هەر لەکۆنەوە ئاژەڵداری لەناو کوردەواریدا باو بووە.

٢- زستانی سەختی کوردستان و ژیان وگوزەران کردن لە سروشتێکی دژوار و چڕ و پڕی ناو شاخ و داخ و دارستان و جەنگەڵ و ئەشکەوت، هەر زوو فێری کردوون، کە بەبێ پۆشاکی گەرموگوڕ و ڕایەخ و ڕەشماڵ و دەواری باش، حەوانەوەیان ئاسان نییە.

---

(١) د. محمد عبدالعزیز مرزوق، الفنون الزخرفیة الاسلامیة / مطابع الهیئة المصریة العامة للكتاب، القاهره، ١٩٧٤، ص. ٩٧

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل. ٣٣

له کوردەواریدا، جۆلا به کەسێك دەگوترێت که به دەست شت بتەنێ له پێچاڵدا[١]. جۆلاکانی کوردستان زۆر دەست ڕەنگین بوون و چنراوی باشیان بەرهەم هێناوه، وەك:

**ڕانکوچۆغه:**

چۆغه ـ چۆغەڵ ـ شال وشەپك ـ جۆره تەنراوێکی خوری خاوداری بەنرخه لەگەڵ ڕانکا لەبەر دەکرێ.[٢]

**کری (شاڵ) ی ڕانکوچۆغه بەم شێوەیەی خوارەوه دروست دەکرێ:[٣]**

**هەنگاوی یەکەم:**

کری ڕانکوچۆغه له مەرەز دەچندرێت. مەرەز موویەکی نەرمه به لەشی جۆره بزنێکەوه پێ یدەڵێن (بزنەمەرەز) لەدوای مانگی (خەرمانان) جەوبڕ مەرەزەکان دەبڕێتەوه[٤] - هێندێ جار مەرەزەکه له لەشی بزنەکه هەڵئەوەرێت و شوان کۆی دەکاتەوه -. ئەم مەرەزه به شانەیەکی دەستکردی خۆماڵی که پێی دەڵێن( شانەی موو)، لەشانه دەدرێت، تا له دڕك وداڵ و پاشقڵ و شتی تر پاك بکرێتەوه. (بڕوانه وینەی شانەی موو).

**هەنگاوی دووەم:**

ئەم مەرەزه پاککراوەیه به تەشی دەڕێسرێت، داوەکەی پێ یدەڵێن(داوەمەرەز). دوایی ئەو داوەمەرەزه ڕێسراوه له قەدی تەشییەکه دەکرێت به کەلافه. ئەمەیش به هەڵکردنەوەی لەسەر چەرخی ئامێرێکی خۆماڵی پێی دەڵێن(کورژەن) (بڕوانه وینەی کورەژەن)، ئەوسا ئەو کەلافه مەرەزه دەخرێته ناو مەنجەڵه ئاوێکی گەرم لەگەڵ (گلێخه) دەکوڵێندرێت. (گلێخه - سریش) ڕووەکێکه له سەلکه پیواز

---

(١) محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، جزمی یەکەم، چاپخانەی کامران، سلێمانی، ١٩٦٠، ل. ٣٠١

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل. ٢٢

(٣) مام ئیبراهیم میخا یوسف، موورێس، له دایك بووی (١٩٢١) چاوپێکەوتن، کۆیه،٢٢ / ٧ / ١٩٨١

(٤) فەرهەنگی خاڵ، جزمی سێیەم، ل. ٣٠٦

دەچێت، لە وڵاتی خۆمان زۆرە، دوای پاککردنەوەی دەکوڵێندرێت تا نەرم دەبێت، ئەوجا وەك نانەهەنجیر پان دەکرێتەوە و لەبەر هەتاو وشك دەکرێتەوە و جوان لە ئاون ورد دەکرێت و لە بێژینگ دەدرێت.

**هەنگاوی سێیەم:**

دوای وشکبوونەوەی کەڵافەکە، بە هۆی (دۆلاب) کە ئامیرێکی دەستکردی خۆماڵییە، لەسەر چەند لوولەیەك هەڵدەکرێتەوە. دۆلاب پێکهاتووە لە چەرخێکی دار، نەختێ لە کەمەی بێژینگ بچووکترە، تەوەرەیەکی تێ هەڵکێشراوە کە دەستەندۆیەکی هەیە بۆ سووڕاندن، ئەو چەرخە بەهۆی داوە بەنێکەوە چەند لوولکەدارێك دەسوڕێنێ کە جەمسەرەکانی لوولکەکە قامیشی تێهەڵدەکێشرێت. هەر جارەی پڕ بە سەبەتەیەك لەم لوولکانە هەڵدەکرێتەوە (بڕوانە وێنەی دولاب)

**هەنگاوی چوارەم:**

ئەم لوولکانەش دەخرێنە سەر ئامێرێکی دیکەی دەستکرد پێی دەڵێن(دەستەچاخ)، بە هۆی ئەم ئامێرەوە جۆڵا لەسەر (١٢ - ١٦) بەرچیغ لە گۆڕەپانێکی تەختدا، داوەمەرەزەکەی ڕایەڵ دەکات. ڕانك و چۆغە نزیکەی (١٥) گەز شاڵی دەوێت. (ژمارەی ڕایەڵەکان بە گوێرەی شانەی کارگەی جۆڵا دادەندرێت: ١٦ X ٢٠ یان ١٥ X ٢٠ یان ١٤ X ٢٠ دەبێت)

**هەنگاوی پێنجەم:**

ئەم ڕایەڵە هەڵدەکرێتەوە و بە شێوەیەکی تایبەتی دەخرێتە سەر کارگەی جۆڵایی (پێچاڵ). جۆڵا شالەکە دەکات بە دوو پارچە: (٧) گەز بۆ چۆغە و (٨) گەز بۆ ڕانك. (بڕوانە وێنەی کارگە).

**هەنگاوی شەشەم:**

شاڵە چنراوەکە لە کوڵ دەدرێت: شالەکە لەسەر دوو شەپکەدار هەڵدەکرێتەوە. دوو کەس بەرانبەر یەکتری ڕادەوەستن، هەریەکەی شەپکەدارێك بە دەستەوە دەگرێ و سەرێکی شاڵەکە هەڵدەکاتەوە و بەرەو ڕووی یەکتری دێن تا دوو

شەپکەدارەکە لەگەڵ یەکدا جووت دەبن.( بڕوانە وێنەی شەپەکەدار). دوایی ئەو شاڵەی سەر شەپکەدارەکان لە ناو ئاودا دەکوڵێندرێت و دەخرێتە ناو کۆڵێك کە لە قەدە دارێکی ئەستووری گردەبڕ هەڵکەندراوە. بەهۆی چەند پوازەدارێك، توند توند دەکوشرێت. (بڕوانە وێنەی کۆلك). دوای شەو و ڕۆژێك لە کۆلەکە دەردەهێندرێت و لەشەپکەدارەکان دەکرێتەوە و وشك دەکرێتەوە. بەم شێوەیە شاڵەکە ئامادە دەکرێت بۆ دوورین.

کری ڕانکوچۆغە ڕەنگ ناکرێت، بۆیە هەر بە ڕەنکی سروشتی مەرەزەکە خۆی دەنوێنێ، وەك: مەرەزی خورمایی، سپی، زەرتك، شینکی، گورگی، ڕەش.

**جگە لە ڕانکوچۆغە، مووتابچی لە مووتابخانەدا، ئەم بەرهەمانەشی دروستکردووە:**

**١- پۆپەشمین (پەشمینە، پەشمە):** کە پێخەفێکی شاشی هاوێنییە، لە خوری ڕیسراووی باریك و دەزوو بەشێوەی دامەیی و ڕاستە دروست دەکرێ. جاران هەموو زاوایەك دەبوایە پۆپەشمینێکی خۆی هەبوایە بۆ شەوی بەزاوا بوون بۆی دەکرا بە (پەردە)، پۆپەشەمینی سلێمانی بەناوبانگ بوو. لە کارگەکانی شاری کۆیەش دەچنرا.( بڕوانە وێنەی پەشمە).

**٢- جاجم:** پێخەفێکی تەنراوی سفتی ڕەنگاوڕەنگەی خورییە، جاران وەك لێفە بەکار دەهات، یان بۆ جوانی و پاکی بەسەر نوێنیان دادەدا. ئەم جۆرە نەخشانە لەسەر جاجم دەچنران: نەخشی ئەنگوستیلەیی، نەخشی مەورەت، نەخشی کەشکۆڵی، نەخشی مێراب.( هەر چارێگەی لە ڕەنگێك بوو).

**٣- جاو:** لە دەزوو دروستدەکرا بۆ هەموو جۆرە پۆشاکێك و کەرەستەی ناوماڵ بەکاردەهات. ڕەنگی سپی و زەرد و سەوزی هەبوو.

**٤- خاولی:** بریتی بوو لە پارچە قوماشێکی چنراو لە لۆکە، لە جیاتی خاولی ئیمڕۆ بەکاردەهات.(١)

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، جزمی ٢، ل. ١٠٤

**٥- بەرماڵ (دووگرد):** لە خوری یان دەزوو بە نەخش و نیگاری تایبەتی دەچنرێ، نوێژی لەسەر دەكرێت.[١] (بڕوانە وێنەی بەڕماڵ).

**٦- شاڵی كۆپان:** كۆن لە خوری دروستدەكرا، ئێستا لە دەزوو دروست دەكرێ، دەدرێ بەبەری كۆپاندا، چونكە نەرمە و پشتی وڵاغ ئازارنادا.

**٧- خرار:** جۆرە تەنراوێكی شاشی زبری مووە زوو توتنی تێدا دەگیرا.[٢] ئێستا بۆ دەغڵ و دان و كا كێشانەوە بەكار دێ. تۆشی پێدەبەنە سەر گێڵگە لە چەشنی (جەواڵ) وایە.[٣]

**٨- ڕەشكە:** لە لێكپێچان و توونـد و بەندكردنی داوە مووی ڕێسراوی ئەستوور لە شێوەی تۆڕی ماسی گرتن دروست دەكرێ بۆ كاكێشان لە تارمەی جۆخین بۆ لەودە و كادینان بەكار دێ.[٤]

**٩- تێرك (تێر):** دەفرێكی دوولایی وەك جەواڵ وایە بەڵام ئەم دەمی لە تەنیشتەوەیە[٥].

**١٠- شەڵتە:** دەفرێكی دوولایی گەورەی دەم واڵایە دەدرێ بەسەر پشتی وڵاخ و شتی تێدەكرێ.[٦]

**١١- جۆرك:** توورەگەی ئالیكی وڵاخە.

**١٢- توور:** جەواڵی بچووك، توورەگەیەكە دەچنرێ و شتی تێدەكرێ. سێ جۆری هەیە: تووری شوانان، تووری ئافرەتان، تووری پیاوان.

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل.١٠٥

(٢) سەرچاوەی پێشوو،جزمی ٢ ل. ٨٦

(٣) داود محەمەد شرۆڵ، گۆڵمێك لە ڕەوسەی فۆلكلۆری كوردی، چاپخانەی (حوادث)، بەغدا، ١٩٨٧، ل. ٤٨

(٤) سەرچاوەی پێشوو، ل.١٢٦

(٥) فەرهەنگی خاڵ، جزمی ٢، ل. ٣٢٩

(٦) فەرهەنگی خاڵ، جزمی ٢، ل. ٣٤٢

**١٣- شاڵ:** لە خوری زبری ئەستوور دروستدەکرێ بۆ پاککردنەوەی لەشی وڵاخ بەکار دێ.

**١٤- ڕەشماڵ(دەوار، تاوڵ):** موو دەڕێسرست و دەچنرێ و دەکرێ بە دەوار و هەڵدەدرێ، هاوین و زستان ستاری تێدا دەکرێ.[١]

**١٥- گوریس:** پەتێکی ئەستووری درێژە لە چەند هەودایەکی بەن یان موو دەهونرێتەوە و باری پێ شەکەت دەدرێ و بۆ شتی تریش بەکار دێ.[٢]

**١٦- کەژوو:** گوریسە بەڵام پێنج سانتیمێك پانە وەك پشتێنی قایش وایە.

**١٧- بەن:** ڕێ‌اسراوی خوری، جاران بەندروو تەنیا بە بەن، پینە وپەڕۆی دەوار و ڕایەخ و خورج و تێریان...تاد دەکرد.[٣]

**١٨- هەگبە:** جۆرە جەواڵێکی دوو تایبە لە خوری دروستدەکرێ و دەبەسترێ بە پاشکۆدا.[٤]

**هەرووەها ئەم کەرەستانەشیان وەبەرهەم دەهێنا:**

قۆچەقانی، قاڵی، سەرکەللەی وڵاخ، لفکە، دەسترازە، عەبا، شاڵی هێنانەوەی بەفر، ڕاوك بۆ دروستکردنی شەربەت و دۆشاو، خوێدان، جۆلانەی گوریس. جگە لەو ئامێرانەی باسمان کردن، جۆلا دوو ئامێری دیکەشی بۆ مەیسەرکردنی کارەکانی بەکار دەهێنا:

**١- خەڕەك:** ئامێری چەرخی موو ڕستن. (بڕوانە وێنەی خەڕەك).

**٢- جەکەوکەوانە:** بۆ پەڕەکردنی لۆکە و خوری. کوتك وکەوانیشی پی دەڵێن (بڕوانە وێنەی جەکەوکەوانە١٠)

---

(١) تۆمابۆ، وەرگێڕانی حەمە سەعید حەمە کەریم لە ژیانی کوردەواریدا، چاپخانەی زانکۆ،سلێمانی، ١٩٨٠،ل. ١٦٩

(٢) فەرهەنگی خاڵ، جزمی ٣، ل. ١٨٤

(٣) فەرهەنگی خاڵ، جزمی ١، ل. ١٧٥

(٤) فەرهەنگی خاڵ، جزمی ٣، ل. ٤١٤

مووڕێس داوەبەن دەڕێسێ، بەڵام جۆڵا بە گوێرەی نەخش و نیگاری خۆی، هەڵدەستێ بە ڕەنگ کردنی بەنەکە. جاران هێندێ ڕەنگیان بەهۆی مازوو و سماق و توێکڵی دارگوێز و چوێت و گوگرد و سرکە و هێندێ کەرەستەی خاوی خۆماڵیی دیکە دروست دەکرد.[١]

## کارگەچییەتی :

کارگەچییەتیش، وەکو جۆڵایی، پیشەیەکی میللیی کۆنە لەناو کوردەواریدا. جاران کارگەچی (لبادچی) زۆر بەرهەمی بەکەلکی دروست دەکرد کە زۆر پێویست بوون بۆ بەرگەگرتنی سەرماوسۆڵەی زستان. جاران کارگەچی لە گوندەکان دەگەڕا و لادێییەکان خوری و بەرگن و مەرەزی خۆیانیان بۆ دەهێنا و ئەویش بۆی دەکردنە ئەو شتانەی کە پێویستییان پێبوو و حەقدەستی خۆی دەستاند. یەکێك لە بەرهەمە دیارەکانی کارگەچییەتی، لبادە.

**چۆن لباد دروست دەکرێ.؟[٢]**

**هەنگاوی یەکەم:**

لباد لە بەرگن (لووا) دروستدەکرێ: کە بەرخی ساڵ تەمەنی بوو بە پێنج شەش مانگ ـ واتا پێش ئەوەی گەرمای هاوین لە پشتی بدا. دەبردرێتە ڕۆخ ڕوباریك و جوان خوریەکەی دەشۆردرێت. دوای سێ ڕۆژان جەوبڕ، بە جەو دەیبرێتەوە، ئەو بەرگنە بۆ لبادچی دێنن. ئەویش بەرگنی سپی و ڕەش و سوور لێك جیادەکاتەوە و بە تەرازوو بای لبادێکی لێدەکێشێ، ( بۆ لبادی قەبارە ئاسایی یەك هۆقە و بۆ لبادی گەورەش هۆقە و نیوێك).

-----------------------------

(١) کەمال جەلال غەریب، بیست پیشەسازی کیمیاگەری، چاپخانەی کامران، سلێمانی، ١٩٦٩، ل. ١٢٥ ـ ١٢٧ ـ ١٢٨

(٢) وەستا صەمەد ڕەشید حاجی عەلی، لبادچی، چاوپێکەوتن، کۆیە، ١/ ٥/ ١٩٨٠

**هەنگاوی دووەم:**

بەرگنەکە پەڕە دەکرێت. ئەوجا بەرگەنە پەڕەکراوەکە لەسەر کارگە ڕادەخرێت. کارگەی لبادچی دوو جۆری هەیە: لە چیغ دروست دەکرێ یان لە گونییە. درێژییەکەی (١٢) م و پانییەکەی (٣)م دەبێتە جەمسەرێکی گونییەکەوە بەلای پانیەوە، دارێکی نەختێ ئەستوور، بەقەد خۆی درێژ، شەتەکدراوە. کارگەی لبادچییەکانی کۆیە لە گونییە دروستکراوەن نەك لە قامیش. لەگەڵ ڕاخستنی بەرگنەکە، نەخش و نیکاریشی بۆ دیزاین دەکرێت، ئەمەیش بە بەکار هێنانی بەرگنی هەمە ڕەنگ. ئەگەر لبادەکە سپی بوو ئەوا نەخشەکەی بە لووای ڕەش دەکرێ. ناوە ناوە ئەم ڕاخراوەیە ئاوڕشێن دەکرێت، ئەوجا لە گونییەی کارگەکە لوول دەدرێت و توند توند بە گوریس دەپێچرێتە و بە چەند کەسێك بۆ ماوەی ( ٣٠ ـ ٤٠) دەقیقە بە پێلەقان دەکەونە پەستانەوەی. شێوەی پەستانەکەش دەبێ هەموویان بەیەکەوە قاچیان بەرزبکەنەوە و بەیەکەوەش دایانبگرنە سەر پێچراوەکە. ئەم هەنگاوە پێی دەگوترێت( چیغی یەکەم).

**هەنگاویی سێیەم:**

گونییە پێچراوەکە دەکرێتەوە و جارێکی تریش بەرگنەکە ڕێکدەخرێتەوە تا هیچ شوێنێکی چاڵ و ئەستووریی و خوار وخێچی نەبی و ڕۆخەکەی دەنوشتێندرێتەوە ئەمەش پێدەگوترێت (وەسڵ). جا دیسان دەپێچرێتەوە بۆ ماوەی (٢٥) دەقیقەی دیکە دەست دەکەنەوە بە پەستانی وەکو جاری یەکەم. ئەم هەنگاوەش پێی دەڵێن ( کووتان).

**هەنگاوی چوارەم :**

بۆ ماوەی شەش حەوت سەعات ئەم بەرگنە پێچراوەیە لە شوێنێکی گەرم و شێداری وەکو حەمامی گشتی، دەپەسترێتەوە. زۆربەی جار شاگردەکان بەم کارە هەڵدەستن. ئەم هەنگاوەش پێی دەگوترێت (بگێڕ). دواتر قەد قەد دەخرێتە سەر یەکدی و لوول دەدرێتەوە ئەوجا لەسەر ئەژنۆ بە باسکان دەست دەکات

بە لێدان و پەستانەوەی، ئەمەش پێی دەگوترێت (تەخت). کوتانی هەر چوار قەدی لبادەکە، (٤٠) خولەك دەخایێنێ.[1] لە کۆتاییدا لبادەکە لە گونییەکە دەردەهێنرێت و دادەندرێت تا وشك دەبێتەوە. ( بڕوانە وێنەی لباد ).

**لبادچی ئەم دوو ئامێرەش بەکار دەهێنێ:**

**شـەنۆکە:** وەك پەنجەکانی دەستە، لە داری چەماوەی باریك دروستدەکرێ و شەنەیەکی ئاساییە بەڵام دەسکی نییە و قوتەیە، بۆ ڕاخستنی لووا لەسەر چیغ بەکار دێ.( بڕوانە وێنەی شەنۆکە).

**کوتك و کەوان:** پەڕەشی پێدەڵێن بۆ پەڕەکردن و شیکردنەوەی لووا و لۆکە و پەمۆ بەکار دێ، لە دار و چەرم دروست دەکرێ، بەشەکانیشی بریتین لە: ( دەفە، کەوان، کوتك، دارەسما ).[2]

لە کارگەکانی کۆیە (٤) جۆر لباد دروست دەکرا: لبادی یەك نەفەری (١م X ٤ م )، لبادی دوونەفەری (١م X ٤ م)، لبادی خێزانی (١م X ٤ م)، لاکێش، ئەمیش سێ جۆری هەبوو (١م X ٤ م، ١م X ٥ م، ١م X ٦ م).[3]

**لبادچی ئەم شتوومەکانەی دیکەش دروستدەکات:**

**١- کەپەنك ( فەرەنجی):** جۆرە کاڵایەکی سەردەرییە، بێ قۆڵە بەڵام گوێچکەدارە، لە بەرگن دروستدەکرێ. لە زستانان لەبەر دەکرێت و شەویش وەك پێخەف بەکاردێ. پتر شوان و گاوان بەکاری دەهێنن.

**٢- کـەچـە:** فەرەنجی بێ قۆڵی ئاودامانە.

**٣- پاڵتۆ ( قاپووت):** ئەمەش دوو جۆرە: کڵاودار و بێ کڵاو، وەك فەرەنجی وایە بەڵام ئەمەیان قۆڵدار و یاخە و گوێی هەیە و نەخشی تێدا نییە. زستانان شوان لەبەری دەکا.(بڕوانە وێنەی قاپووت).

---

(١) ئەحمەد حەیران، کارگەچییەتی، گۆڤاری کاروان، ژمارە ٣٤، ل. ٩٥

(٢) سەرچاوەی پێشوو

(٣) وەستا عەلی ساڵح عەلی لبادچی، کۆیە، ٢٥ / ٧ / ٢٠١٦ (چاوپێکەوتن).

**٤- کەڕك:** لە شێوەی فەرەنجییە، سەپان و بەرخەوان لە سەر جلکوبەرگ لەبەری دەکەن بۆ خۆ پاراستن لە تیشکی خۆری هاوین. ئەویش دوو جۆرە بە گویێ و بێگویێ.[١]

**٥- کوڵەباڵ (پەستەك):** فەرەنجییەکی کورتی سادەی کوێچکەدارە، دوو جۆری هەیە، قۆڵدار و بێ قۆڵ.

**٦- کڵاوی سەپان:** قووچکەدارە و ڕۆخەکانی پانە، هەیە لە سەر قووچکەکە گوڵینگەیەك دەبەستێ و بەڕۆخەکانیشیدا بۆ جوانی تیسکە موو شۆڕدەکاتەوە. (بڕوانە وێنەی کڵاوی سەپان).

**٧- سەرکڵاو:** ئەویش دوو جۆری هەیە: یەکیان لە شێوەی کڵاوێکی قووچی ڕۆخ پانە، هاوینان سەپان و شوان لەسەری دەنێن. جۆرەکەی دیکەش، لە شێوەی (کۆچکە) لەگەڵ کەپەنك یان پاڵتۆ، ڕۆژانی بەفر و باران شوان لەسەری دەنێ.

**٨- هیزەدان:** لە شێوەی دەفر دروستدەکرێ، هیزە ڕوونی تێدا هەڵدەگیرێت تا تێکنەچێ.

**٩- لبادی کۆپەران:** دەخرێتە سەر ملی گاجووت لە کاتی جووتکردندا.

**١٠- بەلکپێچ:** کتومت وەکو پووزەوانەیە. گۆرەوی لباد.

**١١- تەرلك (بن زین):** بۆ ژێر زین.

**١٢- سەرکوشین:** دەخرێتە سەر کوشینی ئۆتۆمبیل.

**١٣- سەرزین:** بۆ سەر زینی ئەسپ ومایین.

---

(١) مەولود بێخاڵی، بەرهەمی کوردەواری، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ١٩٨٦، ل. ١٠٤

**پاشکۆی ئەم برگەیە:**

## لبادچییەکانی کۆیە:[١]

وەستا حاجی عەلی حەمەدی لبادچی، وەستا ساڵح عەلی حەمەدی لبادچی، وەستا عومەری عەباسی لبادچی، وەستا سۆفی عەبدەلڕەحمانی لبادچی، وەستا مەلا کاکە ڕەسووڵی لبادچی، وەستا مەلا مەعروفی لبادچی، وەستا جەمالی کەریمی گوڵێ. وەستا حەمیدی سۆفی ڕەحمانی، وەستا صەمەدی ڕەشیدی حاجی عەلی لبادچی، وەستا عەبدوڵڵا ساڵح حاجی عەلی لبادچی، خەلفە عەبدولڕەحمان عەلی، وەستا عەبدەلڕەحمان ڕەشید حاجی عەلی لبادچی، محەمەد مەلاکاکە ڕەسووڵ، مەجیدی سۆفی ڕەحمانی، وەستا حاجی ڕەئوفی عەبدوڵڵای لبادچی، وەستا ڕەشیدی مەیدانێ، مەلا عەبدولڕەحمانی لبادچی، وەستا عومەری سلێمانی لبادچی.

## تەونگەری :

تەونگەری پیشەیەکی کۆنە، فیرعەونەکان و دانیشتوانی دۆڵی میزۆپۆتامیا زۆر بایەخیان پێداوە. هەر بۆنموونە، گۆڕستانی (کۆرش)، پاشای فارس، بە ڕایەخی بابیلی ڕاخرا بوو. ئیمرۆش لە مۆزەخانەی لۆڤەر هێندێك تاتەبەردی سەردەمی ئاشوورییەکان نمایشکراوە، کە وێنەی ڕایەخی کۆنی لەسەر هەڵکەندراوە.[٢]

هێندێ لە مێژوونووسان وای بۆ دەچن کە ئەو شوێنەی ئەم پیشەیەی لێداکەوتووە دەکەوێتە نێوان وڵاتی چین (لە ڕۆژهەڵات) و وڵاتی ئاسیای ناوەڕاست (لە ڕۆژئاوا)، هەروەها دەڵێن، دوور نییە کۆچەرەکان یەکەم کەس بووبن تەونگەریان زانیبێ.

---

(١) وەستا عەلی ساڵح عەلی لبادچی، کۆیە، ٢٥ / ٧ / ٢٠١٦ (چاوپێکەوتن).

(٢) د. محمد عبدالعزيز مرزوق، الفنون الزخرفية الاسلامية/ مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٧٤، ص. ١١٩

لەسەرەتادا، بۆ ڕایەخ، پێستە و فەرووی مەڕومالآت و ئاژەڵیان بەکار هێناوە، بەڵام کە سەیریان کردووە، بۆ ئەمە دەبێ قوربانییەکی زۆر بدەن، لەکاتێکدا، سەرمایەی ژیانی ئەوان هەر مەڕومالآت و ئاژەڵ بووە. بیریان کردۆتەوە کە ژێرخەرەکانیان لە بە شێوەیەکی دیکە دروست بکەن. لە پێشدا، ڕایەخەکانیان کە لە خوری و موو و مەرەز دروست دەکرد، بریتی بوون لە چەند ڕایەڵێك، تیسکە خوری و مووی درێژی لێ کۆت و بەند کرابوو، لەگەڵ ڕۆژگاردا، ئەم بەرهەمەی لێهاتەوە کە ئێمڕۆ لەبەر چاومانە.[١]

لەناو کوردەوارشدا، لە کۆنەوە تەونگەری هەبووە، زۆر ژن و پیاو دەستڕەنگین بوون لەم هونەرەدا.[٢] جگە لەوی لە شاری کۆیە تەون دروستدەکرا، لە چەند گوندێکی دەڤەرەکەش ئەم پیشەیە بەرهەمی جوانی دەخستە بازاڕەکانەوە، وەکو گوندی گۆپتەپە و ئیلنجاغ و گۆمەشین ....تاد.)

### کارگەی تەون بەم جۆرەیە:[٣]

دوو کۆڵەگەدار، بە بەرزایی (٢٨٠) سم، بە شێوەیەکی تەریب و ستوونی لە زەوی دەچەقێندرێن، پێیان دەڵێن(سمتەك) لە سەرەوەیان دارێکی درێژ هەیە پێی دەڵێن(سەرتان)، دوو مەتر دەبێت لە خوارەوەش، لە نزیك زەوی دارێکی تر ڕایەڵکراوە پێی دەڵێن(بن تان) بە هەمان درێژی (سەرتان). ڕایەڵی تەونەکان لە نێوان سەرتان و بن تان بەستراوە، بە دەرزییەکی درێژ و مەکۆ، دەبردریت بەناو بەینی تان و پۆکەدا و هێدی هێدی بە مشتەیەکی تایبەتی کە لە ئاسن دروست کراوە، دەکوترێت، تا سفت وڕێك بێ. (بڕوانە وینەی تەون ١٣).

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل. ١٢٠ ـ ١٢٣

(٢) تۆمابۆ، وەرگێڕانی حەمە سەعید حەمە کەریم لە ژیانی کوردەواریدا، چاپخانەی زانکۆ، سلێمانی، ١٩٨٠،ل.٧٤ . بۆ زانیاریی زیاتر ل. ٧٤ ـ ٧٦

(٣) کوڵچنی مام ئەحمەد ڕەسووڵ، تەمەن ٧٥ ساڵ، چاوپێکەوتن، کۆیە، ٦/٦/ ١٩٨٤

**تەونگەر، ئەم کەرەستانە بەکاردێنێ:**

**١- قولاب:** جاران لە شاخی بزنە کێوی دروست دەکرا. **کەڵکێت:** ئامێرێکی دەسکدارە، شانەی ئاسنی تێبڕاوە وەك پەنجەی دەست وایە، تەنی پێ دەکوترێت بۆ سفت بوون.

**٢- بەوش:** دارێکی پانەدەخرێتە ناوەندی تان و پۆی جاجمەوە بۆ ئەوەی کە پێی بکوتن و سفتی بکەن.

**٣- قەڵەمبڕ:** بۆ بڕین و هەڵپاچینی داو.

**ئەمانە هێندێك لەو بەرهەمانەن کە تەونگەر، دروستیان دەکات:**

**بەڕە:** کە چەندین جۆری هەیە لە ڕەنگ و شێوە و قەبارە و نەخش و نیگار.

**مەوج:** لە جاجم ئەستوورترە، دەکرێتە پشتی لیفە بۆ گەرمی.

**جاجم:** کە ئەویش بە گوێرەی ڕەنگ و نەخش و قەبارە زۆر جۆری هەیە.

**بەرماڵ:** بۆ نوێژکردن.[1]

---

(١) ڕستن و چنین، لە فۆلکلۆری کوردیدا، جوان ڕەنگی داوەتەوە، ئەمانە مشتێك، لەو پەند و ئیدیۆم و مەتەڵانەن کە لە پیشەی ڕستن و چنیندا هەڵێنجراون:( تۆم کرد بە جۆڵا، مەکۆم بدزیت / ڕیسەکەی بووە بە خوری / ڕیسی باریك و نانی تەنك بە پیتن / ڕیسی ڕاستی باریك دەبێ بەڵام ناپچرێت./ نەڕێسرایە، نە پێچرایە، تەقە تەقی جۆڵایە / نە ڕێسراوە نەچنراوە، گڤەگڤی دێ لە دواوە / باریکیان دەڕێسێ / جۆڵا بەسەر دڕی خۆی ناڕازی بێ / هەوران بروسکە بروسکە، خوورییەمە هێشتا تیسکە / جۆڵا کراسی نەبوو، تۆپێ جاوی لە خەو دی / هەموو خوڕەیەك ئاو نییە، هەموو چنراوێك جاو نییە / تەن کێ کردی؟ ئەوی بڕی. / سواڵکەر پێخوەسن، جومکەر بێ کراسن /تەونی بێ تان و پۆ هەڵمەخە/ تەونی بێ تان و پۆ بەدارەوەیە / دەڵێی مەکۆی جۆڵایە / جاو دەنێتەوە / خەڕەك دەڕێسێ / بەنی کەسێکە بە من بانادرێت/ بەنی شلەوە بووە / نان گیرا ئاو، ئاو گیرا جاو / بەن گوتیەتی: هەڵم بگرە بە کەلکت دێم، ئەگەر هەڵم نەگریت لە من کەمتر بی، ئەگەر بە کەلکت نەیەم لە تۆ کەمتر بم / ئاسن و بەن و گلۆڵە، تێم یەخست ڕەشی دولا، لێم خوڕی کردیە قولە(کارگەی جۆڵایە) / حوشتر حایە، لە حەوایە، دایم دەشتە کون لە پشتە ( ڕەشماڵە) / ئەمەیش مەنەلۆجێکە لە نێوان کچ و دایکێکدا: کچ: دایە مەمدە بە جۆڵا / جۆڵا تەقە تەقیەتی / دوو پوول و نیو حەقیەتی / ئەویش کرێی ژنیەتی. دایك: کچم، عیلاجم نییە / قەردی جۆڵام خواردییە / جۆڵا دەکا ڕایەڵێ / ژنێ بەجێ نایەلێ /. جاران کەسێك فێی لێ دەهات، پۆپەشینێکی ڕەشیان بەسەردادەدا.( زانیارییەکان : فەرهەنگی خاڵ/ جەلال مەحمود عەلی،

**پاشکۆی ئەم بڕگەیە:**

**جۆڵایەکانی کۆیە:**

سۆفی حەمە جۆلا، فەقێ خدری جۆڵا، فەقێ ڕەسوڵی کوڕی فەقێ خدری، حەنیلە خڕەی دیان، عەمانی دیان، گۆرگیسی دیان، یوسف شەمعون کە دیان بوو.

## خومچییەتی [1]:

ئەم پیشەیە لەکۆنەوە لەسەر دەستی جوولەکەکان، دەستاودەستی کردووە و موسوڵمانەکان لەوانەوە فێری بوون. تا کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لەشاری کۆیە، خمچییەتی هەر مابوو. چونکە باری گوزەرانی خەڵکە عەوامەکە، بە گشتی، باش نەبووە، ڕەنگکردنەوەی جلکوبەرگ، بە تایبەتی پۆشاکی ژنان، زۆر باو بوو، ئەمەش یان بۆ ڕەنگکردنی جاو وخامی سپی بوو، یان بۆ ڕەنگکردنەوەی ئەو پۆشاکە کۆنانەی ڕەنگەکەیان چۆتەوە و یان کاڵ بوونەتەوە. پۆشاکی لەخمگیراو هەم چڵك هەڵگرە و هەم بۆ وەرزی هاوین فێنکتر. هەرچەندە ڕەنگە باوەکەی خم، ڕەنگی ڕەش و شین و مۆر بوو، بەڵام خم ڕەنگی کەسك و سوور و زەردیشی هەبوو. کەرەستە سەرەکییەکانی خمچی ئەمانە بوون:

- **کووپە:** دوو یان سێ کووپەی گەورە بە بەرزایی نزیکەی (١٣٠)سم بۆ خم گرتنەوە لە نێو دیوار دەگیران. کتومت هەر وەکو کووپەی ئاوخواردنەوە بوون بەڵام زارکیان فراوان بوو.

---

ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی حسام، بەغدا، ١٩٨٢، ل. ٢٧، ٨٤، ٨٥، ١٥٠، ١٧٣، ٢٢٤، ٢٨٨/ کەریم شارەزا، پەندی پێشینان لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی کۆڕ، بەغدا، ١٩٧٦ / عەلی مەعروف شارەزووری، پەندی پێشینانی کوردی، ب ١ و٢، چاپخانەی (حوادپ)، بەغدا، ١٩٨١ ـ ١٩٨٧ / شێخ محەمەدی خاڵ، پەندی پێشینان، ج٢، بەغدا، ١٩٧١ / پلە ڕابیعەی مام سابیری حەلێ، چاوپێکەوتن، کۆیە، ١٩٨٢/ گۆڤاری کاروان ژمارە ٥١، ٦١ / سەعدوڵڵا ئیسماعیل شێخانی، گوڵبژێرێك لە فۆلکلۆری کوردیدا، چاپخانەیی (ارشاد) بەغدا، ١٩٨٥، ل. ٦٦، ٦٩، ٦٧

(١) زانیارییەکان: مامۆستا محەمەد دارياس، کۆیە، ١٧/٧/ ٢٠١٦.(نووسراو)

- **هەش (خـم):** کە لە شێوەی شەکری ورد بوو، بە بەرمیل لە دەرەوە هاوردە دەکرا. تا شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، جۆرە باشەکەی کە (لەندەنی) بوو بەرمیلی (٢٠) کێلۆیی بە (٢٥) دینار بوو و ئەلمانییەکەشی، کە دەرەجە دوو بوو، بە (١٨) دینار بوو.

- **ماددەی ئەندریۆز:** هەر دەتگوت شەکری وردە و ڕەنگکیشی سپی بوو.

- **قسڵ:** کە لە شێوەی (کەچ) ە، بۆجوانکردنی ڕەنگەکان و خۆڕاگرتنیان و نەچوونەوەیان بەکاردێ، لە گەڵ ئاوی ناو کووپەکان تێکەڵ دەکرێ.

**چونیەتی لەخمگرتنەکەش بەم شێوەیە بوو:**

گیرانەوەی خم لە کووپەکان، کە بە گوێرەی ڕەنگ بوو، دوو پەرداخە هەش و یەك پەرداخ لە ماددەی (ئەندریۆز) و نەختێك قسڵ، دەکرانە ناو ئاوی کووپەکان و جوان جوان بە داردەستێك تێکدەدران تا باش ڕەنگیان دەداوە و تۆخ دەبوون، ئینجا

**هەنگاوی یەکەم:** کراسەکە، بۆ نموونە، بۆ ماوەی (١٥) چرکە دەخرایە ناو کووپەی یەکەم دوایی بە دەستی دەگوشرا، ئەمە پێی دەگوترێت (هێزی یەکەم).

**هەنگاوی دووەم:** کراسەکە دەخرێتە ناو کووپەی دووەم و دیسان(١٥) چرگە لەناو خماوەکە ڕادەگیرێت و دەکوشرێت، ئەمە پێی دەگوترێت (هێزی ناوەند).

**هەنگاوی سێیەم:** لە کووپەی سێیەمدا هەمان پرۆسەی هەنگاوی دووەم دوبارە دەکرێتەوە. ئەمە پێی دەگوترێت ( هێزی تەواو).

لە کۆتاییدا کراسە کوشراوەکە بە سێنگێکدا، لە ناو دوکانەکەدا هەڵدەخرێت تا وشك دەبێتەوە. ئەگەر خمچی هەر دوو کووپەی هەبێ، ئەوا لەسەرەتادا، بە ئاو کراسەکەی تەڕ دەکرد، ئەوجا دەستی دەکرد بە لەخمگرتنەکە.

خمچی، جگە لە ڕەنگکردنی پۆشاکی ژنانە، کورتەك و شەرواڵ وکەلافە بەنیشی ڕەنگ دەکرد، کە بۆ چنینی جاجم و دووگرد و بەڕە و مافور و تێڕ ...تاد،

بەکاردەهات. ئەمەش بە کوڵاندنی ڕەنگاوەکە لە مەنجەڵی گەورەدا، کەماددەی (شەب)ی، وەکو هەوێن، تێدەکرا.

دوای پەیدابوونی قوماشی ئاوێتە کراو بە ماددەی نایلۆن، خمچیەتی کێشەی بۆ پەیدا بوو، چونکە داوی نایلۆن خم هەڵنامژێت و ڕەنگ ناگرێ، ئەمەش یەکێك بوو لە هۆکارەکانی مەحف بوونەوەی ئەم پیشەیە و لەناوچوونی.

جگە لە خمچییەکان کە لە دوکان کاریان دەکرد، ژنیش لە ماڵەوە ڕەنگڕێژی دەکرد، ئەوان سێر یان مەنجەڵی بچوکیان بەکار دەهێناو چویت و ڕەنگی تریان لە لای عەتارەکان دەکری، گوڵی سروشتیش، وەکو گوڵە نەورۆز، وشکدەکرایە و بۆ ڕەنگڕێژی بەکار دەهات.[1]

نرخەکان، بە گوێرەی پارچەی پۆشاکەکە بوو: کراس بە (١٠٠ ـ ١٢٥) فلس بوو، چارۆگە و بەرامپیل (٦٠ ـ ٧٠) فلس و پۆشاکی ژنە بڵباس و بۆڵی و ڕەوەندەکان، کە گەورە بوون، بە (٢٥٠) فلس بوون.

**پۆشاکی لەنگە (کۆنەفرۆشی):**

جاران، جگە لە خانەوادەکان، ژن و پیاو و منداڵی کورد، بە پینە و پەڕۆ تەمەنی پۆشاکەکانیان درێژدەکردەوە و هی گەوران دیاری بوون بۆ بچووکەکان و دواتریش دەکران بە خێرات. تەنانەت لە شارەکانی کوردستاندا خمچی و ڕەنگرێژ هەبوون بۆ لە خمگرتنە و ڕەنگڕێژکردنەوەی پۆشاکە ڕەنگچووەکان! لە دوای شەری جیهانی دووەم و زاڵ بوونی هەژاری و برسیەتی و بێدەرامەتی بەسەر حاڵو حەواڵی خەڵکی بێ چارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەند دا بازرگانی کالا و پۆشاکی دەستی دوو (Secondhand Clothes) گەشەی سەند و ڕێکخراوە خێرەومەندەکانی ڕۆژئاواش تەقسیریان نەکرد لە کۆمەك کردنی هەژارانی جیهان بە بەخشینی پۆشاك و کاڵای کۆکراوەی خۆیان. ئا لەو کاتەدا، کۆمپانیایەکی (دانیمارك)ی بە ناوی ( لەنگە) بالە گەورە گەورەکانی خۆی لە جل و بەرگ و

---

(١) بڕوانە کتێبی (ژنە پیشەوەرەکانی کۆیە ١٩٠٠ ـ ٢٠١٥) فازیل شەوڕۆ ل. ٦٦

پۆشاك هەناردەی بەندەرەكانی خوارووی عیراق دەكرد، لەو ڕۆژوە ئەم كۆنە جل وبەرگانە ناونران (لەنگە). ئیمرۆ لە زۆربەی وڵاتاندا، دوكان و بازاڕی دەستی دوو هەیە، هەموویان یەك جۆرە كاڵا دەفرۆشن، هەرچەندە ناوەكانیان جیاوازە: لە عیراق لەنگە و لە ئێران تاناكۆڕا و لە ئینگلستان (Shoddy) ....تاد.

لە گەرمەی شەڕەكانی كەنداو دواتریش، بازاڕی لەنگە لە كوردستاندا گەرم بوو، ئیمڕۆش ( ٢٠١٤ - ٢٠١٦) قەیرانی دارایی و ئابووری هەرێمی كوردستان، ئاهێكی بەم بازاڕە بەخشیووەتەوە.

تا (١٩٩١) لە كۆیە هیچ لەنگە فرۆشێك نەبووە، ڕەنگ بێ دەڵاڵەكان لە بازاردا كۆنە قاپوتێك یان قەمسەڵەیەكیان بە شانی خۆیاندا دابێ و بۆ ساغكردنەوەیان بە بازاڕدا سووڕابنەوە. دوای ئابلوقە ئابوورییە قورسەكانی ساڵەكانی دوای (١٩٩١) بەسەر عیراق و ئابلوقەی عیراقیش بەسەر هەرێمی ئازادیی كوردستانی باشوور و هەژاری و بێداری خەڵكی ڕەش و ڕووت، بازاڕی لەنگە فرۆشیی گەیشتە كۆیە، لێرە و لەوێ لە چەند دوكان و لەسەر عارەبانان گلوبەرگی كۆن، كە بە بالە دەهات، دەفرۆشان. دواتر لەنگەی پێڵاو و كەرەستەكانی ناوماڵیش پەرەی سەند. ئەگەرچی دوای ساڵی (٢٠٠٥) بار و بژێووی خەڵكی ئەم هەریمە نەختێ بووژایەوە بەڵام لەنگەفرۆشی هەر ڕۆحی تێدا ما، تا دوای قەیرانە ئابوورییەكەی ساڵی (٢٠١٤)، جارێكی دیكە لەنگە فرۆشیی برەوەی سەندەوە و بە زەقی لە شەقامەكانی شاردا دەبینرێن، وەك دوكان و سەر شۆستە و عارەبانە، بەڵام لە كۆیە، بە پێچەوانەی هەولێر و ڕانیە، بە نموونە، بازاڕی سەربەخۆ بە لەنگەفرۆشیی نییە. ژمارە دوكانی لەنگەفرۆشەكان لە پەنجەی دەستێك پتر نیین.

هاتنی ئەو هەموو ئاوارانەی شارەكانی عیراق و سوریا و ئێرانیش وای كردووە، بازاڕی (سوورییان یان بازاڕی عەرەبان) لە زۆربەی شارەكان بكرێتەوە، بۆیە لە كۆیەش بازاڕێك بەو ناوانە هەیە.

**پاشكۆی ئەم بڕگەیە:**

**خمچییەكانی كۆیە:**

مام فەتحوڵڵایی سەعید ڕەسووڵی خمچی، وەستا عوسمانی مام مەعروفی ناسراو بە حاجی، وەستا عەبدوڵڵای خمچی ناسراو بە كاكە شەل، وەستا ڕەحیم گۆرگیس ـ دیان، داود/ بنیامێن/ هاروون ـ جوولەكە بوون.[١]

**عەتارە خمفرۆشـەكان:**

حاجی عەزیز محەمەدی شەكرە، باقی مام ڕەحمانی، حاجی عەلی حەسەن، فەقێ عەزیزی سماقوڵی.

## كورتـــاندرووپی :

كۆپاندرووشی پێ دەڵێن، چونكە دەڤەری شاری كۆیە هەم گوندی زۆری بەسەرەوە بووە و هەم كاروانسەرای كاروانە گەورەكانی كوردستان بوو، پیشەی كورتاندووریتی، تێدا كۆنە و زۆر وەستای دەستڕەنگینی تێدا هەڵكەوتووە:[٢]

**كورتان دروست كردن : پێویستی بەم كەرەستانە هەیە:**

**١-** كۆنە بەڕە و جەواڵ و مافور.
**٢-** گونییە یان بووزی، وەستای دیان دروستیان دەكرد.
**٣-** بەن كەلە مووی مەڕومالاَت دروست دەكرێ، لادێیەكان یان چەند وەستایەكی دیان دروستیان دەكرد.
**٤-** پووش یان جەگەن كە هاوینان لادێیەكان لە چیاكان بە باردەیان بۆ كورتاندرووەكانی شاریان دەهێنا.
**٥-** خام یان لباد بۆ بارێنەی كورتان.

---

(١) كەریم شێخانی، سلێمانی، ٢٢ / ٤ / ٢٠١٥، چاوپێكەوتن.

(٢) زانیارییەكان: مامۆستا موشیر حەسن عومەر، كۆیە، ١٤/ ٧ / ٢٠١٦

**ئەمانەش ئەو حاجەتانەن کە کورتاندروو بەکاری دەهێنان:**

سووژن، شیش کورتان، کەڵەشاخ بۆ سووژن چەورکردن، مەقەست، چەقۆ، کوتك، ناولەپ (لە دەست دەکرێت تا سووژنەکە دەست ئەزیەت نەدا).

**چۆنیەتیی دروست کردنی کورتان:**

لەسەرەتادا وەك بەرگدروو چۆن قوماشەکە دەبڕی، وەستای کورتانیش بەڕەکە دەبڕێ، لەگەڵ گونییەکە لێکی دەدات بە شێوەی تورەگەیەکی گەورەی لێ دێت. جا بە دورمانێکی تر لە ناوەڕاست دەیکات بە دوو بەشی وەك یەك، کە لەلای پێشەوەی لەسەر شێوەی سێگۆشەیە پێی دەڵێن (خەزنە). دوای ئەوە دووپارچە بەڕەی لاکێشەیی بەقەد بستێك، لە پێشەوە لە گونییەکەی بنی دەدروویت، پێی دەڵێن (پێشە)، پاشان پووشی تێ دەکەن لەسەر شێوەی شەڵتەی دوو لای لێ دێت جا، پێشەکەی دەرووێت، لەپاشان لە سەر شێوەی لاکێشە لە هەدردوولا (تیرە) ی لێ دەدرێت، تاوەکو پووشەکەی لە بارێکی ستونی و ئاسۆیی بوەستی دوای ئەوە دەیشکێنینەوە، (قولفە)یەك لەناوەڕاستی پێشەوەی دەدروویت بە بەن، جا دەست دەکرێت بە هەڵ ئاخنینی بە شیش کورتان، پڕی پووش دەکرێت، تاحدی خۆی رەق دەبێ، جا لەکاری پووش دەبنەوە و (سەردەستەکانی) دەدروویێتەوە. دواتر (پاشکۆی) لێدەندرێت. لەلای کۆتاییشەوە و لە پیشەوە (قەڵپوزی). (بارێنەی) لێ دەنرێت و کورتانەکە تەواو دەبێ. ئەمەش ئیشی دوو سێ سەعاتە. (بڕوانە وێنەی کورتان).

سەرجل بەو پارچە بەڕە یان بەتانییە یان هەرشتێکی دیکە دەگوترێت کە بۆ نەرمی دەخرێتە سەرکورتان، هەر دوولای دادەپۆشیی تا خوریی زووری کورتانەکە ناوگەل و ڕان و قاچی سوار ئازار نەدات.

لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو نرخی کورتان لە دەوری (٢٥٠) فلس بوو، ئێستا لە (٢٠١٦) نزیکەی (٢٥) دۆلارە.

### کورتاندرووەکانی کۆیە لەساڵی شەستەکانەوە :

وەستا عەبدوڵڵای کورتاندروو/ وەستا حەمەدەمین لەگەڵ براکەی وەستا عومەر / کوڕەکانی وەستا حەمەدەمین (وەستا بەکر و وەستا عەزیز ناسراو بە عەزاو) / کوڕەکانی وەستا عومەر (وەستا عوسمان و حاجی حەسن) / کوڕەکانی وەستا بەکر (عەبدولخالق، حەمید، مەجید، دلێر، دلاوەر) / کوڕەکانی وەستا عەزاو (ڕزگار، دلزار، نەبەز، نیاز) / کوڕەکانی وەستا عوسمان (مستەفا، جەوهەر، جەعفەر، هاوکار)/ کوڕەکانی حاجی حەسەن (موشیر، شوڕش، ڕزگار، ئاراز) / حاجی حەسن حاجی عەبدوڵڵا و کوڕەکانی (جەلال، خالید، ئەمیر، کەمال) / وەستا ڕەشیدی کورتاندروو کوڕەکانی (عەبدوڵڵا، سەلاح، سەباح) / وەستا عوسمانی ئامینەی تەها / ئازادی سمایلی حمەخانی / وەستا عەزیز عەبدوڵڵای کورتاندروو و (ئاراس)ی کوڕی.

وەستای قایش و پاڵوو و(مام ئەحمەدی سەری مەیدانێ و کوڕەکانی (عەبدوڵڵا، خالید، حەمید، عومەر، جەلال ).

بەشی پانزدەم

# جل و کورتانی ولاغ

سەرچاوە مێژووییەکان، ئاماژە بەوە دەکەن، کە تا سەرەتای سەدەی بیست، زۆرینەی خەڵکی کوردستان، لە گوند و دێیەکاندا ژیاون و ڕەوەند و کۆچەر بوون. شاری کۆیەش ئەگەرچی، پیشەوەر و بازرکانی زۆری هەبووە، بەڵام ڕەزەوان و باغچەوان و جووتیاریی و ئاژەڵداریشیان کردووە. زۆر ڕەوند و کۆچەر و کاروانچیش ڕوویان لەم شارە دەکرد. مامۆستا تایەر ئەحمەد حەوێزی بەم شێوەیە باسی کۆیەیی سەردەمی ئاغایەتی دەکات:"میللەت کە خەریکی مەڕومالاَت بەخێوکردن و کۆچەر بوون، کوێستان و گەرمێنیان دەکرد، زۆر عەشیرەتی کۆن لەم وڵاتە هەبوون. چەند عەشیرەتێکی کۆچەر و دەوارنشین، وەکو (بۆڵی و بابۆڵی و بەرەکەیی و مەنتك)، کە پایزان لە کوێستان دەگەڕانەوە لە ئاقاری کۆیە هەڵیان دەدا و بەروبومییان لە بازاڕی کۆیە ساغ دەکردەوە."(١)

کەواتە، ئاساییە کە هێندێك کاڵا و قوماش و پەڕ و شتوومەك بۆ پاراستن و خزمەتکردنی ئەو ئاژەڵانە بەکار هاتبن، گومانیشی تێدانییە، کە لەبەر سەختیی باری گوزەرانی خەڵکەکە، هەمیشە کۆنە پەڕۆ و بەڕە و لباد و کاڵای کەچەومەچەیان بەکار هێناوە. لە کوردەواریدا بەو پۆشاکەی بۆ داپۆشینی لەشی ئاژەڵ و وڵاغ بەکار دێ پێی دەگوترێت (جل)، وەك:

---

(١) مێژووی کۆیە، تایەر ئەحمەد حەوێزی، چاپخانەی نمر، بەغدا، ١٩٨٤ ل. ٨٣

- **جلی تاژی:** زۆربەی سوارەکانی قەدیمی جووتە تاژییەك یان زیاتریان هەبوو، هەشبوو هەر خۆی ڕاوچی بوو، ڕاوی بە تووڵەوتاژی دەکرد. زستانان بۆ پاراستنی ئەو تاژییانە لە سەرما و سۆڵە خاوەنەکانیان یان ژنەکان لە کۆنە کاڵایەکی نەرم و گەرم، جلیان بۆ دروستدەکرد کە لە سێ بەش پێکهاتبوو: سەرپشت و سەرسینگە، کە بەهەردوو لای چەپ و ڕاستی تاژییەکە دەهاتە خوارەوە، پەڕۆی بنگەردن، کە بە بن ملی دادەهات و دوو جەمسەرەکەی ڕاست و چەپی دەبەستەوە، و پشتێنۆکە، کە بەبنی زگیدا لە هەردوو لای پەڕۆیەکەی سەر پشتی گرێدەدرا.

بۆ ملی تاژی قەڵێتە (قەرەوێتە)ی بە ئاغزونە لە قایش دروستدەکراو گەردونەیەکی پێوەبوو بۆ پەت لێ بەستن، بەڵام زۆربەی هەر بۆ جوانی بوو. قەڵێتە بەزیو، لە پلپلە زیوی ورد دروستدەکرا وەکو ملەگۆی ژنان لە دەوری قەڵێتەکەیان دەدرووی یان بە قۆپچە لێی دەدرا، ئەمەیش بۆ جوانی و خۆشەویستیی تاژییەکە بوو.

- **جلەگا:** چێڵی شیردەر، پتر پارێزگاری لێ دەکرا، جا ئەو جلەی لەشی گۆلك و چێڵی پێ دادەپۆشن، پێی دەگوترێت(جلەگا). ئەویش وەکو جلی تاژی لە سێ پارچە پێکهاتووە.

- **جلی وڵاغی یەکسم:** کە بۆ داپۆشینی پشت و سینگی گوێدرێژ و هێستر و ماین و ئەسپ بەکار دەهات. وەکو جلی تاژی وا بوو. چۆن مرۆڤ لە ماڵەو پێجامەوە جلکی خەوتن دەپۆشێ، وڵاغیش لە ماڵەوە کورتانی لێدەکرێتەوە و جلی دەخرێتە سەر پشت، هاوینان هیچ.

وڵاغە بەرزە، چەند کەرەستەیەکی دیکەشی هەبوو، کە هەم بۆ جەڵەوکردنی وڵاغەکە و هەم بۆ ئارایشتکردنی بەکار دەهات، وەکو:

- **سەرکەللە:** دەخرێتە سەر سەری کەر و هێستر و ماین و ئەسپ، ئەوانەی کە ئێستا بە سەری ئەو وڵاغانەوە دەکرێن، شێواز و کەرەستە و ڕەنگ و دروستکردنەکەی جیاوازە، ئەوانی کۆن هەمووی کاری دەستی بوون و زۆر بە جوانی وردەکاریی هونەریی بە کەرەستەی خۆماڵی بۆ دروست دەکردن. ئەوەی ئێستا، هەمووی نایلۆن و زنجیر و مورووی تەتەوپەتەیە. بۆ ئاسانکاری بەشەکانی سەرکەلە، (بڕوانە وێنەی سەرکەللە).

ژنان له گوندی سەركەللەیان دەهۆنییەوە و بە گەزوگوڵینگان دەیانڕازاندەوە. ئێستا شێوازی سەركەللە گۆڕاوە و لە دەرەوی كۆیە هاوردە دەكرێ.

- **قەڕاسە (دەستڕێشمە):** كە بەشی خوارەوەی سەركەللەیە، سێ جۆری هەیە:

**قەڕاسەی جەلەبی:** بازنە زنجیرێكە بەشی سەرەوەی دەخرێتە پشت گوێی وڵاغەكە و لە ڕاست وچەپ دوو ئەلقەی هەیە، داوێك یان پەڕوی لێدەبەسترێ، دێتەوە سەر نێوچەوان، پێی دەگوترێت (نێوچەوان یان سەر لموزە) لەبەشی خوارەوەش دە سانتیمێك زنجیر شۆڕبۆتەوە و گەردونەیەكی پێوەیە بۆ دەستجەڵەو تێخستن. یان پەت و گوریس بۆ بەستنەوە بە مێخزنجیر و دار و كۆڵەكە.

**قەڕاسەی ڕادایی:** وەكو قەڕاسەی جەڵەبیە بەڵام نێوجەوانی هونراوەتەوە و نەخشی لەسەرە، لە خوارەوش گوڵێنكەی ڕەنگاو ڕەنگی پێدا شۆڕ بۆتەوە بۆ جوانی.
قەڕاسەی بە قایشان: سەرلموزی لە قایش دروستدەكرێ، بەشەكانی دیكەی لە زنجیرە، ئەم جۆرەیان لە هەموویان تەندروستترە و چاكترە، ئازاری لموز و سەروكەللەی وڵاغ نادات.

- **پێشسینگ (بەرسینگ):** ئەمەش هەر بۆ ئارایشتكردنی وەڵاغەكەیە، بەبەرسینگییەوە دەكرێت، لە ڕاست و چەپی پێشی كورتانەكە قایم دەكرێت. ئەمەش زۆر جۆری هەیە، ئەوەی كە لە لای كورتاندرووەكانی كۆیەم بینی دوو شێوە بوو:

**پێشسینگەی بە موروو:** وەكو پشتێنێكی قایشە، لە داوە دەزوو هوندراوەتەوە و پانییەكەی پێنج پەنجە دەبێ بە ریز سێ ڕەنگە لەسەر یەكتری. لە بەشی خوارەوە بە موروو قەبارەی دەنكە ترێ، لە شێوەی نووشتە، شەش دەنك هونراوەتەوە و لە سووچی خوارەوەی نووشتەكە، یەك گوڵینكەی دەزووی ڕەنگاو ڕەنگ شۆڕ بۆتەوە. كۆی نووشتە و گوڵینكەكان (١٢) دانە بوون.

**پێشسینگەی بە گوڵێنگان:** وەكو ئەوەی سەرەوەیە بەڵام سێ پشتێنە گوڵینگە لە ژێر یەكتری هاتوونەتە خوار و لێك بەستراون، پشتێنەی سەرەوە (١٢) گوڵێنگەیە و ئەوانی دیكە هەر یەكەی (١٠) گوڵینگەیە، كۆی گوڵینگەكان كە بەبەر سینگی وڵاغەكەدا دێتەخوارەوە(٣٢) دانەی ڕەنگاو ڕەنگی جوانە،

هەر یەكەی بەقەد هەرمییەك دەبێ. (بڕوانە وێنەی بەرسینگ).

- **ملەمورووو:** وەگو گەردانە لە ملی ولاغەكە دەكرێت بۆ جوانی، هەموو مورووو دەنكە ترێیی ڕەنگاو ڕەنگە بە پێنج ریز هۆنراونەتەوە، بە ئاغزوونە یان بە گرێدانی سەرە پەتەكانی لێك دەبەسترێن.

- **قایش پاڵوو:** ئەمەش دوو بەشە دەخرێتە سەر پاشووی وڵاغەكە و دوو لای بە كورتانەكەوە دەبەسترێتەوە، تا لە نشێوان كورتانەكە بۆ سەر و ملی وڵاغەكە دا نەخزێتە خوارەوە. بۆ بەشەكانی بڕوانە وێنەی كورتان .

- **دەستجەڵەو:** لە خوریی ڕەنگاوڕەنگ دەهۆنرێتەوە و نەخش و نیگاری خۆی هەیە و بە گوێرەی هۆنینەوەی بەنەكە كە سێ جۆری هەیە: مارۆكی، لە شێوەی مارە، لوولەییە. خڕۆكی وەكو دەنكە ترێیە خڕە. گردۆكی وەكو كەزی وایە.

- **لغـــاو:** كە بۆ جەڵەوكردنی ئەسپ و ماین بەكاری دێت بۆ تەواوی بەشەكانی لغاو (بڕوانە وێنەی زین و لغاو).

- **شـەیتانەلغاو:** كە هەر بە زنجیری ئاسایی قۆلفەیەك دەخرایە ناو زاری ئەم گیاندارە و جەڵەوی تێدەخرا.

- **قوشقوول، پشتقون:** بەڕە یان چەرمەیە دە دەخرێتە سەر پاشەڵی وڵاغی بەرزە.

- **تورەگە (جۆڕك):** كیسەیەك بوو لە خرار دروستدەكرا بۆ كاو وجۆ و ئالیكی بۆ وڵاغ تێدەكرا و بە پشتێنۆكەیەكی ملەوكانە، بەسەر سەری وڵاغەكەوە شۆڕدەكرایەوە. زاركی ئەو تورەگەیە دوو قەد و سێ قەد دەرووا، تا هەمیشە بە شێوەی بازنەیەكی كراوەبێ تا وڵاغەكە بتوانی قەپۆزی خۆی بخاتە ناوی و دەربێنی.

- **زەنگوڵە:** كە بە مل و سەركەلە و پاڵووی وڵاغەوە دەكرا: دوو جۆرە: خریلە، كە جۆری گەورە و جۆری بچووكی هەیە و بەقەد گوێزێكی بچووك دەبن. و زەنگوڵە كە ئەویش جۆری گەورە و مام ناوەند و بچووكی هەیە، خریلە و زەنگوڵەی ئێستا لە كانزای زەرد و تەنەكە دروست دەكرێن و وەكو ئەوانی جاران دەنگیان خۆش نییە و جوان نین.

جگە لە کورتان، ئەو شتانەی دەخرانە سەر پشتی وڵاغ بۆ شت گواستنەوە بریتی بوون لە: تێر، شەڵتە، ڕەشکە، قەڵتارە، مەتارەی ئاو ـ پێشتر ئاماژەمان پێداون.

جاران بووك بە ئەسپ و ماین دەگواسترایەوە، سەر مل و شانەکانی بە تارای کەسك وسۆر دەڕازاندرایەوە، کە بووك دەگەیشتە جێ، ئەو تارا و دەسرۆکە جوانانە دەبوو دیاری بۆ خاوەن وڵاغەکە.

## زین و کەرستەکانی:

تا شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دوو زیندروو (سەڕاج) لە کۆیە، کاری زیندروویان دەکرد.[1] زین بۆ ئەسپ و ماینە. چەند جۆرێکی هەیە، بۆخۆی هەیکەلێکی لە ئاسن دروستکراوی هەیە کە لە دەرەوە هاوردە دەکرێ و لە ڕاست و چەپیدا دوو تەختە شەپکەدار چەسپ دەکرێ تا لەسەر ڕاست و چەپی سەر پشتی وڵاغەکە دانیشێت. بەشەکانی زێن بریتین لە: (بڕوانە وێنە زین و لغاو).

پێڵاوی وڵاغی یەکسم، ناڵی ئاسنە، کە ناڵبەند بە بزماری ناڵ لە ژێر سمی چوار پەلی وڵاغەکەی چەسپی دەکات. سێ جۆرە ناڵ هەیە:

ناڵی بن پان، کە لە شێوەی ناوپەلە و ئاسنگەر دروستی دەکات و بە شەش بزماری ناڵ لە سمی وڵاغەکە چەسپ دەکرێت.

ناڵی ناڵچە، وەکو دەمە داسووکەیە، بە ڕیزێك بزمار لە بەشی پێشەوەی سم چەسپ دەکرێت.

**ناڵی بەگۆ: دوو جۆرە :** ناڵی ئەسپ و ماین (گەورەیە) و ناڵی گوێدرێژ و هێستر (بچووکترە). ئەم دوو جۆرە ناڵە تازە داهێنراون، لە ژێرەوە بە لەحیم سێ پارچە ئاسن بە شێوەی سێگۆشەی چەسپکراوە، بۆ ئەوەیە هەم عاردی بگرێ و نەخزێ، هەم تا سەری بزمارەکان زوو نەخورێن و لووس نەبن (وەکو بووتی تۆپی پێیە).[2]

---

(١) وەستا ڕەفیقی زیندروو، وەستا تایەری سەراج کە کوڕی وەستا سەعیدی سەراج بوو..

(٢) کاکە جوانی کاکە ڕەشی حەمەقەوانی، باغچەوان، کۆیە، ٢٥ / ٧ / ٢٠١٦ (چاوپێکەوتن)

بەشی شانزدەم

# ناوماڵی کۆییـان

لەم بڕگەیەدا، سەرێك بەناو ماڵ و حەوشە و هەیوان و دیوەخانی جارانی کۆییەکان تا نیوەی سەدەی ڕابردوو، دادەگرین. نمایشی گۆڕانکارییەکانی دوای ئەم سەردەمە ناخەینە ڕوو، چونکە تا ئێستاش زۆریان لەبەرچاون و هەڵوەشاندنەوە و گۆڕانکارییەکان، لەگەڵ بەرەوپێش چوونی ڕۆژگار دا بەردەوامن.

**سێ جۆرە دیزاینی خانوو، لە کۆیەی جاراندا، پاشماوەیان ماوە:**

**خانووە ئاساییەکان:** کە یەك دوو ژووور بوون لە ناو یەکتری و هەیوان و حەوشەیان هەبوو، لە ناوە سەرشۆرك و لە دەرەوە ئاودەستی هەبوو، لە گڵ و خشت دروستکرابوون، دیوارەکانیان ئەستوور و دەرگا دارەکانیان نزم بوو و پەنجەرەکانیان پتر یەك چاوەی چوارگۆشەیی بوون، هەبوو دەکرایەوە هەشبوو شوشەبەند. حەوزە ئاویان هەبوو. کە پتر چاڵ بوو، لەگەڵ دار هەنجیر و مێو و توو. دەتوانین بڵێین، چیمەن و باغچەیان نەبوو. پەیژەی داریان بەکار دەهێنا، پێیان دەگوت (قادرمەی دار).

**خانووی دەوڵەمەندەکان:** پتر سەرکۆشك و بنکۆشك بوون، ژووریان زۆر تێدا بوو، دیوەخان و حەمامی سەربەخۆیان هەبوو، دەرگاکانیان گەورەتر و پەنجەرەکانیان کە موحەجەری ئاسنی نەخشداری هەبوو، جوان و سەردەمییانە بوون، تاق و ڕەفتەیان زۆر بوو، پلیکانەکەیان بە گەچ دروستکرابوو و هەورەبان و حەوز و نافورەی ئاو و کەپری مێو ودار و درەختیان هەبوو.

**خانووی ئاغایەکان:** وەکو هی دەوڵەمەندەکان بوو، بەڵام دەرگای حەوشەیان کە دوودەری بوو، تۆکمە و قایمتر بوو. لەسەر بان، ستارە و قولە و مەتەریزیان هەبووە، چونکە جاروبار شەر و پێکدادان ڕووی دەدا.

کۆڵانەکانی گەڕەکە کۆنەکان، تەسك وتروسك و ناڕێك بوون، هەبوو ولاغی یەکسمی بەبارەوە پێدا نەدەچوو. بەڵام قەد ئاوەڕووی پیس و گواو لەناو کولانەکی کۆیەدا نەبووە.

## ڕایەخ و پێخەف و حەسیر:

لبادی کۆییانە و بەرەی چنراو و مافور و فەرشی هەمە چەشن ڕادەخران، لە ژێریشیان حەسیری کوردی کە لە تەقتەق دروستدەکرا، ڕادەخران. حەسیر چەندین قەبارەی لاکێشەیی و چوارگۆشەیی هەبوو، حەسیرۆکەی قوون ئاگردانی، تەژگەحەسیر. قەت ڕایەخیان لەسەر زەوی، بەبێ حەسیر، ڕانەدەخست. سێ جۆرە دۆشەگ، کە لە کۆیە دروستدەکرا، بەکار دەهات: دۆشەگۆڵە، دۆشەگی بەر هەیوان و حەوشە، دۆشەگی لەسەر خەوتن، کە هەموویان لۆکە بوون. لە چلەکانی سەدەی ڕابردوو تاقمە قەنەفە هاتە کۆیە، خەڵکەکە هەمیشە لەسەر عاردی دادەنیشتن.

پێخەفیان بریتی بوو لە دۆشەگ و بالیف و لێفە و جاجم. دۆشەکەکان پتر لۆکە بوون و لە لای دۆشەگچی لە خام یان بەلوریی سپی دروست دەکران، دۆشەکی خوریش هەبوو بەڵام کەم. ئەم دۆشەگە بەرگێگی تێ هەڵدەکێشرا کە گوڵ گەورە و یان خەتدار یان بە نەخش بوو. لێفەش بە هەمان شێوە و بە قەبارەی جیاواز: لێفۆکە بۆ منداڵ و لێفی یەك نەفەری و لێفی دوو نەفەری یان گەورە، ئەویش لە لۆکە و خوری لە لای لێفدروو دروستدەکرا. هەمیشە ناوەندی ڕووی دەرەوەی لێفەکە بە قۆماش دەڕازایەوە. جاجمیش قەبارەی جیاوازی هەبوو لە کارگە دروستدەکرا، هەرچی بالیف (سەرین) بوو، لە زۆر شت دروستدەکرا، بەڵام هەموو شێوە باگردانی بوون، درێژییەکەی نزیکەی (٥٠) سم و تیرەکەی (٣٥)سم دەبوو، هەردوو سەری وەك پزی، داوی تێ هەڵدەکێشرا و دەخرایە ناو

بەرگێکی جوان. جۆرەکانی بالیف بە گوێرەی ناوئاخنی، بریتی بوون لە بالیفی بە لۆك، بالیفی بە کوڵك (کوڵکی مریشك و کەو و سویسکە و مراوی و سۆنە و قاز - وەکو چۆن مەڕ ساڵانە خورییەکەی دەبڕێتەوە، قازیش ساڵانە گەندە کوڵکی نەرمی لێدەکرێتەوە.)، بالیفی بە کەپەکان، بالیفی بە خوری، بالیفی پەڕۆیان. بەرگی بالیف کە لەماڵەوە بە خەیاتە و سانتیم بە نیگاری کەو و کۆتر و ماسی و گوڵ و گەڵا دەنەخشێنرا، چەند جۆرێکی هەبوو، قەراغەکانی بەرگەکە پەڕ پەڕ بوو وەکو کراسی بەکلۆش. لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بالیفی ئیسفنجی (شێوە ماسی) پەیدا بوو، لە گەڵ نەخشی بەرگەکەی، هێندێك دەستەوە واژەی وەك ( بەیانیت باش / ڕۆژ باش)ی بە دەست لەسەر دەنەخشێنرا.

لە کۆیە پێخەف لەسەر سندووق و ئیغدان هەڵدەگیرا، بە پێچەوانەی کوردستانی ڕۆژهەڵات کە لەسەر زەوی دەخرێنە سەر یەکتریّ و قەڵاچن دەکرێن.

تا شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، سێ چوار منداڵی کوڕ یان کچ لە ژێر یەك لێفدا دەخەوتن. عازەبەکانیش، زۆر جار لە ژووری منداڵەکان، جێگە و پێخەفی خۆیان هەبوو.

**ئیغدان و دەلاقە و ناندێن:**

پێش جەنگی یەکەمی جیهانی، پۆشاك لە ناو پووشینە و تریانە و پێتەرازوو هەڵدەگیرا، دەوڵەمەندەکان پووشینەی خری گەورەیان هەبوو، کە لە دەڤەری گەرمیان لە پووش دروست دەکرا و بە پەشمەی سەر پووشینە دادەپۆشرا. (بڕوانە وێنەی سەر پووشینە). یەکەم شێوەی سندووق، کە دارتاشەکانی کۆیە، دروستیان دەکرد لاکێشەیی بوو، بە قەد(٨٠) سنتیمێك بەرز بوو (١٠٠)سم درێژ و (٧٠)سم پان بوو، سەرەکەی کە زنجیر و قوفڵی هەبوو، بۆ پشتەوە هەڵدەدرایەوە. پۆشاکیان لە ناو بوخچە دادەناو و دەیانخستە ناوی. بوخچەش دوو جۆری هەبوو، حازر، کە لەبازار دەفرۆشرا و دەستکرد کە ژنان لەماڵەوە دروستیان دەکرد. لە چلەکانی سەدەی ڕابردوو، ئیغدان داهێنرا، کە سندوقێکی

دار بوو، نزیکەی (١٦٠)سم درێژ و (٩٠)سم بەرز و (٦٠)سم پان بوو، چوار پێچکەی هەبوو، پتر سێ دەرگای هەبوو شووشەبند کرابوون و بۆ پێشەوە دەکرانەوە، پتر رەسمی بۆراق و تەیر و توار و گوڵ و گەڵای داریان بە بۆیەی زێڕین و ڕەنگاوڕەنگ لەسەر دەنەخشاند. جلك وبەرگیان بە قەدکراوی یان لە بوخچان لە ناو هەڵدەگرت و، نوینیشیان، لە دۆشەگ و لیف و جاجم، لەسەر دادەنا. بە جاجمێکی جوان یان بە سەر پۆشێك دایان دەپۆشی.

لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، لەسەر دەستی وەستا عومەری عەبدواحێد عەباسی نەجار (١٩٠٥ - ٢٠٠٠) کەنتوری جلکان پەیدا بوو،[١] کە دەرگاکانی تەختە بوون، گەورەتر و تۆکمەتر بوو لە ئیغدان و نرخەکەشی گرانتر بوو. هەروەها (هێڵەگ) داهێنرا، کە قەفەزێکی بەرز بوو، (٩٠)سم پان دەبوو، دوو دەرگای هێڵەگداری هەبوو کە بۆ پێشەوە دەکرانەوە و چەند ڕەفتەیەکی بۆ کرابوو، بۆ قاپ و قاچاغ بۆ هەڵگرتنی هێندێك خۆراکی وەك و ماست و چێشت لە هەیوان دادەندرا. مێزی بچووك و گەورەی پا بڵندیش هەبوو، کە بە سەرپۆشی نەخشێنراو دادەپۆشران، گرامافۆن (قەوان) و ڕادیۆ و چرادان و ئەوشتانەیان لەسەر دادەنا.

زۆربەی ژوورەکان چەند تاق و دەلاقەیەکیان هەبوو، لەسەر ڕەفتەکان قۆریە و لەنگەری و بەلەم و حەوتجۆش و گومگومە و زەمزەمییەیان نمایش دەکرد، ئەوا جگە لە چرادان و مۆمدان و ئاوێنە.

دیوارەکان، بۆ هەڵواسینی جلك و بەرگ و خاولی و ئەم جۆرە کەرەستانە.، سینگی بزمار و داریان پێوەبوو.

نانیان لە ناو ناندێن دادەناو زۆرجار، بۆ خاوێنی بە ساپیتەوە هەڵیاندەواسی، ژووری گەنجینە، تریانە و گۆزە و کەندوو و هیزە و کەلوپەلی ماڵی تێدا بوو، جار هەبوو کۆڵێتی مریشك و جووجەڵەش هەر لەوێ بوو. کەمتر مەتبەخ هەبوو، هەر لەبەر هەیوان چێشت و نانی تیرییان دەکرد، تەندوور زۆر مەرغووب نەبوو لە کۆیە، هەر یەك دوو ماڵی نانی تەندووریان بۆ فرۆشتن دەکرد.

---

(١) گۆڤاری شارەوان، ژمارە ٦، کانونی یەکەمی ٢٠١٥.ل. ٥٥

بەگشتی زۆربەی كەرەستە و كەلوپەلەكانی ناو ماڵ دەستكردی خۆماڵی بوون، پتر لە دار دروست دەكران، وەك كۆتك و دەفر و كەوچكی دار و كەوچكی ماستاوان و تەبەقی شەكری و تەختەی كوڵێ و گەراكوتك و سندوقۆرە وئیغدانی بچووك.

خێدان بە دیواریەوە دەكرا، كە لە شێوەی خورجێكی بچووك بوو، لە قوماشی خیوەت (جاو) دروستدەكرا.[١]

حەوتجۆش بۆ گەرمكردنی ئاو بەكار دەهات بۆ دەست شتن و دەستنوێژ هەڵگرتن، مەسینە و دەستشۆڕ لە جیاتی دەستشۆڕی فەفخۆری سەردم بوو. لە ماڵەكان ئاگردان و سۆپەی دار هەبوو، لە شەستەكان زۆبەی عەلائەدین و دواتر سۆبەی نەوتی سوری پەیدا بوو كە تۆپێكی گەورەی لە گەڵدا بوو بۆ نەوتكە. دواتر سۆپە سەردەمەكان پەیدا بوون و سۆپەی دار پاشەكشێی پێكرا.[٢] تەنەكەچییەكان سۆبەی دار و مقاڵە و ماشە و بێڵۆكە و ئەستیویان دروست دەكرد. لە جیاتی تەباخیش مقاڵەی چایی و مقاڵەی گەورە و سێپای ئاسن هەبوو كە پێیان دەگوت (سێكوچكە)، دواتر پرێمز پەیدا بوو، لە شەستەكانی سەدەی ڕابردوو یەكەم تەباخی نەوت هاتە كۆیە كە پێیان دەگوت (تەباخی شووشە) چونكە نەوتەكە لە شووشەیەكی گەورەی سەرەونخونكراو لە لاتەیشتێكی تەباخە دادەندرا، ئەویش چەند دوو چاوە و سێ چاوەی هەبوو.

## دیكۆر و ئارایشت:

ئەمە ئیشی ژنەكان بوو، كەمتر پیاوەكان ئەو خولقەیان هەبوو، خۆیان بە دیكۆر و ڕازاندنەوەی ناوماڵ خەریك بكەن. ژنەكان بەچەند شێوە ماڵەكانیان دەڕازاندەوە، بۆ سەر سندووقۆرە، سەرپۆشیان بە سانتینی ڕەنگاو ڕەنگ دەنەخشاند و، سەر پۆشی

---

(١) كە نەوبووك بۆ یەكەم جار دەست دەخاتە ناو خێدان دەبێ بڵێ:" خوایە دەستاوم گەلەك بەتام بی، بەدڵی خەسووم بی".

(٢) تەنەكە چییەكانی كۆیە: وەستا مارفی تەنەكەچی كە هونەرمەندیش بوو، وەستا كەمال، وەستا سابیر وەستا نەسروڵڵا، وەستا رەزاق،. وەستا تۆفیقی وەستا ڕەشیدی كێڵبڕ. منەنجەڵ سپیكەرەوش هەبوو: وەستا سابیر و مەنجەڵ سپییكەرەوە.

ڕادیۆش کە پتر سپیی بوو، هەموو بە نەخش و نیگار دەڕازایەوە، بۆ سەر دیوار لبادی بەنەقش و جاجم و مافورۆکەی دیواری و حەسیری دیواریان بەکاردەهێنا، ئەو مافورۆکە و حەسیرانە، ڕەسمی شێر و پڵینگ و تاوس و ڕاوچی و شاخ وداخ و جۆگە و دارستانیان لەسەربوو، جا هەبوو یەك پڵینگ بوو هەبوو دوو... تاد. ژنان بۆخۆیان لە پارچە قوماشی ڕەنگاو ڕەنگ یان لە کاغەزەسیمی ڕەنگاوڕەنگی ناو پاکەتی جگەرەی بیانی، حەسیرۆکەیان لە شێوەی لاکێش و سینی دروست دەکرد و بە دیواریاندا هەڵدەواسی.

جگە لە نەخشاندنی بەرگی بالیف، ریشووە و گوڵی جوانیان بە داوی ڕەنگاوڕەنگ لە باوەشینەکانی دەستی دەدووری، کە پیاوەکان لەسەر دوکانەکانیشیان خۆیان پێ باوەشێن دەکرد. هەبوو هاوینان هەمیشە باوەشێنێکی وا جوانی بەدەستەوە بوو بە تایبەتی پیاوە پیرەکان. سەرە قۆریە و سەرە شەگردان و دەستگرەی زۆر جوانیان دروستدەکرد و شانازییان بە دەست و دوورمانی خۆیانەوە دەکرد. وێنە و نیگار هەڵواسین زۆر کەم هەبوو، بەڵام لە زۆربەی ماڵەکان قورئان لە ناو بەرگێکی قوماشی سەوز بە دیوارەوە دەکرا، یان لە ناو تاق و سەر ڕەفتە دادەنرا، مێزقورئانیش بەکار دەهات. لە هەموو ماڵێك ئاوێنەیەکی بازنەیی یان لاکێشەیی دوو بە قەد دەستە بە دیواردا هەڵدەواسرا. دەوری کووپی ئاو وجێ کووپیان بە باڕێزە و گیاوگوڵ دەڕازاندەوە، چونکە خانووەکانیان بچووك بوون، باغچەیان نەبوو، بەڵام هەبوو لە ناو کونج گوڵی دەچاند، یان لە دەوری بنە مێو ودار هەنجیری ماڵەکانیان ڕەیحان و چەند بنجەگوڵیکی وەرزییان دەچاند. لە حەفتایەکانی سەدەی ڕابردوو گوڵی نایلۆنی ئێرانی بازاڕی داگرتبوو و مامز و هەڵۆ و شێر و پڵینگی پلاستیکیان دەفرۆشت. سەعاتی دیواری جۆری باندۆل پتر لە دوکانی سەرتاش و چایخانەکان دەبینران، زۆر کەم لە ماڵان هەبوو، بەڵام سەعاتی زەنگداری سەرمێز لە زۆربەی ماڵەکاندا هەبوو. لەسەر دەرگاکانیش تەقولبابی ئاسن هەبوو، چونکە زەنگی ئیلیکتریکی دەرگا لە نیوەی سەدەی ڕابردوو گەیشتە کۆیە.

زۆربەی دەرگای حەوشەی ماڵەکان پەردەی هەبوو، کە لە قوماشی پەردە دروست دەکران، لەسەرەوە پزی پەردەکەیان لە ڕستێك هەڵدەکێشاو و بە دوو سینگە بزمار، ئەوبەر و ئەمبەر، لە دیواریان چەسپ دەکرد، ئەگەر بیان ویستبایە پەردەکە هەڵدەنەوە، بۆ لایەك، وەك پەردەی سەر پەنجەرە، ڕایاندەکێشا. جاران هەمیشە بە ڕۆژ دەرگای حەوشەی ماڵان لەسەر پشت بوو، دونیا ئەمین و ئەمانەت بوو.

ماڵ هەبوو یەك یان دوو کورسی هەبوو، جا جۆری بە پاڵشت یان کورسیی بچوکی بێ پاڵپشت، کە دۆشەگۆڵەی دەخرایە سەر. ناو تاق و سەر ڕەفتەکانی ژوورەکان، کە لە گەچ دروستکرا بوون، بە شووەوات و گومگمە و لەنگەریی وسەماوەر و ئەم جۆرە شتوومەکانە دەڕازاندرایەوە، بەڵام هەموو ماڵەکان نا. بۆ ڕۆناکیش لۆکس و چرادانی لالە و فانۆس و چراڕەشکە ومۆمیان بەکار هێناوە، پێش ئەوانەش هەر شەپڵتە و چرا ڕەشکە هەبوون.

هەمیشە لە شاری کۆیە ژمارەیەکی بەرچاو کەوباز هەبووە، ئیمڕۆ (٢٠١٦) ژمارەکەیان لە سەرووی (٣٠٠) کەس دەبێ، ئەوان زۆر بایەخ بە کەوەکانیان و کەرەستەکانیان دەدەن، بۆ نموونە قەفەزەکانیان بە سەرپۆش دادەپۆشن، کە دوو جۆری هەیە: سەرپۆشی هاوینە، پتر قوماشەکەی سپیی و کاڵ و تەنکە و هی زستانەش کە قوماشەکەی ڕەش و تۆخ و ئەستوورە، جاران (٣) جۆرە سەرپۆش، بە گوێرەی بڕینیان هەبوو: هێندێك کەوباز لە لای خەیات سەرپۆشەکەی دروستدەکرد، بەشی پێشەوەی، بۆ سەرەوە هەڵدەدرایەوە تا ڕووی قەفەزەکە دیار بێ، جۆری دووەم ژنەکان لە ماڵەوە دەیاندووری و نەخش و نیگاریشیان بە خەیاتە و سانتیم لەسەر دەنەخشاند، چونکە قەفەزەکان لە ژووری دانیشتن و خەوتن لە بن دیواری ڕیز دەکران. هەرچی جۆری سێیەمە، هەر پارچە قوماشێکی ئاساییە و هێچ دورمان و نەخشی تێدانییە، کەوبازەکە، وەکو بوخچە،لە قەفەزەکەی وەردەپێچێت.

**بازاڕ و قەیسـەری:**

مێژووی دروستکردنی قەیسەری کۆن (١٨٤٠)و قەیسەری نۆێ (١٩٠٤)ە، لە کۆنەوە ئاسنگەر و دارتاش و خمچییەکان و...تاد، دوکانیان هەر لە دەرەوەی قەیسەرییەکان بووە. جاران زۆربەی پیشەوەرەکان، تەژگەبەڕێك یان دۆشەگۆڵەیەکیان لەسەر بەرێك ڕادەخست و لەسەر زەوی دادەنیشتن. جگە لەوانەی کە پیشەکانیان بە پێوە ئەنجامدەدرێ وەکو خومچی و لبادچی و ئاسنگەر...تاد. چایخانەکان تەختی درێژی بە پاڵشتیان هەبوو کە تەنکە دۆشەکێکی لەسەر دادەنرا، یان هەبوو بێ دۆشەك. کورسییەکان بچووك بوون هەر (٤٠) سانتیمك بەرز بوون، مێز و سێپایەکان تەختەدار بوون. ئەم کەلوپەلانە لە لایەن دارتاشەکانی کۆیە دروستدەکران. تەنیا چەند چایخانەیەك قەوانی هەبوو، دواتر لە چلەکان ڕادیۆی بە پاتری گەورە، پەیدا بوو، لە ساڵی (١٩٦٩) یەکەم تەلەڤزیۆنی ڕەش و سپی لە چایخانەی حەمەگەمحان داندرا.

کەبابخانەکان بە قیمەکێشی گەورەی دوو دەسك، گۆشتیان قیمەدەکرد، لە پەنجایەکان مەکینەی(دەستی) قیمەکردنی گۆشت گەیشتە کۆیە. چێشتخانەکانیش، کە بە پەنجەی دەست دەژمێردران، زۆربەیان لە ماڵەوە چێشتەکانیان بۆ ئامادە دەکرا. باراشبەر بە گوێدرێژ باراشی دەبردە ئاشی و دەیهێنایەوە، لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ئاردی حازر پتر کەوتە بازاڕ. فرۆشیارەگەریدە و دەستگێڕەکان، کەرەستەکانیان لە ناو تریانە و سەبەتە و سینی و سندووقی بچووك لە کۆڵانەکان دەگێڕا. زبڵکێشیش بە شەڵتەی سەر پشتی گوێدرێژەکەی زبڵ و خاشاکی گەڕەکەکانی کۆدەکردەوە، هەر گەڕەکەی زبڵکێشی خۆی هەبوو.(شەڵتە خەروارێکی گەورەی دوو لاییە لە موو دروستدەکرێ، بەلای ڕاست و چەپی پشتی ولاغی یەکسمدا شۆڕدەبێتەوە.) تا ساڵی (١٩٧٥) ئیستهلاك، کە ئیمڕۆ پێی دەڵێن، عەلوەی سەوزە و میوە، لە نزیك دەرگەی مزگەوتی گەورە بوو، زۆربەی بەرهەمەکان لە قەڵتارە و سەبەتە و سندووق بوو بە باری ولاغان یان بە ئۆتۆمبیلی پیکاب لە گوندەکانەوە

دەیانهێنان. هەر لەوێ بە دەنگی بەرز ئەو بەرهەمانە بە بمەزات دەفرۆشان. لە کۆڵانیش هێندێك منداڵە باغچەوان بەرهەمەکانیان خۆیان ساغ دەکردەوە. بڵباس و بۆڵی و ڕەوەندی دیکە (پاییزان)، بەرهەمە شیرەمەنی و گوێز و مێوژ و گێوژ و هەرمێی پاییزیان لە کۆڵانان بە زەخیرە دەگۆڕییەوە. شەکەرچیش، شەکرۆکە و لەپزینە و گەزۆ و کونجی و مەعجونی لەسەر سینی، لە کۆڵانەکان دەگێڕا و منداڵان لێیان دەکڕین.

لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو، شەپڵتەچی هەبوو، شەوانە نەوتی لەو شەپڵتانە دەکرد کە بۆ رووناککردنەوەی شەقام و کۆڵانە سەرەکییەکانی کۆیە بەکار دەهاتن، دواتر بوو بە چرای وەکو فانۆس.

بێگومان، کە لە (٢٠١٦) ژمارەی کەڕەکەکانی کۆیە گەیشتۆتە (٣٠) گەڕەك، بازاڕ و مۆڵی تازە ژمارەکەیان زیادی کردووە و لە زۆربەی شەقامە سەرەکییەکان و ناو گەڕەکەکان دوکانی بازرگانی دەبینرێن. ئەم فراوان بوونە هەر (٥) ناحییەکە و شارە دێیەکانی ئەم دەڤرە دەگرێتەوە. هەرچەندە بازاڕ و شەقامەکانی ناحییەکان بێ سەر وبەرێ و ناڕێکیان پێوە دیارە.

دەربارەی تابلۆی سەر دوکان و شەقامەکان، لە ڕاستیدا، تا سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، هەر چوار پێنج دوکان، کە پتر وێنەگر بوون، تابلۆیان لەسەر بوو، لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا، ڕێنەدەدرا بە ئارەزووی خۆت ناوونیشان بۆ تابلۆی دوکانەکەت هەڵبژێری و ڕەزامەندی فەرمانگەی (ئەمن)ی دەویست و دەبوایا ساڵانە باجی بدەی. بەڵام دوای ڕاپەڕین، تابلۆی سەر دوکانان بوو بە مۆدێل و زۆر پەرەی سەند و بازاڕی خۆشنووس و چاپخانەکانی (فلیکس) بووژانەوە، بەڵام ئەو تێبینییانەی کە لەسەر ئەو تابلۆیانە تۆمارکراون، ڕێك هەموو تابلۆکانی شارەکانی دیکەی کوردستانیش دەگرێتەوە. هەرچەندە تابلۆی جوان و سەرنجڕاکیش و سەردەمییانەیان تێدا دەبینرێ، بەڵام بەگشتی: ناڕێك و بێزەوق و بێ هونەرن، ڕێنووسەکانیان زۆر سەقەت و پڕ لە هەڵەن، زمانی غەیری کوردی، بە تایبەتی عەرەبی و تورکییان بەسەردا زاڵە، قەبارە و شێوازی دیزاینەکانیان نا سەردەمییانەن و جوان نین، چونکە هێندێك کۆمپانیای تورکی و

ئێرانی تابلۆی حازری خۆیان بێ بەرانبەر دەدەنە دوكاندارەكان، بەو مەرجەی لە گۆشەیەكدا ناوی دوكانەكەی خۆیان بنووسن، بەوە ڕۆخسار و سیمای زۆربەی شەقامی شارەكانی شێوێندراون، چونكە قەبارەی هێندێك لە تابلۆیانە بە قەد فەرشێكی (٣ بە ٤) مەتری دەبێت.

زۆر لافیتە و پرسەنامە و ڕێكلامی نارێك بە دیواری سەر شەقام و مزگەوتەكانەوە دەبینرێن. ڕۆژانی بانگەشەی هەڵبژاردنیش باسێكی سەربەخۆ هەڵدەگرێت، چونكە ئەوەی سەردەمییانە و شارستانیی یە، لەو ڕۆژانەدا لە هەڵواسینی وێنە و ئاڵا و دروشم و ڕێكلامەكاندا بوونی نییە. ئەمەش پەیوەندی بە بابەتەكەمانەوە هەیە، چونكە قوماش و كەرستەكانی دیكەیان تێدا بەكار دێ.

# بەشی حەڤدەم
# پۆشاك: دیاری و خواستنەوە

## پۆشاك، وەك دەست و دیاری و یادەوەری:

لە نێو کوردانیشدا، وەك زۆربەی نەتەوەکانی دیکە، دیاری پێشکەشکردن و گۆڕینەوە، نەریتێکی باوی پیرۆز بووە، کە نەوە دوای نەوە ڕێزیان لێ گرتوە و بەردەوامییان پێداوە. شاری کۆیەش کە بازاڕێکی گەورەی پیشەوەران و کاروانسەرای شارەکانی دیکە بووە، بێگومان لەم خەسڵەتە جوانە بەرچاو بووە، ئەگەر نەیکەینە (کۆییایەتی و خۆییایەتی) و نەڵێین دانیشتووەکانی زۆر سەخی و دڵکراوە و بەرچاو ڕوون بووین و بە دەست ودیاری ناویان دەرکردووە. سەخاوەت و کۆمەك و یارمەتییەکانی حەماغای کۆیە و کەریمی عەلەکە لە کتێبە مێژوویەکاندا ئاماژەیان پێدراوە و (حاجی قادری کۆیی)ش، ئەم ڕاستییەی لەبەر چاوبووە، بۆیە دەڵێ:

ئەهالی ڕۆستەمن وەقتی شەجاعەت
لە حاتەم زێترن وەقتی سەخاوەت[1]

لەم بڕگەیەدا، بە سەر پێیی، باسێك دەربارەی ئەو کاڵا و پۆشاکانە دەخەینە ڕوو کە وەك دیاری پێشکەش کراون. ئەم دیارییانە شێواز و ڕوخساری خۆیان

---

(١) دیوانی حاجی قادری کۆیی، سەردار حەمید میرخان وکەریم شارەزا، چاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، هەولێر، ١٩٨٦، ل. ٢٥٢

هەبوو ئەمەیش لە ڕوانگەی دوو ڕەهەندەوە: دیارییەکان هی کێن و پێشکەش بە کێ دەکرێن؟ وە لە چ بۆنە و موناسەبەیەکدا پێشکەش دەکرێن؟ بۆیە دەبێ دیارییەکان لە هێندێك شتی تر جیابکەینەوە، کە ناچنە خانەی دەست و دیاریی و پێشیان نالێن (دیاری)، وەکو، بەشینەوەی جیازی بووك، سەرناوکانەی منداڵ لەدایك بوون، حەفتانەی حەمامێ، حەقدەستی مامانی، شەکر وقەندی جلکبڕینی بووك....تاد. دەکرێ دەست و دیارییەکان بەم شێوەیە پۆلین بکەین:

## دیارییەکانی سەفەر:

جاران سەفەرکردن لەسەر پشتی وڵاغ بوو، بۆ نموونە، سەفەری حەج نزیکەی سێ مانگ زیاتر بوو، کە ئۆتۆمبیلیش هات شوێنی وڵاغ بگرێتەوە، ڕێگاوبانەکان باش نەبوون، بۆیە سەفەرەکان ماوەیەکیان پێ دەچوو، ئەمەش هۆکارێك بوو کە سەفەرکەر و گەشتکەر بە دەست و دیاری بگەڕێتەوە. دیارییەکان چەند جۆرێك بوون، وەکو دیاری بۆ هاوسەر و منداڵ و خوشك وبرا، دیاری بۆ کەسانی دۆست و نزیك و پایەدار، وەکو مەلا و ئاغا و فەرمانبەری پلەبەرز، دیاری بۆ دۆست و ناسیاو، وەکو دیاری حەجاجەکان لە گەڕانەوەیاندا. لەساڵی (٢٠١٥) دیاریی حاجییەکانی کۆیە بریتی بوون لە عەبا و جبە و بەدلەی خەلیجی ولەچکە بۆ ژنان، کڵاوی دەزووی چنراوی بەنگلادیشی و چینی، قوماش، دیشداشە، سیواك، تەزبیح، بەرماڵ بۆ پیاوان.[١]

## دیاریی بۆنەکان:

پۆشاك لە هێندێك بۆنەدا، وەکو دیاری پێشکەش دەکرا، وەکو ئەو دەستە جلکەی مەلا، لە کەوا و سەڵتە و سوخمە و مەندیل، کە دەوڵەمەندێکی گەڕەك، لە ڕێوڕەسمێکدا، پێشکێشی ئەو موستەعیدەی دەکرد، کە ئیجازەی مەلایەتی پێ دەدرا، ئەمەیش وەك خەڵات کردنێك بوو، خۆبەخشانە ئەنجام دەدرا.

---

(١) حاجی ئەحمەدی عەوڵا باسە، حەملەداری عومرە، کۆیە، ٢/ ٨ /٢٠١٦، چاوپێکەوتن.

**دیاری وەکو بەخشیش:**

بۆنموونە، مامانی لە بری ماندوو بوون و خزمەتکردن، لە کاتی منداڵ بووندا، حەقدەستی خۆی وەردەگرێ، بەڵام جار هەیە ئازیزانی باوانی ئەو منداڵە لەدایك بووە، دەست و دیاری بۆ ئەو مامانە دەبەن، وەك بڵێی نەزرییان لە خۆیان گرتووە. ئەمە لە حەفتیانەی حەمامیش دووبارە دەبۆوە، کە دیارییان پێشکەش بە ژنەحەمامچی و ناتر دەکرد، جگە لە حەقدەستی خۆیان. یان کە نەخۆشێك چاکدەبۆوە، لە جیاتی حەقدەست، دیارییان بۆ ژنە یان پیاوە حەکیمەکە دەبرد.

**دیاری وەك دیاری:**

مەبەستمان لەو دیارییانەیە کە بە بێ بۆنە و موناسەبەت پێشکێش بە کەسێك دەکرێت بۆ نیشاندانی دۆستایەتی و خۆشەویستی، نابێ ئەمەیش فەرامۆش بکەین کە جاران، سەردانکردن هەمیشە دەست و دیاری لەگەڵدا بوو. تەنانەت کە لادێییەکانیش دەهاتنە شار و نیوەڕۆ دەبوونە میوان، بۆ ماڵی خانەخوێ سەر باریان وەك دیاری پێ بوو، سەربار بریتییە لە بەرچنەیەکی - قەڵتارەیەکی بچووك - پڕ لە میوەی هەڵبژاردەی باش لە ترێ و هەنجیر و خۆخ و قەیسی، یان جێماستی باش و کەڵەشێری گۆشتن.(١)

جاران ئەم قوماش و پۆشاك و پێڵاو و خشڵانە لە کۆیە، وەکو دیاری پێشکەش دەکران( چ وەك قوماشی نەبڕاو چ وەك دەستەجلکی دووړواو):

قوماشی کشمیر، کتانچین، ئاوریشم، چیت، سلك، سرکەیی، چارۆگە، کەوا، کراس، سەڵتە، عەبا، کەواوسەڵتەی پیاوان، پەستەك، قوماشی شەرواڵ و مرادخانی، دووگرد، جاجم، سۆل، کاڵەك، سەعاتی باخەڵ و سەعاتی دەستی، خەنجەر، قەنە و دار سبیلە.

---

(١) وەستا عەبدوڵڵای کەبابچی دەستێك جلك لە کەوای شۆڕەی ئاوریشم و سوخمە و چاکەت و کراسی، هەمیانە(واتا پشتیچنی ڕیشووەدار) وەك دیاری، پێشکەش بەحاکمێکی خانەنشین کراوی سەردەمی خۆی لە کۆیە دەکات .(چاوپێکەوتن، زبیدە).

دوای ڕاپەڕین بۆنەکان زۆر بوون و جۆری دیارییەکان گۆڕانکارییان بەسەر داهات. دیاریی گۆڕینەوە لە نێوان دۆست و هاوڕێ، هاوسەر، دایك و باوك و منداڵ، مامۆستا و خوێندکار. بۆنەکانیش زۆر بوون، جار هەیە دامەزراندنی فەرمانبەرێك، یان چوونە خانووی نوێ، بێ دەست ودیاریی نابێ. "تەنانەت هێندێك پارت و لایەنی سیاسی لە کاتی هەڵبژاردن و گونگرەبەستندا، بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین دەنگ، جلك و پۆشاکی کوردی دەکەنە دیاری و بەسەر هەوادارەکانیاندا دەیانبەخشنەوە."(١)

سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە بێگانەکانیش، کاڵایی کۆییانەیان بۆخۆیان کردۆتە دیاری، بۆ نموونە ئینگلیزەکان و عەرەبەکانی بەغدا و شارەکانی دیکە و تورك و فارسەکان، ئەم شتانەیان بۆ دیاری دەکڕی:

کاڵەکی کۆییانە، پەستەك، کڵاوی پیاوان، خەنجەر، سۆل، پێڵاوی ئێمەنی، قەنەی نەخشێنراو و دارجگەرە، مشکیی بادراوە...تاد.

هێندێك بنەماڵە تاکو ئێستاش چەند پارچە پۆشاکێکی دایك، یان باوك، یان پۆشاکی داپیرە وبابیرەیان هەر هەڵگرتوە و شانازی پێوەدەکەن و لەلایان پیرۆز و موتفەرکە.(٢)

---

(١) هەفتەنامەی ئاوێنە، ژمارە (٥٣٧) لە (٢٠١٦/٧/٢٦) دابەشکردنی قاتی کوردی، هۆرچان ڕەفعەت، ل. ٤

(٢) خاتوو مامۆستا گولیزاری شەفیق ئاغای حەویزی، کەمبەری و کراسی بە پوولەکان و بەرگەبالیف و سەرپۆشی سەرمێزی قەدیمی دایکی پاراستووە/ خاتوو مامۆستا ئاواز مەجیدی پۆلیس، کراس و کەوای ئاوریشمین و قۆریە و چەند شتێکی دیکەی دایکی پاراستووە / خاتوو درەخشانی خاڵە ئەسوەدی چەندی پارچەی گرانبەهای دایکی پاراستووە. حەمەبگرەزی تێکۆشەر تەزبیحی دیاریی دەستی شەهید حەمید کاوانی تا ئێستا هەڵگرتووە.

## خواستنەوە و قەرزكردن:

پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان لە شاری كۆیە، تا حەفتایەكانی سەدەی ڕابردوو، هێندە تۆكمە و بەهێز و پتەو بوو، وەك بڵێی شارەكە هەمووی یەك بنەماڵەیە، هۆكارەكان زۆر بوون، لەوانە، شارەكە هەر چەند گەڕەكێكی لێك نزیك بوون و ماڵەكان دراوسێی یەكتری بوون، خانوو هەبوو چوار پێنج خێزانی تێدا بوو، یەك دەرگای حەوشە و یەك سەربانیان هەبوو. ئەوە جگە لەوەی كە پەیوەندیی خزمایەتی و تێكەڵاوییان لەگەڵ یەكتری زۆر بوو. جاران دراوسێی ئەوتۆ هەبوو، زۆربەی خەڵك وای دەزانی ئامۆزا و خوارزای یەكترین. ئەوان لە خۆشی و ناخۆشیدا هاوسۆز و جەرگسۆزی یەكتری بوون، ڕۆژ نەبوو، بە تایبەتی ژنەكان، بەبێ لەدەرگادان نەچووبنە ماڵی یەكتری.[١]

هەرچەندە شارەكە، دەوڵەمەند و سەرمایەدار و پیشەوەری زەنگینی تێدا بوو، بەڵام بە حوكمی كلتوور و پەیوەندییەكان، خواستنەوەی زۆر كەلوپەل و كەرەستە لە یەكتری شتێكی ئاسایی بوو، بەهیچ شێوەیەك بە خەوش و عەیب سەیرنەدەكرا. ئەو خواستنەوانەش دوو جۆر بوون: هێندێك لە كەرەستە و كەلوپەلە خواستراوەكان، دوای جێبەجێكردنی كارەكە، یەكسەر بۆ خاوەنەكەی دەگەڕاندرانەوە. هەشبوو بە ڕۆژ و حەفتە و مانگ، بەگوێرەی پێویست لە لایان دەمایەوە. ئەو كەرەستە و كەلوپەلانەی دەخواسترانەوە، بە گشتی ئەمانە بوون، جا بۆ ماوەیەكی كورت یان درێژ:

عەبا، پەچە، جلكی كوردی، سەڵتە، كەوا، كراس، پشتێن، چارۆكە، سركەیی، كڵاو و سەركڵاو، پاپووچ، خشڵ و زێڕ و زیو بە هەموو شێوەكانیانەوە / مەنجەڵی ساوار كوڵاندن، مەنجەڵ و قابلەمە، سینی و دەستەباشی، تریانە و پێتەرازوو، سێر و خوان و سێرۆكە، تەشت و تەشتۆكە، تیرۆگ و ناوبرێشك، تەختەی كوڵ و گەراكوتك، قاپ و قاچاغ، كەوچك و كەوگیر، چەقۆ وچەقۆی

---

(١) لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا، كە ماڵە پێشمەرگەكان دەگیران و كێشەیان بۆ دروستدەكرا، زۆرجار دراوسێ و كەسە نیزەكەكانی ئەو ماڵە پێشمەرگانەش ئازار و ئەشكەنجەدەدران، هەبووە زینداتیش كراوە.

دۆڵمە، سەماوار و و جزووی قاوە، تەبەق و شەکرکێن، ئاون و جۆنی، مەسینە و دەستشۆر، پێخەف و ڕایەخ، دەستاڕ و کڕەك، هێڵەگ و بێژینگ و سەرەد، گۆزە و گۆزەڵە / مەقەست و سووژن و دەرزی و داو و گوش و ئەنگوستیلەی دورمان و دوگمە و موروو و پوولەکە و شانەی دار / چەکوش و گاز و پلایس و مشار و مشاری مێوبرینەوە و چەنچە و ماڵنج و بێڵ و پێمەڕە و دودەو و پاچ و قادرمەی دار و تەورداس و بیور و تەرازوو / گوریس و جەواڵ و تێڕك و خورج و گونیە و تەنەکەی بەتاڵ / گانجل و سەوەشیر/ لانك و جۆلانە و ڕەوڕەوە و پووشینەی منداڵ/ پرێمز و سێپای پرێمز و سێپای مەنجەڵ و لۆکس و فانۆس و چراڕەشکە و مقاڵە / فاقە و تەڵە و قەفەز / قورئان و مێز و کورسی/ کتێبی مەکتەب و دەفتەر و قەڵەمی ڕەنگاو ڕەنگ و پاندان و زەرفی کاغەز / جانتا و باولی سەفەر/ وانزەنین و کۆلۆنیا بۆ برژاندنەوی برین و زام.

ئەم شتانەی خوارەوە بە قەرز وەردەگیران، زۆربەی جار دواتر بۆیان دەبردنەوە: نانی تیری، هێلکە، ڕۆن، شیوە نیسك و نۆك و ماش و ساوار، نەوت، داری سووتان، شقارتە، خەنە. سابوون و تایت.

بەڵام ئەم شتانە، زۆربەی جار کە وەردەگیران بۆیان نەدەبردنەوە: خویێ، سماق، لیمۆندزی، بەهارات، پیواز و سیر، کل، مایلوس، شەب، مەرهەم، بەفر وسەهۆڵ (هاوینان)، خەڵوز، لۆکە ولەفافی برینان.

زۆر ئاسایی بوو، ئەوانەی کە سەعاتیان نەبوو، ڕۆژێ چەند جاران بۆ کات پرسین لە ماڵە دراوسێیەکانیان دەپرسی.

جاران، پێش ئەوەی عارەبانە و ئۆتۆمبیل زۆر بن، زۆرجار دراوسێیەکان بۆ گواستنەوەی باراش و شتومەك، گوێدرێژی یەکتریان بەکاردەهێنا. شێوازی خواستنەوە و داواکردنی ئەو شتانەش، زۆربەیجار، چونکە کوڕ و کچی عازەب شەرمییان دەکرد، منداڵێکیان دەنارده ئەو ماڵەی کە خاوەن کەرەستەکە بوو، بۆ نموونە، دەیگوت:" دایکم، سەلامت لێ دەکا دەڵێ، (چەقۆی دۆڵمەکەمان) دەنێ، ئەگەر ئیشتان پێ نییە."

بەشی هەژدەم

# ڕەنگدانەوەی پۆشاک لە ئەفسانە و خورافاتی دەڤەری کۆیە

ڕەنگ بێ هێندێك لەم خورافات و کردە سەیروسەمەرانەی جیهانی پۆشاك، کە لێرەدا دەیانخوێنیتەوە، لە ناوچەکانی دیکەی کوردستانیش بوونیان هەبێ، بەڵام چونکە بوون بە بەشێك لە لێکدانەوە و بۆچوونی خەڵکەکەی ئێرە، بەباشمانزانی کە تۆمارییان بکەین:

- جاران تاکو بزانن ژنی دووگیان کوڕی دەبێ یان کچ، ئەو کراسە نوێیەی کە بۆی دەکرا، پێش ئەوەی لەبەر بکات، ژنێکی دیکە کراسەکەی دەخستە بن گوێی خۆی، چاوەڕێی دەکرد، ئەگەر نێرینەیەك هاتبا ماڵەکە، ئەوا دەیانگوت کوڕی دەبێ، خۆ ئەگەر کەسەکە ئافرەت بوایا، ئەوا دەیان گوت کچی دەبێ.

- ژن و مێرد ڕاستەوخۆ مەقەستیان نەدەدایە دەستی یەکتری، دەبوایە لەسەر زەوی دایبنێن ئەوجا هەڵی بگرن، دەنا تووشی شەڕو شەڕەچەقە دەبن لەگەڵ یەکتری.

- دەیانگوت، بەشەوان سەیری ئاوێنە مەکە، باش نییە، دەنا ئەو کەسە دەکەوێتە وڵاتی غەریبایەتی.

- کە بەشەو سەگ دەیلووراند، دەترسان، دەست بەجێ لینگە پێڵاوێکیان وەردەگێڕا، وایاندەزانی دەردو بەڵا لە ئاسمان دێتە خوارێ و تەنیا سەگ دەیبینێ.

- ئەو مەنجەڵەی کە ئاوی مردوو شووشتنیان تێدا گەرم دەکرد، سەرەنخوون دەکرا، تا تاتە شۆرەکەیان دەبردەوە بۆ مزگەوت. دەترسان مردوویەکی دیکەشی بە دواوە بێت.

- نە دەبوو قاپ و قاچاغی ڕۆژی یەکەمی جەژن بشۆرن، تا ڕۆژی دووەم کەس دەستی بۆ نەدەبردن، تا خێر و بەرەکەتی جەژنەکە لە ماڵەکەدا زیاتر بێ.

- پرچی تاشراوی یەکەمین سەرتاشینی منداڵیان بە تەرازوو دەکێشا و بە بڕی کێشەکە دەیانکردە زێڕ و بە پارەکەی خێر و خێراتیان بۆ دەکرد. بەمەیان دەگوت (قەرەم)[1].

- قورئانیان لە پشت سەری منداڵی تازە لە دایك بوو دادەنا، تا جنۆکە و شەیتان لێی نزیك نەبنەوە.

- کە دوو ژنەزەیستان حەفتیە حەمامیان پێکەوە لە یەك حەمام دەبێ، ئەوا دەبوو سنجاق لەگەڵ یەکتری بگۆڕنەوە، تا شەوە منداڵەکانیان نەباتەوە.

- نابێ منداڵ، دەمی مەقەست لێکبدات، دەنا تەمەنی کورت دەبێ.

- دەبێ لەسەر سەرەویلکی تەشتی هەویری نان، یان لەسەر پەڕۆی سەری جێماست، بەشەو سنجاقێك، دابنێن، نەکو جندوکە دەستی لێبدا.

- ئەگەر لە کاتێ پێڵاو داکەندندا، ڕووی لمووزی تاکێکیان بۆ لایەکی دیکە وەرچەرخا، ئەوا سەفەرێکت دەکەوێتە بەر، بەرەو ئەو شوێنەی پێڵاوەکە ڕووی تێکردووە.

- دەیانگوت ئەگەر نەختێك خوێ بکەیتە ناو پێڵاوی میوانی ڕەزاقورسی نانخۆری جێگر، ئەوا زوو دەڕوات.

- منداڵێکی کۆڕیان دەخستە سەر کۆشی بووك، بووکیش بڕە پارەیەکی دەخستە ناو دەستی منداڵەکە، لە کاتی گواستنەوەیدا، تا نۆبەرەی کوڕ بێ.

---

(١) گۆڤاری کەکۆن، ژمارە ٤٢،، محەمەد داریاس، هەندێك لێکدانە و بۆچوونی ئەفسانەیی لە کوردەواریدا.ئایاری ٢٠١٦. ل. ٢٠ ـ ٢١

- مورووەشێن و نووشتەیان بە کۆچکی منداڵ و و لانکەکەیەوە دەکرد، لەبەر چاوەزار.

- کە بووك دەگاتە ماڵی زاوا شەکرۆکە و جۆکلێت و گەنم و پارەی بەسەر دادەکەن، تا پێوقدومی خێر و خۆشی و پڕ بەرەکەت بێ.

- نابێ لە کاتی ماڕەبرینی بووك وزاوا، کەس مەقەست لێك بدات، نەکۆ زاوا ببەسترێت، (واتا زاوا نەتوانێ لە شەوی پەردەدا، بەزاوا بێ).

- نابێ لە کاتی مارەبڕیندا کەس، نەژن و نە پیاو کەلانکوچك یان داو و بەن لێك ببەستن یان گرێ بدەن، نەکۆ ئەو زاوایە ببەسترێ.

- سەلیماغای غەفووری، تا پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، پشتێنێکی هەبوو، ئەگەر زاوایەك نەیتوانیبایە بە زاوا بێ، دەچوو ئەو پشتێنەی لە خۆی دەبەست تا بەزاوابێ. خەڵك بەو پشتێنە بە زاوا دەبوون.

- ئەو ژنەی منداڵی نەبوایە، دەچوو سێ جاران منداڵێکی کوڕی بەسەر ئەو تۆپەی وەستا ڕەجەب ئەم دیو ئەو دیو پێدەکرد، کە لەبەر دەرگای قشڵەی کۆیە بوو.

- ئەوەی پشتی بهێشابایە، کوڵەبارێکیان لە پشت دەبەست و دەبوایە یەك شەو لەناو گومبەزەکەی هەیبەسوڵتان بخەوێت، تا پشتی چاك ببێتەوە.[١] ئەوەی نەخۆشیش بوایە پەڕۆی کەسکی (باپیرفەقێ ئەحمەد)ی، لە باسکی خۆی دەبەست. ژنان سەردانی (پورتاووس) یشیان دەکرد تا دووگیان بن.[٢]

- جاران زوو، کە داخوازی ژن بە ژنێ سەری نەگرتووە، ماڵی داخوازیکەر، ڕستە قشپلییان بەداوەوە کردووە و بە سنجاق لە پشت و سەرشانی ئەو ژنانەیان گیرکردوە، کە ژنیان پێ نەداون. ئەمەش پێدەگوترا (مەجلووبە).

---

(١) لە ساڵەکانی سییەکانی سەدەی ڕابردوو، حەمەدی عەوڵا جەیدی، باوکی نووسەر، ئەم کارەی کردووە. ئەم کوڵەباڵەی کە تایبەتە بەم پشتئێشە پێی دەڵێن (کورتان).

(٢) تا ساڵی (٢٠١٥) لە شارەکانەوە ژنان دەهاتن بۆ زیارەتکردنی (پورتاووس) بە مرازی دووگیانی بوون.

- کە بۆ یەکەمین جار منداڵی ساوایان دەختە ناو لانك دەبوایە، لە کاتی بانگدانی مەلا، سێ جاران ئەو منداڵە بخەنە سەر پشتی لانکەکە و دایگرن وتەکبیر و ناوی خوای لەگەڵدا بڵێنەوە.

- دەوڵەمەندەکان، لەگەڵ خەتەنەکردنی کوڕەکانی خۆیان، چەند منالێکی گەڕەگیان سونەت دەکرد و دیشداشەی سوونەت کردنیان بۆ دەکڕین و حەقدەستەکەشیان دەدا.

- بۆچاوەزار، ناڵی ولاغیان بەسەر دەرگاوە دەکردو قۆچی کێوییان بە دیواری دیوەخانەوە هەڵدەواسی.

- بە شکانی ئاوێنە لە ماڵدا، زۆر نیگەران و دڵتەنگ دەبوون، دەیانگوت کارێکی بەدوومان بەسەر دادێ.

- ئەگەر دراوسێیەك مەنجەڵ و قابلەمەی خوازراوەی بۆ خاوەنەکەی بهێنابایەوە دەبوایە شتێکی بخاتە ناوی، هەر نەبوایە، سەلکە پیوازێك، بۆ بەرەکت. خواستنەوەی ئەم کەلوپەلانەش بەشەو، شیاو نەبوو، دەیانگوت خراپە.

- نەدەبا دامێنی کراسی منداڵ بدووروێت یان بنووشتێتەوە، نەکۆ عومور کورت بی.

- جاران کەسێك فێی لێ بهاتبا، پەشمەیەکی ڕەشیان بەسەردا دەدا.

بەشی
نۆزدەم

# پۆشـاك هێمـا و هاوچەرخییەتی و نمـوونەیەك

## پۆشـاك وەك هێمای كەسێتی:

لە هەموو سەردەم و لە هەموو شوێنێكدا، خەڵك، بە پێی تێگەیشتن و كلتوور و داب و نەریتی كۆمەڵگاكەی خۆی، لە ڕێی پۆشاكەوە خوێندنەوە بۆ كەسێتی مرۆڤەكان دەكات و بە گوێرەی ڕاڤەكردن و لێكدانەوەی خوێندنەوەكە هەڵس وكەوت و ڕەفتار لەگەڵ ئەو كەسەدا دەكات. لە تاقیكردنەوەیەكی پراكتیكیدا، لە یەكێك لە بەرنامەكانی كەناڵی تەلەڤزیۆنی (Nastional Geographic) [1] تێڕوانینی خەڵكی بۆ كەسێتی بە گوێرەی پۆشاكەكەی نمایش كرد: " پیاوێكی ڕێك و پێك و جوانپۆش، لە كاتی پیاسەكردندا، لە یەكێك لە شەقامەكان، لەناكاو، خۆی بەردایەوە سەر زەوی وەك كەسێكی تووش بوو بە نەخۆشییەكی كتوپڕ، چەندین ژن و پیاو بە ڕاكردن بەرەوپیریەوە چون و دەستیانكرد بە یارمەتیدانی... لە دیمەنێكی دیكەدا، هەر هەمان كەس بە پۆشاكێكی پیس و پۆخڵ و شڕ و قووتووە بیرەیەكیشی بەدەستەوە بوو، لەناكاوڕا، خۆی بەردایەوە سەر زەوی، بەڵام كەس خۆی تێ نەگەیاند، پتر لە چەند دەقیقەیك تا پۆلیسێك هات بە هانایەوە" كەوتنە سەر زەویی كەسەكە بە دوو پۆشاكی جیاوازەوە، دوو

---

(١) لە سعات ٠٠: ٦ ی ئێوارەی ٨ / ٦ / ٢٠١٦ بەناوی ( چۆن پۆشاك تێروانییینەكانمان دەگۆڕێ)

پەرچەکرداری جیاوازی لێ کەوتەوە. بۆیە ئێمڕۆ هێندێ دز و قۆڵبڕ، خۆیان لە پۆشاکی پۆشتە و پەرداغ و ڕێك و پێك نمایش دەکەن، تا باشتر و ئاسانتر ڕاوی خۆیان بکەن و نێچیرەکانیان هەڵخەڵەتێنن. ئەو دز و جەردانە پێیان دەگوترێت" پیاوە یاخە سپییەکان".

لەکوردەواریشدا، شێوازی پۆشینی هێندێك شت، بە گوێرەی دەڤەرەکە، مانا و ڕاڤەی تایبەتیی بۆ دەکرێت و پەرچەکردارەکانیش دەرهاویشتەی خوێندنەوەی ئێمەن بۆ ئەو پۆشاك و شێوازی پۆشینە. بۆ نموونە:

- **دانانی کڵاوی قیت بەلاری لەسەر پێشەوەی نێوچەوان:** بۆ هەرزەکار و پیاوان، نیشانەی کۆیی گوتەنی: شەللاتییانە، واتا ئەوانەی سەرەڕۆ و یاخی و بەدڕەوشتن و ڕێز لە بەها کۆمەڵایەتییەکان ناگرن.

- **شەرواڵی بێ لۆچ:** بەتایبەتی کە هەرزەکاران بەری شەرواڵیان بێ لۆچدەکەن و باخەڵەکان بۆ پشتەوە دەبەن، خەڵك بە چاوی سووك سەیریان دەکات و ڕەفتارەکەیان بەدڕەوشتی دەنوێنێ و لێیان دوور دەکەونەوە.

- **جامەدانی لەسەر شاندانان:** ئەم نەریتە لە زۆربەی کلتوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەندا هەیە، کە جامەدانی بخرێتە سەر یەك شان، بە تایبەتی شانی چەپە، هێمای شەللاتییانەیە، کە خاوەنەکەی کەسێکی شەڕانگیز و بەدخوو وبە تەشقەڵەیە.

- **کەڵاش بەسەر پێوەکردن:** بەتایبەتی ئەگەر لەگەڵیدا جامەدانییەکەشی بخاتە سەر شان، ئەوا نیشانەیە، کە کەسێکی یاساشکێن و بێ ڕێزە. هەرچەندە ئێمڕۆ ئەمە نەختێك کاڵ بۆتەوە، خەڵکانێك هەن کەڵاش بەسەر پێوە دەکەن و دووریشن لەو کۆمەڵە بەدناوەی ئاماژەمان پێکردن.

- **کردنەوەی دوگمەی سەرسینگ:** گەنجە هەرزەکارەکان، وەك هێما بۆ گەنجییەتی خۆیان و هێندێك جاریش بۆ نیشاندانی ئەو زریزە زێڕەی کە لەملی کردووە، یەك دوو دوگمەی کراسەکەیان دەکەنەوە. ڕەنگ بێ ئەمە پتر بۆ سەرنجڕاکێشانی کیژۆڵان بێت و هیچ مانایەکی نەرێنی نابەخشێ.

- **زیکەزیك و جیڕەی پێڵاو:** لە چل و پەنجایەکانی سەدەی ڕابردوو دەنگی جیڕەجیر و زیکەزیکی پێڵاو باو بوو، بۆ نیشاندانی قۆزیەتی و گەنجییەتی و هەواداری خاوەنەکەی، بۆیە نەوتیان دەکردە ناو پێڵاوەکانیان تا باشتر جیڕە و زیکەی بێ.

- **تەقەی ناڵچە:** بۆ ژن و پیاوان، وەك نیشانەیەك بۆ لەخۆ بایی و سەرنجڕاکێشان تەماشا دەکرا. لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانیشماندا ڕەنگی داوەتەوە. پینەدۆز ناڵچەی تایبەتی لە پاژنە و بن نووکی پێڵاو دەدا. ژنانایش پێڵاوی پاژنە بەرزی نووك ئاسنیان لەپێ دەکرد.

- **خەنجەر و دەمانجەی بن پشتێن:** خەنجەر لە کلتووری پۆشاکی کوردیدا، هەم کەرەستەیە و هەم خشڵ. ژیان لەم جەنگەڵ و شاخ وداخە عاسێ و پرمەترسییانە، پێویستی بە ئامرازێك هەبووە بۆ خۆ پاراستن، بەڵام لە ناو شار و دێ خەنجەر خستنە بەر پشتێن هەر باو بووە. بۆ دەمانجەش لە ژێر پشتێن یان نیشاندانی سەری دەسکەکەی، جاران باو بوو. ئەمانەش هێما بوون بۆ نیشاندانی هێز و دەسەڵات و پایەداریی. ئێمڕۆ، هەیە مۆبایل دەخاتە بەر پشتێنە کوردییەکەی.

- **گرێ دان و کردنەوەی کەلانگوچك:** لەکاتی میوان هاتندا، جاران خانەخوێ کەلانگوچکەکانی، دەکردەوە، وەك هێمایەك بۆ نیشاندانی خۆشحاڵی و پێشوازی لێ کردن. پێشوازی کردنی میوان بە کەلانگوچی گرێدراو، شتێکی جوان نەبوو، بۆیە جاران ئەگەر بیان گوتبا، میوان بە ڕێوەیە و خانەخوێش پێی خۆش نەبووبێ، ئەوا کەلانگوچکی خۆی گرێداوە، وەك دوعاکردنێك بۆ نەهاتنی. ئێمڕۆ ئەم نەریتانە کاڵ بوونەتەوە و نەماون.

- **لچکێکی چارۆگە لەسەر چاوان:** جاران هەردوو لای چارۆگەی ژنان ڕیشوە و پولەکەی لێ دەدرا، جا ئەو کچانەی جوان بوون، بۆ خۆ نیشاندان و شانازی کردنیان بە جوانییەکەیان، ئەم ڕیشوانەیان دەهێنا سەرچاو و گرێیەکەیان دەخستە بن باڵیان.

- **دانانی گۆپاڵ لە دەروازەی سەردوکان:** جاران دوکاندارەکان، کە نیوەڕۆیان دەچوونە ماڵەوە یان دەچوونە مزگەوت بۆ نوێژکردن، دوکانەکانیان دانەدەخست، پەشمە و سەرپۆشیان بەسەر شتومەکەکان دادەدا، کۆپاڵ یان دارێکی درێژیان لەبەر دەروازەکە، بە ئاسۆیی دادەنا، بەو مانایەی کە خاوەنەکەی زوو دەگەڕێتەوە.

- **دەسماڵ ڕاخستن:** بە تایبەتی لە ڕۆژانی هەینی، لەبەر دەروازەکانی مزگەوت، هێمایە کە خاوەنەکەی هەژارە و پێویستی بەیارمەتییە. جاران بۆ کۆکردنەوەی کۆمەك بۆ نەخۆش و هەژاران، کڵاو یان سینییان لە بازاڕ دەگێڕا.

- **ئاڵا و قوماش و قردێلە:** وەك هێمایەك بۆ پشتگیری و هەواداری، یان ناڕەزایی و یاخی بوون، یان هاوسۆزی و پرسە، ئاڵای هەمە ڕەنگ و قوماش و قردێلە و شاڵ نمایش دەکرێت. ئەمەیش بە گوێرەی بۆنە و ڕووداوەکە، بۆنموونە کە خواڵێخۆش بوو نافیز جەلال حەوێزی کۆچی دوایی کرد، لە کەژاوەی بەخاك سپاردنیدا، بەشدار بووان، قردێلەی ڕەشیان لە قۆڵیان یان لە نێو چەوانیان بەستبوو. کە شەهیدی سەرکردە عبدولڕەحمان قاسملووش تیرۆرکرا، لە سەر دوکان و ناو شەقام وبازاڕەکاندا ئاڵا و قۆماشی ڕەش هەڵواسرابوون. لە بۆنە سیاسییەکانیشدا، ئەوا هەر پارت و ڕێکخراو و کۆمەڵەیەك ئاڵا و دروشمی خۆی بەرزدەکاتەوە و نمایش دەکات. لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنیشدا، هەموو لایەك دەبێتە ئاڵا و قوماشی ڕەنگا وڕەنگ.(١)

- **نووشتە:** نووشتە لە ملکردن یان بە بەرۆکەوە کردن، بە تایبەتی بۆ منداڵ و ژن و پیاوە بەساڵاچووەکان، جاران شتێکی سەیر نەبوو، ئەویش نیشانەی ئەوە بوو کە خاوەنەکەی نەخۆشییەکی دەروونی یان جەستەیی هەیە، ئەمەش دەبوو هۆکارێك بۆ هاریکاریکردن و دەستگرتنی ئەو کەسە، یان هەرنەبێ ڕەفتارکردن لەگەلیدا بەو پەڕی نەرم و حەلیمی و چاوچوقاندن لە هێندێ هەڵسوکەوتی نا ئاسایی ئەوکەسە.

---

(١) زبێدی حاجی عەبدوڵڵای کەبابچی گێڕایەوە:" لە حەفتایەکانی سەدەی ڕابردوو، کە ماڵی فاتیح ڕەسووڵی تێکۆشەر لە کەرکووك بوو، قردێڵەکی ڕەشیان بە قەد (٤٠) سم بە دەرگا ئاسنەکەی حەوشەوە شۆڕ کردبۆوە، بۆ ئەوە بوو کە ئەگەر قردێلەکە لە دەرگاکە کرابێتەوە، ئەوا مانای وایە پیاوانی ڕژێم هاتوونەتە ناو ماڵەکە بۆ گرتنی و ئەو نەیەتە ژوورە و لەم ناوە دوور کەوێتەوە."

## پۆشاکی کوردیی هاوچەرخ :

**قسەکردن لەسەر پۆشاکی کوردیی هاوچەرخ دوو تەوەرەی لێك دووری دژبەیەك دەگرێتەوە:**

**تەوەرەیەکیان** ئەوەیە کە شاڵاوی عەولەمە و جیهانبینیی نەوەی نوێ بوونەتە هاندەر کە پۆشاکی نەتەوەیی ئەو بایەخ و پایە و مەقامەی جارانی پێ نەدرێت، ئەمەیش لە دوو ڕوانگەوە: لە لایەك پۆشاکی بیانی و بەتایبەتی ڕۆژئاواییان لەلا باشتر و جوانترە لە پۆشاکی خۆماڵی خۆمان. لە لایەکی دیکەشەوە، لە دیزاین و بڕین و دوورینی پۆشاکە نەتەوەیەکەش، گۆڕانکارییان کردووە، بۆ نموونە، کەوای ژنانی قەدیمی (٩) پارچە بوو، هی ئێستا (٣) یان (٥) پارچەیە. سوخمەی کوردی گۆڕانکاری زۆری بەسەر داهاتووە، خەسڵەتی سوخمەی قەدیمی لە دەست داوە. کورتەك و شەرواڵی لاوەکان بۆتە شەرواڵ و کراسی شێوە جیاوازی بە قۆڵ و بێ قۆڵ و قۆڵ کورت...تاد.

**تەوەرەکەی دیکە** ئەوەیە، کە ئێستا بەرگدرووی بە توانا و شارەزا پەیدا بووە و لە کوردستان و دەرەوەدا پێشانگا و نمایشی پۆشاکی کوردی سازدەکەن، تەنانەت بە دەستە هەناردەی وڵاتانی وەکو ئەوروپا و ئەمریکا و ئۆسترالیا دەکرێت و غەیرەش دەیکڕێت و بۆ جوانی دەیپۆشێ. ئەوە جگە لەوەی کە لە کوردستانی باشووردا، بە فەرمی ڕۆژی پۆشینی جلکی کوردی دیاری کراوە و لە هێندێك بۆنە پۆشاکی پێشمەرگە و سەربازیی کورد دەپۆشرێت و نمایش و پێشەنگا لە قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆکان بەڕێوە دەچێ.

ئەوەی کە دەبێ ڕۆشنایی بخرێتەسەر ئەوەیە، کە تاکو ئێستا لایەنە بەرپرسەکانی حکومەتی هەریمی کوردستان، وەکو وەزارەتی ڕۆشنبیریی ولاوان و وەزوارەتی پەروەردە و کۆمەڵە مەدەنییە کلتوورپارێزەکان، هەوڵی جدیان نەداوە بۆ:

**یەکەم:** پێناسە کردنی پۆشاکی کوردی و ناساندنی بە خەڵك.

**دوو:** هیچ یاساو ڕیسایەك نییە بۆ پاراستن و بەرگریکردن لە نەشێواندنی ڕۆحی ئەم پۆشاکە نەتەوەییە، چونکە ئەگەر کار وابڕوات، دوایی لە ئایندەدا، بەرەبەرە شێوازە ڕەسەنەکانی پۆشاکی کوردی کاڵ دەبنەوە و لە نێو شێواز مۆدیلە جیهانییەکاندا ون دەبن. بەڕاستی پاراستنی ڕەسەنایەتیی پۆشاکی نەتەوەیی کورد، ئەرك و مافێکی پیرۆزی تاك و حکومەتە. "ئەوەتا بە داواکاریی فەرمی و لەسەر خواستی خەڵکی هیندستان، خانمە گۆرانیبێژی ئەمەریکایی (بیونسە) بەهۆی خراپ بەکار هێنانی پۆشاکی (هیندی) لە یەکێك لە کلیپەکانیدا بە ناوی (Cold Play)، ڕووبەڕوی ڕەخنەی توندو دادگایکردن بۆتەوە."[١] ئەو کارەی ئەو خانمە گۆرانیبێژە، بە سووکایەتی کردن بە کلتووری هیندی لەقەڵەم دراوە.

ئەرکی پەروەردەکار و میدیاکار و کلتوورپەرەور و هونەرمەند و ئەدیبانی کوردە، کە ببنەپارێزەری پۆشاکی نەتەویی کورد و هەموو ڕشتەکانی دیکەی کلتووریی کوردی، ئەمەیش پێویستی بە کار و چالاکی و بەرنامە و ڕێنمایی جددی هەیە لەلایەن کەسانی خەمخۆری کلتووری کوردییەوە. وەکو پێشتر ئاماژەمان پێ دا. مردنی کلتوور، مردنی نەتەوەیە.

لە لایەکی دیکەشەوە پێویستە کاربکرێت بۆ وەگەڕخستنەوەی پیشەسازیی کلتووری، وەکو وڵاتەکانی دیکە کە سەرچاوەی داهاتێکی باشە بۆ تاك و بۆ وڵات، بۆنموونە، تا پەنجایەکانی سەدەی ڕابردوو، کارگەی تەون لە زۆربەی ماڵەکانی کوردستانی باشووردا هەبوو، ئێستا ئەم پیشە کلتوورییانە مەحف بوونەتەوە. لە هەولێر و کۆیە، لە ساڵەکانی (١٩٧٠ - ١٩٧٤) کارگەی فەرشچنین هەبوو، کە بە سەدان مەتر چوارگۆشە فەرشی کوردەوارییان دەچنی و بە دەیان کرێکار کاریان تێدا دەکرد.[٢] بە دەیان کەلوپەل و کەرەستەی خۆماڵیمان هەیە، ئەگەر پیشەوەران دەست بگیرێت و هان دبدرێن، دەتوانن زیندوویان بکەنەوە و بازاڕیان پێ ببوژێنەوە. دەکرێ ئەو کەرەستانە بۆ دیاری و ئارایشت و دیکۆری ماڵ و هوتێل و شوێنی دیکە بەکاربهێنرێن.

---

(١) گۆڤاری سیڤل، ژمارە ٣١٠، لە ٢٥ / ٢ / ٢٠١٦،، بیونسە ڕەخنەباران دەکرێت، ل. ٤٣

(٢) عەبدوڵڵا غەفوور، جوگرافییی کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل.٣٧٢

## نموونەیەك لە پۆشاکی پیاوان لە کۆیە:

بۆ ئەرشیف، لە ڕۆژی (٦ / ١١ / ٢٠١٥)، کە نمنم باران دەباری و پلەی گەرما (١٨)ی سەدی بوو، لە پرسەیەکدا، لە مزگەوتی مەحموداغا لە کۆیە، کە نزیکەی (٢٠٠ - ٢٢٠) پیاوی لێ بوو، شێوازی پۆشاك و جلوبەرگەکەیان بەم شێوەیە بوو:[١]

### کڵاو و جامەدانی:

- (٦) کەس کڵاو وجامەدانیان لەسەر بوو(جامەدانییەکان هەموو عارد ڕەشی پنتك سپی بوون).
- (١) کەس کلێتەی لەسەر بوو.
- (١) کەس کڵاوی کوردی لەسەر بوو.
- (١) کەس کڵاوی بەدەزووی سپی لەسەر بوو.
- (١) کەس ملپێچی لەسەری خۆی ئاڵاند بوو، نەك لە مل.
- (١) کەس کڵاوی ڕووسیی بەفەرووی لەسەر بوو (کڵاوی خرۆشۆڤ).
- هەموو ئەوانی دیکە سەرقوت بوون.

### جلکو وبەرگ:

- لە (٥٠٪) جلکی کوردی بە شیوە و ستایلی جیاوازیان لەبەر بوو.
- لە (٤٤٪) جلکی کوردی لەبەر نەبوو، پۆشاکەکەیان بۆ نموونە، قەمسەڵە یان قاپووت یان نیوکۆت و یان فانیلەی سەر جلك و پانتۆڵێکی ئاسایی یان جینز بوو. قەمسەڵە و شەرواڵیشی تێدا بوو.
- (١٩) کەس چاکەت و پانتۆڵیان لەبەر بوو.
- (٤) کەس بۆینباغیان بەستبوو.

---

(١) پرسەی پێشمەرگەی دێرین: موشیری عەلی بەگ بوو. ڕۆحی شاد.

**پـێـــــڵاو:**

- هەر هەموویان (قۆندەرەی بیلادییان) لە پێ بوو. کەس کەڵاش و کاڵەك و پێڵاوی کوردەواری لە پێ نەبوو، چونکە باران بوو، زەوی تەڕ بوو.
کەرەستەکانی دیکە:

- (١٢) کەس گۆچانیان پێ بوو.

- (٣٠) کەس چاوێلکەی پزیشکیان لەچاو بوو.

- لە (٤٠٪ - ٥٠ ٪) تەزبیحیان لەدەست دابوو. زۆربەی تەزبیحەکان قەزوان بوون و زۆر درێژ بوون.

- (٢) کەس کلیتەی سەری، بەلا تەنیشتی پانتۆڵەکەیدا شۆڕ کردبۆوە.

- (١) کەس عەینەکی ڕەشی لە سوخمەی کراسەکەی گیرکر دبوو.

- (١) کەس عەینەکی ڕەشی بەبەر پشتێنی پانتۆڵەکەیدا شۆڕکردبۆوە.

- (١)کەس قەڵەمی خستبووە نێو باخەڵی سەر قۆڵی چەپی کورتەکەکەی.

- (١) کەس نیو کۆتی بێ قۆڵی، لە شێوەی پەستەکی پۆشی بوو کە شەش حەوت باخەڵی لەسەر یەکی پێوە دووروابوو،(کۆتی ڕۆژنامەوان).

- نزیکەی (٣٤)کەس پرچی سەر و سمێڵیان بە بۆیەی ڕەشکردبۆوە.

**پرسەدارەکان کە لە پێشوازی خەڵك دابوون، ( ١٥) کەس بوون:**

- (٤) کەس چاکەت و پانتۆڵیان پۆشیبوو.

- (٣) کورتەك و شەرواڵیان (دیزاینی جیاواز) لەبەر بوو.

- (١)کەس جامەدانی بەستبوو.

- ئەوانی دیکە پۆشاکی سەرەوەیان بریتی بوو لە: قەمسەڵە، نیو کۆت، فانیلەی ئەستووری سەر جلك (بلووز). بەشی خوارەوەش پانتۆڵ یان شەرواڵ بوو.

- هەموویان (قوندەرەیان) لە پێ بوو. کەس پێڵاوی کوردی لە پێ نەبوو.

- (٧) کەسیان تەزبیحیان لە دەست گرتبوو.

- هیچ کەس لە پرسەدارەکان هەموو پۆشاکەکەی سەرتاپا ڕەش نەبوو، بەڵام ڕەنکی زەرد و سوور و بریسکەداریشیان تێدا نەبوو.

**بەگشـــتی:**

پۆشاکی زۆربەی هەرەزۆری پرسەدار و بەشداربووانی پرسەکە، ڕێکوپێك و گونجاو وشیك و پۆشتەوپەرداغ نەبوون، بایەخیان بە گونجاندنی ڕەنگەکان نەدابوو، ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (٢٠ ـ ٤٥)ساڵ بوو، پۆشاکەکەیان بەرچاوتر و جوانتر بوو، زۆربەی پۆشاکەکەیان ئەو پۆشاکە بوو کە ڕۆژانە دەیپۆشن. ژمارەیەکی کەمیان شیك و پۆشتەوپەرداغ بوون. بە گشتی سەروپرچیان بایەخی پێنەدرا بوو، بەڵام سەروریشیان پاك و ئاسایی بوو، زۆرکەم ڕیشدار بوون، لە گەنجەکان تەنیا دووانیان لە شێوەی ئیسلامییەکان ڕیشیان بەردابۆوە. زۆربەی پێڵاوەکانیان ئاسایی بوون. پێ نەدەچوو، پێشوەخت پۆشاکێکی تایبەتییان بۆ سەردانی ئەو پرسەدارانە دەستنیشان کردبێت. بە بەراوەرد لەگەڵ پرسەی شارەکانی سلێمانی و هەولێر (بەگشتی)، ئەوان پۆشاکی شیاوتر و پۆشتەوپەرداغتر دەپۆشن لە چاو ئەو پۆشاکەی کە کۆییەکان لە پرسەدا دەیپۆشن. لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا، دەبێ بە شیکترین و جوانترین پۆشاك بچیتە پرسە و واشیاوترە پۆشاکی (ڕەسمی) نەك هی کار، بپۆشیت.

## ئـاکـام

- پۆشاك و شتومەكەكانی جیهانی پۆشاك، بەرهەمی ئەقڵ و ڕەنج و شەونخونیی نەپساوەی هەزاران ساڵەی مرۆڤە، بەشێكە لە كلتووریی جیهانی و نەتەوەیی میللەتانی دنیا. ڕۆڵی بایەخداری لە بەرەوپێشچوونی شارستانییەتدا هەیە و كۆڵەكەیەكی بەهێز و خۆڕاگری بونیاتی ئابووری و كۆمەڵایەتی و ئایینی و ڕۆشنبیری و كلتووریی هەر نەتەوەیەكە و هەڵگری ناسنامەی نەتەوەیی تاكی كۆمەڵە.

- كورد، زیرەكانە دیزاینی پۆشاكی نەتەوەیی و میللی خۆی كردووە بە شێوەیەك كە هەم گونجاو بێ لەگەڵ كەش و هەوا و ژینگە و سروشتی كوردستان و هەم ئاسانكار بێ لە ڕاپەڕاندن و ئەنجامدانی ئیش و كارەكانی. كەرەستەی خاوی خۆماڵی و تێڕوانینی ئەقڵی و زهنی و خەیاڵی خۆی بەجۆرێك لە جیهانی پۆشاكدا تەوزیف كردووە كە مۆركی ژیانی كوردەواری تەواو پێوە دیارە. وەك چۆن لە زمانەكەیدا، لە ڕەچەڵەك چۆتەوە سەر خێزانە زمانی هێندو ئەوروپییەكان، لە پۆشاكیشدا، ئەو خزمایەتییەی ڕەچاو كردووە و زۆر پارچەیان لێك خواستۆتەوە.

- دەڤەری (وڵاتی) كۆیە خاوەن گەنجینەیەكی یەكجار بەنرخە لە پۆشاك و پێڵاو و خشڵ و كەرەستە و شتومەكەكانی. جگە لەوەی كە پارسەنگی پۆشاكی كوردی لە كوردستانی ناوەندا ڕاگرتووە، لە چەندین پارچەی پۆشاكی منداڵ و ژن و پیاو و خشڵدا شەقڵی كۆییانەی خۆی پاراستووە و تایبەتمەندیی ناوچەكەی هەڵگرتووە. ئەوە جگە لەوەی كە پیشەوەر و كارگەكانی پۆشاك

چنین و دروستکردن و ڕەنگکردن پێگەیەکی هێندە دەوڵەمەندیان هەیە مەگەر هەر شارەکانی سنە و ئامەد و کەرکووك و حەلەب و مووسڵ و سلێمانی و هەولێر شان لەشانی بدەن.

- وشە و زاراوەکانی جیهانی پۆشاکی وڵاتی کۆیە، وەك لەم کتێبەدا هاتووە، فەرهەنگی زمانی کوردیان دەوڵەمەند کردووە و لە ئینساکلۆپیدیای پۆشاکی کوردیدا، ڕەفتە و تاقی هەمەڕەنگ دەڕازێنەوە و دەکرێ لە پیشەسازیی (واتاسازی کوردیدا ) کەلکیان لێ وەربگیرێت.

- پۆشاکی کوردی کە خاوەن ناسنامەی نەتەوەییە، لە کوردستانی باشووردا، ئەگەرچی حکومەتی خۆجێی و بەرلەمانی هەیە، بە یاسا و دەستوور نەپارێزراوە و هەوڵی جددی بۆ زیندووکردنەوە و بەکاراکردنی بازرگانیی پۆشاکی میللی و کلتووری و شتوومەکەکانییان نەدراوە، تا هەم لە مەحف بوونەوە ڕزگارییان ببێ و هەم ببنە سەرچاوەی بژێوی و داهات بۆ تاك و بۆ دەوڵەت. شاڵاوی عەولەمەش بێ منەت کەوتۆتە دەستکاری کردنی پۆشاکی نەتەوەییمان.

- ئەگەرچی لە کوردستانی باشووردا ڕیزبەندییەکی درێژ لە ناوی زانکۆ و پەیمانگەدا بوونیان هەیە، بابەتی پۆشاك (ئەکادیمییانە و سەردەمییانە) نە بۆتە بابەتی توێژینە و لێکۆڵینەوەی جددی و بەکەلك. وەزارەتە پەیوەستەکانیش تا ئێستا دەستەوەستانن لە (١) ئامادەکردنی ئینساکلۆپیدیای کلتووریی کوردی، کە پۆشاك بەشێکی مەزنیەتی. (٢) بیریان لە دامەزراندنی مۆزەخانەی کلتووریی کوردی (نیشتمانی ) و مۆزەخانەی پۆشاکی کوردیی (نیشتمانی ) نەکردۆتەوە.

- پۆشاکی کوردی، کان و سەرچاوەی بەپێز و بە پیتە بۆ کلتوورناس و نووسەر و ئەدیب و هونەرمەندان، (بەتایبەتی بۆ ڕۆماننووس و شانۆنووس و سینەماکار و شێوەکار)، زۆر لایەنی پۆشاکی کوردی هەیە بەداخەوە تا ئێستا قەڵەمکارییان تێدا نەکراوە.

کۆتایی

٢/ ١١ / ٢٠١٦ / کۆیە

# ئەرشیڤی وێنەکان

دەگوترێت وێنەیەك و هەزار وشە. سەرچاوەی ئەم ئەرشیڤە وێنەییە، هەموو شاری کۆیەیە، لە زۆر دەرگام داوە، سوپاس و پێزانینم بۆ هەمووان، بە تایبەتی بۆ مامۆستا گولیزاری شەفیقاغای حەوێزی و دکتۆرە عەتیە حەمە سەعید ساڵحی و مامۆستا نەجات مەلا زاهیر و خاتوو درەخشان ئەسوەد کە پارێزەری پۆشاکی دایك و داپیرەیانن، کە هێندێك لەو پۆشاکانە نزیکەی (١٥٠) ساڵ پێش ئیمرۆ پۆشراون. سوودم لە پەیجی (facebook) ی هاوڕێ کۆیەکانم وەرگرتووە، دەبێ بمبەخشن کە نەکرای ڕیزبەندی هەموو ناوەکانیان لێرەدا تۆمار بکەم. بە سوپاسەوە وێنەم لە ستۆدیۆی (نەورۆز) ی بەڕێز محەمەد مەهدی وێنەگر خواستۆتەوە و وێنەم لەبەر چەند گۆڤارێکیش گرتۆتەوە. بەندەش بە زوومی کامێراکەم، بۆ گرتەی وێنەیەکی پێویست، کۆڵان بە کۆڵانی شارەکەم کوتاوەتەوە، ڕوویداوە، نەناسیاوم لە بازاڕ ڕاگرتووە و ئیجازەی گرتەی وێنەیەکی پۆشاکەکەیم لێ وەرگرتووە.


قەدرزانی هاریکاریی هەمووتانم.




پۆشاکی لە پووش دروستکراوی سەردەمی کۆن



پۆشاکی شاژنێکی وڵاتی چینی کۆن



پێڵاوی کۆنی چەرمەگا



یەکەم باغچەی ساویان لە کۆیە (١٩٥٩)



نمایشی وەرزشی لە (١٩٧٢)



مامۆستا مامه محەمەد حەبیب و قوتابییەكانی (١٩٥٦)



منداڵانی كۆیه له ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨



هونەرمەند نادیە کەریم و تیپی مۆسیقای باواجی (١٩٧٢)



هونەرمەند نادیە کەریم (١٩٧٣)



پۆلێك قوتابی لە (٢٠٠٨)




پۆلێك قوتابی لە (٢٠١٠)




**منداڵێکی کۆیی (٢٠١٥)**



**جەوهەری شەفیقاغای و خێزانەکەی (١٩٧٥)**



خاتوو فریشتەی شاعیر (٢٠١٢)



**جلکی کوردی (١٩٦٥)**



**خوێندکارانی مەکتەبی شەوێ لە چلەکان.**



**خێزانی ئەحمەدی حاجیەمینی (١٩٧٤) چنارۆك**




چارشێوکەمبەری (١٩٣٠)، مامۆستا گولیزاری شەفیقاغای (٢٠١٦) نمایش



قوتابیانی دواناوەندی کۆیەی کچان (١٩٨٤)




نمایشی دەرچووانی زانکۆی کۆیە (٢٠١٦)







سەڵتەی کۆییانە (١٩٤٥)




سەرکەوای کۆییانەی بە لۆکە (١٩٤٠)







كراس، سییەكانی سەدەی ڕابردوو






**کراسی بە پوولەکانی دەستکرد پێش(١٩١٠)**




کەوای ژنان (١٩٣٩)




کراسی بەدلەی بووك (١٩٤١)
دەستکردی کۆییانە




جامەدانی كۆیانە،
مامۆستا موعتەسەم مەلا مەجید (٢٠١٥)




جامەدانی كۆییانە (٢٠١٦)





پشێندی کۆییانەی یەك قەف (٢٠١٦)



پۆشاکی جیاواز، چایخانەی گەرموك لە کۆیە (١٩٥١)؟




پۆشاکی پیرەمێردێك (٢٠١٤)



بۆینباغ لەگەڵ جلکی کوردی،
دڵداری شاعیر (١٩٤٥



مشکیی و مرادخانی،
ئەدیب عوسمان خۆشناو (١٩٤٨)




تێکۆشەرعەلی عەبدوڵڵا لە پۆشاکی کۆییانەدا، دووەم دەستە ڕاست (١٩٦٣)





حەمەگەمحانی چایەچی لە پۆشاکی کۆییانە، (١٩٦٤)



مشکیی و مرادخانی،
عەزیزی عەبدولرەحمان چەلەبی (١٩٥٨)



مشکیی و مرادخانی،
ئەحمەدی حەمە مەلای (١٩٤٣)



ڕەنکەچۆغە و چییتی بادراوە و پشتێنی
کرێشەی ئێرانی ئەسڵ، جەوادی شەفیقاغای
حەوێزی (١٩٦٧)



لە پێشانگای دوکانەکاندا (٢٠١٤)



وەستا عبدوڵڵای دەباغچی و براو خزمەکانی
(١٩٥٩؟)



مامۆستا مەلا عەلی حاجی تۆفیقی (ئیمام و خەتیب) (١٩٧٢)




پۆشاکی ئیسلامی (٢٠١٦)




شێخ هاشیمی سەید وەلی ئیمامی مزگەوت (٢٠١٦)



پۆشاکی پێشمەرگە، مام جەلال تاڵەبانی و د. فوئاد مەعسووم (١٩٨٧)



پۆشاکی پێشمەرگە، ئەحمەدی حاجییەمینی سماقووڵی (١٩٧٠)



پۆشاکی قەشە لەکاتی نوێژکردندا (٢٠١٦)



پۆشاکی شەماس ـ پلە یەك



پۆشاکی شەماس ـ پلە دوو



پۆشاکی شەماس پلە سێ



ڕێوڕەسمی تەناول، مەڕبێنە قەدیشە (٢٠١٤)




شایی جوولەکەکانی کۆیە (١٩٤٤)



سێ ژنە جوولەکەی کۆیی بە پۆشاکی ماڵەوە (١٩٤١)




گڵکۆی سەید وەلی لە مزگەوتی خانەقایە(٢٠١٥)




**گڵکۆی هەیبە سووڵتان (٢٠١٥)**



**پۆشاکی هاوچەرخ**







پۆشاکی هاوچەرخ







پۆشاکی هاوچەرخ



پۆشاکی کوردێکی ئەنفالکراو



سرکەیی (١٩٣٩)










**دەسرۆکە (١٩٣٠)**




پۆشینەی بە خەیاتە (١٩٣٥)




سەر پووشینەی کۆییانە






هەوریی ئاوریشم (١٩٣٤)




دەسماڵی سەر کۆش بۆ نانخواردن (١٩٤٠)










سەرتەپلەکی نەخشێنراو (١٩٤٥)





جاجمی کارگەی کۆیە (١٩٣٥)




دووگردی دەستکردی کۆییانە (١٩٤٠)






**دۆخینی کۆییانە (پیاوانە) (١٩٤١)**




**كلدانی كۆییانە ( ١٩٤٠)**




پەشتەماڵی حەمامێ (١٩٤٧)



کیسەی پارە (پیاوانە) (١٩٣٩)      پێش و پشت




بەرگە سەرین نەخشی دەست (١٩٤٠)




سەرەویلك، دەستکردی ژنە دیانی هەرمۆتە (١٩٤٩)




کیسەی کەسکی قورئانی پیرۆز (١٩٥٢)



چنراوی بەنەقش بۆ دیوار ڕازاندنەوە (١٩٤٤)




وێنەی دەستکردی سەردیوار (١٩٥٠)



بازنی کوردی (٢٠١٦)



چۆچەی کۆییانە (٢٠٠٠)



قاشی دوگمەودۆلاب (٢٠١٦)






سنجاقی کۆییانه (١٩٣٠)




کەڵاشی کوردیی هەورامانی (٢٠١٤)



کڵاوی سەپان دەستکردی کۆییانە (١٩٧٧)




**پۆشاکی سەپان لە هەرەوەرزیدا (٢٠١٤)**




**هێڵکاری سندووقی قوڕکێشان**



تەونگەریی سەردەم





کارگەی چنینی دەستیی (١٩٧٧)





چیغی کارگەی لباچی لە کۆیە (٢٠١٥)





قاپووتی بە کڵاو (لە لباد)، کارگەی کۆیە (٢٠١٣)





**ئامێری شانەی موو**





**ئامێری دۆلاب**





**ئامێری کورژەن**





**ئامێری دەستەچاخ**





**قالبی شاڵ**





**قالبی کۆڵ**




**ئامێری  چه رخی مۆڕێس**





**چەكە و كەوان (كوتك و كەوان)**




تەون



لبادی نەخشداری ڕەشی کۆییانە (١٩٦٥)




**لافیتەی پرسە**




**لە کاتی پرسەدا لە مزگەوت (٢٠١٣)**



جلی وڵاغ



زینی ئەسپ




کورتانی گوێدرێژ



سەرکەللەی وڵاغ




خانەی کلتووری لەپزێرین لە کۆیە (٢٠١٥)




کووپ و بن کووپ و شەربە (٢٠١٥)




جۆلانەی ئاسن دەستکردی وەستا حەمەدی عەوڵا جەیدی (١٩٥٨)



لانکی کۆییانە (٢٠١٥)




وەستا مامەی ئەسعەدی خەیات، (٧٨) ساڵ، (پیشەوەر)



مستەفای وێنەگر، (١٩٨٤)، (پیشەوەر)



کەریمی حەمەشەلی شەربەتفرۆش، (١٩٧٢)، (پیشەوەر)



وەستا حەمەدی عەوڵا جەیدی کلیلساز (٢٠١٢)، (پیشەوەر)



لەنگەفرۆشێك لەسەر شۆستەدا(٢٠١٦)




پۆشاکی نووسەر (٢٠١٢)

# سەرچاوەکان

**کتێب (کوردی، عەرەبی):**

١- تایەر ئەحمەد حەوێزی، مێژووی کۆیە، چاپخانەی نمر، بەغدا، ١٩٨٤.

٢- تۆمابۆ، وەرگێڕانی حەمە سەعید حەمە کەریم لە ژیانی کوردەواریدا، چاپخانەی زانکۆ، سلێمانی، ١٩٨٠.

٣- حەسەن کاکە، داڕشتنەوەی فازیل شەوڕۆ، هەورازەکانی کاروانی تەمەنم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٣.

٤- داود محەمەد شرۆڵ، گۆلمێك لە ڕەوسەی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی (حوادث)، بەغدا، ١٩٨٧.

٥- دەریا جەمال (د.) حەوێزی، جیهانبینیی شیعری هاوچەرخی کوردی. چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر،٢٠١٤.

٦- سەردار حەمید میرخان وکەریم شارەزا، دیوانی حاجی قادری کۆیی، چاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیریی و لاوانی ناوچەی کوردستان، هەولێر، ١٩٨٦.

٧- شوکریە ڕەسووڵ، پرۆفیسۆر د. نرخ و بەهای لایلایەی دایك، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٢.

٨- شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، جزمی یەکەم، دووەم، سێیەم، چاپخانەی کامران، سلێمانی، ١٩٦٠.

٩- عەبدوڵڵا غەفوور، جوگرافیایی کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.

١٠- عومەر ئیبراهیم عەزیز (پ. ی. د.) داب و نەریتی ژنهێنان لە کوردەواریدا، بەڕێوەبەرایەتیی چاپخانەی ڕوشنبری، هەولێر، ٢٠٠٤.

١١- فازیل شەورۆ، ژنە پیشەوەرەکانی کۆیە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٥.

١٢- قەناتی کوردۆ، کۆمەڵەتێکستی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی کۆڕ، بەغدا، ١٩٧٦.

١٣- کەمال جەلال غەریب، بیست پیشەسازیی کیمیاگەری، چاپخانەی مامران، سلێمانی، ١٩٦٩.

١٤- مەسعوود محەمەد، و. حەکیم کاکەویس، کۆمەڵگای مروڤایەتی؟ بۆچی لە شێتخانە دەچی؟ چ١، چاپخانەی شەهاب، ٢٠١٢.

١٥- مەولود بێخاڵی، بەرهەمی کوردەواری، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ١٩٨٦.

١٦- محمد عبدالعزیز مرزوق (د.)، الفنون الزخرفیة الاسلامیة / مطابع الهیئة المصریة العامة للکتاب، القاهرة، ١٩٧٤.

١٧- عەبدولوەهاب شێخانی، فەرهە نگی ڕەنگ، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٣.

١٨- عبید ایوب الحلو، و. بەیان بوسکانی، جوانکاری لە ئیسلامدا، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر، ٢٠١٥.

١٩- نەقابەی مامۆستایان لقی هەولێر، سەرنجێك لە دەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە، چاپخانەی ( ارشاد )، بەغدا، ١٩٦٢.

٢٠- هاوژین صلیوە، (د.) مێژووی هەرمۆتە، چاپخانەی زانا، سلێمانی، ٢٠١٣.

٢١- هەژار، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، سروش، تەهران، ١٣٩١.

٢٢- وليد الجادر (د.)، (الازياء الشعبية في العراق)، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٩.

**ڕۆژنامە و گۆڤار:**

٢٣- ڕۆژنامەی هەولێر، محەمەد سەعید کوردە، تەزبیحی قەزوان، ژمارە ١٩٦٥، ٢٤ / ٨ / ٢٠١٤

٢٤- گۆڤاری شارەوان، ژمارە ٦، کانونی یەکەمی ٢٠١٥.

٢٥- گۆڤاری کەکۆن، محەمەد دارياس، هەندێك لێکدانەوە و بۆچوونی ئەفسانەیی لە کوردەواریدا، ژمارە ٤٢،.ئایاری ٢٠١٦.

٢٦- گۆڤاری کاروان، حسیب مام قالە ـ قازی، ژمارە ٣٩ .

٢٧- گۆڤاری کاروان، حسیب مام قالە ـ قازی، ژمارە ١، ١٩٩٠ .

٢٨- گۆڤاری کلتووری کورد، فازیل شەوڕۆ، ژمارە ١. ٢٠١٥.

٢٩- گۆڤاری سیڤل، بیونسە ڕەخنەباران دەکرێت، ژمارە ٣١٠، ٢٥ /٢ / ٢٠١٦.

٣٠- هەفتەنامەی باس، ع. باوەجانی، مێژوویەك بۆ خشڵی کوردی، ژمارە ٢٥٤، ١٥/ ٩/ ٢٠١٥ .

٣١- هەفتەنامەی ئاوێنە، دابەشکردنی قاتی کوردی، هۆرچان ڕەفعەت، ژمارە (٥٣٧)، ٢٦/٧/ ٢٠١٦.

٣٢- هەفتەنامەی باس، ع. باوەجانی، ژمارە (٢٦٤)، ١٥/ ٩/ ٢٠١٥ .

٣٣- هەفتەنامەی باس، ع. باوەجانی، ژمارە (٢٦١)، ١٠/ ١١/ ٢٠١٥.

٣٤- هەفتەنامەی باس. سەڵاح حەسەن پاڵەوان، ژمارە ٢٦٢، ١٧/ ١١/ ٢٠١٥

٣٥- هەفتەنامەی باس، شەریف فەلاح، ژمارە (٢٦٧)، ٢٣/ ١٢/ ٢٠١٥

### ئینتەرنێت و ماڵپەڕ:


٣٦- http://clothing for different culture and religion.

٣٧- http://proverbs.roro44.net/appearance.html

٣٨- http://www.actyourage.eu/uploads/files/clothing_identity_and_the_embodiment_of_age.pdf

٣٩- http://www.britannica.com/science/human-aging

٤٠- http://www.elephantjournal.com/2015/09/what-the-color-of-our- clothes-say-about-our-personality/

٤١- http://www.elephantjournal.com/2015/09/what-the-color-of-our-clothes-say-about-our-personality/

٤٢- http://www.gla.ac.uk/schools/interdisciplinary/staff/carolhill

٤٣- http://www.footwearhistory.com/

٤٤- http://www.merckmanuals.com/home/older-people%E2%80%99s-health-issues/the-aging-body/changes-in-the-body-with-aging

٤٥- http://www.styleflair.com/what-is-the-relationship-between-clothes-and-personality/

٤٦- https://ar.wikipedia.org/wiki/%D9%83%D9%81%D9%86

٤٧- https://en.wikipedia.org/wiki/history of chothes

٤٨- https://en.wikipedia.org/wiki/Infant_bed

٤٩- https://en.wikipedia.org/wiki/Kurdish clothing

٥٠- https://en.wikipedia.org/wiki/Trousers

٥١- https://www.psychologytoday.com/blog/face-it/201202/ag-ing-universal-personal-experience

**چاوپێکەوتن:**

١- ئازاد مەلا عەلی حاجی توفیق، بەڕێوەبەر، خانەنشین، کۆیە، ٢٠١٦/٧/١٠.

٢- بەهرامی وەستا عەبدەی ئاسنگەر، مامۆستا، خانەنشین، کۆیە، ٢٠١٦/٨/٤.

٣- حاجی نەعمان کاویس، مردووشۆر، کۆیە، ٢٠١٦/٧/٢٢.

٤- حاجی ئەحمەدی عەوڵا باسە، حەملەداری عومرە، کۆیە، ٢٠١٦/٨/٢.

٥- حاجی ئەکرەمی ئەحمەد بەگ، کتێب فرۆش، کۆیە، ٢٠١٦/٦/١١.

٦- حەمید ڕەشاش، پێشمەرگەی ئەیلول، تەمەن (٨٥) ساڵ، هەولێر، ٢٠١٦/٧/٢٠.

٧- درەخشان ئەسوەد، ژنی ماڵ، کۆیە، ٢٠١٦/٥/٢٦.

٨- زبیدەی حاجی عەبدوڵڵای کەبابچی، (٨٦) ساڵ، کۆیە، ٢٠١٦/٣/٢٢

٩- زرار عەبدوڵڵا، مامۆستا خانەنشین، کۆیە، ٢٠١٦/٧/٢٠.

١٠- گولیزاری شەفیق ئاغای حەوێزی، مامۆستای خانەنشین، کۆیە، ٢٠١٦/٦/٢٥.

١١- عبدولڕەزاق بیمار . ئەدیب و شاعیر، کۆیە، تەمووزی ٢٠١٦.

١٢- عەتییە حەمە سەعید، دکتۆر، کۆیە، ٢٠١٦/٣/٢٦.

١٣- فەتاحی حەمەدەمینی مستەفا گۆدە، کاڵەکدروو، کۆیە، ٢٠١٦/٧/١٨.

١٤- فوئاد محەمەد عەلیێ، فەرمانبەر خانەنشین، کۆیە، ٢٠١٦/٨/٣.

١٥- فەیمە گۆدە، ژنی ماڵ، (٨٥) ساڵ، کۆیە، ٢٠١٥/٦/٢٢.

١٦- ك . حەوێز / د. خالید، (بووك و زاوا)، کۆیە، ٢٠١٦/٧/١٨.

١٧- کاکە جوان کاکە ڕەشی حەمەقەوانی، باغچەوان، کۆیە، ٢٠١٦/٧/٢٥.

١٨- کەمال غەمبار (د.)، مامۆستا و ئەدیب، (٨٠) ساڵ، کۆیە، ٢٠١٦/٨/٥.

١٩- کولڵچنی مام ئەحمەد ڕەسووڵ، تەمەن (٧٥) ساڵ، چاوپێکەوتن، کۆیە، ٦/ ٦/ ٢٠١٦.

٢٠- مام ئیبراهیم قادر سەعید خوسرەوی، ناسراو بە مام برایمی گەراجی، (٩٣) ساڵ، ١/ ٨/ ٢٠١٦.

٢١- مام ئیبراهیم میخا یوسف، موورڕێس، لە دایك بووی (١٩٢١)، کۆیە، ٢٢/٧/ ٢٠١٦.

٢٢- مەسعوود حەمە سەعید حاجی سابیر، ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانیی کۆیە، کۆیە، ٤/٨/ ٢٠١٦.

٢٣- محەمەد داریاس، مامۆستا خانەنشین، کۆیە، ١٧/٧/ ٢٠١٦.

٢٤- محێدین حەوێز نەجمەدین، مامۆستا خانەنشین، کۆیە، ١/٨/ ٢٠١٦.

٢٥- مشیر حەسەن عومەر، مامۆستا، کۆیە، ١٤/٧/ ٢٠١٦.

٢٦- نەجات مەلا زاهیر، مامۆستا خانەنشین، کۆیە، ٢٦/ ٥ / ٢٠١٦.

٢٧- وەستا سمکۆی وەستا تەهای حاجی محەمەدی ڕۆمی، ئۆتووچی، کۆیە، ٢٠/٦/ ٢٠١٦.

٢٨- وەستا صەمەد ڕەشید حاجی عەلیٚ، لبادچی، کۆیە، ١/٥/ ١٩٨٠.

٢٩- وەستا عەلی ساڵح عەلی لبادچی، کۆیە، ٢٥/٦/ ٢٠١٦.

٣٠- وەستا مامەی ئەسعەدی خەیات، (٧٨) ساڵ، کۆیە، ٢٤/٧/ ٢٠١٦.

# پرۆفایلی نووسەر

- ١٩٥١ (فازیل حەمەد عەبدوڵڵا جەیدی ـ شەوڕۆ) لە شاری کۆیە لە دایکبووە.

- (١٩٧٥) بڕوانامەی بەکەلۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی لە کۆلێژی ئاداب ـ زانکۆی بەغدا وەرگرتووە.

- (١٩٧٢) یەکەم شیعری لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) بڵاوکردۆتەوە.

- (١٩٨٢ - ١٩٩١) هەشت پێشانگای هونەری و فۆلکلۆری لە شارەکانی کوردستاندا کردۆتەوە.

- (٢٠٠٢) خەڵاتی شانۆگەریی (شەهید)ی لە شاری (سرت) لە (لیبا)ی پێ بەخشرا.

- (٢٠٠٤) خەڵاتی شاری (دبلن)ی خزمەتگوزاری لە (کۆماری ئایرلەندای خواروو) پێ درا.

- (٢٠١٠) خەڵاتی (سەید برایم)ی پێ بەخشرا.

- (٢٠١١) خەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی کۆیەی پێ درا

- (٢٠١٣) خەڵاتی (فیستیڤاڵی شیعری نەتەوەیی کوردی)ی لە هەولێر پێ درا.

- (٢٠١٥) خەڵاتی باشترین لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی (١٩)ەمین فیستڤاڵی گەلاوێژی بردەوە.

- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردە.

- سەرنووسەرس گۆڤاری (شارەوان)ە.

- بەڕێوەبەری نووسینە لە گۆڤاری (کەکۆن).

- ئەندامی نووسەرانی گۆڤاری (یار)ە.

- چالاکە لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی و پەروەردەکاری و کۆمەڵناسی و وەرگێران و گێڕانی کۆڕ و سیمینناردا.

- **بەرهەمی چاپکراو:**

- (کۆترێك لە ئاگر) شیعر. (٢٠١١). چاپخانەی شەهاب - هەولێر.

- (دەنگ لە شیعری کەریم دەشتی دا) لێکۆڵینەوە. (٢٠١٢). دەزگای ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر.

- (هەورازەکانی کاروانی تەمەنم- حەسەن کاکە) دارِشتنەوە (٢٠١٣) چاپخانەی شەهاب - هەولێر.

- (دوو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی) لێکۆڵینەوە (٢٠١٣). دەزگای ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر.

- (رەهەندەکانی خەون لە شیعری کوردیدا) لێکۆڵینەوە. (٢٠١٤). دەزگای ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر.

- (سەدای شیعر) بەرهەمی هاوبەشی نۆ شاعیر. (٢٠١٤). خانەی چاپی ئەربیل ـ هەولێر.

- (ماچەکانی ئێوارە کازیوە) شیعر. (٢٠١٤). چاپخانەی شەهاب ـ هەولێر.

- (خوێندنەویەك بۆ ٢ کتێب لە ١ کتێبدا) لێکۆڵینەوە. (٢٠١٥). چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر.

- (ژنە پیشەوەرەکانی کۆیە ١٩٠٠ ـ ٢٠١٥). توێژینەوە.(٢٠١٥). چاپخانەی شەهاب ـ هەولێر.

- پۆشاکی کۆییان، توێژینەوەی کلتووری.

**ئەو بەرهەمانەش ئامادەن بۆ چاپ:**

- (کەو لە کوردەواریدا)، لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیی کلتووریی ئەکادیمییە، باڵندەناسی.
- (جگەرە لە جیهانبینیی شیعری شێرکۆ بێکەسدا)، هاوبەش لەگەڵ د. هاوژین صلیوە، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەکاریی هاوچەرخە.

## سـوپاس و پێزانین

قەرزاری هەموو ئەو کەسـانەم، کە زانیارییان پێداوم تەنانەت ئەگەر وشـەیێکیش بووبێت.

سـوپاسی گەرمم بۆ دایکم، کە وەك خاوەن فەرهەنگێکی دەوڵەمەند لە زانیاریی کەلتووریی و فۆلکلۆری کۆیە،

سوپاس گەرمم بۆ مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی، کە سەرباری نەساغی خۆی، پێداچوونەوەی کتێبەکەی گرتە ئەستۆ.

## پێرستە وشە

### ئـ

ئاگرۆکە:  ٧٥
ئاوەگرد:  ١٨٥، ١٩٥
ئرۆت حەشە : ٢١٠
ئەتەگلغ : ١٢٩، ٢٠٠
ئەسحابان : ١٩٣، ٢٠٢
ئورارا : ٢٠٨
ئۆمەرخوچان : ١٩٣
ئۆمەرمەندان : ١٩٣
ئیغدان : ٢٤٥، ٢٤٦
ئێمەنی:  ١٤٦، ١٧٥، ٢٥٦

### ب

بابانوئێل : ٢١٠، ٢١١
باپیرفەقێ ئەحمەد : ٢٦١
بارگە : ١٠٥
بازن : ١١١، ١٥٩، ١٦٠، ١٦٣، ٢٠٠
بازەڕە : ٥٧

بازووکە : ١٨٦
بازیبەند: ١٦٣
باواجی : ١٩٥، ٢٠٣، ٢٧٩
باوەخوند: ١٠٤، ١١١
باوەشێن : ١٠، ١٦٣، ٢٤٨
بڕشت : ٢٠٠
بگّنونیّ : ٢١٢
بگێڕ : ٢٢٥
بنەباوی : ١٩٥
بەربووك : ١٠٢، ١٠٤، ١٠٩
بەروانکە : ١٧٤
بەغدا : ٢٠، ٢٩، ٥٥، ٦٣، ٧٩، ٨٥، ٨٨، ٨٩، ١٠٩، ١١٣، ١١٨، ١١٩، ١٣١، ١٤١، ١٤٣، ١٤٤، ١٤٥، ١٤٦، ١٤٧، ١٧١، ١٨١، ١٩٠، ١٩٤، ٢٠٢، ٢١٦، ٢١٧، ٢٢٢، ٢٣١، ٢٣٨، ٢٥٦، ٣٤١، ٣٤٢، ٣٤٧
بەندروو : ٢٢٣
بەوش : ٢٣٠
بووکۆکە : ١٩٩
بووکی بە قالب : ٢٠٠
بێشکە : ٥٤، ٦٤، ٦٦، ١٤٣

## پ

پاپا : ٢١٠
پاپووچ : ١٠١، ١٤٤، ٢٥٧
پاوانە : ٧٤، ١٦٠
پشتمل : ١٧٥
پلپلە : ١٥٥، ١٥٦، ١٥٨، ٢٣٩
پەتۆکە : ٦٨، ٦٩

پووشینه : ٥٤، ١٠١، ١٠٨، ٢٤٥
پێچاڵ : ٢٢٠

## ت

تاپڕ : ١٨٧
تارا : ١٠٣، ٢٤٢
تاس : ٩٨، ١٥٦
تالیت : ١٧، ٢١٥
ترس دەركردن : ٧٥
تروانكە : ٧٧
تەخت : ٥٥، ١٩٢، ٢٢٦
تەغاراو : ١٥١
تەناول : ٢١٠، ٣٠٤
تەندوور : ٢٤٦
تەنەكەچی : ١٦٩، ٢٤٧
تەون : ٢٢٩، ٢٦٨، ٣٣٢
تۆڕبە : ١٨٤
تیرە : ١٨، ١٣٥، ٢٣٦
تیڕك : ٢٢٢، ٢٥٨
تێل قرمە : ١١٨

## ج

جاجم : ١٠١، ١٨٤، ٢٢١، ٢٣٠، ٢٣٢، ٢٤٤، ٢٤٦، ٢٤٨، ٢٥٥
جاشكەوش : ١٤٥
جزمە : ١٨٠
جلەگا : ٢٣٩
جەوبڕ : ٢١٩، ٢٢٤

جۆڵا : ٢١٩، ٢٢٠، ٢٢٣، ٢٢٤، ٢٣٠، ٢٣١
جیاز : ١٠٥، ١١٢

**چ**

چارشەوکەمبەری : ١٨١
چارۆگە : ١٥، ١٦، ٦٩، ١٠٠، ١٠١، ٢٣٣، ٢٥٥، ٢٦٥
چنارۆك : ١٥١، ١٩٣، ٢٠٥، ٢٨٤
چەپکە : ١٥٩
چەپەر : ١٤٩
چەخماخ : ٢٦، ١٦٣
چەقوولە : ٥٨
چەکمە : ١٤٨، ١٤٩، ١٦٩، ١٨٥
چەورە : ١٢٩
چیغ : ٦٣، ٢٢٥، ٢٢٦

**ح**

حجیل : ١٦٠
حەسیر : ٢٤٤
حەفتیانە : ٧٢، ٧٣، ١٠٢
حەماملەمیش : ١٠٢
حەمامۆك : ١٩٣

**خ**

خاشخاش : ١٦٠
خاولی: ١٧٤، ١٧٦، ١٩٤، ٢٢١، ٢٤٦
خرار : ٢٢٢، ٢٤١
خریلە : ٢٤١

خمچی: ١٤٥، ١٥٦، ١٧٧، ٢٣١، ٢٣٢، ٢٣٣، ٢٣٥
خەزنە : ٢٣٦
خەڕەك : ٢٢٣، ٢٣٠
خەنەبەندان : ١٠٢، ١٠٨، ١١١
خومچییەتی : ٢٣١

د
دەستەچاخ : ٢٢٠، ٣٢٩
دەسرازە : ٦٨
دەسرۆکە : ٥٧، ٨٦، ٨٨، ١٠٣، ١١٣، ٢٤٢، ٣١٠
دەفچی : ١٧٣
دەلینگ : ٨٧، ٩٥، ٩٦
دۆلاب : ٢٢٠، ٣٢٨

ر
ڕانیە : ١١١، ١٤٥، ١٩٤، ٢٠٣، ٢٣٤
ڕەشکە : ٢٢٢، ٢٤٢، ٢٤٩
ڕەشی کەرەکێ : ٧٦

ز
زاخۆ : ٩٢، ٢٠٧
زەنگیانە : ٧٠، ١٥٧، ١٥٩، ٢٠٠
زەیستان : ٦٠
زونار : ٢٠٩

## س

سبیله : ١٦٣، ٢٥٥
سنجاقی زێڕ : ١٥٨
سەربار : ٢٥٥
سەرتان : ٢٢٩
سەرجل : ٢٣٦
سەرکەپکان : ٢٠٣
سەفەر: ١٩، ١١٧، ١٨١، ١٩١، ٢٥٤، ٢٥٨
سەڵتە : ٥٤، ١٧٠، ١٧٢، ٢٠٢، ٢٥٤، ٢٥٥، ٢٥٧
سەندەڵ: ٩٧
سەیرانگە : ١٩٧
سوختەخانە : ٧٩، ٨٥
سووژن : ٥٧، ٢٣٦، ٢٥٨
سۆڵدروو : ١٤٤، ١٥٠
سیم : ٨٩، ١١٣، ١٤٤
سێکوچکە : ٢٤٧

## ش

شاڵ : ٨٨، ٩١، ١٠٠، ١١٩، ٢١٩، ٢٢٣، ٢٦٦، ٣٣٠
شانەی موو : ٢١٩، ٣٢٨
شەپکەدار : ٢٢٠، ٢٤٢
شەرواڵ: ٤٨، ٨٧، ٩٦، ١٠٢، ١١٧، ١١٩، ١٢١، ١٢٢، ١٢٣، ١٢٤، ١٧١، ١٧٩، ١٨٥، ١٩٥، ٢١٤، ٢٣٢، ٢٥٥، ٢٦٧، ٢٧٠
شەقڵاوە : ١٩٤
شەموولە : ١٩٨
شەیتانەلغاو : ٢٤١
شۆڕابە : ١٥٦

## ع


عاجباتی : ٧٦

عاشقبەند : ١٥٨


## غ


غەدارە : ١٨٦، ١٨٧

غەرگە : ١٦٨


## ف


فنیش : ١٤٨، ١٤٩

فەرەنجی: ١٦٩، ٢٢٦

فەقێیانی: ٤٢، ٨٥، ٨٦، ١٢٠، ١٢٤، ١٧٣، ٢٠٢

فەنەر : ٢٠١

فێس : ١٠١، ١١٣


## ق


قاپقاپە : ١٤٤، ١٤٥

قەتارە : ١١٣، ١٥٦

قەدیفە : ٨٩، ١١٤

قەرەم : ٢٦٠

قەڕاسە : ٢٤٠

قەستۆر : ٧٧، ٨٧، ١١٤

قەڵادزێ : ٢٥، ١٩٤

قەمسەڵە : ١٢١، ١٢٢، ١٢٣، ١٢٩، ١٣٠، ١٩٥، ٢٦٩، ٢٧٠

قەنەفر : ١٥٧

قەنەوز : ٨٨، ١٠٠، ١٠١

قەیسەری : ١١٦، ٢٥٠

قەیناغ : ١٦٩
قووپە : ١٥٦
قۆعە : ١٨٤

## ک

کارگەچییەتی : ٢١٦، ٢١٧، ٢٢٤، ٢٢٦
کرۆژ : ١٩٣
کشتەك : ١٣٩، ١٤٠، ١٤٥، ١٤٧، ١٥١
کلدان : ١٠٥، ١٠٦
کلێتە : ١٠، ٣٨، ٤٢، ٩٠، ٩١، ١٩٥
کەپەنك : ٢٢٦، ٢٢٧
کەچە : ١٧٩، ٢٢٦
کەرکوك : ١٤٢، ١٩٤، ٢٠٣
کەڕك : ١٦٩، ٢٢٧
کەژوو : ٢٢٣
کەشیدە : ١٢٥، ١٨٠
کەڵکێت : ٢٣٠
کورتەك : ٧٩، ٨٣، ٨٥، ٨٦، ٨٧، ٨٩، ٩٠، ٩٢، ٩٦، ١٠٢، ١٠٦، ١١٠، ١١٧، ١١٨، ١٢٠، ١٢١، ١٢٢، ١٢٣، ١٢٤، ١٢٩، ١٧١، ١٧٢، ١٧٤، ١٨١، ١٨٣، ١٨٥، ١٩٥، ٢١٤، ٢٣٢، ٢٦٧، ٢٧٠
کوڵك : ١١، ١٨، ٣٦، ٣٩، ٢٤٥
کوڵەباڵ : ٢٢٧
کووپە : ٢٣١
کووزەڵە : ٥٦
کۆبە : ١٤٧
کۆچك : ٥٤

## گ

گەردنلغ : ١٥٧، ١٥٨
گوریس : ٢٢٣، ٢٢٥، ٢٤٠، ٢٥٨
گومگومە : ١٠١، ٢٤٦
گۆبەرە : ١٥٨
گۆلك : ٢١٣، ٢٣٩

## ل

لاپچین : ١٤٨
لبادچی : ١٦٨، ١٨٠، ٢٢٤، ٢٢٥، ٢٢٦، ٢٢٨، ٢٥٠، ٣٤٦
لەنگەری : ٦٠، ٦١، ٢٤٦
لووا : ١٦٨، ٢٢٤، ٢٢٦

## م

مارۆکی : ٢٤١
ماوزەر: ١٨٧
مشکی: ٨٧، ٨٨، ٩٣، ١٠١، ١٠٢، ١١٣، ١١٩، ١٢٩، ١٧٩، ٢١٤
مەجلووبە : ٢٦١
مەحس : ١٢٠
مەرەز : ٢١٩، ٢٢٩
مەلمەل : ٧٧
مەلۆتکە: ٥٣، ٥٧، ٦٠
موروو: ١٥٥، ١٥٧، ٢٤٠، ٢٤١، ٢٥٨
مووسڵ : ١٣١، ١٤٢، ١٤٤، ١٤٦، ١٧١، ١٩٤، ٢٧٣
میجانە : ١٥٧
مێوژووك : ٥٩

**ن**

ناتر : ٧٣، ١٠٢، ٢٥٥
نازەنین : ١٩٣
نافەك : ٨٩
ناندێن : ٢٤٥، ٢٤٦
ناوك : ١٥٧
ناولەپ : ١٠٥، ٢٣٦
نۆبەرە : ٥٤، ٥٧، ٦٧، ٩٢
نیقاب : ١١٧

**هـ**

هەش : ٦٣، ١٢٣، ١٧٠، ١٧١، ٢٣٢
هەگبە : ٢٢٣
هەمیانە : ٨٨، ١٠١، ١١٣، ١١٤، ٢٥٥
هەوری : ٨٨، ١١٣
هەیاسە : ١٥٩
هەیبەسوڵتان : ١٩٣، ١٩٥، ٢٦١
هیران : ١٩٣، ١٩٤
هیزەدان : ٢٢٧

**و**

وەلیتە : ٢١٢

**ی**

یازمە : ٥٥، ٥٧، ٨٨
یاقە : ٨١
یایللی : ١٨٧

# نـــاوەڕۆك

پێشـینە سـوپاس ........................................................................ ٧

**بەشی یەکەم : پۆشـاك و مرۆڤ** .................................................... ٩

گوزەرێك بەناو مێژووی پۆشـاکدا: ..................................................... ٩

بۆ پۆشـاك دەپۆشـین؟ ............................................................... ٩

لە کەیەوە مرۆڤ جلوبەرگی داهێناوە؟ ................................................. ١١

جلوبەرگ و ڕەگـەز: .................................................................... ١٣

جلوبەرگ و پێگەی کۆمەڵایەتی: ........................................................ ١٣

ئایین و پۆشـاك: ...................................................................... ١٥

کێ دیزاینی پۆشـاکی کومەڵگایەك دادەهێنێت؟ ......................................... ١٧

کلتوور و پۆشـاك: ..................................................................... ١٩

پۆشـاك و ناسـنامە: .................................................................... ٢١

پۆشـاك و کەسـێتی: ................................................................... ٢٥

پۆشـاك و جیهانبینیی سـەردەم: ........................................................ ٣٤

**بەشـی دووەم : پۆشـاکی کوردی** .................................................... ٤٠

**بەشی سـێیەم : پۆشـاکی کۆییان** .................................................... ٥١

بۆ هەر (پۆشاکی کۆییان)؟ ............................................................. ٥١

**بەشی چوارەم : پۆشـاك بەگوێرەی تەمەن** ........................................... ٥٣

قۆناغی یەکەم : مەلۆتکە.................................................................. ٥٣
قۆناغی دووەم : لە یەك ساڵییەوە تا پێنج ساڵی ....................................... ٧٦
قۆناغی سێیەم : لە پێنج ساڵییەوە تا دوانزدە ساڵی ................................... ٧٨
قۆناغی چوارەم: لە دوانزدە ساڵییەوە تا دوای بیست ساڵی ........................ ٨٤
قۆناغی پێنجەم : بووك و زاوا ............................................................ ٩٩
قۆناغی شەشەم : ژن و پیاو ............................................................... ١١٢
قۆناغی حەوتەم : تەمەنی پیریی............................................................ ١٢٥
قۆناغی هەشتەم : کفن........................................................................ ١٣٤

**بەشی پێنجەم : پیڵاوی کۆییان ................................................... ١٣٨**

پۆختەیەك دەربارەی پێڵاو:.................................................................. ١٣٨
پێڵاوی کۆییان:.................................................................................. ١٤٢

**بەشی شەشەم : خشڵ ............................................................ ١٥٢**

خشڵی ژنانە :.................................................................................... ١٥٥
خشڵی پیاوان :................................................................................... ١٦٢

**بەشی حەوتەم : پۆشاکی لادێییەکانی دەڤەری کۆیە ............................ ١٦٧**

**بەشی هەشتەم : پۆشاکی پیشەوەران................................................ ١٧٠**

مەلا و سوختە و فەقێ:........................................................................ ١٧٠
ئاسنگەر:........................................................................................... ١٧٣
پینەدۆز و زیندروو: ........................................................................... ١٧٤
بەفرفرۆش: ....................................................................................... ١٧٤
نانەوا:.............................................................................................. ١٧٤
سەرتاش: ......................................................................................... ١٧٥
چایەچی:........................................................................................... ١٧٦
دەباغچی: ......................................................................................... ١٧٦

کرێکار: ........ ١٧٧
قۆرکێش: ........ ١٧٧
نـــانکـەر: ........ ١٧٨
سـوالْکەر: ........ ١٧٨
دارتاش: ........ ١٧٩
دەروێش و سـۆفی: ........ ١٧٩
فەرمانبـەر: ........ ١٧٩
پیشـەوەرەکانی دیکە: ........ ١٨٠
ئاغا و ئاغەژن: ........ ١٨١
**بەشی نـۆیـەم : پۆشـاکی پێشـمەرگە** ........ ١٨٢
**بەشی دەیـەم : پۆشـاکی بۆنـەکان** ........ ١٨٩
پۆشـاکی پرسـە: ........ ١٨٩
پۆشـاکی جـەژن: ........ ١٩٢
پۆشـاکی سـەیرانان: ........ ١٩٣
پۆشـاکی سـەفەران: ........ ١٩٤
پۆشـاکی ڕاو: ........ ١٩٥
**بەشی یانزدەم : پۆشـاک لە یاریی منداڵان و وەرزش و شـانۆدا** ........ ١٩٧
پۆشـاک لە یاریی منداڵاندا: ........ ١٩٧
پۆشـاک و نمایشـی وەرزشـی: ........ ٢٠١
پۆشـاک و سـەکۆی شـانۆ: ........ ٢٠٢
**بەشی دوانزدەم : پۆشـاك و ئەنفـال و گلکـۆ** ........ ٢٠٤
پۆشاك و ئەنفال: ........ ٢٠٤
پۆشـاك، سـەرچاك و گلکۆ و داری موتفەرك: ........ ٢٠٥

**بەشی سێنزدەم : پۆشـاکی مەسـیحی و جوولەکەکان**........................٢٠٧
جلوبەرگی مەسـیحییەکانی کۆیە - هەرمۆتە ......................................٢٠٧
پۆشـاکی جوولەکەکانی کۆیە :..........................................................٢١٤
**بەشی چـواردەم : کارگە و پیشەکانی پەیوەسـت بە پۆشـاک**.................٢١٦
جــۆڵایــی :.......................................................................................٢١٧
کــارگــەچییەتی :..............................................................................٢٢٤
تــەونگـــەری :..................................................................................٢٢٨
خومچییەتی :.....................................................................................٢٣١
کورتـــاندروویـــی :.........................................................................٢٣٥
**بەشی پانزدەم : جل و کورتانی وڵاغ** ..........................................٢٣٨
**بەشی شـانزدەم : ناوماڵی کۆییـان**.............................................٢٤٣
**بەشی حەڤـدەم : پۆشـاک: دیاری و خواسـتنەوە**...............................٢٥٣
پۆشـاک، وەك دەست و دیاری و یادەوەری:........................................٢٥٣
خواسـتنەوە و قەرزکردن:...................................................................٢٥٧
**بەشی هەژدەم : ڕەنگدانەوەی پۆشـاك لە ئەفسانە و خورافاتی دەڤەری کۆیە** .......٢٥٩
**بەشی نۆزدەم : پۆشاك هێما و هاوچەرخییەتی و نمـوونەیەك** ...........٢٦٣
پۆشـاك وەك هێمای کەسێتی:............................................................٢٦٣
پۆشـاکی کوردیی هاوچەرخ :.............................................................٢٦٧
نموونەیەك لە پۆشـاکی پیاوان لە کۆیە:...............................................٢٦٩
ئـــاکـــام .........................................................................................٢٧٢
ئەرشـیڤی وێنـەکان..........................................................................٢٧٤
سـەرچاوەکان ...................................................................................٣٤١

پـڕۆفـایلی نـووسـەر ........................................................ ٣٤٧
سـوپاس و پێزانین........................................................................ ٣٥٠
پێرستە وشە ............................................................................... ٣٥١
نـــاوەڕۆک................................................................................... ٣٦١